# مۆمێک لەبەندیخانەی تاریکدا

## یادێک لە شەهید هێمن (حوسەین خزری)

نووسینی: ئامەد شاهۆ

# مۆمێک لەبەندیخانەی تاریکدا

یادێک لە شەهید هێمن (حوسەین خزری)

نووسینی: ئامەد شاهۆ

مرکز نشر آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان

کمیتەی علم و روشنگری کودار

KODAR

کمیتەی علم و روشنگری کودار
KODAR

# مۆمێک لە بەندیخانەی تاریکدا

**یادێک لە شەهید هێمن (حوسەین خزری)**

**نووسینی: ئامەد شاهۆ**

چاپی یەکەم: ئاداری ٢٧١٥

ئەژمار: ٥٠٠٠

دیزاینی بەرگ: ناوەندی هونەری کومیتەی زانست و روناکبیری کۆدار

چاپ و وەشان: چاپخانەی گریلا

# پێڕست


وتەی پێویست ........ ١
پێشەکی ........ ٣
مۆمێک لەبەندیخانەی تاریکدا ........ ٩
بەرەی فەیلەسۆف زەردەشت ........ ١٨
مەڵبەندی خوێندەوارخانە ........ ٢٦
دڵۆپێک لەناو بیابانی بێبەردا ........ ٣٣
نەوەی راپەڕینی ١٥ی شوبات ........ ٣٩
بێکەس دەبێتە رۆحی جەستەی هێمن ........ ٤٦
پەپوولەیەک لەدەوری خەرمانی بەپیت ........ ٥٤
کارزانی مۆسیقا و نەوای ئاپۆچێتی ........ ٦٣
ئەستێرەی سووری ناو کەشتی مزگێنی ........ ٦٩
هەتاوپەرەستی داوێنی شەهید هاروون ........ ٨٠
سەماکەری مێژوویەک لەئاگر ........ ٨٥
گڵۆپی بەختەوەری ناو مێژووی خوێناوی ........ ٩١
لەسێدارەدانی ئازادی ........ ١٠٣
دەرئەنجام ........ ١١٠
وێنە ........ ١١٣

## ◆ وتەی پێویست

مەبەست لەنووسینی ئەم پەڕتووکە، تیشک خستنەسەر ژیان و تێکۆشانی شەهیدێکی ڕێگای ئازادی و مرۆڤایەتییە بەناوی «حسێن خزری» ناسراو بە ( هێمن (بێکەس) ورمێ). شەهید هێمن، لەساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لەگوندی گوڵەشێخان سەر بەشاری (ورمێ) چاوی بەدونیا هەڵهێناوە. پاش چەند ساڵ بنەماڵەی دەچنە شاری ورمێ، لەسەرەتای منداڵییەوە بۆ ماوەیەك باوك و برای بە تاوانی ئەندام بوون لە پارتێکی کوردی لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن. لەتەمەنی ٨ ساڵییەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی ناچار دەست بە کرێکاری دەکات و هەر لەسەردەمی منداڵییەوە لەمافی خوێندن و پەروەردە بێبەش دەبێت.

ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لەگەڵا بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد ئاشنایی پەیدا دەکات. بەتێپەڕ بوونی کات و ناسینی باشتر، پەیوەندییەکانی پتەوتر دەبێت، لەئەنجامدا پاش گەلەکۆمەی نێودەڵەتی لەسەر ڕێبەر»ئاپۆ» و لەدوای سەرهەڵدانەکانی٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ پەیوەندی بە ریزەکانی گەریلاوە دەکات. پیلانگێڕی نێودەوڵەتی لەدژی ڕێبەر «ئاپۆ» دەبێتە هەوێنی سەر لەنوێ لەدایك بوونی و بەشداری لە بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد.

پاش پەیوەست بوونی بە ریزەکانی گەریلا، بۆ ماوەی٣ ساڵا لەناو هێزی پاراستنی گەل (HPG) جێدەگرێت و لەهەرێمەکانی (شەهیدان، خواکورك و خنێرە) درێژە بەکار و خەبات دەدات. لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی دەچێتە هەرێمی(شەهید هاروون) و لەکۆبوونەوەی بەرفراوانی (بزاڤی یەکێتی دیموکراتیك) بەشداری دەکات و لەیەکەمین کۆنگرەی گەل بەشدار دەبێت. دوای ئەوەش لە پەروەردە و ئامادەکارییەکان بۆ دامەزراندنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK ) لە (شەهید هاروون) دەمێنێتەوە. ساڵی ٢٠٠٤ لەکۆنگرەی یەکەمی (PJAK) بەشداری دەکات و پاش کۆنگرە بۆ ڕاپەڕاندنی کار و خەباتی ڕێکخستنی، دەچێتە هەرێمی (کەلەڕەش و خواکورك).

لەپاییزی ٢٠٠٤دا بۆ ئامێزی گەرمی قەندیل دەگەڕێتەوە. لەسێهەمین کۆنگرەی گەل بەشداری دەکات و جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ناو خەباتی PJAK، زستانی ٢٠٠٥ لەداوێنی (شەهید هارون ) بە پەروەردە دەباتە سەر. بەهاری ٢٠٠٦ جارێکی دیکە گەڕانەوەی بۆ (کەلەڕەش) دروست دەبێت و تا پاییزی هەمان ساڵ، لەو ناوچەدا بەگەرم و گوڕی بەردەوامی بە کاروخەبات دەدات. لەیەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵانی گەنجانی ڕۆژهەڵات (KCR) کە لە ١٥ی ئاب (خەرمانان)ی ٢٠٠٦ لە قەندیل ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەندامیەتی کۆردیناسیۆنی (KCR) هەڵدەبژێردرێت. پاش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتی PJAK و کۆردیناسیۆنی KCR کە لە پاییزی ٢٠٠٦ بەڕێوەچوو، ڕووبەڕووی کارەساتی دڵتەزێنی گیان لەدەستانی دوو هەڤاڵی خۆشەویستی (عاکف مامۆ زاگرۆس و سیروان ناری) دەبێتەوە کە لەئەنجامی لافاوێکی لەناکاو گیان بەخت دەکەن.

هێمن لەزستانی ٢٠٠٦ بەشداری پەروەردەی ناوەندی PJAK دەبێت، هەروەها لەهاوینی هەمان ساڵا بەشداری لەپەروەردەی کۆمیتەی سیاسی لەقەندیل دەکات. لەکۆتایی بەهاری ٢٠٠٧ دەچێتە ناوەندی (کۆمەڵێن جوان) و لەئامادەکاری کار و باری دووهەمین کۆنگرەی (کۆمەڵێن جوان) خاوەن ڕۆڵا و پێگەیەکی گرنگ دەبێت. پاش کۆنگرە لەسەر داواکاری و پێشنیاری خۆی بۆ پەروەردە، دەچێتە پەروەردەی هزری ناوەندی PKK و لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ پاش پەروەردە، جارێکی دیکە بۆ خەباتی (کۆمەڵێن جوان) بە ڕێدەکرێتەوە و لەوێشەوە دێتەوە خەباتی KCR.

لەساڵی ٢٠٠٨ لەسێهەمین کۆنگرەی PJAK دا بەشداری دەکات، پاش کۆنگرە لەسەر بنەمای بڕیار و سووربوونی خۆی دەچێتە خەباتی ڕێکخستنی پارێزگای سنەو دەوروبەری. پاش دوو مانگ لە ڕۆژی ١٠ی خەرمانان، لەگاراجی کرماشان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی سوپای پاسداران دەستبەسەر دەکرێت و ڕەوانەی پادگانی (نەبی ئەکرەم)ی ئەو شار دەکرێت. بۆ ماوەی (٤٩) ڕۆژ لەژێر پەستانی ئەشکەنجەی کاربەدەستانی ڕژێمدا دەمێنێت. لەو ماوەدا ڕووبەڕووی هەموو جۆرە ئەشکەنجەو سووکایەتی دەبێتەوە پاشان رادەستی ئیتلاعاتی شاری ورمێ دەکرێت و لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەکان سەر لەنوێ دەستپێدەکەنەوە. هەموو هەوڵدانی کاربەدەستان ئەوەیە کە (هێمن) تەسلیم بگرن و بەزۆرەملێ دان بە تاوانێکدا بنێت کە ڕۆحی ئاگای لێ نییە. زیاتر لە (٨) مانگ لەناو زیندانی تاکەکەسیدا دەمێنێت و جگە لەئەشکەنجەو سووکایەتی شتێکی دیکە نابینێت.

لەدوای ئەوەی کە ئیدی کاربەدەستانی ڕژێم دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانن دانپێدانان بە (هێمن) بکەن، لەسەر داواکاری سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی ئێران لە دادگای باڵای ئێران، بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت، پاشان ڕەوانەی زیندانی ناوەندی ورمێ دەکرێت. تا کاتی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکەی، (هێمن) دەخەنە ژێر گوشارێکی جەستەیی و دەروونییەوە تا ئەوەی کە کاربەدەستان دەیڵێن قبوڵی بکات.

( هێمن) تا دوا قۆناغی ژیانی لەناو خۆڕاگری و سەربەرزیی ژیان بەسەر دەبات، لەهیچ قۆناغێکی ژیانی چۆکی لەبەرامبەر داگیرکەران دانەناوە و بەبوێری ڕێبازی خۆڕاگری بەرامبەر زوڵم و زۆرداری و نادادپەروەری گرتوەتەبەر. دەرئەنجام لەبەرەبەیانی ١٦ی بەفرانباری ١٣٨٩، (٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١١)، لەبەندیخانەی ناوەندی شاری ورمێ لەسێدارە دەدرێت و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و مرۆڤایەتی دەبێت.

ئەم نووسراو لەدوو بەش پێکدێت کە بریتین لە:

بەشی یەکەم : قۆناغی سەردەمی منداڵێتی تا دواقۆناغی ژیانی واتا لەسێدارەدان

بەشی دووەم: پێکهاتووە لە ئەلبومی وێنەی شەهید.

هیوادارم ئەم پەڕتووکە ببێتە مایەی ئاشنابوون لەگەڵا بەشێکی بچکۆلە لەژیانی شەهیدی نەمر و سەرەڕای کۆی کەم و کورتیەکانی توانیبێتم دڵۆپێک لە دەریای کەسایەتی هەڤاڵی خۆڕاگرم بۆ خوێنەری خۆشەویست ڕوون کردبێتەوە.

### ◆ پێشەکی

مرۆڤ بوونەوەرێکی پێچراو و ئاڵۆزە، بەژنێکی زۆر وردەڵە، بەڵام خاوەن دەنگ و رەنگێکی بێ سنووره، دەتوانێت لەژەمراخی ژیاندا، نەخش و نیگارێکی جوان و پیرۆز بکێشێت، هاوکات بەهەمان شێوەش دەتوانێت نەخش و وێنەیەکی لوتەلایی و بێز دابڕێژێت. بۆ درێژەدان بەژیان بەردەوام لەهەولا وهاتووچۆدایە. ئەم رێبازەش کراوەتە پێویستیەکی سەرەکی، مرۆڤ بۆ ئەوەی بژیێت بە هەوڵو تەقەلاو تێکۆشانی بێ وێنەی لەبەرامبەر سەرجەم گیرو گرفت و لەمپەڕەکانی سەر رێگای رادەوەستێت. بەئاشکرا کردنی هەر داستانێك، رووپەلێکی نوێ بەرەو ژیانی ئازاد رادەخەین. هەر ساتی ژیانی مرۆڤێك، داستانێکی شاراوەی لەپشتیەوەیە، دەمەوێت لەسەر داستانی قارەمانی گەنجێکی کورد، کە تا دوا هەناسەی بە ژیانی خۆی نەخش و نیگاری ژیانی ئازادی بۆ ئێمەی نەخشاند، چەند رستەیەکی بێوێنەی لەسەر چەند رووپەل رابخەم. گەنجێکی قارەمان کە بە ژیان و خەباتی خۆی پەیامێك دەدات، ئەویش پەیامی ئاشتی، خۆڕاگری، سەقامگیربوون و بەهێزکردنی بەربەرەکانێی دیموکراتییە. هەست و نەستی مرۆڤ ئاشتیە، بەڵام بە پێچەوانەوە، لەگەڵ یەکتری لە ململانێدایە و پەیامی شەڕ بەیەکدی دەدەن، لێرەدا پرسیارێکی بەو جۆرە دێتە ئاراوە، ئایا مرۆڤ ئاشتی خوازە یان شەڕخواز؟ ئەگەر تەبایی خوازە، ئەو کات دیاردەی مشت ومڕ و بەرەبەرەکانێ بۆچی سەرهەڵدەدەن؟ یان ئەگەر شەڕخوازە، ئەو کات دیاردەی رێککەوتن لەکوێ دەرکەوت؟ بۆچی دەخرێتە پەراوێزەوە؟ هەر مرۆڤێك لە ناخی دڵدا تەبایی خوازە، لەبەر ئەوەی هزری دەسەڵاتداری لەسەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەشەنەی سەندووە، شەڕانگیزی و توندوتیژی وەك دیاردەیەکی مەترسیداری مرۆڤ پەرەی پێدەدرێت. دوو دیاردە دەبنە هۆی سەرکەوتن و بن کەوتنی مرۆڤ، ئاشتی هاوسەنگ و بەرابەر لەگەل سەرکەوتن دایە، لەروانگەیەکی دیکەش، شەڕ هاوسەنگ و بەرابەر لەگەل تێکشکاندایە. ئەم مرۆڤە تینووی سەرکەوتنە و بەردەوام دەیەوێت گۆڕەپانی پاڵەوانی و زاڵبوون لەدەستیدا بێت. هەموو مرۆڤەکان بۆ ئەوە دەژین کە رێڕەوەی ژیانی خۆیان بە سەرکەوتوویی ببەنە سەرەوە، بەڵام ئەو سەرکەوتنە رەوایە کە بێ ئەوەی مرۆڤێك کرابێتە قوربانی بگەیەتە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆی. پایەبەرزترین سەرکەوتنی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە بێخوێنڕێژی و توندوتیژی ئامانجە سەرەکیەکانی خۆی بەدەستهێنابێت. ئەگەر رێڕەوێك جیا لەم فەلسەفە بژارەی بێت، نابێتە رێرەوێکی ژیانی مرۆڤایەتی، بەڵکو رێڕەوێکە کە تێکەڵاوی فرت و فێڵ و لەڕێ لادانە. مرۆڤ گیانلەبەرێکی باوەڕدار و ژیرە، گەوهەری مرۆڤ ئەوەیە کە لەگەڵ هاوتای خۆیدا هیچ کات درۆ و دەلەسە ناکات، چون هاوخوێن و هاوڕەگەزیەتی، دادپەروەری و دیموکراسی و ئازادی گەوهەری راستەقینەی مرۆڤایەتییە، ئەمڕۆ داهێنەرەکانی ئەم دەستەواژانە جارێکی دیکە بەدوای ونبوونەکانیانەوە دەگەڕێن، سووخۆرەکانی ئەم زاراوانە کە دەبنە دەسەڵاتدارەکان، کۆمەڵێك دەستەواژەی دیکەیان بە جێگای ئەم زاراوە بنەڕەتیانەی مرۆڤایەتی داناوە. دادپەرەوەری دەوڵەتی جێگای دادپەروەری کۆمەڵایەتی گرتوەتەوە، دێماگۆژی یان دیموکراسی دەوڵەتی جێگای دیموکراسی گەلانی گرتوەتەوە، ئازادی دەوڵەتی جێگای ئازادی گەل و کۆمەڵگای گرتوەتەوە، دەسەڵاتدارەکان پاش زاڵبوونیان لەسەر کۆمەڵگا، راستیەکانیان پێچەوانە کردووەو درۆکان دەبنە راستی و راستیەکان دەبنە درۆ و نرخ و پرەنسیپی مرۆڤە سروشتییەکان کاڵ دەکرێتەوە و دەخرێنە پەراوێزی مێژووە. دەستەواژەی «ژیان» بۆ مرۆڤ واتای سەرکەوتوویی و پەیامی بەختەوەری و ئازادی و گەیشتن بە سەرجەم مەرام و ئاواتەکانی دەدات، مرۆڤ دەتوانێت لەنێو ئەم گەردوونەدا

بوونەوەرێکی سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی خاوەن عەقڵ و پێزانین و ئەخلاقە، شەڕانگێزی و توندوتیژی فەلسەفەیەکە بۆ شکستهێنانی ئەو ڕێڕەوەی ژیانی سەرکەوتوویی یان دیموکراتیخوازانەیە. مرۆڤە ئازادیخوازەکان پشتیوان و هاودەمی زەینییەتی ئاشتیخوازی یان سەرکەوتنن، بەڵام ملهوڕ و دەسەڵاتدارەکان لایەنگیری زەینییەتی شەڕ و توندوتیژین، دامەزرێنەری هەر یەك لەم سیستەمانە جارێکی دیکە مرۆڤە. مرۆڤ دەتوانێت داهێنەری چاکە و خراپە بێت، ئەوەی بیر لەسەرکەوتن بکاتەوە زەینییەتی چاکە و کردەوەی چاکە. مرۆڤەکان بەهەبوونی ئەو چەشنە مرۆڤانە شانازی دەکەن، بەڵام داهێنەری خراپەکاریەکان بەردەوام دەکەونە بەر جنێوو دۆعای شەڕی مرۆڤەکان. ژیان بۆ خۆی گەورەترین داهێنەری فەلسەفەی مرۆڤایەتییە. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، بە پێی ئەمە پێویستە بۆ پێکەوە ژیان کردن هەوڵدانێکی چڕو پڕ بخاتە گەڕ، بەڵام ئەم مرۆڤە ئیدی دەبێتە گیانلەبەرێکی دڕندە، مرۆڤێك کە ئێدی هاوزمانەکەی، هاوخوێنەکەی و هاونیشتمانەکەی ناناسێتەوەو جەرگی بۆی ناسووتێت. بۆ دەڵێن مرۆڤ؟! لەبەر ئەوەی خاوەن هۆش و بیروڕاو سۆزە. ئەو کات بوونەوەرێکە کە لەهەموو گیانلەبەرەکانی دیکە جیاوازترە. لەمرۆڤدا هەستی بەکۆمەڵگا بوون هەیە، هەر لەکۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە بگرین، واتا ژیانی مرۆڤی ناو ئەشکەوتەکان، مرۆڤی ژێر تاشەبەردەکان تا مرۆڤی ئەمرۆ کە ئێدی لەخانووی (٤٠ تا ٥٠) نهۆمیدا ژیان بەسەر دەبات. بەڵام ئەمڕۆ ئیدی ملیۆنان مرۆڤ پێکەوە ژیان دەکەن و هیوا و ئارەزووی مرۆڤ، داڕشتنی ژیانێکی یەکسان و ئازادە، بەڵام ئیدی بۆ داخوازیە گەوهەریەکانی مرۆڤ دەکەوێتە پەراوێزەوە و کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی دیکە جێگای دەگرێتەوە؟! مەگەر نەدەبوو ئەو مرۆڤە ژیانێکی دوور لە توندوتیژی و کۆمەڵکوژی بەدیهێنێت؟ یان سەرجەم بەرژەوەندیە سروشتی وکۆمەڵایەتیەکان لەناو یەکتردا دادپەروەرانە دابەش بکەن؟ ئەگەر ئەم ڕێڕەوەی مێژوو لەسەر ئەم گەردوونە هەڵبسووڕایە، ئەو کات پێویست بوو مرۆڤێك بۆ ئەوەی ژیان بکات، مرۆڤێکی دیکە بکاتە قوربانی خۆی.

ناکۆکیەکانی مرۆڤ بۆچی سەرهەڵدەدەن؟ ئایا کۆمەڵکوژی مرۆڤ تایبەتمەندی ئادەمیزادە؟ ئیدی چ لەسەر مرۆڤ بگوترێت لەو باوەڕەدام هەڵبگرێت، چونکە خودی مرۆڤ سەرچاوەی سەرجەم کێشەکانەو بە پێچەوانەشەوە لەهەمان کاتدا کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانە، کۆشتنی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ ئاستی دڕندەیی و وەحشییەتی مرۆڤ دەسەلمێنێت. هەڵبەت ئەوەی کە دەبێتە بکەری کۆشتنی مرۆڤێك زۆر دڕندەیە، ئەم دڕندەیەش لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خاوەن هێزە، چونکە هیچکات مرۆڤی بێهێز توانای کوشتنی مرۆڤێکی دیکەی نییە، واتا مرۆڤ کوژی دەبێتە دیاردەیەکی بەسیستەماتیك لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. خاوەن هێزەکان لەناو کۆمەڵگادا کێن؟ جیا لە شامانەکان، پاشاکان و کۆمپرادۆر و بەڕێوەبەرانی ئاستی ژوور تا خوارەوەی ناو دەوڵەتەکان کێ خاوەن هێزە؟ ئەوەی کە بکوژە، یاسا و دەوڵەت و خاوەن هێزەکانن، ئەوەش کە کوژراوە نوێنەری کۆمەڵگای ژێردەست و تێکۆشەرە، واتا کوژراوەکان مەحکووم بە کوشتن و مافی ژیان کردنیان پێ نادرێت لەبەر ئەوەی بەرامبەر خاوەن هێزەکان راوەستاون، جیهانێکی بەو گەورەییە بۆچی ئەم مرۆڤانە لەسەری ڕێك ناکەون؟ بۆچی دەبێت ماسیە گەورەکان ماسیە بچوکەکان بخۆن؟ بۆچی پاشا و بیرۆکراتەکان بونیادنانی سوپای کۆیلەداری بە پێوست دەبینن؟ ئامراز و ڕێبازەکانی کوشتن و لەسێدارەدانی مرۆڤاکان بۆچی لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بوونیان هەیە؟ گرتن و کوشتن جیا لە بەتەسلیم گرتنی مرۆڤەکان چ واتایەکی دیکەی هەیە؟ بەندیخانەکان لەتێکڕای قۆناخەکانی مرۆڤایەتیدا بۆچی دەبنە پێویستیەك؟

مادام مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتیـە، پێویسـتە ئـەم گیانلەبـەرە بـە ئـازادی بـژی، ئـەم مرۆڤـە لـە هەوڵـی داڕشـتنی کۆمەڵگایەکـی ئازاددایـە، ئـەو کات لـە گۆشـە و کەنـاری ئـەم کۆمەڵگایـەدا بەندیخانـە بۆچـی دروسـت دەکرێـت؟ بۆچـی مـرۆڤ لەکۆمەڵـگا بپچڕێندرێـت و لەنـاو چوارچێـوەی دیوارێکـدا بەنـد بکرێـت؟ دامەزرێنەرانـی ئـەم گرتووخانانـە کێـن؟ ئـەوەی کـە داڕێـژەری یاسـایە، دەبێتـە دامەزرێنـەری سـەرجەم ڕێبـازە ناڕەواکانـی نـاو کۆمەڵـگا، یاسـادانەران لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا تـا ئەمـڕۆ وەك هێـزی دامرکاندنـی کۆمەڵـگا کار و خەباتیـان بەڕێـوە بـردووە، ئـەم یاسایە دەمامکـی رووی دەسـەڵاتدارانە، پاشا و بیرۆکراتـەکان بـۆ پاراسـتنی سنووری دەسـەڵاتداریان دەسـتووریان بـە سـەر کۆمەڵـگادا سـەپاندووە. یاسا کراوەتـە نەریتێکـی دەسـەڵاتداران کـە وەك چەکـی داکوتانـدن و چەوسـاندنەوە بـەکار هاتـووە، دەوڵـەت پارێـزەکان یاسایان وەك چەقۆیـەك بـەکار هێنـاوە کـە لایەکـی ئـەم چەقۆیەیـان بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی دەسـەڵات بـەکار هێنـاوە و لایەکـی دیکـەی بـۆ سـەربڕینی مرۆڤـە ماقـووڵ و نەجیبـەکان، کـێ لەچوارچێوەی یاسـای دەوڵـەت دەرچێـت سـزا دەدرێـت. دەرچـوون لەچوارچێـوەی یاسـای دەوڵـەت بەواتـای رەد کـردن و قەبـووڵ نەکـردن و سـەرهەڵدان بەرامبـەر دەسـەڵاتداران پێناسـە کـراوە، بەندیخانـەش وەك ئامێـری تواندنـەوە و پاکتاوکردنـی ئیـرادەی مرۆڤـی سـەرفراز و خۆڕاگـرەکان بـووە، لەبـەر ئـەوەی کاتێـك سـەیری مێـژووی مرۆڤایەتـی بکەیـن زۆر لەفەیلەسـوف و بیرمەنـد و زانایـان و شۆڕشـگێڕەکانی کۆمەڵـگا بەشـێکی زۆر لەتەمەنـی خۆیـان لەبەندیخانـەدا بەسـەر بـردووە. دامەزرێنـەری ئـەم چەمـك و ڕێبـازە ڕەگ و ڕیشـەی خـۆی لـەکام فەلسـەفە و رامانـی مرۆڤایەتـی یـەوە سـەرچاوە دەگرێـت؟ لۆژیکـی چ قۆنـاخ و فەیلەسـوف و بیرمەندێکـی کۆمەڵـگا ئـەم چەمکـە پـەرە پـێدەدات؟ بـەڵام لەلایەکـی دیکـەوە کۆمەڵـە سـەرەتایی یـەکان لەنـاو ئەشـکەوتێکی بچـووك قەناعەتیـان دەکـرد و بـۆ بەرقـەراری ئاسـایش و ئارامـی گیانـی خۆیـان بـۆ ئـەو کۆمەڵگایـە بەخـت دەکـرد. ئـەم حەقیقەتـە پێمان دەڵێـت کـە لەڕێـڕەوەی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا دوو چەشـنە مـرۆڤ سـەرهەڵدەدەن، یەکـەم سـەرکوتکارە، ئەویـش ئاڵاهەڵگـری دەوڵەتـە دوا لـەدوا یەکەکانـە، دووهـەم سـەرکوت کـراوە، ئەویـش ئاڵاهەڵگـری کۆمەڵـگای دیموکراتییـە کـە هاوشـانی دەوڵەتـە دوا لـەدوا یەکـەکان چەمکـی بەدیموکراتیـزە کردنـی کۆمەڵـگای پـەرە پـێداوە. ئـەو کات ئـەو مرۆڤـە دەبێتـە دوو بەشـەوە کـە هـەر یـەك نوێنەرایەتـی کۆمەڵگایـەك واتـا کۆمەڵـگای دەوڵەتـی و کۆمەڵـگای دیموکراتـی دەکـەن. کۆمەڵـگای دەوڵەتـی پشـت بـە هێـزو توندوتیـژی و تـرس و تۆقانـدن و گرتـن و ئەشـکەنجە و بێـکاری و هـەژاری و برسـیەتی ...هتـد دەبەسـتێت، بـەڵام کۆمەڵـگای دیموکراتـی پشـت بـە شـارەزایی و ئاگایـی و رەوشـت و هێـزی دەروونـی و پێکـەوە ژیـان کردن...هتـد دەبەسـتێت. مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی دەبێتـە گیانلەبەرێکـی کۆمەڵایەتـی کـە بێجیـاوازی و توندوتیـژی پێکـەوە ژیـان بـکات، هەمـان مرۆڤـە سـاڵانێکی درێـژ ئاڵاهەڵگـری کۆمەڵـگای دیموکراتییـە، بۆیـە ئەمـڕۆ تێکۆشـەران پڕیشـکێکی ئـەو کۆمەڵگایـەن کـە لەدونیایەکـی تاریکـدا پڕشـنگێکی بچکۆڵـە، لـێ دەدەن و دەبنـە روناکییەکـی بچکۆڵـە، بـەڵام هیوایەکـی زۆر گەورەیـان پێیـە، ئەمـەش سـەلمێنەری کۆمەڵگایەکـی ئـازاد و یەکسـانە کـە بـە درێژایـی مێـژوو ژیانـی کـردووە، ئـەم مرۆڤـە لەنـاو تاریکیـدا دێتـە دونیـا هیـچ شـت نازانێـت، ئەزموونـی ژیانـی نییـە، جێـگای نیشـتەجێ بوونـی نییـە، هـزرو رامانـی مـرۆڤ ئەوەنـدە پێشـکەوتنی بەدەسـت نەهێنـاوە تـا بەرامبـەر رووداوە سرووشـتی یـەکان خـۆی بپارێزێـت، ئەمـەش زۆر سـەیرە، ئـەم مرۆڤـە چ رێگایەکـی لەدرێژایـی مێـژوو تـا ئەمـڕۆ بڕیـوە تـا ئـەوەی کـە هەیـە بیپارێزێـت. بەتایبـەت یەکەمیـن قۆناغـی بـە کۆمەڵگابوونـی مرۆڤایەتـی قورسـترین و گرانبەهاتریـن سـەردەمانی ژیانـی مرۆڤـە، قۆناغـی داڕشـتنەوەو ئافرێنەرییـە

لـەم قۆناغـە بـواری تەكنۆلـۆژی و زانسـت و كۆمەڵـگا و ئابـووری و دەروونناسـی پێشـكەوتنی ئەوتـۆی بەخـۆوە نەدیـوە. بـەڵام هەوێنـی بەكۆمەڵـگا بوونـی مـرۆڤ تێیـدا بـەدی دەكرێـت، كۆمەڵگایەكـە جگـە لەئاشـتەوایی و یەكسـانی و دادپـەروەری لەسـەر شـتێكی دیكـە بیـر ناكاتـەوە. هـزر و بنەمـای فكـری ئـەو مرۆڤـە لەهـەر قۆناغیكـی مێـژوو چەنـدان بـەرزی و نشـێوی تێپەڕانـدووە، ناكۆكـی و دژەكان لەگـەڵ یەكـدی شـەڕ دەكـەن، شـەڕی چاكـە و خراپـە هەیـە، شـەڕی راسـتی و درۆ و شـەڕی حەقیقـەت و چەواشـەكاری هەیـە، لەئەنجامـی ئـەم شـەڕ و پێكدادانـەدا هێزێكـی نـوێ دێتـە ئـاراوە كـە ئەویـش دەبێتـە هێـزی سـێهەم و مـرۆڤ سەركێشـی ئـەم هێـزە دەكات، بەندیخانـە وەك ئامێـری بێكاریگـەر كـردن و تەنانـەت پاكتـاو كردنـی مـرۆڤ بـەكار دەهێنرێـت. لەلایەكـی دیكـەوە لەسـێدارەدان و بەردبـاران كردنـی مـرۆڤ لەزیندانـدا توانايیەكـی دیكـەی نـاو كۆمەڵـگا دروسـت دەكات، ئـەوەش رق و كیـن و بێـزی هەمبـەر ئـەو دەوڵەتـەی كـە بـە ئەنجـام دانـی ئـەو كـردەوە هەسـتاوە درووسـت دەكات، ئـەو مرۆڤـەی كـە لەپێنـاو ئازادیـدا لەسـێدارە و بەردبـاران دەكرێـت، هەوێنـی بـاوەڕی و ئیـرادەی كۆمەڵـگا دەبێـت و رووڕەشـی بـۆ دەوڵـەت دەبێـت و پایەبـەرزی و سـەرفرازی بـۆ تاكـی قوربانـی كـراو دەبێـت، دەوڵـەت پارێـزەكان بـەم كـردەوە دەیانەوێـت دەنگـی ئـازادی و دیموكراسـی كـپ و بـن بـڕ بكـەن، ئیـرادەی ئـازاد و چەمكـی خۆڕاگـری تێـك بشـكێنن و لەبیرۆكـەی دەسـەڵاتداری خۆیانـدا سـەركەوتوو بـن، بـەڵام بـە پێچەوانـەی ئـەم پلانـەوە، مێـژوو ئـەوەی سـەڵماندووە كـە ئازادیخـوازەكان هێڵێكـی نـوێ ژیانیـان داهێنـاوە.

كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بەرهەمـی زەینییەتـی دەوڵەتپارێـزی هـەزاران سـاڵەیە، لەسـێدارەدانی مرۆڤـەكان وەك قەڵغانـی بەرگـری سیسـتەم بـەكار هێـنراوە، بـۆ ئـەوەی وانـەو و ئامـۆژگاری بـە كۆمەڵـگا بدرێـت. كـێ دژی دەوڵـەت راوەسـتا، چارەنووسـی ئـەوەی كـە دیویـە دەبێـت، بـۆ دڵەڕاوكـێ و تۆقاندنـی هـزر و ئیـرادەی مرۆڤـەكان بـەكار هێـنراوە و ئەمـەش لەژێـر نـاوی ئاییـندا ئەنجـام دەدرێـت، ئازادیخـوازەكان مۆركـی تیـرۆر و تێكـدەر یـان دژە خـواو شـەیتانیان لەسـەر دەدرێـت، تـا بـەم رەنگـە لەسیسـتەمی ئاییـندا لەسـێدارە دانیـان رەوا دەكرێـت، هـەر چەنـد ئـەم جـۆرە كردەوانـە بـۆ خـۆی دژە ئاییـنـن كـە لەلایـەن نوێنەرانـی خـودای سـەر زەوی ئەنجـام دەدرێـت. ئـەوەی كـە داوای نوێـكاری و ئافرێنـەری و ئـازادی و دادپـەروەری دەكات، مۆركـی دژە خـوای بەسـەردا دادەسـەپێت و دادگایەكـی دارسـتانی بـۆ رێكدەخرێـت و بـە یاسایەكی دارسـتان دادگایـی دەكرێـت، كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لەسـەدەی بیسـت و یەكەمـدا مـرۆڤ لەسـێدارە دەدات و بـە پەتـی سـێدارە مرۆڤـەكان دەخنكێنێـت. ئـەم دەوڵەتـەی كـە ئیدعـای ئیسـلامیەتی هەیـە و ئـاڵای ئاشـتی بـەرز كردوەتـەوە، كـردەوەی زۆر لەگوتەكانـی دوورە، لەپێـش چـاوی خەڵكـەوە مرۆڤـەكان لەسـێدارە دەدات، ئـەم شـێوازەی كوشـتنی مرۆڤـەكان شـێوازی كوشـتنی قۆناغـی رۆمـا دەخاتـە بیرمـان كـە مرۆڤەكانیـان دەخسـتە بـەردەم شـێرەكان و پاشـا و بەڕێوەبـەران بـۆ زەوق كـردن سـەیری ئـەم كـردەوە دڕندانانەیـان دەكـرد. لەداردانـی مرۆڤـەكان لەلایـەن كۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـەوە هیـچ جیاوازیەكـی لەگـەڵ ئـەو كـردەوەی (رۆمـای باسـتان) نییـە. رێبـەر و كاربەدەسـتانی كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بـە لەسـێدارەدانی مرۆڤـەكان خۆشـحاڵ دەبـن و بـە لەداردانـی گەنجـان بـە پەتـی سـێدارە تێـر دەبـن، لەهەمانكاتـدا ئـەم كردەوەیـە بەنـاوی (خـودا) ئەنجـام دەدەن. ئـەو گەنجـەی كـە بەتایبـەت لەپێنـاو ئـازادی نەتەوەكـەی گیانـی لەدەسـت دەدات. بـە زەردەخەنـە و بـە خرۆشـێكی بـەرزەوە ملـی خـۆی بـۆ پەتـی سـێدارە راكێـش دەكات، چـاو و دەسـت و پێـی گرێـدراوە، ئـەو مرۆڤـەی كـە ئەوەنـدە دەبێتـە هـۆی تـرس و دڵەڕاوكێـی دوژمـن كـە كاربەدەسـتانی ئـەم رژێمـە وەك ئـەوەی پەزێـك بـۆ سـەربڕین دێننـە

پێشەوە، هەمان گەنجی ئازادیخوازی کورد تەنافی سێدارە دەخەنە ملی، ویژدانی سەهۆڵبەستووی ئەم مرۆڤانە بۆچی ناتوێتەوە، بە لەداردانی مێرمندالٚ یان گەنجێك چییان بۆ دەکرێت جیا لەوەی خۆیان هەڵدەخلەتێنن، یان وەك زوحاکی سەردەم دیارە بە خوێنی گەنجانی کورد تێر دەبن، ئەگەر هەر رۆژ گەنجانی کورد لەسێدارە و ئەشکەنجە نەدەن خەویان لێ ناکەوێت. ئەو کات لێرەدا دەتوانین بڵێین ئایا بەڕێوەبەرانی رژێمی کۆماری ئیسلامی مرۆڤ دۆستن؟!! یاخوود خوێنمژی کۆمەڵگان؟!! کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی کردەوەکانی سیستەمێکی خوێنمژە. دەوڵەتێك کە کاربەدەستانی هۆڤ و درندە بن لەهەوڵی دارشتنی چۆن کۆمەڵگایەك دەبێت؟! کۆماری ئیسلامی ئێران پەتی سێدارە وەك تەڵەیەك بۆ نێچیرکردنی مرۆڤەکان بەکار دەهێنێت، دیارە ئەم تەڵەیەش وەك ئەفسانەی دەرکردنی (حەوا)یە لەبەهەشت لەبەر ئەوەی (حەوا) میوەی زانیاری دەخوات و لەژێر ناوی دەرکەوتن لەیاسا لەکۆمەڵگایەك دەردەکرێت. ئەمڕۆش لەژێر ناوی دەستوور و دەرکەوتنی گەنجان لەیاسا بە پەتی سێدارە سزا دەدرێن، لەبەر ئەوەی کە ئەو گەنجە پەیوەندی لەگەڵ پارت یان رێکخراوێکی مەدەنیدا هەبووە، ئایا ئەم حیزبە کە هەڵقولاوی جەرگەی کۆمەڵگایە، مافی ژیان کردنی نییە؟. ئەمڕۆ کێ لەبیروڕای رژێمی کۆماری ئیسلامی لای دا، لەژێر ناوی لەرێدەرچوون لەئایین، سزای بەسەر دا دەسەپێنرێت. هاوشێوەی خواردنی (میوە) لەلایەن (حەوا)وەیە. گەنجێك کە بەرهەمی زانیاری لەکۆمەڵگای تام کرد مۆرکی لەرێ ترازان لەدین و دژی خودای بەرسەردا دەدرێت و لەکۆمەڵگا دوورەپەرێز دەخرێت، رژێم لایەنگرانی خۆی بەوە رازی دەکات کە ئەو کەسە دژی خودا و ئایین دەرکەوتووە، بەم رەنگە پێش لەنارەزایەتی جەماوەر دەگرێت، بەڵام بەشی زۆرینەی کۆمەڵگا لەم کردەوەی دەوڵەت نارازین لەبەر ئەوەی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو لایەنەی کە میوەی زانیاری پێشکەش دەکات دروست دەکەن. لەسێدارەدانی مرۆڤەکان رێبازی بێچارەسەری و تەقینەوەی قەیرانی قووڵی ناو دەوڵەتە، دەوڵەت لەئەنجامی گەیشتن بە بەربەست رێبازی سام و تۆقاندن بەکار دەهێنێت. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت، ساڵانە زیاتر لە (٥٠٠) کەس لەسێدارە دەدرێت، دەبێت بەشێکی ئەو کەسانە بەهۆی تاوانی سیاسییەوە لەسێدارە درابن و بەشێکی دیکە بەهۆی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی یەوە بێت. کاتێك تەمەنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران سەیر بکەین، بە هەزاران هەزار مرۆڤی لەسێدارە داوە و هەزاران مرۆڤ چاوەڕوانی پەتی سێدارەن. لێرەدا ئەو گوتەی (رۆسۆ)مان بیر دێتەوە کە دەڵێت: «مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێت، بەڵام لەهەموو شوێنێکدا کۆت و زنجیر و بەند کراوە». واتا کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەکاتی لەدایك بوونی مرۆڤەوە ئازادی لێ زەوت دەکات و کۆیلایەتی بەسەردا دەسەپێنێت، ئەم رژێمە دژی حەقیقەتی مرۆڤەکان رەفتار دەکات، ئازادی بۆ مرۆڤەکان رەوا نابینێت هەر لەقۆناغی منداڵییەوە ئەم رژێمە ئازادی لەسێدارە دەدات بە لەسێدارەدانی هەر تێکۆشەرێك لەئێراندا، ئەم رژێمە بیروڕای ئازادی لەسێدارە دەدات. لەداردانی ئازادی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بە واتای گەڕانەوەی رژێم بۆ قۆناغی نەزانی سەردەمی عەرەبەکانی پێش ئیسلامە.

ئازادی گەوهەری مرۆڤە، کەواتە رژێم گەوهەری مرۆڤەکان لەسێدارە دەدات، مرۆڤی حەقیقی کە بەدوای پەیدۆزی کۆمەڵگای سروشتییەوەن لەسێدارە دەدات. کۆماری ئیسلامی ئێران بەم کردەوانەی کۆتایی بە تەمەنی خۆی دەهێنێت چونکە هەوڵا دەدات جەوهەری بنەڕەتی کۆمەڵگا لەناو ببات، هێزی مرۆیی پەرتەوازە و پاکتاو بکات. لەسێدارەدانی مرۆڤ بەواتای بۆمب چاندن لەژێر دیموکراسی بۆ وڵات دێت، ئێران هەر چەند مرۆڤ لەسێدارە بدات ئەوەندە بەرەو دیکتاتۆریەت و سیستەمی

خانەدانــی دەڕوات. (هێمــن) یەکێــك لــەو گەنجــە تێکۆشــەر و ئازادیخوازەکانــی کۆمەڵــگای ئێرانــە کــە هەمــوو ژیانــی خــۆی لەپێنــاو ئازادیــدا بەخــت کــرد، هــەر لەســەردەمی منداڵیــدا تــا قۆناغــی گەنجێتــی لەبەرامبــەر کــۆت و بەندەکانــی چەقێــنراوی نــاو کۆمەڵــگا تێکۆشــانی کــردو لەئەنجامــدا لەلایــەن هێــزە دڕندەکانــی کۆمــاری ئیســلامی لەســێدارە دەدرێــت. بۆیــە لــەم کتێبــەدا هەوڵــم داوە هەمــوو بوارەکانــی ژیانــی قارەمانێکــی کــورد بــۆ خوێنەرانــی ئازیــز بخەمــەڕوو. هەرچەنــد دوانــدن و نووســین لەســەر شــەهیدێکی نەمــر کــەم دەبێــت، لەســەردەمی ژیانــی منداڵــی تــا ســەردەمی لەســێدارەدانی شــیکردنەوەم لەســەر کەســایەتی نەمــری کــردووە، هیــوادارم بەســەرجەم کــەم و کورتیەکانیــەوە دڵۆپێــك لەدەریــای ژیانــی مرۆڤێکــی ئازادیخــوازم شــیکردبێتەوە.

٢٠١٢/١٢/١٠

قەندیل _ کۆمەڵێن جوان

## ◆ مۆمێک لە تاریکی بەندیخانەدا

شـەهیدان لەکوردسـتان پیرۆزتریـن و پڕبایەختریـن هێـزی مەعنـەوی کۆمەڵـگان، راسـتەقینەی مێـژوو و گەوهـەری راسـتەقینەی کۆمەڵـگان. بـاس کـردن لەسـەر کەسـایەتی هـەر شـەهیدێك چەندێـك بکرێـت کـەم گوتـراوە، چونکـە شـەهیدان گیـان و جەسـتەی خۆیـان دیـاری نیشـتمان و نەتەوەکەیـان کـردووە. ئـەوکات چەندێـك بدوێـن لەسـەر شـەهید، وەڵام و پاداشـتی حەقیقەتـی ژیـان و کەسـایەتی شـەهید ناداتـەوە، بـەڵام ئـەوەی کـە پێویسـت و زەرورییـە نابێـت شـەهید بێنـاوە بێـت. پێویسـتە بـە بەردەوامـی لەسـەر زاری تاکەکانـی نـاو کۆمەڵگادا بێـت، کەسایەتی شـەهیدان ببنـە نموونـەی ژیانـی تاکـەکان، شـەهیدان و نـاوداران وانەبێژانـی کۆمەڵـگان و پاکتریـن و دروسـتترین هەڵبژاردەکانـی کۆمەڵـگان. دیارکەرانـی رێبـازی گەیشـتن بەئازادیـن، قەڵغانـی پاراسـتنی نـرخ و بەهـای مرۆیـی کۆمەڵـگا و مێـژوو و ئەمـڕۆ و داهاتـوون. نـرخ پێدەرانـی ژیانـی مرۆڤـن، نەمرانـی نـاو مرۆڤەکانـن، هەوێنـی بەکۆمەڵگابـوون، دادپـەروەری و دیموکراسـی و ئـازادی کۆمەڵـگان. رۆحـی شـاراوەی جەسـتەی کۆمەڵـگاو بـاوەڕی و بوێـری تاکەکانـی کۆمەڵـگان.

هـەر کۆمەڵگایـەك پێناسـەیەکی جیـاوازی لەسـەر شـەهید هەیـە، دیـارە دەسـەڵاتدارن بـۆ پاراسـتن و بەرفـراوان کردنـی سـنووری دەسـەڵاتداری خۆیـان بـە بەردەوامـی لەنـاو شـەڕ و توندوتیژیـدان، لەسـەر بیـروڕای داگیـرکاری، مرۆڤـەکان بـە کوشـتن دەدەن و بـۆ رەواکـردن و پیرۆزکردنـی داگیرکاریەکانیـان پێناسـەی شـەهید دەنێـن لەسـەر ئـەو کەسـانەی کـە لەرێـگای داگیرکەریـدا کـوژراون، بـەڵام هەمـان داگیرکـەر شـەهیدی راسـتەقینە کـە لەرێـگای پاراسـتنی نیشـتمان و نەتەوەکـەی گیانـی لەدەسـت دەدات، بـە تیرۆریسـت و جیاخـواز و بێدیـن نـاوزەد دەکات، ئـەو کات لێرەدا پێویسـتە جیاوازیـەك بکەیـن لەگـەڵ ئـەو دەسـتەواژەیەی کـە داگیرکـەر بێنـرخ و بێبەهـای دەکات. کۆمەڵـگای دەوڵەتـی هیـچ کات شـەهید نـادات، چونکـە داگیرکـەرە، لـەلای داگیرکـەر گیانـی مرۆڤـەکان هیـچ گرنگـی و بایەخـی نییـە، وەك کۆیلـە مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت، بـەڵام لەکۆمەڵـگای سرووشـتی و دیموکراسـیدا بەنرختریـن بەهـاکان، نرخـی مرۆڤـە لـەم کۆمەڵگایـەدا. مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی ناسـنامە و هەبوونـی خـۆی بپارێزێـت بەرگـری لەکەرامـەت و ناسـنامەی خـۆی دەکات و ئەگـەر لـەم رێگایـەدا گیانـی خـۆی لەدەسـت بـدات، دەبێتـە شـەهیدی ئـەو نەتەوەیـە، بـۆ نموونـە کاتێـك سـەربازەکانی ئەمریـکا و ئینگلتـەرا و چەتەکانـی ئەلقاعیـدە و ... هتـد لـە عێـراق و ئەفغانسـتان و یـان سـەربازەکانی دەوڵەتـی تورکیـا و ئێـران و سـوریا و عێـراق لەکوردسـتان بکوژرێـن، دەتوانیـن بڵێـن ئـەو سـەربازانە شـەهید کـراون؟!. بـەڵام بـە پێچەوانەکـەی رۆڵـە جەنگاوەرەکانـی کـورد کـە تەنیـا بەرگـری لـەوڵات ونیشـتمانەکەیان دەکـەن پێیـان بگوترێـت تیرۆریسـت، تێکـدەر، شـەیتان یـان هـەر ناوێکـی دیکـە کـە داگیرکـەر بەنـاوی دەکات؟ بێگومـان ئەمـە هەڵسـەنگاندنێکی ویژدانـی و رەوشـتیانە نابێـت، چونکـە داگیرکـەر پەلامـاری کوردسـتان و یـان ئـەو وڵاتانـەی داوە. داگیرکـەر لەسـەر ئـەو خاکانـەدا چ کارێکـی هەیـە؟ دایکـی نیشـتمان دەکرێتـە پەلامـاری داگیـرکاری. گەنجانـی نیشـتمان بەرگـری لەخاکـی پیـرۆزی خۆیـان دەکـەن چـۆن دەبێـت ئەمـە پێناسـەی داگیـر کـەری حەقیقـی بێـت و ببێتـە جێـگای بـاوەڕو متمانـەی گـەلان؟!

شـەهید ئـەو کەسـەیە کـە بەرگـری لەنیشـتمان و نرخەکانـی کۆمەڵـگا دەکات، ئایـا لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا جیـا لەکۆمەڵـگای ژێریـن و چەوسـاوە، دەتوانیـن بڵێـن کۆمەڵـگای ژووریـن و دەسـەڵاتدار خاوەن شـەهیدە؟ بەتایبـەت گەلـی کـورد لەبـەر ئـەوەی گەلێکـی پەرتـەوازە و پارچەکـراو بێئیـرادە کـراوە، بـۆ بەدەستخسـتنی مافـی سرووشـتی خـۆی بـە سـەدان هـەزار گەنجـی ئـازاو بوێری بەخـت کـردووە، تا ئەمـڕۆ شـاهیدی ئەوەین

لەکوردستاندا خوێنی مرۆڤەکان دەڕژرێن، بۆچی سەرجەم دامودەزگای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیەکان ناڵێن ئەرێ ئەم خوێن رشتنە بۆچی دەکرێت؟ هیچ هەوڵدان بۆ راوستاندنی ئەو خوێن رشتنە ناکرێت، کۆسپ و تەگەرە رووبەڕووی داگیرکەران دانانرێت تا کۆتایی بە زوڵم و زۆری خۆیان بهێنن، بەسەدان ساڵە گەلی کورد لە ناو شین و خەمباریدایە، فرمێسکی چاوی دایکان راناوستێت، گۆمی خوێن و گۆمی فرمێسك لەکوردستان ڕۆژ لەدوای رۆژ زەبەلاحتر دەبێت، رۆڵەکانی کورد ئاوارە دەبن، تووشی نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان دەبن، لەسێدارە دەدرێن، دەکرێنە قەڵغانی پاراستنی داگیرکەران، بەڵام هیچ زڵهێزێك دەنگی خۆی دەرنابڕێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشە خوێنمژانە بۆ سەر رۆڵەکانی کورد تا بە ئەمڕۆ (٢٩) شۆڕش سەریهەڵداوە، هەر یەك لەم شۆڕشانە بەکەم و کورتیەکانی خۆیانەوە بوونە روناکییەکی ناو لێڵی داگیرکەران و هەر یەك لەو شۆڕشانە گەلێك گەنجی قارەمانی لەرێگای نیشمانەکەیدا بەخت کردووەو ئەو شەهیدانە بەخوێنی سووری خۆیان خاکی پیرۆزی کوردستانیان ئاو دا، بۆیە ئێستا شەهیدان خاوەنی راستەقینەی کوردستانن.

لەناو ئەوشۆڕشانەی کە لەکوردستان سەریهەڵداوە، بەکاریگەرترینیان ئەو شۆڕشەیە کە بە دەستپێشخەری پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) هاتووەتە ئاراوە، بۆیە توانج و هێزی ئەو شۆڕشە ئێستا لە ئاستی جیهاندا کاریگەری مەزنی دروست کردووەو کێشەی گەلی کوردی بە جیهان ناساندووە، ئەو شۆڕشە کۆمەڵگایەکی لەسەر لوتکەی لەناوچوون رزگار کردووەو کۆمەڵگایەکی چیمەنتۆ کراوی تێکشکاند، (PKK) لەقۆناخێکی گرنگ و مێژووییدا سەرهەڵدەدات و دەبێتە پاپۆڕی سەردەم بۆ رزگار بوونی گەلی کورد، گەلی کوردیش لەمێژووی هاوچەرخدا پێشەنگایەتی بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی دەکات، (PKK) تا بە ئەمڕۆ زیاتر لە (٣٠) هەزار شەهیدی لەرێگای ئازادی کوردستان قوربانی داوە، هەر یەك لەو شەهیدانە رۆمانێکی تازەیان لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کورددا نەخشاندو رووپەڕێکی تازەیان لەتێکۆشانی گەلی کورددا هەڵدایەوە. تایبەت تێکۆشانی ئازادیخوازانەی (PKK) باڵی خۆی بە سەر هەر چواربەشی کوردستان ڕاکێشا، لەرۆژی ئەمڕۆ بەهێزترین و بەکاریگەرترین هێزی تێکۆشانی دیموکراتیانە دەبینرێت و بووەتە پارتێکی جەماوەری، گەنجانی هەر چواربەشی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی وڵات خاوەندارێتی لەتێکۆشانی رەوای (PKK) دەکەن. گەنجان بۆ خاوەندارێتی لەناسنامەی خۆیان خۆبەخشانە گیانیان فیدای (رێبەر ئاپۆ) و بزاڤە تێکۆشەرەکەیان دەکەن، ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستان بەرخۆدان دەکات و دەستکەوتەکانی گەلی کورد دەپارێزێت (پارتی کرێکارانی کوردستان)ە. ئەوەی کە بێحیساب و خۆبەخشانە جەستەی خۆی دەکاتە قەڵغانی پاراستن و رووبەرووی نەیاران دەبێتەوە گەریلا تێکۆشەرەکانی کوردستانە، رۆحی فیدایی و خۆبەخشانەی تێکۆشەرەکانی (PKK) لەکوردستاندا باوەڕی و وزەیەکی زۆر بەگوڕی بەگەل بەخشیوە و لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا گەل خاوەندارێتی لەرۆڵە شەهیدەکانی خۆیان دەکەن. بەدەیان هەزار کەس تەرمی گەریلایەکی شەهید بە مەراسمی شکۆدارەوە پێشوازی دەکەن لەو مەراسمە مێژوویانەدا دروشمی (شەهید نامرن) بەرز دەکرێتەوە، واتا شەهیدان نرخ و بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگای کوردستانن. ئەو کات حەقیقەتی ئەوەی کە شەهیدان خاوەنی راستەقینەی کوردستانن بە روونی ئاشکرا دەکرێت، چونکە ئەم شەهیدانە بە خوێنی خۆیان داری ئازادی لەکوردستاندا ئاو دەدەن و فەلسەفەی چۆن بژین، چۆن تێکۆشان بکەین، چۆن هەڤاڵێتی بکەین، چۆن نرخ و بەها پیرۆزەکان بپارێزین، چۆن شەڕ بکەین، چۆن ئاشتی بکەین فێری ئێمە دەکەن،

داستانی پاڵەوانیەتی و خۆڕاگری و بوێری و فیداکاری و دڵسۆزی یان بۆ نەتەوەکەیان بەجێ هێشت. شەهیدان لەگیانیان بەبایەختر شتێکی دیکەیان نەبوو، دیاری نیشتمانەکەیان کرد، ئەو کات ئێمە چیمان بۆ نیشتمان کرد؟ ئەگەر چەمکی ژیان و تێکۆشانی شەهیدەکانمان درێژە پێ بدەین ئەوا پشکێکی پایەبەرزی ئەندێشە و راز و رۆمانی درێژەپێدەری بەربەرەکانێی تێکۆشانمان نووسیوە، نایابترین دێڕ لەرومانی شەهیدان ئازادییە، بۆ گەیشتن بە ئازادی تێکۆشان پێویستەو بۆ تێکۆشین کردن بیروڕا پێویستە، لەئەنجامی ئەمانەدا خۆشەویستی دێتە ئاراوە، چونکە خۆشەویسترین نرخ لەلای مرۆڤ نرخی شەهیدانە، کاتێك سەردەمانی تێکۆشانی شەهیدێکی ناسراو بهێنینە ناو هزرمانەوە، هەناسەیەکی قووڵ دەکێشین و بە یادی رۆژانی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە ورەمان بەرز دەبێتەوە، دەمانەوێت وەك ئەو قارەمان و خۆشەویست ببین.

دیکتاتۆرەکان بە درێژایی مێژوو تا بە ئەمرۆ تاڵان و کۆمەڵکوژ دەکەن، دەستگیر و ئەشکەنجەی فەقیر و هەژار دەکەن، بەواتایەکی تەواو سیستەمی نۆکەری یان سوپای کوێلایەتی ئاوا دەکەن. بەندیخانە ئاوا دەکەن، هەموو رێبازێك بۆ ئەشکەنجە بەکار دەبەن، سەری مرۆڤەکان بە (گیوتین) جیا دەکەنەوە. مرۆڤەکان لەگۆڕەپانی (ئارانا) دەرخواردی شێران دەکرێن، لەخاچ دەدرێن، سەریان لەقەلافەتیان جیا دەکرێتەوەو دەست و پێو ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ دەپسێنرێت، بە شۆکی کارەبا دەقامێری ئەشکەنجە باتۆم و دار و سەدان کەرەستەی ئەشکەنجەی دیکە لەسەر مرۆڤەکان تاقی دەکەنەوە.

ئەمرۆ کۆماری ئیسلامی ئێران سیاسەتی بەردباران بەردەوام دەکات، لەسێدارەمان دەدات، ئەندامێکی جەستەمان دەقرتێنێت، لەرۆژی ئەمرۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بە (کۆماری سێدارە، کۆماری بەردەباران و کۆماری سام) دەناسرێت. پێناسەی کۆمارێك کە بەم رەنگە بێت ئەو کات دەبێتە هۆی تۆقاندنی هاوڵاتیانی خۆی و مافی ژیانی ئاسایی بە هاوڵاتیانی نابەخشێت، شەو و رۆژ کاسبکارانی کورد لەسەر سنوورەکان دەکوژێت، ئەسپ و هێسترەکانیان دەکوژێت، سەتەلایت لەماڵەکاندا کۆ دەکاتەوە، کۆمارێك کە سەردەمی نەفامی بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت کۆمارێك کە بێتەم و مژ و لێڵی ناتوانێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، کۆمارێك کە نە شۆڕشگێڕی و نە فێرکەری و نە فەرمانبەری و نە پیشەی ئازاد قەبول دەکات. تەنیا ئیش و کارێکی بۆ گەلانی ناو ئێران هێشتوەتەوە، ئەویش پیشەی بەکرێگیراوی و سەردانەواندنە. کۆمارێك لەئارادایە کە هیچ تاکێك بێئاگاداری دەوڵەت مافی ژیان کردنی نییە، سەرجەم پیشەکان پەیوەندیداری دەوڵەت کراون. هیچ هاوڵاتییە سەربەخۆ هێزی ژیان کردنی نییە، هەر هاوڵاتییەك هەوڵی کاری سەربەخۆ بدات، دەکەوێتە بەر پەلاماری نیعمەتی دڕندەیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

رژێمی ترس و سێدارە بەندیخانەی کردوەتە جێگای کپ کردنی دەنگی ناڕازیان، بەندیخانە لەئەنجامی لاوازی، بێهێزی و بێچارەسەری دەوڵەت دێتە ئاراوە، جێگای زیندانی کردنی ئازادییە، جێگای لاسەنگی دادپەروەرییە، جێگای زوڵم و زۆرداری و تۆقاندنە، جێگای پشکنین و شۆردنەوەی بیر و رامانی ئازادی مرۆڤەکانە. لەوڵاتێکدا چەندە بەندیخانە هەبێت، ئەوەندە زوڵم و زۆری و دیکتاتۆری و چینایەتی و دەسەڵاتداری گەشە دەستێنێت، کۆمەڵگا پارچە پارچە دەکرێت، چاکەو خراپە دێنە ئاراوە، کۆمەڵگا بەرەو تاریکی دەڕوات، مۆمە گەشەکانی کۆمەڵگا کوژاوە دەبن، دیموکراسی دەخرێتە ناو چاڵەڕەشەکانەوە، ژیانی ئازاد بەند دەکرێت و زانستی کۆمەڵگا دیل دەکرێت، بیرکردنەوە و

تێڕوانینــە جیــاوازەکان لەنــاو دەبرێــن. بەندیخانــە بەرهەمــی عەقڵیەتــی یــەك زمــان، یــەك ئــاڵای و یــەك نەتەوەیییــە، دۆزەخــی هاوچەرخــی مرۆڤەکانــە، جێــگای ئەشــکەنجە و دڕندەیــی دەســەڵاتداران و مەیدانــی (ئارانــا)ی مێــژەرە بەســەرەکانە.
کۆمــاری ئیســلامی ئێــران، بەندیخانــەی کردووەتــە پێشــگای تۆبــە کردنــی مرۆڤــەکان، ئەمــەش ئــەوە دەســەلمێنێت کــە ئــەم رژێمــە خــۆی بــە نوێنــەری خــودا لەســەرزەوی دەبینێــت، بۆیــە ئــەم کــردەوە بــۆ خــۆی رەوا دەبینێــت کــە لەســەر زەویــدا بەهەشــت و دۆزەخێــك دروســت بــکات؛ پارێزەرانــی رژێــم و دارودەستەکانی لەبەهەشتی دەستکرددا ژیــان بــە ســەر دەبــەن، ئەوانــەی کــە بەگوێــرەی پێناســەی رژێــم دژی خــودا و بەرژەوەنــدی رژێــم راوەســتاون، رەوانــەی جەهەنــەم دەکرێــن تاکــوو فریشــتە ســاختەکارانی دۆزەخــی دەســتکرد لێپرســینەوەیان لەگەڵــدا بکــەن ئەوانــەی کــە پەشــیمان ببنــەوەو خۆبەدەســتەوەی رژێــم بــدەن، بەڵێنــی گەڕانــەوەی بەهەشــت واتــا ئامێــزی سیســتەمیان پێدەدرێــت و ئەوانــەی کــە یاخیگــەر و خۆڕاگــر بــن، مــردن دەبێتــە چارەنووســیان و تەنانــەت نوێنــەری خــودای ســەر زەوی، مافــی ژیــان کــردن بــە مرۆڤــەکان لەدۆزەخــی دەستکردیشــدا نــادات.
بــە هــەزاران مــرۆڤ لەبەندیخانەکانــی کۆمــاری ســێدارە دیــل کــراون، ســەرجەم ئــەو هاوڵاتیانــە دەتوانرێــت مۆرکــی تیرۆریســت بوونیــان لــێ بدەیــن؟!! هاوڵاتیــەك کــە بــە گوێــرەی یاســای دەوڵــەت خەبــات دەکات، لەســەر چ پێــوان و پرەنســیبێك دەستبەســەر و رەوانــەی زینــدان بکرێــت؟ ئــەو هاوڵاتیــە نــە بەرامبــەر رژێــم چەکــی بــەکار هێنــاوە و نــە توندوتیژییەکــی بەرامبــەر دوژمــن ئەنجــام داوە، بــەڵام رژێــم بــە ســەدان هــەزار زیندانــی بــەو شــێوازە دیــل کــردووە، دیــار دەبێــت کــە کێشــەی رژێــم تەنیــا چــەك و تونــد و تیــژی نییــە!!.
چالاکێکــی مەدەنــی کــە بەگوێــرەی یاســای داڕێــژراوی خــودی دەوڵــەت خەبــات بــۆ کۆمەڵگاکــەی دەکات، خوێنــدکار و گەنجێکــی کــە دەڵێــت مــن کــوردم و مافــی سرووشــتی مــن هەیــە، لەســەر ئــەم گوتــە بۆچــی دەســتگیر بکرێــت؟ ســەرجەم ئــەم هاوڵاتیانــە دەســتگیر دەکرێــن، هیــچ یــەك لەوانــە چــەك بەدەســت نییــن. ئــەو کات کــردەوەی دەوڵــەت ئــەوە نیشــان دەدات کــە تــرس و دڵەڕاوکێیەکــی گــەورەی بەرامبــەر مرۆڤــی هۆشــیار و تێگەشــتووەکانی گەلــی کــورد هەیــە، رژێــم کاتێــك دەبینــێ کــێ باســی میــوەی زانیــاری کــرد، دەســتبەجێ دایدەمرکێنێــت، فیقــی زانیــاری و ئــازادی لەنــاو رژێمــی ئێــران بەربەســتکراوە. ئەمــەش ســەردەمانێك دەهێنێتــە بیرمــان کــە گەلــی کــورد لەهێنانــە ســەرزمانی کوردبوونــی خــۆی ترســی هەبــوو، لەســەردەمانی ١٩٧٠کانــدا بەتایبــەت لەباکــووری کوردســتان و پێشــتریش لەرۆژهــەڵات و بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان، وشــەی کوردســتان یەکســان لەگــەڵ مردنــدا بــووە؛ کــێ جەســارەتی ئــەوەی هەبــوو لەســەر زاری نــاوی کوردســتان بزرکێنێــت، گۆرانــی شۆڕشــگێڕانەی کــوردی هەمــوو قەدەغــە کــراو بــوون، بەدەســتی کــێ کاســێتێکی گۆرانــی شۆڕشــگێڕی بەهاتایــە گرتــن یــان گولــلەباران و یــان لەســێدارە دەدرا، ئەمــڕۆش هەمــان سیاســەت لەلایــەن داگیرکەرانــەوە بەشــێوەیەکی دیکــە لەکوردســتان درێــژە پــێ دەدرێــت؛ بــەڵام عەقلیــەت هەمــان عەقلیەتــە کــە نابێــت دان بــە هەبوونــی خۆتــدا بنێــت، دوژمــن ســوورە کــە لەهەبوونــی خــۆت نکۆڵــی بکــەی.
ســەرجەم ئــەو هاوڵاتیانــەی کــە لەپێنــاو ئــەو خاڵانــەو کۆمەڵێــك خاڵــی دیکــە دەســتگیر کــراون، لەســێدارە، گولــلەباران کــراون و لەژێــر ئەشــکەنجەدا گیانیــان لەدەســت دا و تاوانبــار بــوون، بێگومان گەورەتریــن تاوانبار خــودی رژێمــە کــە مرۆڤــی بێتــاوان دەکوژێــت. ئــەم مێــژووە ئــەوە دەســەلمێنێت کــە گەلــی کــورد هیچــکات دەرەوەی مافــی رەوای خــۆی، شــتێکی دیکــەی نەویســتووە، بــەڵام داگیرکــەر بەندیخانــەی لەکوردســتاندا بــۆ

تۆقاندنی ئەو گەلە بونیاد ناوە. نمونەی ئەم سیاسەتی داگیرکەران لەباکووری کوردستان سەیر بکەین کە گەلی کورد لەقۆناخێکی مێژوویدا ژیان بەسەر دەبات، ئیدی گەلی کورد لەبەدەست هێنانی مافە رەواکانی نزیك دەبێتەوە، دەوڵەتی فاشیستی تورکیا شەپۆلی دەستگیرکردنی هاوڵاتیانی کوردی دەست پێ کرد و تا بەئەمڕۆش درێژەی هەیە. زیاتر لە (١٠) هەزار هاوڵاتی لەبەندیخانەدا دەستبەسەر کراون، کۆی ئەم هاوڵاتیانە لەناو دامودەزگای مەدەنی و پارتی سیاسی جێگایان گرتووە و هەموو بە پێی یاسای داڕێژراوی دەوڵەت خەباتیان کردووە، تەنانەت منداڵانی کورد دەستبەسەر و رەوانەی زیندان دەکرێن. ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی لەبەندیخانەدا گیانیان لە دەست داوە، ئەم عەقلییەتە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ عەقلییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە. ئەم رژێمەش سەیر بکەین، منداڵان دەستگیر دەکات و تا گەیشتن بە تەمەنی یاسایی لەزیندان رایاندەگرێت و کاتی گەیشتن بە تەمەنی دەستووری، سزای داسەپێنراوی لەسێدارە و یان هەر سزایەکی دیکە بێت جێبەجێ دەکات. ئاخۆ هاوڵاتیانی بەساڵاچوو ئێستا لەبەندیخانەدا تا چ رێژەیەك هەبێت؟ مرۆڤی نەخۆش کە پێویستییان بە کەش و هەوای تەندروست هەیە، بەڵام لەبەندیخانەدا راگیراون دەبێت چ هژمارێك هەبێت؟

دیارە دەوڵەتێك کە عەقلیەتێکی خوێنمژانەی هەبێت هیچ بەزەیی نە بەمنداڵ نە بە ژن نە بە گەنج و نە بە بەساڵاچووان ناکات. دەوڵەت بەجێگای بەهێزتر کردن و گەورەکردنی بەندیخانەکان لەکوردستان وئێران، ئەگەر بەدوای چارەسەریەکی گونجاوتردا بگەڕێت باشتر نابێت؟ ئەگەر ئەکادیمیای سیاسی و ئەخلاقیەکان دامەزرێنێت رۆڵیان سەد قاتی ئەو بەندیخانانە نابێت؟ بەجێگای سیاسەتی زۆرەملێ، بڵاوکردنی حەز و مەراقی مرۆڤەکان پەرە پێبدات، سیستەم دیموکرات تر و ئازادیخوازتر نابێت؟ ئەگەر سیاسەتی قانع کردن، تێگەیشتن و وشیار کردن گەشە بدرێت، باشتر لەسەپاندن و هەڵخڵەتاندن و زەینکوێرکردنی نابێت؟

دەتوانم بڵێم بەندیخانە فەرامۆشخانەی هاوچەرخە، ئەگەر دەوڵەت دەیەوێت مرۆڤ چاك بکات، بۆچی راسپاردەی فەرامۆشخانە بکرێت؟ ئەوکات ئەم مرۆڤە چ خێر و قازانجێکی بۆ کۆمەڵگا هەبێت؟ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی لەسیاسەتە چەپەڵەکانی ئەنجام وەربگرێت، بۆ ماوەیەکی درێژ هاوڵاتیان لەبەندیخانە رادەگرێت، هاوکات ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی دەدات، بەم شێوەیە دەیەوێت زیندانی زانیاری و کردەوەکانی رابردووی لەبیر بکات و فەلسەفە و رێبازی نوێی مەلاکانی کۆمار بگرێتە بەر، لەفەراموشخانەدا هیچ کات رژێم ئەنجام ناگرێت، چونکە مرۆڤ ئەگەر هەر شتێك لەبیر بکات، دەستەواژەی ئازادی لەهزریدا ون نابێت.

ئازادیخوازەکان لەبەندیخانەکاندا چۆن دەژین؟ چۆن بەرگەی ئاستی دڕندەیی و هۆڤیەتی خوێنمژەکان دەگرن؟ تاکێکی بەدیل گیراو چۆن بەرامبەر مرۆڤێك کە بووەتە (گورکی مرۆڤ) لەبەندیخانەدا بەرگەی ئەو دڕندەییە بگرێت؟ قیڕ و هاواری مرۆڤەکان لەدوودەرە چکۆلەکانی بەندیخانەوە تا کوێ دەنگ دەداتەوە، ئەو هاوارانە کێ گوێ لێدەبێت؟ دەست و پێی گیراوەکان دەبەسترێتەوە دەم و چاویان دەبەستنەوە، کەس ناتوانێت یارمەتییان بدات، پیاوە بەکرێگیراوەکانی تا هیلاك دەبن ئەشکەنجە دەدەن، گڕ و تینی مۆمە گەشەکان دەکوژێننەوە. بۆچی ئەوەندە ترس و دڵەڕاوکێ بەرامبەر زیندانییەکان هەیە؟ دیارە دەوڵەت دەزگایەکی زۆر ترسنۆکە، لەسێبەری خۆی دەترسێت لەگەنجێکی وشیار و تێگەیشتوو بۆچی دەتۆقێت، لەناو چاڵەڕەشەکان پشت مێڵ و دیوار و دڕکە ئاسنینەکان، پاسەوان و چەك بەدەستانی زیندان گیراوێك بۆ کوێ هەڵبێت؟ سەرجەم ئەم کردەوە نامرۆڤانە

بۆچـی ئەنجـام دەدرێـت؟ دەیانەوێـت بەندیخانـە بکەنـە جێـگای خۆبەدەسـتەوەدانی مرۆڤـەکان و هەڵگەڕاندنەوەیـان لەسـەر بیروبـاوەڕ و ئاییـن و خستنەسـەر بیـر و ئاییـن و بـاوەڕی دەوڵەتـی دەسـەڵاتدار. کۆمـاری سـێدارە، دەیەوێـت هەمـوو مرۆڤـەکان وەك ئـەو بیـر بکەنـەوە، وەك مـەلاکان (ئاخونـدەکان) ژیـان بکـەن، درۆ و دەڵەسـە بـۆ خەڵـك بکـەن، ئـازادی رامـان هەبوونـی نەبێـت، جیـاوازی بیـر و ڕامـان نەبێـت، هـەر کـەس ببێتـە پیـاوی کۆمـاری تـرس. پەیوەسـتی ئەرتەشـی کوێلـەداری قۆناخـی رۆمـای هاوچەرخـی کۆمـاری سـێدارە ببێـت. ئـەو کات ئەمـە پێکهێنانـی کۆمەڵـگا یـان ئاواکردنـی کۆشـکی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـە. بـە پێچەوانـەوە کۆمەڵـگا فرەڕەنگـەو بیـر و رای جیـاوازی تێدایـە؛ بـەڵام کۆشـك تەنیـا جێـگای پاشـا، وەزیـر و دارودەسـتەکانیانە. سـەربازان بەرژەوەندیەکانـی رایـەداران دەپارێـزن، هاوڵاتیـان دەکرێنـە کوێلـە و تەنیـا ئەرکـی خزمەتکردنـی پاشـایان هەیـە، مافـی ژیـان کردنیـان راسـپاردەی دونیایەکـی دیکـە دەکـەن، سـەردەمی پاشـایەتی زینـدوو دەکرێتـەوە، کـێ لەیاسـای کۆشـك لای دا، راسـپاردەی بەندیخانـە دەکرێـت. کـێ لەگـەڵ یاسـا و رێسـاو گوتـەو بیروڕاکانـی دەسـەڵاتدارنی رژێمـدا بێـت، پێگـەی ژیـان کردنـی دەبێـت و دەخرێتـە نـاو چینـی بیرۆکراتەکانـەوە؛ بـەڵام ئـەو کەسـەی کـە رەخنەگـر و یاسـاو رێسـای رژێـم قەبـووڵ نـەکات، دەسـتگیر و رەوانـەی بەندیخانـە دەکرێـت، عەقلیەتـی یـان بەڵـێ یـان نـا لەئارادایـە، ئەگـەر بـەوەی رازیـت، بـەوەی کـە هەیـە بـژی و بێدەنـگ بـە؛ بـەڵام ئەگـەر رازی نیـت لەبەندیخانـە بـە داری زۆر رازی دەکرێیـت.

مرۆڤـە تێکۆشـەرەکان ئـەو پەیامەیـان بـە گەلـی ئازادیخـواز داوە کـە جیـا لـەو دوو رێبـازەی ژیـان، رێبازێکی دیکـە لەئارادایـە کـە بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی ژیانـی بـۆ بکرێـت، هـەر مرۆڤێکـی تێکۆشـەر لەبەندیخانـەدا گیانـی بەخـت کردبێـت، بووەتـە مۆمێـك کـە رێبـازی ئـازادی تـا بـە ئەمـڕۆ بـۆ گەلـی چەوسـاوە رۆشـن کردوەتـەوە. واتـا مۆمـەکان بـەردەوام گەشـاوە دەبـن و هیـچ کات کـوژاوە نابـن، مۆمێـك کـە لەچاڵەڕەشـە ترسـناکەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بدرەوشـێتەوە، هیوایـەك لەگەڵیـدا هەیـە.

هەڤاڵێکـی تێکۆشـەر کـە ژیانـی خـۆی لەپێنـاو ئازادیـدا بەخشـی، بەگەنجێتـی لەنـاو چاڵەڕەشـەکانی کۆماری ترسـدا گیـرۆدەی مرۆڤـە گـورك سـفەتەکان بـوو، لەنـاو بەندیخانـەدا بـووە مۆمێـك کـە تیشـکی ئـازادی لەجیهانـدا بـڵاو کـردەوە، سـات بەسـاتی ژیانـی لەنـاو بەندیخانـەی تاریکـدا بـە رەنـج و ئـازار تێپەڕانـد، بـۆ هەڵگەڕاندنـەوەی لەبیـر و بـاوەڕی هەمـوو چەشـنە ئەشـکەنجەی بینـی، هـەوڵ درا رۆشـنایی یەکـەی لەنـاو ببرێـت و لەگـەڵ تاریکیـدا یەکسـان بکرێـت؛ بـەڵام ئـەو رەنـگ و دەنگـی خـۆی پاراسـت، بێپابەنـدی رەت کـردەوە، بوێرانـە هەمـوو قۆناخەکانـی ئەشـکەنجەی تێپەڕانـد. مۆمـی ئـازادی گەشـاندەوە. هەمـوو کۆسـپ و ئامێرەکانـی تێپەڕانـد، دەنگـی رووناکـی لەنـاو تاریکـی قۆتـار کـرد، بـە خۆڕاگیریەکـەی زنجیـری ملـی ئـازادی و دیموکراسـی پچڕانـد.

لەسـەر یـادی تـۆ (هێمـن)، ئـەی هەڤاڵـی ئـازاو پاڵـەوان، خوانـی پەڵکەزێڕینـی ژینـت لەسـەر رووپەڕەیـەك رادەخـەم، سـەبارەت بـەو هەسـتت کـە هەڵقـوڵاوی شـاری (ورمێ)یـە، ئـەم هەسـتەی بەتینـت کـە لەجیهاندا هیـوای ئـازادی نەخشـاند، میتـۆدی گەیشـتن بـە ئازادیـت لـە (ورمـێ تـا ئامـەد، هەولێـر و قامیشـلۆ) نیشـانی گەنجـان دا و بانگـی یەکگرتـن، خۆڕاگـری و تێکۆشـانت لەهـەر چواربەشـی کوردسـتان بـڵاو کـردەوە.

ئـەی هەڤاڵـی پاڵـەوان، دەمەوێـت هـاوار بکـەم؛ بـەڵام ئـاوازم دەرنایـەت، دەمەوێـت پێبکەنـم، بگریـەم، هەڵسـم و دابنیشـم، بـەڵام ئـەم رووپەڕانـە دەسـتی گرتـووم، گریـان و پێکەنینەکـەم دیـار نـاکات، ئـەم لاپەڕانـە زۆر تەنگـن لـەم چوارچێـوەی دیاریکـراودا ناتوانـم بڕۆمـە دەرەوە، چـی لەدڵمـدا هەبێـت ناتوانـم

هەڵیبرێژمە سەر ئەم رووپەلانە، چ بکەم نووسین رەواڵێکی هەیە، ناتوانم وەك خودی ژیان لەسەر ئەم رووپەلانەدا بژییم، بەڵام هەستەکانم لەسەر هەڤاڵی ئازامان دەنووسم.
لەجیهاندا هەر گیانلەبەرێك مافی ژیان کردنی هەیە، مافی پەیدۆزی و کرۆکاشی بەدوای زانیاری و ئازادیدا هەیە، دونیای مرۆڤ دونیایەکی فرەرەنگە و ئازادی بیرورا تایبەتمەندیەکی قنج و پیرۆزی ئەم جیهانەیە؛ بەڵام دونیای ملهوڕ و داگیرکەرەکان جیهانی بەو زەبەلاحییەیان کردوەتە گۆندێکی بچکۆلە و ژیانی مرۆڤایەتیان تێدا زۆر تەسك کردوەتەوە.
چاوتروکانێك لەژیانی مرۆڤەکان چەندێك بەنرخە، وشە بەوشەی ژیاننامەی شەهیدێك بۆ ئێمە ئەوەندە بەنرخ و پڕ بایەخە، بەتایبەت شەهیدێك کە بۆرکان ئاسا خۆڕاگریەکی بێوێنەی لەمێژووی کورددا تۆمار کرد. ئەو کەسەی کە بێترس و دڵەڕاوکێ و بێبەرامبەر پەتی سێدارەی کردە ملی و سەری بۆ داگیرکەران شۆڕ نەکرد، چۆکی بۆ دانەنواندن، وەك (سوقرات و سوهرەوەردی) لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، رێبازی مردنی خۆی بەدەستی خۆی دیار دەکات، ئەو کەسەی کە بە بەرخۆدانەکەی بەرە بەیانی ئازادی بۆ روون کردینەوە.
ئەو هەبوونی خۆی پێشکەشی نەتەوەکەی کرد، ساتێك بۆ خۆی ژیانی نەکرد. بەهەبوونی خۆی داستانی قارەمانی لەمێژووی نوێی کورددا نەخشاند، بووە هیوای سەرکەوتن و ئازادی ناو کۆمەڵگای کوردەواری، بووە هانایەك بۆ گەنجانی تینوی ئازادی، بووە خەڵاتی ناسنامە و ویست، بۆ گەنجانی کورد، فەلسەفەی باوەڕی بێباکی و خۆڕاگری بە گەنجان بەخشی، لەناو دونیای تاریکدا باخچەی ئازادی ئاوا کرد، دونیای تاریك و ترسی شکاند، کەوتە ناو بەربەرەکانێوە، شمشێری خۆڕاگری بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی ئێران راکێشا، بەشمشێری بەرخۆدان کۆیلاتی لەت لەت کرد.
ئەی هەڤاڵی قارەمان، فەرتەنەی بێز و پەڵمت رووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵگیرساند، وەك بۆرکانێك لە نێو بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تەقینەوەی هزریت دروست کرد، ئاگرێکت هەڵگرساند، وەك بروسکێك بەندیخانەی تاریکت روون کردەوە، بە دڵۆپ دڵۆپی ژیانت، لافاوی ئازادیت هەستاند، وەك (کاوەی ئاسنکار) ئاگری ئازادیت هەڵکرد. ویژدانە سەهۆڵبەستووەکانی کۆماری ئیسلامیت تواندەوە، دڵە بەردینەکانی (تاران)ت تێکشکاند، زنجیری مەیدانی (ئارانا)ت پچڕاند. هاواری دامرکاندن و بانگی کپ کراوت ئازاد کرد بەندیخانەی تاریك و ساردت رووناك و بەتین کردەوە، سام و تۆقین و ئەشکەنجەت لەدەشتی چۆڵدا بێ واتا کرد. سینەت وەك سینەی چیاکانی (ئەلبۆرز، سەبەلان و زاگرۆس) بەرز راگرت.
بوویتە مۆمێکی گەشاوە لەبەندیخانەی تاریکدا، بویتە نزیکترین هەسارەی ئازادی لەئاسمانی تاریکی ئێراندا، بویتە مانگی شەوی (١٤) لەشەوی تاریك و لێڵی ئێراندا، لەدەمەو بەیاندا بە هاوارت وەك تیشکی خۆر گەنجانت وریا کردەوە. مرۆڤی تینووی ئازادیت بە خوینی سوورت ئاو دا، بە خۆڕاگری خوانی ئازادیت بۆ راخستین، بوویتە دوورگەیەك، لەدەریای کێوی داو، بویتە (پاپۆڕی نوح) بۆ ئاسوودە بوونی مرۆڤایەتی، وەك هێزی دەروونی (موسا)، خوڕاوی داگیرکەری ئێرانت دوو لەت کرد.
ئەی هەڤاڵی پاڵەوان، تۆ بوویتە ئەستێرەیەك لەئاسمانی شینی مرۆڤە باوەڕدارەکان، بوویتە دڵۆپێك لەئاوی دەریای بێسنوور، بوویتە دارێك لەدارستانی ئازادی، بوویتە قارەمانی رازی مرۆڤەکان، بویتە خوداوەندێکی سەردەمی خوداوەندەکان، بویتە فەیلەسۆفێکی سەردەمی فەیلەسۆفان، بوویتە مۆمێکی سەردەمی پێغەمبەران، بوویتە بلیمەتێکی سەردەمی رۆشنگەران و بوویتە قارەمانێکی سەردەمی

شۆڕشگێڕان.

هەموو شەوێ بزەی لێوت لەڕووناکی مانگە شەودا گەرمایی دەبەخشێ پێم. ڕاوەستانت لەنێو هەموو ئەستێرەکاندا ورەیەکی پێدام، بەدوات دەگەڕێم، هەر سات داستانێك دەنەخشێنیت، هاوبیرەکانت بەدوات دەگەڕن، پەلە هەورەڕەشەکان دات دەپۆشن، ئەوانەش بەرگەت ناگرن، بڵاوەیان پێدەکەی، هاوار دەکەم من لەئاسمانی ئازادیدا دەگەڕێم، کێ سەیرت دەکات دەتناسێتەوە لەبەر ئەوەی بوویتە هەسارەی ئازادی.

دەستم درێژ دەکەم، تۆ زۆر دووری، بەرگەی دووریت ناگرم، بەڵام تۆ خۆت گەیاندە کاروانی ئازادی، حەقیقەتت بەدەست هێنا، دونیای درۆ و تەڵەکەبازیت پشت و ڕوو کرد. بەگەرمایی تێکۆشانت هێلانەی داگیرکەرانت سووتاندو شەپۆلی داگیرکاریت تێکشکاند. بە ئیرادەی پۆڵادینت ئاڵای سەرکەوتنت هەڵدا، پەیامی (بۆ ئازادی ژیان دەکەین)ت بە ئێمەدا، بە پێکەنینەکەت چۆکی دوژمنت بە سەرزەوی دا. من هێشتا خۆم نەدیتوەتەوە، ناو کاروانی تێکۆشەراندام، تۆ ئەو زنجیرەت پچڕاند، زنجیری کۆیلەت لەمل دەرهێنا، بوێرانە بەرامبەر کۆیلەتی سەرهەڵدانت کرد، سیستەمی کۆیلەتیت تێکشکاند وێنەی (سپارتاکۆس)ت بە خۆڕاگری نەخشاند.

ڕێبازی (مەزدەك و مانی)ت زیندوو کرد، داستانی ئازادیت لەمێژووی (٢٥٠٠) ساڵەدا تۆمار کرد. دەنگت ئاوی زەریای (خەزەر و کەنداوی فارس و دەریای عەمان)ی هەژاند. گەنجان بۆ بیستنی دەنگی ئازادیت و هەڵگرتنی ئاڵای تێکۆشانەکەت پەنایان بردە بەر شاخەکانی شاهۆ و دالاهۆ و هەورامان. بە هانای دەنگەکەتەوە سەکۆی (زەردەشت، پیرخدر و پیرشاریار)یان گرت، ئاگری گەشی ئازادی دەگەشێننەوە، بوویتە گەنجێك کە نەمامی ئازادیت بەخشی پێمان. ماسکی سەری عەبا پۆشەکانت داماڵی، قۆتابخانەی مەلاکانت کردە قۆتابخانەی ئازادیخوازان و دیموکراسیخوازان. لەمزگەوتەکانەوە بانگی تێکۆشان و بەرخۆدانت دا. ئەلف و بێی ئازادیت فێری منداڵەکانی دەشتی ئازادی کرد. بوویتە وانەبێژی ژیانی گەنجان و هونەری چۆن ژیان کردنت فێر کردین، بوویتە گەورەترین دەورەگێڕی ناو هونەرمەندان و گۆڕی ئازادیت لەئێراندا بووژاندەوە، چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بە خۆڕاگریەکەت ڕۆشن کردەوەو ڕووپەلە نەنووسراوەکانی مێژووی وون بووی گەلی کوردت بۆمان هەڵدایەوە.

وەك سەرهەڵدانی (حەزرەتی ئیبراهیم) بەرامبەر بوتە دەستکردەکان (نەمرود وێنەکان)ت پارچە پارچە کرد، سەرجەم تابلۆ خەیاڵی و دەستکردی دەسەڵاتدارانی تێکشکاند، بەتەوری قەڵەم هزری وشك و نەگۆڕی مەلاکانی تێکدا، دۆزەخی دەستکردی مەلاکانی وەرگێڕایە بەهەشتی گەلان، جێگای کوێرەوەری و ناوشیاری کردە جێگای پەروەردەوٍ زانست. بووە یەکێك لەمۆمەکانی خۆڕاگری مێژووی تێکۆشانی بەندیخانە، بووە سمبۆلی ڕۆشنایی لە ناو تاریکیدا، بووە سمبۆلی خۆڕاگری ناو دارستانی گورك سفەتەکاندا. پەتی سێدارەی بۆ گەیشتن بە ئازادی هەڵبژارد، کۆماری سێدارە و ترس و بەردبارانی نەویست، کۆماری دیموکراتیکی بە خوێنی خۆی ئاودا، کۆماری مەلای سەختەی هەڵوەشاند. کۆماری پارە و درۆ و دەڵەسەی هەڵپروزاند. چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیار کرد و بەجێگای گریان و زاری و پاڕانەوە بەپێکەنین و شادییەوە بەرەو پیری مەرگ ڕۆیشت. بووە پەپولەیەك، لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەت گیانی خۆی فیدا کرد. ساتێك مەجالی کەیفخۆشی بە سەرانی کۆماری ترس نەدا، سەری خۆی بەرامبەر داگیرکەر شۆڕ نەکرد، تا کۆتایی نەفەسی خۆی سەری هەڵبڕاند، بۆیە هەر (هێمن)

بوویـت و بە(هێمـن)ی لەنـاو دڵمانـدا جێـگات گـرت.

٢٠١٢/١٢/١٧

قەندیل ـ کۆمەڵێن جوان

## ◆ بەرەی فەیلەسوف زەردەشت

شادترین ڕۆژەکانی هەڤاڵیەتی تێکۆشەرێکی گەنج بەبیر دێنمەوە. لەهەناسەو خرۆشێکی گەرم و گوڕی گەنجێکی قارەمان دەدوێم، لەکوردستانێکی داگیرکراو و لەت لەت کراو باس دەکەم، گوتەو ئامۆژگاری شیرین و بەنرخی هەڤاڵێکی گەنج هەڵدەدەمەوە. مۆڕاڵ و ورەی گەنجێك لەکوردستانی تاڵان و وێرانکراو رادەخەم، راستی ژیانت دەگوازمەوە سەر چەند رووپەلی نەنووسراوی ناو مێژووی هاوچەرخ، ئەی هەڤاڵی قارەمان تەمەنێکت ژیان کرد، چەندێك زەحمەتە کۆکردنەوەی لەسەر چەند رووپەل و دارشتنەوەی لەسەر ئەم رووپەلانەدا.

کاتێك لەدایك دەبێت سێ ساڵ بەسەر شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران تێپەڕیوە، سەردەمێکە کە شۆڕشی کۆماری ئیسلامی لەکوردستاندا گۆمی خوێن هەڵدەستێنێت، رۆڵە قارەمانەکانی کورد تیرباران دەکات. لەچاڵەڕەشەکاندا رژێم گەنجان پاکتاو دەکات، سەران و پایەبەرزەکانی رژێم بۆ چێژوەرگرتنی خۆیان گەنجانی کورد قوربانی دەکەن و کەش و هەوایەکی سام و تۆقێنەر لەکوردستان دێتە ئاراوە. دەسەڵاتدارانی رژێم لەناو جەژن و هەڵپەڕیندان، بەپێچەوانەوە دایکانی کورد لە ناو لۆر و گریاندان، چونکە شۆڕش بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە هێزی دامرکاندن و چەوساندەوەی گەلی کورد. شۆڕشێك کە بەجێگای ئەوەی دەستخۆشی لەرۆڵە قارەمانەکانی کورد بکات، بەپەتی سێدارە و تیرباران و گرتن، دەستخۆشی لەگەنجان دەکات.

گەلی کورد لەسەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا رۆڵی سەرەکی و کارایان گێڕا، بەڵام پاش شۆڕش رژێمی بەدەسەڵات گەیشتوو لەچوارچێوەی بنەڕەتی سیستەمی نوێ، گەلی کوردی سەرکوت کرد. رژێم هەموو هێزی خۆی بۆ داکوتاندنی گەلی کورد و پێشمەرگەکانی ئەو قۆناغ تەرخان دەکات. یار و لایەنگرانی (خومەینی) بەسەری رۆڵەکانی گەلی کورد کورسی دەسەڵات دادەمەزرێنن. دایکانی کورد لەبەر شەپۆلی زوڵم وزۆرداری رژێم منداڵەکانی خۆیان دەشارنەوەو شێوەی سەردەمی زیندەبە چاڵ کردنی کچان لە قۆناغی جاهلییەت زیندوو کرایەوە. پاش شۆڕش، رژێم زیندە بەچاڵ کردنی دەستپێکرد، لەبەر ئەوەی رژێم گەنجانی کورد بە گەورەترین کۆسپ و تەگەرە و مەترسی بەرامبەر شۆڕش دەبینێت.

گەلی کورد هیچ کات قۆناغی پاش شۆڕش لەبیر ناکات، تیرباران کردنی گەنجانی تێکۆشەری گەلەکەمان لەناوەندی شارەکان کردەوەیەکی دڕندانەیە کە زەینی مرۆڤ هیچ کات لەبیری ناکات. ئەم رژێمە تا دەتوانێت بەدەستی خۆی گەلی کورد لەناو دەبات، پاشان لەرێگای شەڕی نێوان وڵاتانی دراوسێوە گەلی کورد دەکات بە قەڵغانی بەرگری بەرژەوەندیەکانی خۆی.

هێمن لەکەش و هەوایەکی تەمومژاویدا چاو بەدونیا هەڵدێنێت، هەر لەسەردەمی منداڵیدا رووبەڕووی توندوتیژی و زوڵم و ناحەقی دەبێتەوە، دەبێت گەلێك جار رووبەرووی پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی رژێم بووبێتەوەو لەمردن رزگاری بووبێت. لەساڵی ١٩٨٢ لەشاری ورمێ لەدایك بووە. بەڵام بنەماڵەی پێشتر لەلادێیەکی ئەو شارە بەناوی (گوڵەشێخان) کە سەر بەهەرێمی برادۆستی (ورمێ) لەنێوان سنووری ورمێ و گەورەی باکووری کوردستاندایە ژیانیان کردووە، ئەو لەشارێك لەدایك دەبێت کە پێکهاتەکەی ئازەری و کوردە، شارێك کە پێکهاتووە لەعەشیرەکانی هەرکی و شکاك و چەندین عەشیرەی تر، هەروەها عەشیرەی شکاك کە بەدوو دەستەی عەبدوویی، کارداری یان کردویی دابەش کراوە، عەشیرەی (هێمن)یش عەشیرەی هەنارەیە.

نـاو و پاشـناوی (حوسێن خـزری) یـەو نـاوی باوکـی (عەلـی) و نـاوی دایکیشـی (نـورەس باجویی)یـەو ٤ براو سێ خوشـکی هەیـە، لەنـاو براکانیـدا بـرای چکۆلەیـە، لەبنەماڵەیەکـی وڵاتپارێـز و نیشـتمان پـەروەر گـەورە دەبێـت. لـەوەی زۆر خۆشـحالە کـە لەنـاو بنەماڵەیەکـی وەهـا سـەرهەڵدێنێت و بنەماڵەکـەی نەکەوتوونەتـە نـاو تـۆڕی سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران. هـەر لەسـەردەمی منداڵیـەوە لەلێکۆڵینەوەدایـە و گەنجێکـی پەیجـۆر و چالاکـە، خەیاڵـی منداڵـی خـۆی زۆر گـەورە دروسـت دەکات، لەشانۆی منداڵیـدا ڕۆڵـی شۆڕشـگێڕەکان دەگێڕێـت، لەگـەڵ هەڤاڵانـی سـەردەمی منداڵیەتـی خـۆی دەیەوێـت یەکێتـی ڕێکبخـات، گرووپێکـی لێهاتـوو لەنـاو گـەڕەك ڕێـك بخـات، هـەر وەك چـۆن خـۆی بـە گاڵتـەوە بـەردەوام دەیگـوت : « هەمـوو ڕۆژێـك شـەیتان دەهـات بـۆ لام پیلان نامـەم بـۆ دادەڕشـت» ئـەوەش بـواری شـاراوەی کەسـایەتی ئـەو بـوو کـە تـا ئـەو ئاسـتە خـاوەن کاریگـەری و بەتوانـا و ئـازا بـوو، دەیویسـت ببێتـە کەسـایەتییەکی قارەمـان، فەلسـەفەیەکی ژیانـی و ڕێبازێکـی سـەردەمیانە بـۆ دەوروبەرەکانـی بەجـێ بهێڵێـت.

زەمینـی وڵاتپارێـزی بنەماڵەکـەی بـۆی دەبێتـە بناخـەی بەرفراوانـی شـۆڕش, لەسـەردەمی منداڵیـدا کـردەوە دڕندانەکانـی هێزەکانـی ڕژێـم لەگـەڕەك و شـارەکەیدا دەبینـێ، لـەو قۆناغـەدا سـەیری خـۆی دەکات و هێـزی تێـر نـاکات بەڕەنـگاری هێزەداگیرکەرەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ببێتـەوە، بـەڵام دەکەوێتـە نـاو هزرانـدن و لێکۆڵینەوەیەکـی زۆر قووڵـەوە کـە چـۆن بتوانێـت خزمەتێـك بـە گەلـی بـکات وەك ئـەوەی کـە خـۆی دەیگـوت: «ببمـە دەرمانـی زامـی برینێـك لەبرینـی گەلەکەمـان»، لەلێگەڕیـن و هەوڵداندایـە تاکـوو خزمەتێـك بـۆ گەلەکـەی ونیشـتمانەکەی بـکات.

بنەماڵـەی سـاڵانێکی درێـژ لەگونـد ژیـان بەسـەر دەبـەن، لەئەنجامـی پێویسـتی ژیـان و بارودۆخـی کار، کۆچـی شـار دەکـەن. بـەڵام ئـەو هیچـکات لەتایبەتمەنـدی منداڵانـەی گونـد کەتێیـدا لەدایـك بـووە لێـی دوور نەدەکـەوت، یـاری منداڵانـەی لادێ لەشـاردا لەگـەڵ هاوڕێکانـی دەکـرد، سـەردەمی منداڵـی ئەوەنـدە لەجموجـۆل و هـەرا و هـورادا بـوو وزەیەکـی زۆر گـەورەی تێـدا هەبـوو، منداڵێـك کـە بیرکردنەوەکانـی گـەورە بـوو، بـەردەوام یارمەتـی بـاوك و دایکـی خـۆی دەدا، دەیویسـت ئەرکـی سەرشـانیان کـەم بکاتـەوە.

هـەر لەسـەرەتای چاوکردنـەوەی لەشـاردا، ناکۆکیەکانـی لەگـەڵ ژیانـی شـاردا دەسـت پێـدەکات، دەیەوێـت وەك منداڵێکـی لادێ ژیـان بەسـەر ببـات، ڕاسـتییەکانی ژیانـی لادێ دەپارێزێـت، قۆناغـی منداڵـی قۆناغێکـی زۆر تەمومژاوییـە، لەلایـەك کۆمـاری ئیسـلامی گەنجانـی خسـتووەتە بـەر شـەپۆلی گرتـن، ئەشـکەنجە، ئـازار وکوشـتن و لەلایەکـی دیکـەوە بـە دەسـتپێکردنی شـەڕی نێـوان ئێـران و ئێـراق گۆمـی خوێـن لەکوردسـتان هەڵدەسـتێت، زەینـی منداڵیەتـی ئـەم ڕووداوانـە هەڵناگرێـت، بۆچـی خوێـن دەڕژێـت؟ بـە دیـتن و بیسـتی ئـەو ڕووداوە دڵتەزێـن و تراژدیانـە لەکوردسـتان، ڕق و کینێکـی گـەورەی بەرامبـەر ڕژێـم دروسـت دەبێـت، ئیـدی ناخوازێـت لەنـاو سیسـتمدا جێگا بگرێـت، ڕژێـم بـە جانەوەرێکـی دڕنـدە و تۆقێنـەر هەڵدەسـەنگێنێت. تـا هـەرزەکار بوونـی گەلێـك هەڤاڵـی و تەنانـەت بـاوك و برایەکـی دەکەونـە بـەر پەلامـاری دڕندەیـی هێزەکانـی ڕژێـم، هـەر چەنـد بیـر دەکاتـەوە ناتوانێـت ئـەو حەقیقەتـە تاڵـە هـەرس بـکات، تەنیـا دەبینـێ خوێـن دەڕێژرێـت، ئەمـەش ویژدانـی ئـازار و ڕەنـج دەدات و دەیەوێـت لەنـاو کۆمەڵـگادا بەهرەمەنـد ببێـت.

هەسـت بـەوە دەکات کـە کۆمـاری ئیسـلامی کۆمارێکـی دوور لەدادپـەروەری و یەکسـانییە، مافـی مـرۆڤ و جیـاوازی چینایەتـی و پاراسـتنی مافـی سـەرجەم پێکهاتەکانـی کۆمەڵـگا بـە ئەسـاس ناگرێـت، دەبینێـت ئـەو کۆمـارە تەنانـەت بەزەیـی بـە منداڵەکانـی کۆمەڵـگا نایـەت، ئیمکاناتـی کامەرانـی بـۆ گـەل دابیـن نـاکات،

گەڵ برسی و هەژار دەهێڵێت، تەنانەت منداڵان پێویستە بەدوای پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیان بکەون، لەکۆماری ئیسلامی کە ئیدعای ئیسلامیەتی هەیەو خۆی بە چاکترین رژێم لەسەرزەوی ناوزەد دەکا پێویستە مافی منداڵ پێشێل نەکرێت، تاگەیشتن بە تەمەنی یاسایی پێویستی ژیانیان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەم گوتانەی کۆمار تەنیا لەسەر رووپەلەکانی کاغەز ماوەتەوە. ئەمڕۆ لەکوردستان وئێراندا بە سەدان هەزار منداڵ لەشەقامەکاندا پەخش و بڵاو بوون و بۆ تێرکردنی زکیان بە دوای کاردا دەگەڕێن. بگرە کارێک کە لەهێز و توانای ئەو گەنجانە گەورەترە، ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە منداڵانی کورد بەتایبەت ئۆرگانیزە دەکرێت. تاکوو کۆمەڵگای کوردی بەبەردەوامی چەوساوە بێت و لەناو ئازار و ئێشدا ژیان بکات.

ئەویش هەست بەو سیاسەتە چەپەڵەی رژێم دەکات و لەگەڵ خۆی جیاوازیەکان هەڵدەسەنگێنێت، بۆچی هەندێک هەژار و هەندێک دەوڵەمەندە؟ منداڵانی هەندێک رایەدار و برۆکرات باشترین پێگەیان لەناو سیستەم پێدەدرێت، بەڵام هەندێکی دیکە تەنانەت مافی ژیانی سەرەتاییان لێ زەوت دەکرێت؟ هەندێک باشترین ئیمکاناتی خوێندنیان بۆ فەراهەم دەکرێت، بەڵام هەندێکی دیکە لەخوێندن بێبەش دەکرێن؟ ئەمانە کۆمەڵێک ناکۆکین کە لەهزریدا کۆبووەتەوەو بەدوای وەڵامەکەی دەگەڕێت، ئەگەر رژێم یەکسانی و دادپەروەری دەکات، ئەم واقعە تاڵە بۆچی هەیە؟ ئەویش هەوڵدەدات وەك هەر منداڵێکی دیکە بە بەختەوەری ژیان بکات، لەقۆتابخانە بێبەش نەکرێت، لەرێژەی هەژاراندا جێگا نەگرێت، بەڵام کاتێك هەوڵ و تەقالای باوك و دایك دەبینێت کە شەو و رۆژ لەناو کارکردندان ساتێك ژیانی راحەت ناچێژن، دەبینێت بەردەوام لەناو ئێش و هیلاکی و چەرمەسەریدان، نایەوێت وەك ئەو منداڵانەی دیکە بێچارە بێت. خۆی بێهێز و بێهیوا ناکات، بەپێچەوانەوە بڕیاری تێکۆشان بەرامبەر ئەو ژیانە سەخت و دژوارە دەدات، بڕیاری پشتگرتنی باوك و دایکی دەدات لەرۆژە سەختەکانی ژیانیان پشتیان بەرنادات. بەم هەڵوێستەی سیاسەتی رژێم پووچەڵ دەکاتەوە، وەك هەر منداڵێك خەیاڵ دروست دەکات و دەیەوێت بۆ گەیشتن بەو خەیالانەی ژیان بکات. لەناو خەیاڵدا بەردەوام رۆڵی کاراو و بەکاریگەر دەگێرێت و دونیای خەیاڵی منداڵی خۆی بە (شاری خەیاڵەکان) ناوزەد دەکات. دەیەوێت دونیایەکی یەکسان و دادپەروەر دروست بکات کە مافی هەموو کەسی تێیدا پارێزراو بێت، چینایەتی بن بڕ بکرێت، هەژاری و دەوڵەمەندی نەبێت، خوێندەوار و نەخوێندەوار نەبێت، کرێکار و خاوەن کار نەبێت، یەك بێکار و یەك خاوەنی کار نەبێت، یەك لەناو سیستەم جێ بگرێت و یەك دەروەی سیستەم، یەك شۆڕشگێڕ بێت و یەك خیانەتکار. دەیەوێت هەموو دەستەواژەکانی خەیاڵی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەختەوەر بکات. دەیهەوێت هیوا بە تاك و کۆمەڵگا ببەخشێت و مرۆڤ خاوەن سیستەمێك بێت کە بەخەیاڵی منداڵی خۆی خیانەت نەکات، بەڵام ئەو رژێمێك دەبینێت کە سەرتاپای ئاوێتەی خیانەت و دووڕوویی و تەڵەکە و زوڵم و زۆردارییە، رژێمێك کە ئیدی ئەو سیاسەتانەی لە سەر منداڵان بەڕێوە نەبات، ئارام ناگرێت. منداڵان دەستگیر دەکات و لەبەندیخانە رایاندەگرێت، ئەشکەنجەیان دەدات، کردەوەی نائەخلاقی بەرامبەریان دەکات. منداڵی کورد وەك نەوەکانی شەیتان دەبینێت. بۆیە ئەو رژێمە بڕیاری زیندە بەچاڵ کردنیان دەدات.

ئەم هۆڤیەتیەی رژێم بەرامبەر منداڵان عۆقرەی لەلا نەهێشتبوو و ئارامی نەدەگرت، چونکە ئەو بۆخۆی یەکێك لەقوربانیانی ئەو سیاسەتە دڕندانەی رژێم بوو. وێنەیەکی دەبینی کە ئەم سیستەمە

وەك كـردەوەی مەغۆلـەكان هێرشـی كوردسـتانیان دەكـرد، منـداڵ و  هـەرزەكار و گەنـج و ژن و بەتەمـەن و بەسـاڵاچوانیان دەكوشـت و دەسـوتاند و تەنانـەت دەسـتدرێژییان دەكـردە سـەریان، بـەڵام ئەمـڕۆ رژێـم دەمامكـی بەسـەر خۆیـدا داپۆشـیوە كـە لای كۆمەڵـگا و بەتایبـەت گەلـی كـورد خـۆی وەك ئـاوی زەمـزەم بێگـەرد و پـاك نیشـان دەدات. رژێمێـك كـە هیـچ هەسـتی تاوانبـاری لەخۆیـدا نابینێـت، لەبـەر ئـەوەی وەك هەڤـاڵ (حوسـێن) دەیگـوت: «رژێـم بـۆ خـۆی دەمانكوژێـت و قەبرمـان بـۆ هەڵدەكەنێت و بۆشـمان دەگریـەت»، تاكـو بـەم رەنگـە بەباشـی خـۆی بخاتـە نـاو چـاوی خەڵكـەوە. ئەمـەش ئەسـاسـی ناوەڕۆكـی كۆمـاری ئیسـلامی نیشـان دەدات، كۆمـاری ئیسـلامی بـۆ خـۆی بكـوژە، ئـەم بكـوژە بـەدوای كوژەرەكـە دەگەڕێـت و رای گشـتی سـەرقاڵ دەكات كـە ئێمـە بكـوژەكان دەگریـن و دەیانگەیەنینـە سـزای كردەوەكانیـان. رژێـم بـە سیاسـەتی خـۆی وێنەیەكـی دروسـت كـردووە كـە لەئەنجامـدا كـوژراوەكان تاوانبـار دەكات، رای گشـتی گـەل دەخەڵەتێنێـت، كیـن و نەفرەتـی لـەو قۆناغـەوە بەرامبـەر رژێـم دروسـت دەبێـت كـە رژێـم راسـتییەكان چەواشـە دەكات و چەواشـەكاریەكان دەكاتـە راسـتی.

خۆڕاگرییەكـەی لەسـەردەمی منداڵییـەوە پەیامێـك بـە داگیركـەر دەدات، جیاوازییەكانـی فەرهەنگـی گونـد و شـار بـە وردی سـەیر دەكات و داب و نەریتـی بـاب و باپیرانـی بـە پیـرۆز دەزانێـت، ئـەوەش وەك ناسنامەی هەبوونـی خـۆی سـەیر دەكات، گونـد و ژیانـی گونـدی لـەلا زۆر پیـرۆزە، بـەڵام ژیانـی شـار هیـچ قبـول نـاكات، شـار بـە ناوەنـدی تواندنـەوەی ناسـنامە و هەبوونـی مـرۆڤ دەبینێـت، سـەرەڕای ئـەوەی كـە لەشـار ژیـان دەكات بـەڵام بـە فەلسـەفەی ژیانـی گونـدەوە ژیـن بەسـەر دەبـات. هـەر لەسـەردەمی منداڵییـەوە یەكێتـی نێـوان منـداڵان بـە بنەمـا دەگرێـت و لەگـەڵ هەڤالانـی خـۆی راسـتگۆیە. بـەردەوام گەمـەی شـەڕی گـەل لەگـەڵا پۆلیـس دەكات، لەنـاو یاریەكانـدا رۆڵـی گەنجـی یاخـی و شۆڕشـگێڕ دەگێڕێـت.

سـەردەمی منداڵیەتـی پـڕ لەئـازار و ئێشـە، هـەر لەتەمەنـی ٨ سـاڵییەوە لەگـەڵ خوشـك و براكانـی بـۆ بژێـوی ژیانیـان ناچـار دەبـن كرێـكاری بكـەن. لـەو قۆناغـەوە ویژدانـی دەجوڵێـت كـە گەلـی كـورد گەلێكـی چەوسـاوەو زوڵـم لێكـراوە. پرسـیار زۆر لـەلای دروسـت دەبێـت. دەكەوێتـە نـاو لێكۆڵینـەوەوە كـە ئاخـۆ دەبێـت ژیانێكـی دیكـە جیـا لـەم ژیـان و سیسـتەمە هەبێـت! لەمنداڵییـەوە تاڵـی و سـەختی زۆر دەبینێـت، خـۆی دەیگـوت: «قۆناغـی منداڵیەتیـم بـووە هـۆی ئـەوەی لەنـاو بـەرزی ونزمییەكانـی ژیانـدا ببرژێـم و فێـری ئـەوە بـم كـە چـۆن لەسـەر پێـی خـۆم رابوەسـتم». لـەو قۆناغـەدا هـەم بەخوێنـدن سـەرقاڵ بـوو و هـەم بـە كرێـكاری و فەرشـچنین و كاری قەنـادی، دەیویسـت بـەو ڕەنگـە پـارەی خوێندنـی خـۆی دەربهێنێـت و یارمەتیـدەری خۆشـك و براكانـی بێـت، حەقیقەتـی ژیانـی خـۆی بـە حەقیقەتـی گەلـی كـورد دەبینـی، دەیگـوت بۆچـی رۆڵەكانـی گەلـی كـورد ئەوەنـدە لەنێـو زوڵـم و زەحمەتـدا ژیـان بەسـەر بـەرن؟ هەڤـاڵ (حوسـێن) لەنـاو بنەماڵەیەكـی ئایینیـدا لەدایـك دەبێـت، بـاوەڕی بـاوك و دایكـی بـە ئاییـن لەئاسـتێكی زۆر بەرزدایـە، بـاوك و دایكیشـی لەسـەر بـاوەڕی خۆیـان منداڵەكانیـان گـەورە دەكـەن. لـەلای زۆرێـك لەدایـك و باوكـی وەهـا، باشـترین منـداڵ ئەوەیـە كـە نوێـژ و رۆژوو بـكات و گوێڕایەلـی گوتەكانـی ئاییـن ببێـت، ئـەو كات لەگونـددا دەتوانێـت باشـترین كـوڕ بێـت بۆیـە (بـڕوا و ڕێوڕەسـم) كاریگـەری زۆری لەسـەر پێكهاتـەی كەسـایەتی منـداڵان بەتایبـەت لەلادێـكان دا هەیـە. هێمـن هـەر لەسـەردەمی منداڵییـەوە دەسـت بەخوێندنـی قورئـان دەكات و  بـە بەردەوامـی نوێـژ دەكات، رۆژوو دەگرێـت و دەسـت دەكات بـە كـردەوەی چاكـە لـە نـاو كۆمەڵـگادا؛ بـەڵام هـەر چەنـد دەكەوێتـە نـاو لێگەڕینـەوە ناكۆكـی لـەدوای ناكۆكـی لـەلای دروسـت دەبێـت، خەیاڵـی منداڵیەتـی لەبـەر ئـەوەی یەكسـانە لەگـەڵ خاوێنـی و راسـتگۆیی یـەوە،

ئایینـی ئیسـلام وەکـو ڕێگایەکـی گەیشـتن بـۆ ئـازادی هەڵدەبژێرێـت، ئـەم ڕێگایـە لەسـەردەمی منداڵیـدا تـا قۆناغێـك بـەردەوام دەکات. هـەر چەنـد گـەورە دەبێـت و ئاسـتی هوشـیاری زیاتـر دەبێـت، بیـر و ڕاکانـی گۆڕانـکاری بەسـەردا دێـت و ئیـدی ڕێبازێـك هەڵدەبژێرێـت کـە شـارەزایی لەسـەری هەیـە و وەك پێویسـتیەکی قۆنـاغ بـۆ خـۆی و نیشـتمانەکەی دەیبینێـت.
سـەرەڕای ئـەو تایبەتمەندیانـەی بنەماڵەکـەی لەشـاردا وەك منداڵێکـی گونـدی، سرووشـتی بوونـی خـۆی دەپارێزێـت و لـە قسـەکردندا وەك منداڵێکـی گونـدی دەدوێـت، جـڵ و بەرگـی بەهەمـان شـێوە زۆر سرووشـتی و سـادەیە، بـۆ دەوروبـەری خـۆی ڕێـز دادەنێـت، کـێ سـەیری دەکات دەزانێـت منداڵێکـی لادێییـە. بـە لادێـی بوونـی شـانازی دەکات، چـاوی خـۆی لەژیانـی لادێ ناپچڕێنێـت، هـەر کاتێـك مەجالـی بـۆ دەرەخسـێت لەشـارەوە بـۆ لادێ دەگەڕێتـەوە سـەردانی کەسـوکاری خـۆی دەکات، بـۆ دیتنـی بیرەوەریەکانـی سـەردانی گونـد دەکات و بەدیتنـی ئـەو جێگایانـەی کـە بـاب و باپیرانـی لـێ گـەوەرە بـوون و فێـری ژیـان کـردن بـوون شـاد دەبێـت، ئـەو جێگانـە دەبێتـە سـەرچاوەی ژیانـی.
لەشـەڕ کـردن لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا زۆر ئـازاو چـاو نەترسـە، حـەزی بـە شـەڕ کـردن هەبـووە هـەر چـۆن خـۆی دەیگـوت: «ئەوەنـدە حـەزم لەشـەڕ بـووە ئەگـەر خـۆم شـەڕم نەکردایـە، بـەردەوام دوو منداڵـی دیکـەم بەشـەڕ دەدا تاکـوو فێـری شـەڕ و بەرگـری کـردن بـن».
لەبـەر ئـەوەی کولتـووری بنەماڵەکـەی لادێییـەو زەینییەتـی بنەماڵەکەیـان لەسـەر ئـەم ڕێـڕەوە بەڕێـوە دەچێـت، جیـاوازی لەگـەڵ منداڵانـی دراوسـێیدا هەبـوو، لـە لادێـدا پیشـەی بنەماڵەکـەی کشـت و کاڵ و فەرشـچنین بـووە، بۆیـە لـەکاری کشـت و کاڵ و فەرشـچنینی زۆر حـەز دەکـرد. هەرکاتێـك دەرفەتـی بۆدەرەخسا لەنـاو سـەوزەلانی لادێیـدا یـاری لەگـەڵ هەڤاڵانـی دەکـرد، لەگـەڵ ڕاستیەکانی لادێـدا یەکـی گرتبـوو، حـەزی لەئـاژەڵ و سرووشـتی جـوان هەبـوو، لەشـاردا هـەم دەرسـی دەخوێنـد و هـەم کاری دەکـرد، هـەر ئەوەنـدەی دەرفەتێکـی دەبینـی بـەدوای حـەزی منداڵیەکانیـەوە دەکـەوت، ئەوەنـدە زیـرەك بـووە کـە هیـچ لەجێـگای خۆیـدا ڕسیانەدەوەسـتا و ئەمـەش بووبـووە هـۆی ئـەوەی کـە بـۆ هەرکارێـك هاوڕێکانـی ئـەو بـە ئەسـاس بگـرن. لـەو قۆناغـەدا منداڵێکـی زۆر دادپـەروەرە. لەیـاری شـەڕ و گەڕاندنیانـدا چ بـە دەسـت بهێنـن یەکسـان لەنێـوان هەڤاڵانـی دابەشـی دەکـرد.
ئـەو بارودۆخـەی کـە تێـدا ژیـان بەسـەر دەبـات دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ژیانێکـی پـڕ لەتراژدیـا بەسـەر بەرێـت، بارودۆخـی ئابووری بنەماڵـەی دەبێتـە هۆی ئـەوەی دەسـت لەخوێنـدن بەربدات و چارەنووسـێکی کـە بـۆی داڕێـژراوە بگرێتـە بـەر، هەڵبـەت ئـەو بـۆ خـۆی دەیگـوت: «ئێسـتا ئەگـەر جارێکـی دیکـە لەدایـك بـم، ئـەو ژیانـە قبـووڵ ناکـەم، چونکـە پێویسـتە چارەنووسـی ژیانـی خـۆم بەدەسـتی خـۆم بنوسـم».
لـە قۆناغـی منداڵییـدا کۆمەڵێـك ڕێ و ڕێبـازی ژیـان تاقـی دەکاتـەوە، بـۆ خوێنـدن لـەلادێ دەڕواتـە قوتابخانـە، پاشـان بـۆ قـووڵ بوونـەوە لەسـەر ئایینـی ئیسـلام ڕێـگای مزگـەوت دەگرێتـە بـەر، بەتەمەنێکـی زۆر کەمـەوە کرێـکاری و بەتایبـەت فەرشـچنی دەسـتپێدەکات. ئـەم ڕێبازانـەی کـە لەسـەردەمی منداڵیەتیـدا ژیانـی تێداکرد بەشـێکی زۆری منداڵانـی کـورد لەسـەری ژیـان دەکـەن، ئـەوەش وەك هەڵوێسـتێکی کۆمـاری ئیسـلامی بەرامبـەر منداڵانـی کـورد دەبینـی، ڕژێـم منداڵانـی کـورد هـەژار و برسـی و بێـکار دەکات، قوتابخانەکانـی ڕژێـم بـۆ منداڵانـی کـورد ڕەوا نابینرێـت، ڕۆڵەکانـی کـورد لەئیمکاناتـی کۆمەڵـگا بـێ بـەش دەکات. لەسـەرجەم بوارەکانـی زانسـت و تەکنۆلۆژیـا پەراوێـز دەخرێـن.
لەبـەر ئـەوەی بنەماڵـەی بنەماڵەیەکـی هـەژار بـوون و پیشـەی باوکـی کرێـکاری بـووە، ناچـار دەبێـت

لەبەشێکی زۆری داخوازی یەکانی دەست بەردات و ئیدی وەك منداڵێکی کرێکار سەیری دونیا بکات. هاوڕێکانی لەخوێندنگا دەیانخوێند و ئەویش پیشەی کرێکاری و فەرشچنینی گرتە بەر، هەڵومەرجی ژیانی بۆی دەست نەدا کە ئەویش وەك هەر منداڵێکی دیکە لە قوتابخانە بخوێنێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ کاری کرێکاری خۆی فێری خوێندن ونووسین دەکرد. ئەو بۆشاییەی هزری خۆی بە ڕێگای ڕۆیشتن بۆ مزگەوت پڕ کردەوە، خۆی فێری قوڕئان خوێندنەوە کرد، تەنانەت لەمزگەوتدا بەنهێنی پەروەردەی زمانی زگماکی دەبینی، لەم ڕێگایەوە تا ئاستێکی باش توانی پێشکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت، فێری ئەوە بوو کە مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرێکی ماددی نییەو پێویستی یەکانی مرۆڤ تەنیا لەماددیات دا نییە. مرۆڤ چەندێك هەژار بێت دەتوانێت ئازاد ژیان بکات، چ دەوڵەمەند بێت چە هەژار بێت مرۆڤە، ئەو هەستی بەوە کرد ئەم جیاوازیانە دەوڵەت لەکۆمەڵگادا دایڕشتووە تاکوو خۆیان لەناو کۆمەڵگا جیاوازتر نیشان بدەن، هەوڵی دا ئەو بارودۆخەی تێیدایە بیکاتە هەوێنی گەیشتن بە ڕێگایەکی ئازاد، بەم هۆیەوە خۆی لەناوەندە سەرەکیەکانی دەوڵەت پاراست و لەمنداڵی یەوە ڕێڕەوی ژیانی گۆڕا. کاتێك باوك و براو و خوشکەکانی پێکەوە کاریان دەکرد، باش سەیری دەستی دەکردن تا کوو زوو فێری کار ببێت و ئیدی ئەویش فێر بێت. لەم بوارەدا دەیگوت: «مرۆڤ لەچ ڕۆخ و قوژبنێکی ئەو کۆمەڵگایەدا کار بکات پێویستە بە دڵسۆزی و حەزەوە بیکات».

تا پۆلی دووهەمی سەرەتایی دەخوێنێت، پاشان قوتابخانەی ڕژێم تەرك دەکات، لەناوەندەکانی تواندنەوەو کۆیلەکردنی هاوڵاتیان دوور دەبێت. هەوڵا و تەقالای دەدا ئاسوودە و ڕاحەت ژیان بکات، پەیدۆزی بەدوای قۆتابخانەی جیاوازترەوە هەبوو، لەسەردەمی منداڵیەتیدا بە بەردەوامی پرسیار لەباوکی دەکات کە بۆچی خەڵك دژی زوڵم و زۆری ڕژێم ناوەستنەوە؟ بۆچی خەڵك ئەم واقعییەتە تاڵە قبووڵ دەکەن؟ بۆچی جەماوەر دژی ڕژێم سەرهەڵدان و شۆڕش ناکەن؟ لەو کاتەدا هەستی بەوە کردبوو کە تەنیا لەو کۆمەڵگایەدا قۆتابخانەی کۆماری مەلاکان نییە، هەر کەس ناچار نییە لەناو ئەو قوتابخانانەدا بخوێنێت، زۆر جار بە باوك و دایك و هاوڕێکانی دەڵێت: «ئێمە قوتابخانەی ڕژێم دەخوێنین و فێری فارسی دەکرێن، لەبەرامبەریشدا کوردی مان لەبیر دەبەنەوە». ئەم پرسیارە لەلای دروست دەبێت کە ئەگەر ئێمە کوردین بۆچی کوردی ناخوێنین؟ فێرگەکان هەموو فارسی بڵاو دەکەنەوەو زمانی زگماکی لەکوردستان گرنگی پێ نادرێت. لەلای ڕژێم بێنرخ و بێبەهایە، کاتێك هەر دوو ڕێگای قوتابخانە و مزگەوت دەگرێتە بەر ناکۆکی لەلا دروست دەبێت، بۆچی هیچ یەك لەو فێرگانە کوردی نییە؟! یەك فارسی و یەکی دیکەش عەرەبی! هەر چەند زۆر منداڵە بەڵام ئەمە دەبێتە جێگای پرسیار لای ئەو کات جێگای کوردی لەکوێیە؟ ئیدی تەنیا زانیاری فەلسەفە و فێرکاری لەناو سیستەمدا نابینێت و بەدوای ئەو زانستانەوە دەگەڕا کە سیستەم لەبەر دەستی منداڵان و گەنجان دووری خستبووەوە. بۆیە لەو سەردەمانەدا فێری هێمنی و خۆڕاگیری بوو، تا قۆناغی هەرزەکاری پیشەی فەرشچنی و کرێکاری گرتە بەر، ئەم قۆناغە بە قۆناغی گرتنی فۆرم و وێنەی کەسایەتی ئەو بوو، قۆناغی فێر بوون، ئەزموون وەرگرتن و لەسەرپێی خۆ ڕاوەستاندن.

دەتوانم بڵێم هەڤاڵ (حوسێن) قۆناغی منداڵیەتی ژیان نەکرد، چونکە ئەو لەو قۆناغەدا گەورە ژیانی کرد، لەناو گەورەکاندا هەڵسوکەوتی دەکرد، بەهۆی هەلومەرجی کار، لەناو کاروانی منداڵان دابڕا. ئیدی نەیدەتوانی درێژە بە گەمەی منداڵانەی بدات، بەڵام خەیاڵی منداڵانەی لەناو دڵیدا گەورە کرد، بە کردەوەی خۆی ئەوەی بە ڕژێم سەلماند کە هەر چەند هەژار و دوور لەقوتابخانە

بێـت، خـۆی ڕادەسـتی داگیرکـەر نـاکات. هەوڵیـدا لەرێـگای کرێکارییـەوە پێداویسـتی ژیانـی خـۆی دابیـن بـکات، دەسـکورت و دامـاوی مووچـەی رژێـم نەبێـت و نەبێتـە هاوڵاتیەکـی مووچەخـۆری رژێـم.  بـە پـارەو و پێگەکانـی دەوڵـەت هەڵنەخڵەتێت، چاوەڕوانـی دەوڵـەت نابێـت تاکـوو گـەورە ببێـت و لەلایـەن دەوڵەتـەوە پلـەی بـەرز بکرێتـەوە. بـەدوای پلـەو پایـەی دەوڵـەت نەکـەوت. زانسـتی دەوڵەتـی رەت کـردەوە، مزگەوتـی وەك فێرگـەی دووهەمـی خـۆی هەڵبـژارد، بـەڵام بەمـەش رازی نەبـوو، چونکـە مزگەوتـی وەك مەکتەبـی تواندنـەوەی منـداڵان و گەنجـان دەبینـی, بەهـۆی هاندانـی دایـك و بـاوك لەهەوڵـی فێـر بـوون و قـووڵ بوونـی ئایینـی ئیسلامدا بـوو مزگەوتـی کـردە هەلـی فێربوونـی خوێنـدن و نووسـین و لـەم رێگایـەوە سـەرکەوتنێکی باشـی بەدەسـت هێنـا. هەوڵـی لەبـەر کردنـی قورئانـی دەدا و بەشـێکی زۆری لەبـەر کـرد، شیکردنەوەی قورئانـی بـە ئەرکێکـی سـەرەکی بـۆ خـۆی دەبینـی و شـیکاری لەسـەر ئایاتەکانـی قۆرئـان دەکـرد. لـە مـەلا و کەسـانی ئایینـی بـەردەوام پرسـیاری دەکـرد و بەپـێ پێناسـەی بـاوك و دایکـی، دەیویسـت ببێتـە کوڕێکـی قورئـان خوێـن. هـاوکات لەمزگەوتـدا فێـری خوێنـدن و نووسـینی زمانـی کـوردی دەبێـت؛ بـەڵام ئـەم رێبـازەش تـا جێگایـەك بـەردەوام بـوو.

کاتێـك ئاسـتی وشـیاری بـەرز بوویـەوەو وەڵامـی بەشـێك لەناکۆکیەکانـی دیتـەوە، ئاڵوگـۆڕی بەسـەر ژیانـی خۆیـدا هێنـا. ئـەو رێبـازەی بەدوایـەوە دەگـەڕا رێبـازی (پێغەمبـەر زەردەشـت) بـوو، پێناسـەکردنی لەسـەردەمی منداڵیـدا تێـری ئـەوەی نەدەکـرد بڵێـت مـن (زەردەشـتی)مە بۆیـە وەك خۆی دەیگوت: «ئەگەر ئێسـتا لەدایـك ببمـەوە، دەڵێـم زەردەشـتی مـە» چـۆن گەوهـەری (فەلسـەفەی زرەدەشـتی) لـەلا پەسـەند بـوو، بەشـێکی گـەورەی ئـەو فەلسـەفەیە خەیالـی منداڵـی ئـەو بـوو، لەبـەر ئـەوەی هەڤـاڵ (حوسـێن) دەبێتــە بــەرەی (پێغەمبــەر زەردەشــت)، چونکــە لەجێگــەو نیشــتەجێ (زەردەشــت) ســەرهەڵدەدات، جێگایـەك کـە شـۆڕشـی کشـت و کاڵـی تێـدا سـەریهەڵداوە، بەکۆمەڵگابـوون پێـش دەکەوێـت و شـۆڕشـی گونـد دروسـت دەبێـت و کولتـووری بەخێوکردنـی حەیـوان دێتـە ئـاراوە.

لەباوشـی زنجیـرە چیـای (زاگـرۆس) پـەروەردە دەبینێـت، درێژەپێـدەری کولتـووری (زەردەشـتی) دەبێـت، چونکـە (فەیلەسـوف زەردەشـت) عاشـقی کشـت و کاڵـەو ئەویـش بەهەمـان شـێوە ئەوینـداری کشـت و کاڵـە. پاشـماوەکانی کولتـووری چاخـی بەردینـی نـوێ لەکەسـایەتی خـۆی دەپارێزێـت و بەرجەسـتەی دەکات. ئاینـی زەردەشـتی بـە چاکتریـن ئاییـن دەبینێـت و بەگوێـرەی ئـەوەش وەکـو (زەردەشـت) رەنجـدان دەکاتـە کۆڵەکـەی ژیانـی خـۆی بەرهەمهێنـان دەکاتـە بنەمـای سـەرەکی ژیانـی، لـەکارو بارەکانیـدا زیاتـر لەقازانجـی سەرشـانی خـۆی شـتێکی دیکـەی ناوێـت، واتـا قازانجـی حـەڵال بـە بنەمـا دەگرێـت، سـەوزایی پیـرۆز دەبینێـت، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ کەڵکـی لـێ وەردەگرێـت و سـەوزایی مـرۆڤ شـاد و خۆشـحاڵ دەکات، لەسرووشـت وزە وەردەگرێـت، لەتەمەنـی منداڵیـدا لەگـەڵ رەنـج گـەورە دەبێـت. دەیەوێـت لەسـەرپێی خـۆی رابوەسـتێت و رەنجـی سەرشـانی خـۆی بخـوات و منداڵێکـی داهێنـەر بێـت. هـەر کارێـك بـکات بەرهەمـی هەبێـت و بەرهەمەکـەی دادپەروەرانـە لەدەوروبـەری خۆیـدا بـەش بـەش بـکات.

فەیلەسـوف (زەردەشـتی) کـردە وانەبێـژی خـۆی، بەگوێـرەی ئـەو بۆچوونانـەی کـە هەیـە لەسـاڵانی نێـوان ١٠٠٠ تـا ٦٠٠ ی پ.ز لـە باکـووری رۆژئـاوای ئێـران هاتوەتـە دونیـاوە، لەقۆناغـی ژیانـی (زەردەشـت)دا تەنیا خوداوەنـد بەهێـزی خوڵقانـدن دەبیـنرا، بـەڵام بەناسـینی ئیـرادەی ئـازادی مـرۆڤ لەلایـەن (زەردەشـت)ەوە هێـزی خوڵقانـدن لـەلای مرۆڤیـش دێتـە ئـاراوە. ناسـین و هەسـتپێکردنی (هەڤـاڵ حوسـێن) بـۆ فەلسـەفەی (زەردەشـت) بەواتـای بەئیـرادە کردنـی ئـەو دێـت. ئیـدی هاوشـێوەی (ئیبراهیـم) لەئایینـی فرەخودایـی

یـەوە بەدواداچونـی بـەدوای تاکخۆدایـی یـەوە دەبێـت. هاوشـێوەی سـەردەمی (زەردەشـت) کـە لەئایینـی فرەخودایـی ئاریـەکان کـە (ئینـدرا، میـترا، ڤارونا)یـە بـەرەوە ئایینـی تاکخودایـی (ئاهورامـەزدا) هەنـگاو دەنێـت. ئەویـش بەرامبـەر سیسـتەمی هێرارشـی ئێـران کـە پێکهاتـووە لـە: (رابـەر ـ ١٢ پێشـەوا ـ ئەنجومەنی زانایـان، ئەنجومەنـی پاراسـتنی شـۆڕش و شـورای پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانـی رژێـم) شـۆڕش دەکات. سیسـتەمی سـێ خودایـی ولایەتـی موتلەقـەی فەقیـە ( دەسـەڵاتی داد، دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جێبەجێـکار) کـە لەنـاو کۆمەڵـگا و هاوڵاتیانـدا پیـرۆز کـراوە، لەنـاو مێشـکی تێکـی دەدات. هاوشـێوەی شۆڕشـی (پێغەمبـەر ئیبراهیـم) بەتـەوری ئـازادی تابۆکانـی کۆمەڵـگا دەشـکێنێت، ماسـکی روومەتـی خـودا دەسـتکردەکانی سـەر زەوی لەئێرانـدا دادەماڵێـت، بەرامبـەر رژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی کـە مـرۆڤ بێئیـرادە و بێهێـز دەهێڵێـت و هێـزی خولقانـدن دەگەڕێنێتـەوە بـۆ خـودا رەت دەکاتـەوە. هەوڵـی خـۆ بەئیـرادە کـردن دەدات، گوتەکانـی (زەردەشـت) کـە دەڵێـت: «بیـری چـاك، وتـەی چـاك، کـرداری چـاك» دەکاتـە پرەنسـیپی ژیانـی خـۆی، بـەم رێبـازەی سیسـتەمی کۆیلایەتـی ئێـران رەت دەکاتـەوە. نرخـی مرۆڤـەکان لای پیـرۆز دەبێـت، دایکـی خـۆی (زنجیـرە چیـای زاگـرۆس ـ تـۆرۆس) بەپیـرۆز دەزانـێ، نایەوێـت لەسـەردەمی منداڵیەتـی لەباوشـی ئـەو دایکـە دوور بخرێـت، شارنشـینی یـان مەدەنیـەت ناخوازێـت!! چونکـە شـار یەکسـان لەگـەل دەوڵـەت و چینـدا دەبینێـت، شـار جێـگای لەدایك بوونـی دەوڵەتـە. ئـەو کات شـار لـەلای درۆ و دەلەسـە و فێـڵ داگیـرکاری و زۆڵـم و زۆرداری و نادادپـەروەری یـە، بۆیـە ژیانـی شـار وەڵامـی پرسیارەکانی بەچاکـی ناداتـەوە، پێدوایسـتیە رۆحـی و ماددیەکانـی دابیـن نـاکات، بۆیـە هـەر لەمنداڵیـەوە زەینـی بـاش بـەکار دەهێنێـت، لەگـەڵ خۆشـی و ناخۆشـی یەکانـی ژیانـدا رادێـت.

٢٠١٢/١٢/٢٢

## ◆ مەڵبەندی خوێندەوارخانە

لەقۆناغێك تێپەڕی قۆناغێكی دیكەی ژیان دەبێت، لەفەلسەفەیەك هەنگاو بەرەو فەلسەفەیەكی دیكە هەڵدەگرێت، لەبڕوایەكەوە بەرەو دڵپێبەستنێكی تر هەڵدەگەڕێتەوە و لەخوێندەوارخانەیەك تێپەڕی فێرگەیەكی تر دەبێت. لەراپەڕینێك تێپەڕی شۆڕشێكی تر دەبێت، ئیدی پێدادەنێتە نێو جیهانێكی نوێی ژیانەوەو قۆناغی منداڵی تێدەپەڕێنێت و تێپەڕی رادەی هەرزەكاری و جەحێڵی دەبێت. قۆناغی وریایی و لێهاتوویی و شەوبێداری و زانایی و بڕیاردان و هێمنی و خۆڕاگری دەست پێدەكات. ئیدی چاكەو خراپە لەیەكدی جیا دەكاتەوەو بەهەشت و دۆزەخ لەیەكدی دەردەخات، پێناسەی گەوهەری دەستەواژەكانی خۆڕاگری و خیانەت دەكات، دەیەوێت لەسەر بنچینەی خەیاڵی منداڵیەتی قۆناغی هەرزەكاری و جەحێڵی ئاوا بكات، بەگەوهەری حەقیقەتی منداڵیەتی كەسایەتی تازەپێگەیشتووی برازێنێتەوە و بەئاوازی ئازادی كەسایەتی نەوبەر و جەحێڵی بنەخشێنێت، بەكەسایەتی تازەگەیشتووی شەوەزەنگەكانی بەرەبەیانی رووناك بكاتەوە.

بەهەستێكی تازەوە قۆناغی هەرزەكاری و جەحێڵی بەئامێز دەگرێ و پێكەنینی لێوەكانی جەحێڵتی بریقە دەداتەوە، گریانی منداڵییەتی دەكاتە فەرتەنەی تۆڵەسەندنەوە، خەیاڵی منداڵیەتی دەكاتە باوەڕی و فەلسەفەی ژیانی سەردەمیانەی. خەم و پەژارەی سەردەمی منداڵیەتی دەكاتە دانەوێڵەی بەهاری جەحێلیەتی، وەك هەسارەیەك لە ژێر پەڵە هەورەڕەشەكانی كۆماری ئیسلامی دەربازدەبێت. لەژێر چەپۆكی شارستانی بەهەراوهورا خۆی رزگار دەكات و لەپەرستگەی زوحاك جۆرەكان و قوتابخانەی پشكنینی بیروڕای كۆماری ئیسلامی خۆی قۆتار دەكات. لەئامێزی زنجیرە چیای (زاگرۆس ـ تۆرۆس) پەروەردە دەبینێت و ئەوێ بە مەڵبەندی خوێندەوارخانەی خۆی دەزانێت. خۆی بە خوێندكاری قوتابخانەی (فەیلەسوف زەردەشت) دەزانێت، خۆی بەیاریدەر و داروودەستەی هەژاران دەزانێ.

رۆژانی منداڵی بەبیردێنێتەوە و رابردووی دەیباتە ناو تێفكراندنێكی قووڵەوە، پێشتر كێ بوو ئێستا كێیە؟ چی دەكرد و ئێستا چی دەكات؟ لە (٨)ساڵیدا دەبێتە فەرشچن و كرێكار، ئەمەش لەگەڵ كەسایەتی مرۆڤ ناگونجێت. هاوكات لە سەردەمانی منداڵیدا باوك و برا گەورەكەی كە ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران بوون لەلایەن كاربەدەستانی رژێمەوە دەستگیر و رەوانەی بەندیخانە دەكرێن. بەناچاری دەبێتە پشتیوانی سەرپەرەشتیارانی بنەماڵەكەی كە چەند برای دیكەی دەبن و هەر لەو سەردەمەدا دەبێتە منداڵێكی خەمخۆر. ئەمەش زۆر تراژیدیایە، لەلایەك باوك و برا لەبەندیخانەدان و لەلایەك گوشاری هەژاری بەسەریاندا داسەپاوەو چەندێك توانی بەرگەی ئەو سەخڵەتەی ژیان بگرێت. دڵفرەیی تا قۆناغی هەرزەكاری بەرگە دەگرێت، بەر لەهەر شتێك بڕیار دەدات دەسكورتی كەسێك نەبێت و پێداویستی ژیانی خۆی و بنەماڵەكەی دابین بكات، هەوڵ دەدات بنەماڵەكەی داماوی هیچكەس و لایەنێك نەبێت، بۆیە سەرجەم براو خوشكەكانی بەفەرشچنی و كرێكاری سەرقاڵ دەبن.

ئەو پرۆژانەی كە لەسەردەمی منداڵیەتیدا لەهزریدا جێگای دابوو و هەوڵی پێكهێنانی دەدا، ئەو فرمانانەی كە نیوەتەواو لەخەیاڵی منداڵێكدا ماوەتەوە تەواوی بكات. لەوسەردەمانەدایە بەرەو ژیانی زەینییەتی شارنشینی راكێش دەكرێت و ئەم گەردەلولە لەزەینییەتی ژیانی گوند دایدەبڕێت. منداڵیەتی لەئامێزی شاردا دەبێت و لەشاردا سیاسەتەكانی رژێم هەوڵی نامۆكردنی دەدات لەگوند. ئەویش چەكی خۆڕاگری دەكاتە پیشەی سەركەوتنی و نابێتە هەرزەكارێكی دەوڵەت ـ شار.

بەڵکوو گەوهەری لادێیەتی دەپارێزێت، قوتابخانەی ڕژێمی وازلێهێنا و بەم کردەوەیە هانای ئازادی دەدات. دەیەوێت منداڵێکی سەربەست بێت و بەیداخی سەربەخۆیی بشەکێنێتەوەو نەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەو گیرۆدەیی خوێندەوارخانەی ڕژێم. نەخوێندەواری پێ باشتر بوو، تاکوو لەفێرگەکانی ڕژێم زانیاری بەدەست بخات و بەتاڵی دەمی منداڵی لەقۆناخی هەرزەکاریدا پڕ دەکاتەوە. لەسەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجیەتیدا بە بەڵێنەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵناخلەتێت. ئەو چەند پۆلەی لەقوتابخانە خوێندووە دەیکاتە بنەمای فێربوون و زانیاری لەژیاندا. هەروەها بەردەوام کردنی خوێندن لەمزگەوت دەکاتە بنەمای خوێندەواری و قووڵ بوون و لێهاتوویی لەخوێندندا، هەر ساتێك لەژیانی دەکاتە ساتی فێربوون و ناوەندی هەرکارێك دەکاتە ناوەندی فێرگەو زانست.

سەردەمی جەحێلیەتی زۆر جیاواز و دەوڵەمەندتر لەقۆناغی منداڵیەتی دەبێت، لەقۆناغی جەحێلیەتی دەیەوێت کۆی خەیاڵەکانی حەقیقی بکات. هەرچەند گەورە دەبێت، دەیەوێت هەم لەبیرورِا و کردەوەدا گەورە ژیان بکات؛ بەڵام سەیری خۆی دەکات خۆێندەواری تۆسقاڵێك هەیەو بەخۆی دەڵێت: «ئایا من بەو تۆزە خوێندەواریەوە دەتوانم ببمە مرۆڤێکی گەورە؟». بۆیە ئەو بەردەوام خۆی بەمرۆڤێکی نەخوێندەوار دەزانی، کێ پرسیاری لێ بکردایە قۆتابخانەت چەندێك خوێندووە؟ دەیگوت هیچ خوێندەواریم نییە، لەلایەك بەمە زۆر سەربەرز بوو و لەلایەکی دیکەش شەرمی دەکرد، دیسان بەم دۆخەوە ڕادەستی تۆڕی سیستەم نابێت و خۆی دەسکورتی ڕژێم ناکات. بەگەڕان و چاوکردنەوە لەهەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی ژیانی دەدات، هەموو شتێك لەکردەوەدا فێر بێت، کاتێك خۆی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەراورد دەکرد، لەوان زۆر لەپێشتر و وریاتر بوو. ئەمەش هانی دەدا ڕەواڵی ژیانی خۆی بەردەوام بکات، لەگەڵ خۆی خەیاڵ دروست دەکات. ئەگەر کۆچی شارەگەورەکان بکات، دەتوانێت سەرجەم کەموکورتی ژیانی دابین بکات، دەتوانێت ئەوکات یارمەتیدەری دایك و باوك و خوشك و براکانی بێت لەهەژاری و چەرمەسەری قۆتاریان ببێت. لەکارکردندا ڕاهاتووەو ئەزموونی کاری لەلا دروست بووە، چۆن ئەو بنەماڵەی خۆی بە ڕەنجدەر دەبینی و لەخۆڕا دەبینێت کە کۆڵەپشتی خۆی هەڵبگرێت و خانووی هەژاری بەجێبهێڵێت و ئاوارەی شارەکان بێت، بەڵام چەندێك تاڵ و بەئازارە منداڵێکی جەحێل لەو تەمەنەدا ئاوارەی شارە گەورەکان بێت. لەبەر بەش مەینەتی و بژێوی ژیانی بەناچاری ئەم ڕێگا هەڵدەبژێرێت.

لەسەردەمی هەرزەکاریدا لەکارو بارەکانیدا بەسیستەم دەبێت و پەیدۆزی بەدوای داهێنانی نوێ دەکات. هاوکات چۆن لەناوەندە بچکۆلەکان بەرەو شارەگەورەکان باردەکات، ناتوانێت گوژمی داسەپاو بەسەریدا ئیدی پەسەند بکات، لەبەر ئەوەی سەبارەت بە نادادپەروەری وناحەزی دژایەتی و جیاوازییە کۆمەڵاتیەکان ئاگایی پەیدا دەکات، زانیاری و تێگەیشتنی لەم بوارانەوە گەلێك زەبەند دەبێت. هێزی تۆژینەوە و شیکردنەوەی بەرەو دەدات و ئیتر بە پێزانینی منداڵیەتی هەڵسوکەوت ناکات، گرژی هەمبەر ڕژێم لۆژیکانە پێشدەخات، ئیدی جوداڕایی ڕێبازگە و نەتەوەیی و چینایەتی بەئاشکرا لێك دەداتەوەو تەماشاکردنی ئەم جیاوازی و بەیەکاهەڵچوونانە بە دژواری ئازاری دەدا. ڕژێم ئەم سیاسەتەی لەپێناو چی دارِشتووە؟ چ قازانجێکی تێدا دەگرێت؟ بۆچی شەڕی مەزهەب و نەتەوە و چین هەڵدەگرسێنێت؟ کێ لەم شەڕە سوود وەردەگرێت؟ بەئاشکرابوونی ئەم حەقیقەتە ئیدی ناتوانێت بەرانبەر چەواشەکاری و تەڵەکەبازی دەسەڵاتدارن بێدەنگ بمێنێت.

لەژیان ئەوەندە تەنگ دەبێت و لەو قۆناغە ناسك و چارەنووس سازیدا کات کات لەگەڵ خۆی

دەدوێـت و دەڵێـت: «باشـترە بـەدوای ژیانـی خۆمـدا بـڕۆم و بـۆ گیروگرفتەکانـی دونیا خـۆ هیـلاك نەکـەم» دەیەوێـت چاوپۆشـی لەسـەرجەم ئـەو ناکۆکیانـەی دەبینـێ بـکات، هەنـدێ جـار گوێـی خـۆی کـەڕ دەکات، هەنـدێ جـار چـاوی دەبەسـتێت، جارجاریـش زمانـی قوفـڵ دەکات؛ بـەڵام ناتوانێـت ویژدانـی رابگرێـت، رەوشـتی ئیجازەی پێـنـادات بـێ بەرپرسـیار و بـێ هەڵوێسـت بێـت. بـەم بۆنـەوە گەلێـك رێبـاز ئەزمـوون دەکات، بـەڵام بەئەنجامـی خۆشـحال نابێـت، جارجـار دەیەوێـت بـەدوای مـاڵ و سـاماندا بکەوێـت، بـەڵام هۆشـی سـۆزداری مۆڵەتـی پێنـادات، دیـارە منداڵێـك تـا ئـەو ئاسـتەی گەیشـتبێت و توانیبێتـی لەسـەر پێـی خـۆی راوەسـتابێت کارێکـی ئاسـان نییـە، بـەڵام لەبـواری هزرییـەوە لێکدانـەوەی کۆمەڵێـك خاڵـی فەلسـەفی بـۆی زۆر قۆرسـە، سـەردەمێك کـە هـزری نـوێ شـێوە دەگرێـت، هێشـتا ناتوانێـت زانسـتیانە دۆز و کێشـەکان شـی بکاتـەوە.

لـەو سـەردەمەدا بەهـۆی خاوبـوون و بێئەزموونـی لەژیـان، دەیەوێـت ئـەو بارودۆخـە گرێـدراوی چارەنوس بـکات، ئەمـەش بـە چارەنوسـی نـووسراوی خـودا بزانێـت کـە نەگـۆڕە، بـەوەی کـە هاتـووە رازی بێـت و خۆی لەگەڵـدا بگونجێنێـت. لەبـەر ئـەوەی رژێـم پێناسـەی چارەنووسـی لەنـاو کۆمەڵـگادا بەکلتـوور کـردووەو خـودا چارەنوسـی هەرکەسـێکی دیـاری کـردووەو مـرۆڤ نابێـت دەسـتێوەردانی چارەنووسـی دیاریکـراوی بـکات. بـەڵام بەدیتنـی ئـەو حەقیقەتانـەی نـاو کۆمەڵـگا، راکێشـی کۆمەڵێـك دژایەتـی دەبێـت، ئایا مـرۆڤ ژیانـی نـووسراوە یـان دەینوسـێت؟ ئیرادەبوونـی مـرۆڤ لـەچ کات و سـەردەمێکدا سـەرهەڵدەدات؟ ئێمـە هاتووینەتـە ئـەم دونیـا ئاسـوودە بژیـن یـان چەرمەسـەر و ناوچـاوڕەش ببیـن؟ بەبەردەوامـی لەگـەڵ خـۆی دەدوێـت و پرسـیار لەخـۆی دەکات و بیردەکاتـەوە، بـەوردی سـەرنجی رووداوەکانـی ژیـان دەدات و بەخـۆی دەڵێـت: «پێویسـتە ژیانێـك جیاوازتـر لـەم ژیانـە هەبێـت، ئەویـش گوایـە لەکـوێ بێـت؟ و چـۆن خۆمـی پێبگەیەنـم؟» بـەدوای بەدەسـتهێنانی وەڵامـی پرسیارەکانیدا دەگەڕێـت.

لەزەینـی منداڵیەتـی خۆیـدا وێنەیەکـی لـەم ژیانـەی کێشـاوە و لەسـەردەمی هـەرزەکاری و گەنجێتیـدا لەهەوڵـی جێبەجـێ کردنـی دەدات، بـەڵام دەروازەیەکـی ئـاوەڵا بـۆ ویسـتەکانی نـاو کۆمەڵـگا نابینێـت. گەلێـك رێـگاو رێبـاز بـۆ بەدەسـتهێنانی وەڵامـی پرسیارەکانی تاقـی دەکاتـەوە، رێـگای (مەزهەبـی بـوون نکۆڵـی کردنـی خـۆ رۆیشـتن بـۆ دەرەوەی کوردسـتان و... هتـد) تاقـی دەکاتـەوە، هەرچەنـد لەقۆناغـی منداڵیەتیـدا سـەرجەم رێبازەکانـی ژیانـی بەناچـاری هەڵدەبژێرێـت، بەپێچەوانـەوە قۆناغـی هـەرزەکاری لەسـەر بنەمـای بەدواداچـون و لێکۆلینـەوە ئاقـاری ژیانـی بـەرەو کۆمەڵێـك رێبـازی نـوێ دەسـتپێ دەکات. دەیەوێـت لـەم رێگایانـەوە رێبـازی ژیانـی حەقیقـی بەدەسـت بهێنێـت، بـەڵام لەئەنجامـدا ئـەو بڕیـارە دەدات کەهیـچ یـەك لـەو رێبازانـە وەڵامـی داخوازیەکانـی ئـەو ناداتـەوە، چـون بەنکۆڵـی کردنـی لەراسـتیەکانی خـۆی، ناتوانێـت کەسـایەتیەکی دیکـە لەخـۆی دروسـت بـکات. بۆگەیشـتن بـە وەڵامـی پرسـیارەکانی کوردسـتان بەجـێ دەهێڵێـت و بـەرەو شـارە گەورەکانـی ئێـران کـۆچ دەکات، لەلایەکـەوە دووری لەنیشـتمان و خـاك و کەسـوکاری ئـازاری دەدات، لەلایەکـی دیکـەوە بەهـۆی پەلامـاری کولتـووری کۆمـاری ئیسـلامی تووشـی تواندەوەو خۆتواندنـەوە دەبوویـەوە. کاتێـك ئیـدی توانـای هـەرس کردنـی ئـەم رێبـازە هەڵـەو ناشـیاوانەی نابێـت، لەسـەر بنەمـای گەوهـەری منداڵیەتـی بڕیـاری ژیـان کردنـی سـەرلەنوێ دەداتـەوە.

لـەو سـەردەمەدا چ رێبازێکـی ژیانـی هەڵدەبژێرێـت وەڵامـی داخوازیەکانـی ناداتـەوە و سـەرلێدانی سـەرجەم رێبازەکانـی ژیـان دەکات، تەنیـا لەرێبـازی سیاسـەت دووری دەگرێـت، لەبـەر ئـەو پێناسـانەی

داگیرکـەر لەسـەر سیاسـەت کردوویانـە. لایەنێکـی بـۆ ئـەو بانگهێشـتانە دەگەڕێتـەوە، لایەنێکـی دیکـە بەهـۆی ئـەوەی هـەر کـەس و لایەنێـك تێکەڵـی سیاسـەت بـوون بەرپەرچـی دامرکاندنـی هێزەکانـی رژێـم بووەنەتـەوە. ئەمـەش هـەر لەمنداڵییـەوە تـا قۆناغـی هـەرزەکاری ئـەو عەقلییەتـەی لـەلا دروسـت دەکات کـە تۆخمـی سیاسـەت نەبێـت، لەبـەر ئـەوەی سیاسـەت بـە دەسـتەواژەیەکی درۆ و دەلەسـە دەبینێـت. چونکـە واقعییەتـی رژێـم لەبەرچاوانـی ئاشـکرا دەبێـت کـە سیاسـەتێکی نائەخلاقـی و چەپـەڵ بەڕێـوە دەبـات و ئەمـەش تـا ماوەیەکـی کـورت دەبێتـە هـۆی زەینکوێـری ئـەو بەرامبـەر سیاسـەت. لەلایەنێکـی دیکـەوە پـاش سـەقامگیربوونی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و پەلاماردانـی هێزەکانـی رژێـم لەسـەر پارتـە چـەپ و ریفۆرمیستەکانی ئێـران و رۆژهەڵاتـی کوردسـتان، هەڤـاڵ (حسـێن) تووشـی بێهیوایـی دەکات، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو بارودۆخـە سـەرنجی بـۆ سیاسـەت رانەکێشـێت. لەلایەنێکـی دیکـەوە بەهـۆی زیندانـی بوونـی بـاوك و برایەکـی کـە بەتاوانـی ئەندامیەتـی (پارتـی دیموکراتی کوردستانی ئێـران) دەسـگیر کرابـوون، لەسیاسـەت دووری دەگرێـت. لەقۆناغـی تـازە جەحێـل بوونـی بەشـێکی زۆر لەبڕیارەکانـی بەهەسـت و نەزانـی دەدا، بـەڵام هەرچەنـد دونیـا دەگـەڕا و لەگـەڵ راستیەکان رووبـەڕوو دەبوویـەوە سـەبارەت بـەو مژارانـەی دوورەپەرێـزی لـێ گرتبـوو نزیـك دەبێتـەوە.
لەیەکەمیـن هەنـگاوی بەجێهێشـتنی گونـد تـا کـوو دوا هەنگاوەکانـی لەشـەقامەکانی (ورمـێ) بـەرەو شـارەکانی (تـاران) و دەوروبـەری لـە لێکۆڵینـەوەدا بـوو، بنەماڵەکـەی لادێ بەجـێ دەهێڵـن بـەڵام ئـەو فەلسـەفەی ژیانـی لادیـێ پاراسـت، لە(ورمـێ) چاوکراوە دەبێـت لەگـەڵ زاراوەکانـی دیکـەی کـوردی وەك (سـۆرانی) ئاشـنا دەبێـت. ئاشـنایی لەگـەڵ (زمانـی ئـازەری) پەیـدا دەکات و سـەرجەم دەسـتکەوتەکانی شـاری (ورمـێ) هانـی دەدات لەلێگەڕینەکـەی بـەردەوام بێـت. لەبوارێکـی دیکـەوە رژێـم بەهۆی سیاسـەتی بێکارکردنـی گەنجـان و لەنـاو بردنـی هەلومەرجـی کار، گەنجانـی ئـاوارە و دەربـەدەری شـارە فـارس نشـینەکان دەکـرد، تـا کاتێـك سـەفەری شـارە فـارس نشـینەکان دەکات، هەسـت بـەوە دەکات کـە رژێـم وزەی ئەساسـی کۆمەڵـگای کـوردی لەنـاو دەبـات.
ئـەو خـۆی بەنـەوەی (فەیلەسـوف زەردەشـت) دەزانـی و مزگێنـی بەخـۆی دەدات ئاینـدەی روونـاك دەبێـت، بـەدوای بەدەسـهێنانی راستبێژی رازەکانـی (زەردەشـت) بـوو. پرەنسـیپە ژیانیەکانـی (زەردەشـتی) لەبیـر نەکردبـوو و هەوڵـی بەژیانـی کردنـی ئـەو پرەنسـیپانە دەدا، کاتێـك لەگەوهـەری خـۆی بۆماوەیەکـی کـورت دوور دەکەوێـت پرەنسـیپەکانی (کـردەوەی چـاك، وتـەی چـاك، بیـری چـاك) ئـازاری دەدات. ئـەو وەك هەرزەکارێکـی کـورد بۆچـی (بیـر، کـردەوە و وتـەی) داوێنـی زنجیـرە چیاکانـی (زاگـرۆس ـ تـۆرۆس) لەشارەگەورەکانی ئێران ون بـکات، ویژدانـی ئـەوە پەسـەند ناکات بـە فەرسـەنگان لەکەسایەت و ئـاکاری گەوهـەری خـۆی دوور بکەوێـت. پێکهێنانـی ئـەم سـێ پرەنسـیپە بـە رازی سـەرکەوتنی خـۆی دەزانێت بۆیـە ئیـدی هـەوڵ دەدات هـەم لەبیرکردنـەوە و کـردەوەو وتەکانیـدا، جەحێلێکـی رێکوپێـك بێـت، ئـەو خـۆی پارچەیـەك لـەو شـاخە بەرزانـە دەبینێـت، کـە لـەوێ فێـری ژیـان بـووە، بـەڵام شـەپۆلی هـەژاری بـەرەو شـار هانـی دەدات، فۆرمـی شـار چاوەکانـی هەڵدەخلەتێنێـت بەشـێوەی باژاروانـی تـا ئاسـتێك کاریگـەر دەبێـت. بـەڵام هەرچەنـد ژیانـی هەژارانـەی دەسـتپێ دەکات، ئـازار و ئێشـی زیاتـر دەبێـت.
پرسـیار لـەدوای پرسـیار لـەلای دروسـت دەبێـت. جێگایـەك لەدایـك دەبـم بۆچـی ئەوەنـدە لەگـەڵ ئـەم شـارانەدا جیـاوازە؟ مـن بۆچـی پەنابـەری ئـەم شـارانە دەبـم؟ کەسـوکار و لادێ و شـارەکەم لەپێنـاو چـی بەجێهێشـتووە؟ لـە گونـد و شـاری خـۆم کـوردی قسـەم دەکـرد، بـەڵام هێـواش هێـواش کوردیـم لەبیـر

دەبرێتـەوە؟ جـل و بەرگـی کوردیـم لەبـەر نەدەکـرد. بۆچـی ئیـدی قسـەکردن بەکـوردی لام نەنـگ دەبێـت؟ بەپۆشـینی جـل وبەرگـی کـوردی شـەرم بکـەم؟ بەلادێـی بوونـم سـووك ببینرێـم؟ دەبوایـە هەوڵـی ئـەوەم بدایـە خـۆم وەکـو ئـەو دەوروبـەر بکـەم، سـەرجەم ئەمانەشـم بۆچـی دەکـرد، تەنیـا بەمـن بگوترێـت باژاریمـە نازانـم بەمـە هیـچ ناوبانگێـم دەرنەکـرد، ئیـتر لەپێنـاو چـی دوای ئـەم خەیاڵـە درۆینـە کەوتـم؟ هەڤـاڵ (حسـێن) جەحێلێکـی زۆر پەیجـۆر بـووە، دەیەوێـت فێـری هـەر شـت ببێـت، سـەری دەخاتـە نـاو هـەر شـتێك تـا چاکـە و خراپـەی لەنـاو دەربخـات. رژێـم هـەر چەنـد ئـەو هەمـوو تـۆڕی تواندنـەوەی بـۆ گەنجـان دارشـتووە تاکـو منـداڵ و هـەرزەکار و گەنجـی بەگوێـرەی بەرژەوەندییەکانـی خـۆی پێبگەیەنێـت، «ئـەو» ناکەوێتـە نـاو تەڵەکانـی رژێمـەوە. کۆچـی بـەرەو شارسـتانی دەبێتـە هـۆی بڕیـاری مانـەوەی نـاو رژێـم بـدات. ئایـا دەیەوێـت لەنـاو ئـەو سیسـتەمەدا ژیـان بـکات؟ یـان لـە بەدواداچـوون بـەدوای سیسـتەمێکی ژیانـی دیکـەدا بێـت. رژێـم کاتێـك دەرفەتـی کار لـەلادێ و شـارۆچکەکان ناهێڵێـت پەیامـی لەناوبردنـی ژیانـی ئـازاد و سـەربەخۆ بـە گەنجـان دەدات، دەوڵـەت لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵاتی بەسـەر لادێ لاوازە، بـەم چەشـنە سیاسـەتانە دەیەوێـت لەسـەر ئـەو پێگـەی ژیانییانـە زاڵ بێـت، لەبەرانبـەردا گەنجـان هانـدەدات بـەرەو شـارەگەورەکان کـۆچ بکـەن. لەشـارە گـەورەکان گەنجانـی لادێ بەتایبـەت گەنجانـی کـورد رووبـەرووی هـەر چەشـنە سـووکایەتی دەبنـەوە. (حسـێن) ئیـدی وا هەسـت دەکات کـورد بـوون تاوانـە، بۆچـی کـورد لەدایـك دەبێـت زمـان و جـل و بەرگـی کـوردی یـە؟ لەلایەکـی دیکـەوە بۆچـی نـاوی (حسـێن)ە؟ کاتێـك رووبـەرووی گاڵتـەی دەوروبـەر دەبێـت رقـی هەڵدەسـتێت و ئـەم راوبۆچوونانـە دەبێتـە پڕشـینگی گەڕانـەوەی بـۆ گەوهـەری راسـتەقینەی.

کاتێـك لـە شـاری بیانـی کار دەکات ئارەقـە دەڕژێنێـت، هەسـتی نامۆبـوون دەکات، دڵسـووتاو دەبێـت و دەکەوێتـە بیـری خۆشـیەکانی ژیانـی رابـردوو، تاسـەی دایـك و بـاوك و خوشـك و بـرا و کەسـوکار و هاوڕێکانـی دەکات، ژیانـی لادێ و گەڕەکـی (ئیسـلام ئابـاد)ی شـاری (ورمـێ) لای بەتـام و خـۆش دەبێـت. نرخـی ئیـش و کاری (ورمـێ) و لادێکـەی لـەلا زۆرتـر دەبێـت، بێـزی لەخـۆی دێتـەوە کـە بۆچـی نرخـی ئیـش و کارەکانـی رابـردووی نەدەگـرت؟ لـەلادێ بـە کشـت و کاڵ و فـەرش چنـی سـەرقاڵ نەبـوو؟ خـۆی لەئامێـزی لادێ دەرخسـت؟ بۆچـی خزمەتـی گونـد و شـاری خـۆی نەکـرد. لەگـەڵ بـاوك و هاوڕێکانـی ئیشـی نەکـرد؟ ئێسـتا لەژێـر نـاوی کرێـکاری خزمەتـی رژێـم بـکات و تەنانـەت بـۆ گرتنـی حەقدەسـتی وەك کۆیلـە رەفتـاری لەگەڵـدا بکرێـت. هـەر وەخـت مـردن لەنـاو مشـتیدا بـوو کـەی چ بەڵایـەك بەسـەریدا بێـت دیـار نەبـوو ئـەم بارودۆخـە زۆر دڵگرانـی کردبـوو، هەرچـی دەکـرد نەیدەتوانـی خـۆی لەگەڵـدا جـۆر بکات سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بەتاوانبـاری ئـەو بارودۆخـە دەبینـی بۆچـی ئـەم رژێمـە هاوشـێوەی شـارەگەورەکان دەرفەتـی کار بـۆ گەنجـان ناڕەخسـێنێت؟ تاکـوو ناچـاری کۆچبـەری و ئـاوارەی شـارە بیانیـەکان بـن!!

بۆیـە لەسـەر ئـەم بابەتـە دەیگـوت: « رژێـم دەرفەتـی کار لـەلادێ و شـارەچکۆلەکان لەنـاو دەبـات و رووی گەنجـان دەکاتـە شـارەگەورەکان تاکـوو گەنجـان بـە راحەتـی بخرێنـە ژێرچاودێـری سیسـتەمەوە. لەلایەکـی دیکـەوە بـەم سیاسـەتە ئەرتەشـی کۆیلـەداری رێکدەخەنـەوە». بۆیـە ئـەو بیـری لـەوە دەکـردەوە کـە نابێـت لەنـاو ئـەو ئەرتەشـەدا جێـگا بگرێـت، نابێـت بکەوێتـە ژێـر چاودێـری رژێمـەوە، کاتێـك رووی راسـتەقینەی ئاوارەیـی بـۆ دەرکـەوت دەیەوێـت لەسـەر پێـی خـۆی رابوەسـتێت و بەئارەقـی سـەر شـانی خـۆی ڕێـڕەوی ژیانـی دیـار بـکات.

لەومـاوەدا جارێکـی دیکـە بەژیانـی خـۆی کاریگـەری لەسـەر دەوروبـەری دادەنێـت، لـەکاردا جەحێلێکـی

زۆر ئـازاو زیرەکـە، لـەکاردا زۆر بەخـرۆش بـوو، کەسـایەتییەکی شـاد کەیفخـۆش و شـۆخی هەبـوو. ئەمـەش نەیدەهێشـت لـەکاردا هەسـتی ماندووبـوون بـکات و بـەردەوام هێـزو خرۆشـی بەدەوروبـەری خـۆی دەبەخشـی بەشـێکی زۆر لەهاوڕێیانـی دەیانویسـت لەگـەڵ ئـەودا کار و ژیـان بکـەن. لـەکاردا زۆر لێهاتـوو و وردبیـن بـوو، کارەکانـی زۆر خاوێـن، تەندروسـت و دڵسـۆزانە ئەنجـام دەدا، لـەکاردا یارمەتـی هاوڕێیانـی دەدا و لەکاتـی کاردا تەنیـا بـەکاری جەسـتەیی سـنووردار نەدەمـا؛ بەڵکـوو لۆژیـك و تیـۆری هەمـوو کارێـك خـۆی شـارەزا دەکـرد. لەدیتنـی یەکەمـدا کـێ ئـەوی ببینایـە یەکجـار دەیگـوت ئەندازیـارە، لەبـەر ئـەوەی بـەردەوام لەسـەر کارو پـرۆژەکان راوبۆچوونـی دەردەبـڕی، هەرچەنـد کرێکارێکـی سـاکار بـوو بـەم بەشـەی لەحالـی خـۆی شـانازی دەکـرد. بەهـۆی بارودۆخـی بنەماڵەکـەی بەناچـاری زیـادە کاری دەکـرد، چونکـە دەیویسـت لەماوەیەکـی کەمـدا پارەیەکـی چـاك کۆبکاتـەوەو بـۆ خانـووی هـەژاری بگەڕێتـەوە. ئیـدی لەدەربـەدەری و ئاوارەیـی رزگاری بێـت، لەگـەڵ خـۆی خەیاڵـی دەکـرد ئەگـەر بەدەسـتی پـڕ بگەڕێتـەوە بەشـێك لەبـاری سـەنگینی بنەماڵەکـەی سـووك دەکات، ئـەوکات دەبێتـە مایـەی خۆشـحالی بنەماڵەکـەی و لەسـەردەمی ئاوارەبوونیـدا لەلایـەك لەسـەر ئیـش و کار دەفکـرێ لەلایەکـی دیکـەوە مەینـەت و کوڵۆڵـی خـۆی و بنەماڵەکـەی مێشـکی سـەرقاڵ دەکات، نێـوان هەریـەك لـەم بەشـانە هاوسـەنگی دروسـت دەکات. بەئیـرادەی پۆڵادینـی پێـواژۆی گرانـی ئـەو سـەردەمەتێپەڕ دەکات، چەنـد مانـگ کار دەکات و چەنـد رۆژ بـۆ زیـارەت دەگەڕێتـەوە دانیشـتگەی. لـەم چـوون و هاتنانـەدا زۆر ناکۆکـی ژیـان دەکات و کاتێـك ژیانـی هـەر دوو لا لەگـەڵ یەکـدی بـەراورد دەکات، نادادپـەروەری و لاسـەنگی دەبینێـت و دەیەوێـت لـە نێـوان ئـەو ژیانـە هاوسـەنگی دروسـت بـکات، بـەڵام بۆچۆنیەتییەکـەی لەلێگەڕیندایـە.

گەشـتی بـەرەو شـارە بیانیـەکان بـە بەشـێك لەسیاسـەتی کۆمـاری سـام (کۆمـاری ئیسـلامی)دەزانێت، لەخوێندەوارخانـەی خەیاڵـی خۆیـدا زانیـاری هەمەجـۆر کۆدەکاتـەوەو رێ بـە سیاسـەتی تواندنـەوەو پاکتـاوکاری نـادات بەگوێـرەی پێویسـتی ژیانـی بیـرکاری فێـر دەبێـت، لەپێنـاو گەیشـتن بەسـەربەخۆیی لەفەلسـەفەی ژیانـدا قـووڵ دەبێتـەوە و بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی سیاسـەتە دڕندەکانـی رژێـم سیاسـەتی بەئەخـلاق فێـر دەبێـت بـۆ چارەسـەری گیروگرفتـە کۆمەڵایەتیەکانـی کۆمەڵـگا زانسـتی کۆمەڵایەتـی فێـر دەبێـت. لەبـواری جۆگرافیـای ئێـران و رۆژهەڵاتـی کوردسـتان شـارەزایی دروسـت دەبێـت. سـەردەمی جەحێلیەتـی دەبێتـە قۆناغـی راهێنـان راهاتـن و هێمنـی دەبێتـە قۆناغـی ئینسـکلۆپیدیا، قۆناغێـك کـە هاوشـێوەی سـۆقرات کـە دەڵێـت: «مـن دەزانـم کـە هیـچ نازانـم» ئەویـش قۆناغێـك ژیـان دەکات کـە دەڵێـت: «ئەوەنـدە دەزانـم کـە مـن مرۆڤێکـی نەخوێنـدەوار و هـەژارم»، لەبـەر ئـەوەی خەیاڵێـك لەمێشـکیدا گـەورە دەکات بـۆ زڕکاندنـی کات و جێـگا گونجـاو نابینێـت، هاوشـێوەی سـۆقرات کـە دەڵێـت: «بیرکردنـەوەی راسـت، ئەنجامـی کـرداری چـاك لەگـەڵ خۆیـدا دێنـێ، ئـەوکارەی بەباشـی کرابێـت کاری هـەر جـوان و رێـك و پێکـە». پرەنسـیپی (راسـت بیـر بکـەوە، بـاش کار بکـە، جـوان بـە) گەوهـەری ئەخلاقـی سـوقراتە، دەیکاتـە پرەنسـیپی ژیانـی.

هێشـتا لەقۆناغـی منداڵێتـی دایـە کـە بـاوك و بـرای دەکەونـە بـەر پەلامـاری کاربەدەسـتانی رژێـم، لەئاسـۆی بەرەبەیانـدا هێزەکانـی رژێـم هەڵدەکوتنـە سـەر ماڵیـان و بـێ وەڵام و پرسـیار بـاوك و بـرای دەسـتگیر دەکـەن، ئـەوکات هێشـتا چـاوی بەدونیـا هەڵنەهاتـووە کـە سـێبەری باوکـی لەسـەری لادەبرێـت. داخێکـی دیکـە بەسـەر دڵـی دادەنرێـت، مـات و بێهەسـت دەکرێـت، رژێـم بـە بچووکـی زامـداری دەکات. کاتێـك بـاوك و بـرای دەسـتگیر دەکرێـن چەندێـك غەمبـار دەبێـت و فرمێسـك لەچـاوی راناوەسـتێت، نازانێـت

بۆچـی بـاوك و بـرای دەگـرن، ئەوەنـدە دەزانێـت بەندیخانـە جێـگای ئەشـکەنجە و کوشـتن و لەناوبردنـە. ئیـدی دادوبێـداد دەکات و بـاوك و بـرام بـۆ کـوێ دەبـەن و پەلامـاری کاربەدەسـتان دەدات تـا بـاوك و بـرای رزگار بـکات. بـەڵام رووبـەڕووی لێـدان و تووڕەیـی کاربەدەسـتان دەبێتـەوە، هەرچەنـد هـاوار دەکات گـوێ بەهـاوار و گریانـی نـادەن، لەپێـش چاوانیـدا بەلێـدان بـاوك و بـرای قۆڵبەسـت دەکرێـن. ئەمـە عۆقـرە لـە لای ناهێڵێـت و نازانێـت چ بـکات، کەسـوکارە نزیکەکانـی دڵنەوایـی دەدەنـەوە، بـەڵام ئـارام ناگرێـت، سـەیری کلۆڵـی و مەینـەت بـاری خـۆی دەکات تووشـی هـەر چەشـنە کارەسـات دەبێـت.
کاربەدەسـتانی رژێـم لەسـەردەمی بچکۆلەییـەوە بـە دەسـتگیرکردنی بـاوك و بـرای دەیانەوێـت پەڕوباڵـی بشـکێنن. ئیـدی ژیانـی نـاو سیسـتەم لـەلای تـاڵ دەبێـت. نازانێـت بۆچـی ژیـان بـکات هیـچ خۆشـی ژیانـی بـۆ نەمـاوە، خـۆی لەگـەڵ هاوڕێکانـی بـەراورد دەکات ژیانـی ئـەو پـڕ لـە کـوڵ و ئێشـە، رژێـم هەمـوو ژیانـی لـێ زەوت دەکات. گۆشـەیەکی بچکۆلـەی ژیـان و لـەم دونیایـەدا بۆخـۆی نابینێـت و لادێ جـێ دەهێڵێـت. دەسـت لـە خوێندەوارخانـەی رژێـم بـەردەدات، رێـگای مزگـەوت تـەرك دەکات، هـەژار دەبێـت. پـاش کـۆی ئەمانـە بـاوك و بـرای رەوانـەی بەندیخانـە دەکرێـن و بەهەمـووی ئـەو خاڵانـە رادێـت، بـەڵام ناتوانێـت زیندانـی کردنـی بـاوك و براکـەی پەسـەند بـکات، دەیەوێـت بـاوك و بـرای لەچنگـی سـەربازەکان دەربهێنێـت، بـەڵام هێـزی تێـر نـاکات. ئەمـەش دەبێتـە بەشـێك لەخەیاڵـی منداڵـی ئـەو کـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هێزەکانـی رژێـم پێویسـتی بەهێـز هەیـە ئـەم ئـازارە لەگـەڵ چەرمەسـەریەکانی دیکـە دەچێژێـت. دەیەوێـت ببێتـە جەحێلێکـی تۆڵەسـتێن و چـاوەڕێ رۆژێـك دەکات کـە تۆڵـەی خـۆی لـەزۆرداران و غەدارانـی کۆمـاری ئیسـلامی بسـتێنێتەوە. تـا تەمەنـی (١٤) سـاڵی هەمـوو سـەخڵەتی و دژواری ژیـان دەچێژێـت.
پـاش دوورەپارێـزی لەمەڵبەنـدی خوێندەوارخانـەی رژێـم لەلێگەڕین بـەدوای مەکۆیەکی ئازاددایە، سـەرجەم مەکـۆی ژیانـی دەکاتـە خوێندەوارخانـەی خـۆی و هەمـوو ئیـش و کارێـك دەبێتـە بۆنـەی فێربوونـی. هەمـوو رووداوەکانـی ژیانـی دەبێتـە سـەرچاوەی وانەکانـی خوێندەوارخانـەی هـزری. ئـەم قۆناغـە بەهەمـوو سـەخڵەتیەکانیەوە تێدەپەڕێنێـت و بـەرەو ئاسـۆیەکی درەوشـاوە پێ‌هەڵدەنێـت، ئاسـۆیەك کـە هیـوای ئـازادی تێـدا دەبینێـت، ئاسـۆیەك کـە ئامێـزی بـۆ خەیالـە جـوان و خنجیلەکانـی جەحێلێـك دەکاتـەوە. فریشـتەیەك لەئاسـمانی خاکیـدا بـەدوای دەگەڕێـن، فریشـتەیەك بانگهێشـتی خوێندەوارخانـەی ئـازادی دەکـەن و بەدیتنـی ئـەو فریشـتانە گەشـاوە دەبێـت، بـەدوای خەیاڵـە منداڵیەکانـی دەکەوێـت.

٢٠١٢/١٢/٢٧
گارە ـ چاپەمەنی

## ◆ دڵۆپێک لەناو بیابانی بێبەردا

لـە قۆناخـی هـەرزەکاری هـەورە ڕەشـەکانی کۆماری ئیسـلامی ئێـران بەهێمنـی دادەماڵێـت، وەك دڵۆپێکی بـاران دادەکەوێتـە نـاو بیابانـی بێبـەری ڕژێـم، قۆڵبـڕی و دەسـت چەپەڵـی و دڵڕەقـی بـاو بۆرانەکان شـڵەژاو و سەرلێشـێواو دەکات. چەنبـەر و قوژبنـی ریـش سـپییەکان لەلێـواری ئەسـتێرە بریقەدارەکانـی «ئاسـمانی شـین» خاوێـن دەکاتـەوە، بەژیانـی سـادە کولێنـی قەڵەنـدەری و سـەخڵەتی و هێمنـی گرمـەی بەهـەورە ڕەشـەکان هێنـا، مێزەربەسـەر و عەبـا پۆشـەکانی تاریکسـتانی ئێرانـی رووت و قـووت کـردەوەو، مـەلا سـاختەو دەسـەڵاتدارە دڕندەکانـی سەرسـام و شـڵەژاو دەکات. ماسـتاوچی و پیـاز پاککەرەکانـی ڕژێمـی تاڵانچـی ئاوەچـۆڕ دەکات، وانـەی پاڵەوانـی و بوێـری و ئازایـی بـە پیاوکوژەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی دەدات، تینوێتـی مرۆڤـە ئـازادەکان لەدەشـتی بـێ دەسـتووری ئێرانـدا دەشـکێنێت، بـە ئـاوی ئـازادی بیابانـی بێبـەر ئـاوەدەدات و بـە دڵۆپێکـی بـاران بستێك لەخاکـی کوردسـتان شـین دەکاتـەوە. قەڵافەتـی ناحـەز و زلـی ئەژدیها ملهوڕەکانـی ژێـر و ژوور کـرد، چاڵـە بەفرەکانـی دەشـتی بێکۆتایـی بەخـرۆش و بزوێنـەری تواندەوە. لـە یەکەمیـن مەڵبەنـدی ژیانیـەوە تـا دوایـن وێسـتگەی ژیانـی کۆسـپ و بەرهەڵسـتەکانی سـەر شـەقامی ژیانـی دەخاتـە لێـواری زبڵدانـی مێـژووەوە و هیـوا و هێـزی وەك گلۆڵەیەکـی بەفـر، لەکانـی منداڵیـەوە تـا رووبـاری هـەرزەکاری گـەورەو گەورەتـر دەبێـت، ئیـدی هیـچ هێزێـك توانـای خۆڕاگـری لەبەرامبـەردا نییـە، چ کۆسـپ و تەگەرەیـەك بەرامبەریـدا هەبێـت رایدەماڵێـت. گلۆڵـە بەفـری تۆڵـە سـەندنەوە خـەو لەچـاوی کاربەدەسـتان دەگرێـت. تـادەڕوات گەنجـان خۆیـان دەلکێننـە گلۆڵەبەفـری ئـازادی، ئـەم گلۆڵـە بەفـرە ئیـدی شارسـتانی کێـوی لـەت و پـەت دەکات.

دابەزینـی لەگونـد بـەرەو شارسـتانی دەیخاتـە نـاو کـۆی دژەکانـەوە، پێداویسـتی ژیانـی سـاختەکاری دەوڵـەت ـ شـار بـەرەو شـارەگەورەکان راکێشـی دەکات قەشـمەر جـاڕی بەژیانـی سـاختەکاری شارسـتانی دەوڵـەت دەکـرد، قوتابخانـەی پشـکنینی بیـرو بـڕوای ڕژێـم واز لـێ دەهێنێـت، هاودەمـی رەنـج و پیشـەی فەرشـچنی و کرێـکاری دەبێـت، هاوڕێـی ئاوارەیـی و دەربـەدەری دەبێـت و دەبێتـە سـەرچاوەی فرمێسـك و ئـاخ و داخـی ئێـش و ئـازار و دەبێتـە قارەمانـی ئەفسـانەیی نەنـووسراوی مێـژوو، دەبێتـە لاپەڕەیەکـی خاوێنـی مێـژووی نەنـووسراوی گەلەکـەی، بەخوێنـی سـووری داسـتانی قارەمانـی لەسـەر ئـەو لاپەڕەیـە دەنوسـێت و دەسـتە درێژکراوەکانـی بـۆ ئـەم لاپەڕەیـە کـورت دەکاتـەوە، لەنـاو قەفەسـی دڵیـدا ئـەم لاپـەڕە سـپیە دەپارێزێـت و خەڵاتـی ئەویندارانـی خـۆی دەکات.

لەبەرەبەیانـی هـەرزەکاری دایـە، پریسـکێك رایدەکێشـێت و هەسـارەکانی «ئاسـمانی شـین» دەبینێـت، لەڕێـگای چەنـد خاوخێزانـەوە خـۆی دەگەیەنێتـە ئەسـتێرەکان، لەشـاری «ورمـێ» بەمەڵبەنـدی ئەسـتێرەکانی ئاسـمانی شـیناوی ئاشـنا دەبێـت، بەدیتنـی هەسـارەکان لەشـەوەزەنگەکانی تۆقێنـەردا شـادو هێمـن دەبێـت، لـەو کاتـەدا نازانێـت هەسـتێرەکان کێـن؟ چ دەکـەن؟ لەپێناوچیـدا تێدەکۆشـن؟ تەنیـا دەزانێـت هەسـارەکان مرۆڤـی داوێـن پـاك و بـژاردە و ژیـر و تێکۆشـەرن، هەسـارەکان دەکەونـە جەرگـەی دڵیـەوە، لای ئـەو خۆشەویسـت دەبـن و دۆسـتایەتی لەگـەڵ هەسـارەکان دادەنێـت، لەسـاڵی ١٩٩٠ بـەدواوەوە تێکەڵـی لەگـەڵ هەسـارەکان دروسـت دەبێـت، هەرزەکارێکـی پەیجـۆر و لێکۆڵـەرە. دەیەوێـت هەڵپێچـراوی گونـدی چکۆڵـەی دونیـا تێبـگات، لەبـواری مادیـەوە هەرچەنـد هـەژارە، نایەوێـت لەبـواری رۆحـی و هزرییـەوە هـەژار و دامـاو بێـت، لەدابـەش کردنـی دەرفەتـی مـاددی و مەعنـەوی دەس کـراوە بـوو، ئـەو شـتەی کـە هەیبوو لەگـەڵ هاوڕێکانیـدا دابەشـی دەکـرد، ئەمـەش دەبـووە هـۆی ئـەوەی کـە بـەردەوام هەرزەکارێکـی

کۆمەڵایەتی بێت و ببێتە پێشەوایەکی نەنوسراوی شەقامی نەناسراو، ببێتە هەسارەیەکی پچڕاوی ئاسمانی شین و نیشانەی دۆزینەوەی مەڵبەندی هەسارەکان!
لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ تا ساڵی ١٩٩٧ چوون و هاتنی بۆ خانەی خەباتی هەڤاڵان و وڵاتپارێزان سۆزداریانە دەبێت، پەیوەندی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی وڵاتپارێزان دروست دەکات و لەرێگای ئەوانەوە ناو و ئاوازی (PKK) دەبیستێت، لەساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ دوو هەسارەی (PKK) ئاشنا دەبێت و ئەم دوو هەسارە کە هەڤاڵی ژنن بە فریادڕەسی خۆ دەبینێت، هەرچەندێك پێشتر ناو و دەنگی (PKK) ی بیستبوو زانیاری و پڕۆپاگاندە سەرەتاییەکانی سەبارەت بە پارتی لەم دوو هەڤاڵەوە دەبیستێت، قسەکانی ئەو دوو هەڤاڵە بەلایەوە زۆر تازە دەبێت، وەها هەستی دەکرد کەوتوونەتە ناو دڵی ئەوەوەو قسەکانی دڵی ئەوی بۆ دەگێڕنەوە، لەسەر کردەوە دڕندانەکانی رژێم بۆی دەدوێن، سەبارەت بە مێژووی تێکۆشانی گەلی کورد و خەباتی رەوای (PKK) پڕۆپاگاندەی بۆ دەکەن. هەرچەند ژیان و شێواز و رێبازی بەربەرەکانێی (PKK)ی بەلاوە سەرسووڕهێنەر بووە، دیسان لەناو ڕاڕایی و دوودڵیدا دەبێت ئاخۆ ئەو رێبازەی ژیان بەدوایدا دەگەڕێت دەبێت ئەمە بێت؟ دەکەوێتە نێو بیرکردنەوەوە، ئەمە ئەو شتەیە من بۆی دەگەڕێم؟ دەرئەنجام تێدەگات ئەمە ئەو ژیانەیە کە ئەو بۆی دەگەڕێت. لەخەیاڵی منداڵیەتیدا بەدوای هێزێکی وەك گەریلادا دەگەڕێت، ئەم چاوپێکەوتنە وەك پریشکێك دەبێت بۆی کە لەناو دونیای ساختەی رژێمی کۆماری ئیسلامی هۆشیار دەبێتەوە، وەك دوو فریشتە کە لەدۆزەخی دەستکردی رژێمدا ئەو بەرەو بەهەشت رێنمایی دەکەن، بەهەشتێك کە بۆگەیشتن پێی، رەنج و تێکۆشانی پێویستە. بۆیە لەبەهەشتی هزریدا، ئازادی نیگار کراوە، دەیەوێت هەرزەکارێکی ئازاد بێت، گەلێکی ئازادی هەبێت، مێڵە ئاسنینەکانی قەفەسی ئازادی تێك بشکێنرێن، ئەو مێشك و باوەڕیانەی کەلەپچە و کوت و بەند کراون بپچڕێنردرێن.
بەدوای رۆژەنەیەکدا دەگەڕا، ئەو رۆژەنەیە لەلای ناوێزە بوو، نە مەلا و وانەبێژ و نەکاربەدەستانی ناو رژێم وەڵامی بلیمەت بوونی ئەویان نەدەدایەوە. فریادڕەسەکان بەوتاری دڵڕفێن و قسەخۆشی و پەیڤە شیرینەکانیان بەرەوە مەڵبەندی هیوا و ئۆمێد رایدەکێشن و لەناو دڵیدا هێلانەی رق و تۆڵە سەندنەوە ئاوا دەکەن، لەمێشکیدا ژەمراخی ئازادی رادەخەن، لەمێشکیدا پەشێوی و شپرزەیی و خەمباری و پەژارەییان بێبەری کرد، لەناودڵیدا هەناسە بڕکێی ترسیان بن بڕ کرد و گیانی ئازایی، وریایی، هێمنی و نەترسی بەبەر دەکەن و تیشك و روناکی ئازادی دەبەخشنە چاوە ڕەشەکانی، وشەو پیتی ئازادی دەچپێننە گوێچکەکانی و بەیداخی یاخیگەری شاباشی دەستەکانی دەکەن، پاپۆشی خۆڕاگری دەکەنە لاقە جوانەکانی، بەکۆڵەپشت هیوا و ئۆمێد رەوانەی خەیاڵە راستیەکانی دەکەن، خەیاڵی منداڵانەی بە بەڵێن و هاندان دەڕازێننەوە و خونچەی سەرکەوتن لەناو دڵیدا دەگەشێننەوە، بەرەو خوێندەوارخانەی فریادڕەس راکێشی دەکەن، بەرەو ئەرتەشی گەریلا و هێزی رزگارکەری مرۆڤایەتی هانی دەدەن، ناونیشانی فریشتەکانی کوردستانی پێدەدەن، بەلەمی ئازادی پێدەبەخشن تاوەکوو لەچیای «جودی» دابەزێت.
لەشەپۆلی زوڵم و زۆرداری، نادادپەروەری و گێژاوی مێردەزمەکانی دامودەزگای رژێم رزگاری دەبێت و زنجیری کۆیلایەتی، چەوسێنەری و دیلی لەمل دەردێنێت. سواری هەسپی تۆڵەسەندنەوە دەبێت و لەدەریای خنکێنەری رژێمدا بەهەسپی ئاوی خۆی دەگەیەنێتە دوورگەی «زاگرۆس ـ تۆرۆس»و بەرەو کۆشك و پەرستگەی کۆیلەکردنی مرۆڤەکان هەڵمەت دەبات، وەك «پێغەمبەر ئیبراهیم» بتە خەیاڵیەکانی

کۆمەڵگای ئێران بەتەوری زەمانە تێکدەشکێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە خەیاڵە تێکچووەکانی منداڵێتی ئاوا دەکاتەوە و بەتۆڵەسەندنەوە دەیەوێت زامە قووڵەکانی منداڵێتی چاك بکاتەوە، تێکدەرەکانی سفرەی ژیانی بگەیەنێتە سزای کردەوەکانیان و حەقدەستەکانی تاوانباران بخاتە ناو دەستیانەوە و دێو و مۆتەکەی منداڵیەتی لەخەوە شیرینەکانیاندا دەربهێنێت، دەیەوێت «فریشتە»ی ئازادی جێگری دێوەزمەی مێشکەکان بکات و قەڵای خۆڕاگری بەهەستەجوانەکانی هەڵبداتەوە، خەندەقی بەرگری لە دەوروبەری مێشکیدا هەڵکۆڵێت، بەرماڵی سەرکەوتن لەبەردەمیدا راخات، کڕنۆشی فریادڕەسەکانی سەردەم دەدات، بەئەنجام گرتنی ویستەکانی زەردەخەنەی بەهار لە رووخساری دەدرەوشێتەوە.

ئیدی سنووری قەدەغەو قۆرخ کراو ناناسێت و لەمێڵە ئاسنینەکانی بەندیخانەی تاریك ناترسێت و دەیەوێت دەنگی بخاتە پاڵ هەستی جوان و پاکی باوك و برای کە لەچاڵەڕەشەکانی رژێم گیرۆدەی ئەشکەنجە دەبوونەوە. رێبازی خەباتی باوك و براکەی درێژە پێدەدات، ناهێڵێت کڵپەی بەهۆنراوە کراوی تێکۆشانی بنەماڵەکەی دامرکێتەوە، بڵێسەی کوردایەتی گەشاوەتر دەکات، باوك و براکەی بە بۆنەی کوردایەتی گیرۆدەی زەلکاوی بەندیخانە دەبن. لەسەر رێبازی «پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران» هۆنراوەی کوردایەتییان گوتوە، ئەویش دەیەوێت ببێتە هۆنراوە بێژێکی نەتەوەکەی؛ بەڵام کات و دەرفەت بۆی نارەخسێت، مەراقی تێکۆشانی پارتە کوردیەکانی ئەو سەردەمە بەلایەوە زۆر سەرنج راکێش نابن چونکە کاتێك جموجۆڵی ئەو پارتانە لەناوچەکەدا هەیە ئەویش تەمەنی کەمە، هەروەها ئەو پارتانە (کۆمەڵە ـ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لەناوچەیەکی سنووردار خەبات دەکەن و پارتێکی خێڵەکی و چینینە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی داخوازیەکانی خۆی لەناو ئەو پارتانەدا نەبینێتەوە، هەر چەند وەك تاکێکی کورد و نیشتمان پەروەر ئەوەی لەدەستی دێت هاوکاری «پارتی دیموکرات» دەکات، تەنانەت گەلێك جار کۆمەڵێك بەیاننامەیان بڵاو دەکاتەوە و لەسەر دیوار دروشم دژی رژێم دەنوسێت و بژی کوردستان و بژی پارتەکوردیەکان دەنوسێت، چونکە بەلای ئەوەوە کێ بەرەنگاری رژێم ببێتەوە، جێگای پێزانین و رێز دەبێت، ئەو دەیەوێت هاوشانی ئەوان خەبات بکات و بەگوێرەی قەوارە و هێزی جەستەو هزری خەبات دەکات.

لەو سەردەمەدا ئەم پارتانە دەستپێشخەری خەباتی رۆڵەکانی گەلی کوردیان دەکرد، بۆسەرکەوتنی ئامانجەکانی ئەم پارتانە گەلێك خوێن رژێندرا، بەهەزاران هەزار کەس لەناو چاڵەڕەشەکانی رژێم لەناو چوون، بنەماڵەی ئەویش دەکەونە کاروانی خەباتگێڕان و بەدوای داواکاری مافەڕەواکانی خۆیان دەکەون، بەڵام ئەو رێبازێکی جیاوازتر هەڵدەبژێرێت، هیوای بە تێکۆشان و خەباتی ئەو پارتانە نامێنێت. پارتێك کە بەهەزران هەزار شەهید و گیراو و بریندارى داوە، بەڵام لەئەنجامدا پەنگ و مەند دەبێت، ئەنجامی خەباتی ئەم پارتە و خاوەندارێتی لەمیراتی گەلەکەی تووشی دڵەڕاوکێی و بێ هیوایی بە پارت و رێکخراوە چەپ ئاژۆ و کلاسیکەکان دەبێت. لاوێکە تووشی قەڵسی بەرامبەر پارتە کوردیەکانی ئەو سەردەمە دەبێت و شەڕی نێوان پارتە کوردیەکان لەگەڵ یەکدی دەبینێت، پرسیار لای دروست دەبێت، بۆچی، بۆچی؟ باوك و برام بۆچی لەسەر ئەم رێباز دەستگیر دەکرێن و ئەمڕۆ کەس خاوەندارێتی لەو میراتە ناکات؟ بەجێگای ئەوەی ئەو پارتانە یەکێتی نێوانیان دروست بێت، لەپێناو دەسەڵاتدا هێرشی سەر یەکتر دەکەن و یەکدی دەکوژن، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی ملهۆڕەکانی رژێم بەهێزتر بن و لایەنە کوردیەکان لاواز و پەرتەوازەتر بن. لەسەر ئەم بنەمایە گەلی کورد هەر رۆژ بێ هیوا و بێ ئۆمێد دەبێتەوە، کاتێك ئەو سەیری دڵسۆزی باوك و براکەی و بەشێکی گەورەی

گەلـی کـوردی دەکـرد و تەنانـەت بەهـۆی ڕێبـازی بنەماڵەکـەی لەخوێنـدن بـێ بـەش دەکرێـت، بـەڵام ئاقـاری ئامانجـی لایەنـە کوردیـەکان بـەرەو ئاراسـتەیەکی دیکـە دەڕۆیشـت، هەراسـان و خەمبـار دەبـوو. قۆناخێـك هاتـە ئـاراوە، ئیـدی هاوارێکـی گەشـاوە جێـگای هاوارێکـی دامـرکاو دەگرێـت و پارتێکـی فریـادڕەس جێـگای پارتێکـی دامـرکاو دەگرێـت. ورەیەکـی بـەرز و بەخـرۆش جێـگای بـێ دەنگـی و بـێ هێـزی دەگرێتـەوە، بۆرکانـە کوژاوەکانـی کوردسـتان هەڵدەگرسـێنەوە، پەڵـە هـەورە ڕەشـەکانی ڕووی پارتـە کوردییـەکان بەهـاواری «کوردسـتان ژێردەسـتە» بـڵاوەی پێدەکرێـت. هەتـاوی بەتینـی ئـازادی گەرمایـی دەبەخشـێتە زەوییـە سـەهۆڵاوییەکان، پارتـە بەسـتەڵەك کـراوەکان بەگەرمایـی تێکۆشـانی دەتوێنێتـەوە و خـۆری بەتیـن دەبێتـە هێـمای بـاوەڕی و تێکۆشـانی، شـاڵاوی ئـازادی ڕێـڕەوی لـە باکـووری وڵاتـەوە بـەرەو ڕۆژهـەڵات بڵاودەبێتـەوەو دڵۆپـە بارانەکانـی «ئاسـمانی شـین» بۆگەنـی و پیسـیەکانی دەشـۆردەوە. هـەر دڵۆپێـك لـەو بارانـە بەسـەدان جەحێـڵ وگەنجـی کـوردی لەپیسـایی ڕزگار دەکـرد، بارانێـك کـە لەگەڵیـدا بـە هـەورە تریشـقەکانی ڕووناکـی لەکوردسـتان بـڵاو دەکـردەوە، سـتەمکاری و دڵڕەقـی دڵـە بەردینەکانـی ڕژێمـی بـە خوڕخوڕەکانـی نـەرم و نیـان دەکـرد.

«حسـێن» مرۆڤێکـی ڕەنجـدەر و کرێـکارەو ڕەنـج هێـمای ژیانێتـی، ئەگـەر ڕەنـج نـەدات، ژیـان بۆخـۆی ڕەوا نابینێـت، لەنـاو ڕەنـج و سـەخڵەتیدا گـەورە دەبێـت و دەیەوێـت لەسـەر ئـەم ڕێـڕەوە درێـژە بەژیانـی بـدات. چونکـە ئەگـەر بزرکراوەیەکـی هەبێـت لەرەنـج و زەحمەتیـدا شـاراوەیە، گەلـی ناودەشـتەکانی زنجیـرە چیاکانـی «زاگـرۆس ـ تـۆرۆس» بەگەلێکـی ڕەنجـدەر دەبینێـت و دەیەوێـت سـێبەری ئـەو گەلـە پەلـی بەسـەر کوردسـتان و ئێرانـدا رابکێشـێت، گەلێـك کـە دەبێتـە داهێنـەری شـۆڕشـی کشـتوکاڵ، لەمێژووی مرۆڤایەتیـدا ئـەو گەلـە شـۆڕشـی ڕەنـج لەئامێـز دەگرێـت.

لەئەنجامـی لێکۆڵینەوەکانیـدا بەشـداری ڕیزەکانـی (PKK) دەبێـت، ئەمـە ونکراوەکەیەتـی کەبەدوایـدا دەگەڕێـت و دەیەوێـت لـە ڕەنـج دوور نەکەوێـت، چونکـە ئەوینـداری مرۆڤـی ڕەنجـدەرە، مرۆڤـە ڕەنجـدەرەکان بـە ئازادیخوازانـی کۆمەڵـگا دەبینێـت، بۆیـە ئەویـش دەیەوێـت ببێتـە مرۆڤێکـی فریادڕەسـی کۆمەڵـگا و بەرەنـج، زوڵـم و زۆرداری سـەر کۆمەڵـگا تێکبشـکێنێت. بۆیـە ئـەو خـۆی دەیگـوت: «مـن پرۆلیتـار لەدایـك دەبـم و دەمەوێـت بـە پرۆلیتـار بمـرم». بۆیـە ئـەم فەلسـەفەیە لـەلای بـووە هـۆی ئـەوەی کـە هیچـکات بەئاسـوودەی ژیـان بەسـەر نەبـات و بـەردەوام لەنـاو کارو چالاکیـدا بـوو. ئـەو دەیگـوت: «ملهۆڕەکانـی ڕژێـم شـەو و ڕۆژ لەهەوڵـی لەناوبردنـی ڕۆڵەکانـی کـوردن، ئـەو کات پێویسـتە ئێمـەش شـەو و ڕۆژ لەهەوڵـی ڕزگار کردنـی ڕۆڵەکانـی گەلەکەمانـدا بیـن» وەك «کاوەی ئاسـنکار» بەرامبـەر زۆحاکەکانـی هـاودەم رادەوەسـتێت و گەنجانـی ڕزگارکـەر لەچنگـی زۆحاکـەکان ڕەوانـەی پێدەشـتەکانی (زاگـرۆس ـ تـۆرۆس) بـکات.

بروسـکەی تێکۆشـان و خۆڕاگـری (PKK) ویژدانـی دەشـڵەژێنێت و شـەپۆلی گڵۆپـی تروسـکەدار ئاسـمانی ویژدانـی ڕوونـاك دەکاتـەوە. لەخەمـی دووری وڵات پڕشـینگی هەتـاو ئـازاری دەدات، لەدەربـەردەری و ئاوارەیـی شـارە بیانیـەکان ڕزگاری دەبێـت. بڕیـاری گەڕانـەوەی بـۆ ئامێـزی نیشـتمان دەدات و لەتەمەنـی پێگەیشـتنیدا گەڕانـەوەی بـۆ باوشـی نیشـتنگە دروسـت دەبێـت. لـە (١٥) سـاڵیدا لەگـەڵ دوو فریـادڕەس ئاشـنا دەبێـت ئـەم ئاشـناییە دەبێتـە هـۆی سـوورانەوەی ژیـان بـەرەو ئاقارێکـی دیکـەو ئاسـتی خەمخـۆری تێپـەڕی ئاسـتێکی گەورەتـر دەبێـت. ئـەم جـار تەنیـا لەبیـری بنەماڵەیەکـدا نابێـت؛ بەڵکـوو ئەرکـی سەرشـانی قورسـتر دەبینێـت، ئەرکـی نەتەوەیـەك دەخرێتـە سەرشـانی ڕاسـتییە شـاراوەکانی کۆمەڵـگای ژێردەسـتی بـۆ

ئاشکرا دەبێت و بۆی دەسەلمێنرێت گەلی کورد گەلێکی چەوساوە و ژێردەستەو لەگەڵ حەقیقەت ئاشنا دەبێت.
لە (٨) ساڵیدا ئەلف و بێ رەنجدان فێر دەبێت، بەڵام چوارچێوەی دیاریکراوی ژیان مەجالی ئاڵا وگۆڕی پێنادات، رەنج لەلای دەبێتە مۆمی ژیان، مرۆڤی بێ رەنج، وەك مرۆڤێکی بێ روح دەبینێت، چونکە رەنج وەك روحێك دەبینێت کە دەبەخشرێتە مرۆڤ، بەڵام لەوە دڵنیابوو کە ملهۆڕ و دەسەڵاتدارەکان لەسەر رەنجی گەلی کورد دادەنیشتن گەلی کوردیان وەك کۆیلەی خۆیان بەکار دەهێنا. ئیدی هەست دەکات ئەم گیروگرفتانە تەنیا گرێدراوی ئەو نییە، بەڵکوو ئەمە کێشەی نەتەوەیەکە، هەژاری و دامـاوی و دەربەدەری و بێکاری و نەخوێندەواری بەشێك لەسیاسەتەکانی بەدەستەوەگرتنی رژێم دەزانێت، بەڕێگای ئەم دیاردە تاڵ و دڵتەزێنانەوە، رۆڵەکانی کورد تاوانباری ئازادی دەکەن، ئیدی نایەوێت ملکەچی و گوێڕایەڵی رژێم و داروودەستەکەی بێت، بەساڵان بەرگەی زەجر و ئازار دەگرێت، زەجر و ئازاری پلان بۆداڕێژراو هەرس ناکات لە داپلۆساندن و تۆقاندن سڵ ناکات.
قۆناغێکی دیکەی ژیانی بەسەر دەبات، دەربازی بەرەبەیانی گەنجێتی دەبێت و بەچەپڵەڕێزان ئامێزی بۆ بەهاری گەنجێتی دەکاتەوە، دەبێتە چۆلەکەو لەسەر لق و پۆپی دارە وشکەکان سروودی ئازادی دەخوێنێت، قەڵەمبازی «بەبەهاری گەنجێتی دەست پێ دەکەم و بە بەهاری گەنجێتی سەردەکەوم» لەرۆمانی نەنووسراوی خۆی هەڵدەکۆڵێت، تێکڕای کون وقوژبنی کۆمەڵگا هەڵدەداتەوە، لەبن هەرتاشەبەردێکدا خوێنی هەڵرژاوی گەنجێکی کورد بۆن دەکات تەرمی بێ روحی رۆڵەیەکی کورد پەیدا دەکات، سێبەری دێوەزمەی چیرۆکە خەیاڵیەکان بەسەر کۆمەڵگادا هەڵدەداتەوە، ئیدی ئەو خۆی گەنج دەبینێت ناکۆکی و یاخیگەری بوونی هەڵدەگەڕێنێتە چالاکی دیموکراتیانە.
هیچ لەسەر شەرڤان بوون بیر ناکاتەوە، گوایا رۆژێك ببێتە شەرڤانێکی (PKK)، ئەو خۆی بە لایەنگیر و پشتیوانی ئەو پارتە دەزانێت، ئیدی پەیوەندیەکانی رۆژبەرۆژ لەزیاد بووندایە، ئیدی دەیەوێت هەر رۆژ ژیانی خۆی لەگەڵ هەڤالان بباتە سەر؛ بەڵام لەبەهاری (١٧) ساڵیدایە هەورێکی ڕەش سەرتاسەری کوردستان دادەپۆشێت ئەویش ئەو رۆژ دەبێتە «رۆژی رەش»ی گەلی کورد، دەم شڕ و جەلادەکان بە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی بەختی بریقەداری گەلی کورد رەش و تاریك دەکەن و بەم گەلەکۆمەیە ئاوێکی تەزیو بەسەر هەرکەسێکدا دەڕژێت، پەڵەهەورەڕەشەکانی وڵاتانی نێودەوڵەتی «خۆری ئازادی» حەشار دەدەن، چونکە دەیانەوێت لەناو تەمومژدا بیخنکێنن و گەلی کورد لە«خۆری ئازادی» بەش بڕاو بکەن و مێژووی رەشی کورد زیندوو بکەنەوە و پەیامی دڕندەیی خۆیان بە بناغەی نوێ کورد رابگەهێنن.
بەڵام «خۆری ئازادی» شوێنی خۆی لەدڵی هەر گەنجێکی کوردا کردبووەوە، دەیانویست بەشاردنەوەی «خۆری ئازادی» دونیا بە پەردەی تاریکی داپۆشن و پێشەوای هاودەمی گەلی کورد لەناو کۆت و بەندی داگیرکەریدا بتاسێنن. گەنجان بێ رێبەر و پێشەوا بهێڵن، تابەم جۆرە چ پیلانێکیان هەبێت لەسەر گەلی کورد بەڕێوەی ببەن، دەیانویست رۆژەنەی هیوا و بزێوی گەنجان بگرن تا خوێندەوارخانەی ئازادی قۆفڵ بکەن و لەپارزەمینی کوردستان بە بەرزبوون و دابەزینی ئیرادەی گەل یارییەکانیان بەردەوام بکەن و نیگارخانەی پاڵەوانی بەگۆمی خوێن بنەخشێنن.
(حسێن) بووە گەنجێك، بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی داگیرکەران هەڵسوکەوت دەکات، ئەوەبوو

گەلەکۆمـەی نێودەوڵەتـی بـووە هـۆی بەشـداربوونی بـۆ نـاو ریزەکانـی گەریـلا، ئیـدی لەبەرامبـەر دڕندەیـی و دەسـتدرێژی سـتەمکاران بـێ دەنگـی هەڵنەبـژارد، بـە هەڵقوڵانـی هـەر رووداوێـك هێمـن و ئـارام دەبـوو؛ بـەڵام بـە رووبەرووبوونـەوەی ئـەم کارەسـاتە ئیـدی ئۆقـرەی لا دەبڕێـت ناتوانێـت هێمـن و ئـارام بێـت، دەیەوێـت بەختـی رەشـی گەلـی کـورد بکاتـە بنەمـای گەڕانـەوەی کاروانـی تۆڵەسـێنەران و بەشـداری کاروانـی تۆڵەسـێنەران دەبێـت، بەرۆحـی تۆڵەسـەندنەوە تێپـەڕی قۆناغـی گەنجێتـی دەبێـت، ئیـدی بـۆ قۆناغێکـی دژوار خـۆی توندوتـۆڵ دەکات. دەیەوێت لەژیانـی پـڕ مەینـەت و خەمبـاری ماڵئاوایـی بـکات و چارەنوسـی ژیانـی لەسـەردەمی گەنجێتیـدا بەئاقارێکـی دیکـە راکێـش بـکات و نایەوێت وەك سـەردەمەکانی رابـردووی خـۆی بەدەسـتەوەی سیاسـەتەکانی داسـەپاوی رژێـم بـدات.

دەیەوێـت ببێتـە دڵۆپێکـی بـاران لەبیابانـی چـۆڵ و تاریکسـتانی ئێرانـدا ببارێـت و زاری وشـککراو و بێبـەری گەنجانـی کـورد تـەڕ بـکات، سـەوزەڵانیەکانی پێدەشـتەکانی «زاگـرۆس ـ تـۆرۆس» ئاوەکـی بـکات و لەگـەل هاودڵۆپەکانـی دیکەیـدا لافـاوی ئـازادی هەسـتێنن و دیـواری دڕندەیـی و سـتەمکاری هەڵبوەشـێنن، بەیەکڕیـزی و یەکێتـی دڵۆپـەکان لەبـەردەڵان و کەنـد و لەندکـراوی کوردسـتان ئـاوازی ئـازادی هەڵـدەن.

گارە ـ راگەیاندن
٢٠١٢/١٢/٣٠

## ◆ نەوەی ڕاپەڕینی ١٥ی شوبات

تـەم و مـژی خـەم کوردسـتان دادەپۆشـێت و دەیخاتـە نـاو گۆمـی پـەژاری و خەمبارییـەوە، ئـادگاری دارە سـەربەرزەکان سـەرەوژێر دەبـن و گوڕاڵەکانیـان سیسـاوە دەبێـت. دەشـتی پـڕ لەگـوڵ، ژاکاوە دەبێـت، خوانـی پـڕ لەئـارەزوو و هیـوا، پـڕ لەکـول و ئێـش دەبێـت و ئـاوی دەریـای شـین، لێـڵ دەبێـت. سروەی بەرەبەیـان تۆفانـی دەبێـت، دەشـتی سەرسـەوز و ئـاوی، وشـك و بیابانـی دەبێـت. خـۆری ئـازادی لەپشـت پەڵەهەورەڕەشـەکانی دیـل دەکرێـت. ماسـی نـاو دەریـاکان هەراسـان دەبـن، جوانـی مانگـە شـەو شـاراوە دەبێـت و پەڵکەزێڕینەکانـی بەهـاری لەنـاو دەبریـن، چیـا سەرسـەوزەکان قژیـان سـپی دەبێـت و دارسـتانی نـاو کـەژ وکێـوەکان ناڵـەو شیوەنی ماڵئاوایـی لێـدەدەن. سـفرەی سـێبەر رادەخـەن و دونیـای ئـازاد، بەتێلـی دڕکـدار دەتەننـەوە، ژوورە ڕۆشـنەکان لەپشـت مێڵەئاسـنینەکان تاریـك دەکەنـەوە.

دەیانەوێـت گەلـی کـورد لەتیـن و وزەی (خـۆری ئـازادی) بێبـەش بکـەن تـا هەناسـەی ژیـن بتاسـێنن، تیشـکە بریقەدارەکانـی بپسـێننەوەو شـینایی کۆمەڵـگا سـیس و بێبـەر بکـەن. جـل و بەرگـی بیابانـی، هەڵکێشـی دەشـتی سەرسـەوز بکـەن، بروسـکەی کـوژاوەی مێـژوو، لەنـاو بەفرەچاڵەکانـدا بەسـتەڵەك بکـەن، شـەوق دانـەوەی نیگارکێشـی تابلـۆی «کوردسـتانی ئـازاد» لەنـاو گلکـۆی مێـژوودا زینـدە بەچـاڵ بکـەن. پێشـەوای سـەردەمی شۆڕشـگێڕان لەنـاو سـەردەمی نەزانیـدا بەدیلـی رابگـرن، هەڵاتنـی رۆژ لەپشـت زنجیـرە شـاخەکانی زاگـرۆس ـ تـۆرۆس لەبەرەبەیانـی ئـازادی لەکوردسـتاندا دامرکێنـن، شـاری پێغەمبـەران (ئۆرفـا) لەنـاو زەلـکاوی تێکـدەری و تیـرۆردا نۆقـم بکـەن. کوردسـتانی پـڕ لەگوڵاوگوڵـزار بکەنـە بیابانـی بێبـەر وبـوم و ئاسـمانی پـڕ لەهەسـارەی درەوشـاوە تاریـك بکـەن. مۆمـە گەشـاوەکان بـە گەردەلوولـی بیابـان کـوژاوە بکـەن، هەڵمـی ئـازادی لەسـەهۆڵدانی مێـژوو دیـل بکـەن و زەوی بـێدار و بێگوڵاوگوڵزارمـان بـۆ نەخـش ونیـگار بکـەن، دوورگـەی پـەژاری و خەمباریـمان بـۆ ئـاوا بکـەن، لەنـاو لافـاوی تێکـدەری بمانخنکێنـن و لەنـاو پەرسـتگەو خوێندەوارخانـەی کوێـرەوەری زەینکوێـر و نەزانمـان بکەن. لەرواڵەتـی شارسـتانی سـەرمایەداریدا، بۆیاخـمان بکـەن و لەنـاو سـەردەمی میتۆلۆژیـا مـات و سەرسـام مـان بکـەن، لەنـاو بەهەشـت و جەهەنەمـی خەیاڵـی بمانخنکێنـن، لەنـاو مەیدانـی (ئارانـا)ی رۆمـی باسـتان لەت، لەتمـان بکـەن، لەنـاو تەکنۆلۆژیـا و زانسـتی سـەردەم هـار و هاجـمان بکـەن و پەنجـەرەی بەختەوەریـمان بێپـەردە بکـەن.

خـۆری ئـازادی بـۆ یەکەمیـن جـار، تیشـکی درەوشـاوەی خـۆی بەسـەر کوردسـتان رادەکێشـێت و لەپشـت شاخەسـەربەرزەکانی کوردسـتان سـەرهەڵدەدات، ئـەم خـۆرە سـنووری بنەماڵەپەرەسـتی، خێڵگەرایـی، عەشـیرەگەرایی، ناوچەگەرایـی و رەگەزگەرایـی ناناسـێت و بێجیـاوازی و دابـڕان تیشـکی خـۆی بەسـەر هەمـوو چیـن، توێـژ و خێـڵ و عەشـیرەت، بـاوەڕی و بڕوایـی و سـەرجەم هەرێمـەکان رادەکێشـێت، تـا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی تەنانـەت دژبەرەکانیـش بـاوەڕی بـە بـڕواکان و زینـدوو بوونـی هەسـتی نەتەوەیـی، بەهێـزی چەوسـاوەی ژن و گەنجـان بهێنـن. سـنووری دیارکـراوی تێکۆشـان لەنـاو هـزری مرۆڤـەکان بـن بـڕ دەکات و چەمکـی نامـۆ بـوون لەکەسـایەتیدا دادەمرکێنێـت، تواندنـەوەو خۆتواندنـەوەی تاکـەکان هـەرس نـاکات، خۆفرۆشـی و وڵات فرۆشـی لەکوردسـتاندا هـەرزان و بێنـرخ دەکات و هێلانـەی ئاژاوەچیـەکان دەسـووتێنێت، هـزری بێناوکـی تاکـەکان پـڕ و بەبەرهـەم دەکات.

تیـن و وزەی هـزری بەسـتەڵەك کـراوی جەسـتەی سەرسـەوز، بـە پێنوسـی رامیـاری دەتوێنێتـەوە، هەسـتە مـردووەکان زینـدوو دەکاتـەوەو جەسـتەی پارچەپارچـە کـراو یەکدەخاتـەوە، کوردسـتانی چیمەنتۆکـراو،

شیناوی و ئـاوەدان دەكاتـەوە و هێڵـی نیشـتمانپەروەری جێگرتـووی هێڵـی خۆفرۆشـی دەكاتـەوە، ویژدانـە سەهۆڵبەسـتووەكان كوردسـتان دەتوێنێتـەوە و ئاسـنە سـاردكراوەكان، گـەرم دەكاتـەوە. جـێ زامـی دڵـە بریندارکـراوو شكسـت خـواردووەكان بـە فەلسـەفەو رامیـاری دەپێچێـت، دارە بێبـەر و سیسـەكانی كوردسـتان بەبەرهـەم و پشـكۆتر دەكاتـەوە، زمانـە كـپ كـراوەكان ئـاوەڵا دەكات، گـوێ كـپ كـراو وچـاوە داخـراوەكان كـراوە دەكات و ئەگریجـە شـێواوەكانی رۆخسـاری كوردسـتان دەڕازێنێتـەوە، ئەویندارەكانـی ژیانـی سەرسـەوز لەحەزلێكراوەكانیـان نزیـك دەكاتـەوە.
قرنۆسـی و دڵچەپەڵـی ناحەزانـی كوردسـتان بەرگـەی پێشـكەوتنی رۆڵەكانـی كـورد ناگـرن، بەئازادبوونـی گەلـی كـورد لەزنجیـری كۆیلەتـی، چاویـان هەڵنایـەت، چونكـە بەچەوسـاوە بوونـی ئـەم گەلـە ئـارام دەگـرن و دڵخـۆش دەبـن. بەهێشـتنەوەی گەلـی كـورد لەنـاو هـەژاری و چەرمەسـەریدا هێـز و توانـا دەگـرن و سـەرچاوەی هێـز و توانـای رۆڵەكانـی كـورد، دەكەنـە ئامانجـی پیلانـی چەپـەڵ و دڕندانـەی خۆیـان.
بۆیـە لـە ١٩٩٨/١٠/٩دا بەگەلەكۆمەیەكـی نێودەوڵەتـی، بڕیـاری رەش كردنـی بەختـی گەلـی كـورد دەدەن، سـەرەتای پیلانگێـڕی وڵاتـی (سـوریا)یە و كۆتاییەكـی دەبێتـە وڵاتـی كنیـا. لەوڵاتـی بێیاسـا راپێچـی دەكـەن و رەوانـەی گۆڕەپانـی (ئارانـا)ی رۆمـی هاوچەرخـی (دوورگـەی ئیمڕاڵـی) دەكـەن، رۆژی راپێچكردنەكـەی كـە (١٥)ی شـوباتە، لـەلای گەلـی كـورد دەبێتـە رۆژی ڕەش، رۆژی خەمبـاری و پـەژاری، بۆیـە لـە (١٥) ی شـوباتدا سـەرتاپای كوردسـتان دەشـڵەژێت و تۆفانـی رق و كیـن نشـێوی داگیركـەران دەبێـت، دەنگـە كـپ و دیـل كراوەكانـی كوردسـتان، قەفەسـی بێدەنگـی دەشـكێنن و بـە ئـاوازی (بـژی سـەرۆك ئاپـۆ) نشـێوی شـەقام و كۆڵانـەكان دەبـن، بەدروشـمی: «كـەس ناتوانێـت خـۆری ئازادیـمان لـێ تاریـك بـكات» گـوڕ بـە سـەرهەڵدانەكانیان دەدەن. دەوری خـۆری ئـازادی روونـاك دەكەنـەوە، حەڵقەیەكـی ئاگریـن لـەدەوری دروسـت دەكـەن، بەدروشـمی؛ «ئێمـە لەگەڵتایـن ئـەی سـەرۆك» هاوخەمـی و هاوسـۆزی خۆیـان بەرامبـەری دەردەبـڕن. بەملیۆنـان گەنـج لەكوردسـتان دەنگـی خاوەندارێتـی بـەرز دەكەنـەوە، بـەو دەنگـە دەیانەوێـت بێڕەحمـی و چاوچنۆكـی نەیـاران بشـكێنن. (حسـێن) یەكێـك لـەو گەنجانەیـە كـە لەناخـی دڵیـەوە ئـەم دروشـمانە دەگەیەنێتـە بـەرزی ئاسـمان.
گەلـی كـورد بەدەسـتپێشـخەری گەنجـان، لەرۆژهەڵاتـی كوردسـتان هاوشـانی بەشـەكانی دیكـەی كوردسـتان هەوڵـی پووچـەڵ كردنـەوەی گەردەلوولـی گەلەكۆمـەی نێودەوڵەتـی لەسـەر (رێبـەر ئاپـۆ) دەدەن. ئـەو گەردەلوولـە ویژدانـی گەنجـان دەهەژێنێـت و لەخـەوی هـەزاران سـاڵەی چەوسـێنەری هەڵیاندەسـتێنێت، گەنجـان لەسـەرجەم شـارەكانی رۆژهەڵاتـی كوردسـتان بـۆ خاوەندارێتـی لە(خـۆری ئـازادی) دێنـە سـەر شـەقامەكان و بەرێپێوانـی جەمـاوەری، وەفـاداری خۆیـان بـۆ رێبـەر ئاپـۆ دەردەبـڕن، لەهەمانكاتـدا هاوشـانی شـارەكانی دیكـە، خەڵكـی (ورمـێ) مەڵبەنـدی هەڤـاڵ (حسـێن)، بەگڕوتینێكـی پتـەو، رق وكینـی خۆیـان دژی ناحەزانـی پیلانگێـڕی نێودەوڵەتـی دەردەبـڕن. ئەویـش وەك گەنجێكـی پایەبـەرز و نەجیـب، لەكاروانـی سـەرهەڵدێران جێگـە دەگرێـت. لـە(١٥)ی شـوباتدا، دەبێتـە یەكێـك لەئەویندارەكانـی (خـۆری ئـازادی)، دەبێتـە منداڵـی بـەرەی (١٥)ی شـوبات تـا ئـەرۆژە ڕەشـە بكاتـە رۆژی ژیانـەوەی خـۆی، رۆژی دووبـارە لەدایكبوونـی و رۆژی بەڵێـن و پەیـمان لەگـەل تێكۆشـەرانی كوردسـتان.
لـەو رۆژەدا چاوەكانـی (حسـێن) پـڕ لەفرمێسـك دەبێـت، دڵـی لـە نـاو كـوڵ وئێشـدا دەكوڵێـت و بەرگـەی ئـەم ناحەقـی و دەسـتدرێژی ناگرێـت، بـە گـڕ و تیـن و خرۆشـەوە بەشـدار دەبێـت، لـە سـەرهەڵدانی (٣)ی رەشـەمەی ١٩٩٩ كـە لەشـاری (سـنە)ی خوێنـاوی دەسـت پێـدەكات و لەسەرتاسـەری شـارەكانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوە دەکات، بە بەشداربوونی کین وڕقی هەمبەر خوێنمژەکان خاڵی دەکاتەوە. هاندەری درێژەپێدانی سەرهەڵدانی گەنجان دەبێت و دەستێوەردانی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژێم قەڵسی دەکات، لەو ڕۆژەدا شاهیدی دەستبەسەر و بریندارکردنی سەدان گەنج دەبێت، دەیان گەنج لەپێش چاوانی فیشەك باران دەکرێن، ئەم کردەوە دڕندانەی ڕژێم زامەکانی قووڵتر دەکات و دڕندەیی هێزەکانی ڕژێم بەرچاوانی تاریك دەکات. ئیدی کوڵ و ئێش سەرخۆشی دەکات و لەجێگای خۆیدا ناسرەوێت، دەیەوێت دەنگی ناڕەزایی و ڕق وکینی بگەیەنێتە گوێ جیهانیان و زۆرداری و دەستدرێژی داگیرکەران ریسوا بکات، بەدەیان جار لەرێپێواندا پەلامار دەدرێت و باتۆمی بەکرێگیراوەکان دەچێژێت، لەووریایدا خۆی لەدەستی هێزە سەرکوت کەرەکان رزگار دەکات.
لەو سەردەمەدا بەیداخی سەرهەڵدان لەسەرجەم کون و قوژبنی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشاوەتر دەبێت، گڕوتینی گەنجان دەست و قاچی داگیرکەرەکان دەسووتێنێت، هانای سەرهەڵدێرەکان لەگوێ ملهوڕەکان دەنگدەداتەوە، گرژی ویژدانەکان، لافاوی رق لەشەقامەکان هەڵدەستێنێت. یەکێتی هاناو دروشمەکان چۆکی هێزەکانی ڕژێمی تووشی ترس و لەرز دەکات، (حسێن) بێ دوودڵی بەشداری ریزی سەرهەڵدێرەکان دەبێت و وەفاداری و دڵسۆزی خۆی بەرامبەر نیشتمانەکەی بەجێدەهێنێت. بە بەرد و دار و هانای ئازادی وەڵامی گولە ئاسنینەکانی هێزە سەرکوت کارەکان دەداتەوە، تۆڵەی هاودەرد و هاوڕێکانی دەستێنێتەوە. ویژدانی کوڵاوی، سارد نابێتەوە و جۆشوخرۆشی شۆڕشگێڕانە لەبەری دەکرێت، ئیدی هەست دەکات هێزەکانی ڕژێم حیسابی بۆ دەکەن، ئەم جارە داگیرکەر لێی دەترسن، بەگەورەیی لافاوی تووڕەیی گەنجان هەست دەکات و دەبینێت هیچ شتێك بەرگەی یەکێتی و یەکریزی گەنجان ناگرێت، ئیدی گەنجان زنجیری ترس و تۆقێنەری دەپچڕێنن، بە زنجیری یەکێتی و یەکریزی، یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی خۆ بەیەکدی دەبەستنەوە.
بە گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٩٩ دەیانەوێت لەکەسایەتی ڕێبەر (ئاپۆ)دا ئیرادەی ئازادی گەلی کورد تێکبشکێنن، خشەخش و هەراوهۆرای پشکۆژی سەر دارەکان هەڵبوەرێنن و بەهاری ئازادی، وەربگەڕێننە گەڵارێزانی پاییز و زەردەخەنەی بەهاری گەلان وەربگەڕێننە گۆمی شین و خەمباری، سفرەی ڕاخراوی ئازادی بسووتێنن و تیشکی گەرمی ئاسمانی ئاوی سارد بکەنەوە، چەکە گەرمەکان بێدەنگ بکەنەوە و شۆڕشی هاوچەرخی گەلی کورد، وەك شۆڕشەکانی دیکە تێکبشکێنن.
لەو قۆناغەدا ژیان کردن و بەرگەگرتنی ئەو نەهامەتیە بۆ (حسێن) گەلێك دژوار و قورس دەبێت، هەستە ناسکەکانی بەرگەی ژیانی ئەو ڕۆژە سەخت و دژوارانە ناگرێت، هیچ کاتێك چاوەڕوانی ڕۆژێکی وەهای نەدەکرد کە گەلی کورد تووشی کارەساتی بەم رەنگە ببێت بەتایبەت ئەو گەردەلوولەی بۆ گەلی ڕۆژهەڵات بە کارەسات و نەهامەتی دەزانی؛ بەڵام بەهۆی تیشکی بریقەداری بەهێزو توانای(خۆری ئازادی) پیلانە چەپەڵەکان بەلای دوژمن دەشکێنەوە.
(١٥)ی شوبات دەبێتە هۆی پتەوبوونی هەستی نەتەوایەتی لەهەرچواربەشی کوردستان، دەبێتە پڕشینگی یەکێتی نەتەوەیی، دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی دەنگی ستەم لێکراوەکان. لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە بەستێنی یەکێتی گەل، دەبێتە هەوێنی ئیرادەی ئازاد، دەبێتە سەرەتای هەنگاوێکی نوێ بەرەو کاروانی ئازادی و شەکاوە بوونی بەیداخی تێکۆشان لەکوردستان، بەرز بوونەوەی ڕۆحی ژیانی ئازاد و خۆڕاگر، بەهەمان شێوە لەکەسایەتی ئەویش ئەم خالانە بەرجەستە دەبن، ئەویندارى کوردستان دەبێت و جلی بەرگری لەنیشتمان دەپۆشێت.

هـاوكات لەگـەڵا رەش بوونـی ئـەم رۆژە، بەخۆڕاگـری و تێكۆشـانی گەلـی كـورد، (١٥)ی شـوبات دەبێتـە رۆژەنـەی ژیانـەوەی نـوێ كـورد. دەبێتـە رۆژی یـەك هەڵوێسـتی، یـەك ئاهەنگـی و یـەك رەنگـی، دەبێتـە رۆژی هەڵقوڵانـی ئیـرادەو بـاوەڕ، رۆژی هەڵسـانی لافـاوی تۆڵـەو نەفـرەت و رۆژی سـووتانی چەمـك و هـزری دەوڵـەت، رۆژی سـەرهەڵدان و نەترسـی لەمـردن و گرتـن و ئەشـكەنجە، دەبێتـە رۆژی گەیشـتن بەسـەركەوتن و رۆژی تێكدانـی رێككەوتنامـە هەرێمـی و نێودەوڵەتیـەكان كەلەسـەر گەلـی كـورد واژۆ كـراوە، لـەم رۆژەدا شـەپۆلی فەلسـەفەو رامیـاری (ئاپۆیـی) پریشـك دەداتـە سـەرجەم شـارەكانی رۆژهەڵاتـی كوردسـتان، رۆحـی (ئاپۆیـی) لەبـەر گەنجانـی نیشـتمانپەروەر دەكرێـت.

شـەپۆلی بەشـداربوون بـۆ نـاو ریزەكانـی گەریـلا بـۆ شـاخە سـەربەرزەكانی كوردسـتان دەگاتـە لووتكـە، بەشـداربووانی سـاڵی ١٩٩٩ بەتایبەتـی لەرۆژهەڵاتـی كوردسـتان، خـاوەن مانـاو پێگەیەكـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، مانـای یەكەمـی واتـە نـەوەی تۆڵەسـەندنەوەن، پێگـەی كلیلـی پووچەڵكردنـەوەی پیلانگێڕییـە، ئـەو نەوەیـەی كـە بەهیـچ شـێوەیەك چەوسـانەوەو زاڵبوونـی داگیركـەر و دوژمنـان بەسـەر گەلـی كـورد قەبـووڵ نـاكات، لەسـەروو هەمووشـیانەوە خاوەنداریێتـی لەرێبەرایەتـی مێژوویـی خۆیـان دەكـەن، ئەویـش یەكێـك لـەو نـەوە تێكۆشـەر و شۆڕشـگێڕ و خـاوەن هەڵوێسـتانەیە كـە بـەو هێـز و ئیرادەیـەوە بەشـدار بـوو، بۆیـە كـەوا خـاوەن دەركەوتنێكـی پـڕ بـە مانایـە، خـاوەن دەركەوتنێـك كـە هەمـوو گەلـی كـورد لـە رۆژێكـی وەهـادا پێویسـتی پێـی بـوو، ئـەوەش وای كـرد كـە دوژمنـان نەتوانـن دەسـتدرێژی لەسـەر رێبەرایەتـی گەلـی كـورد بكـەن.

بۆیـە ئەویـش (١٥)ی شـوبات لـەلای خـۆی دەكاتـە رۆژی راپەڕیـن و شـكاندنی تابلـۆ بەسـتەڵەككراوەكانی نـاو كۆمەڵـگا، بەبەشـداری سـەرجەم پێكهاتەكانـی كۆمەڵـگا لەرێپێوانـە خۆرسـكەكەی (١٩٩٩) ورەی بـەرز دەبێتـەوە، ئەویـش هاوشـانی گەنجانـی دیكـە، خوێـن چاویـان سـوور دەكات، ئیـدی لەمـردن و گرتـن ناترسـێت، ئیـدی هەسـتی دەكـرد گەنجێكـی خـاوەن ئیرادەیـە و هێزەكانـی رژێـم دەیانەوێـت ئـەو هێـزی ئیـرادە تێكبشـكێنن بـەڵام بەڕەنـگاری ئـەو هێـز دەبێتـەوە، بەرگـری لەمافـی رەوای خـۆی و نەتەوەكـەی دەكات.

(١٥)ی شـوبات لـەلای ئیـدی رۆژی گومـان و ڕاڕایـی نابێـت، بەڵكـوو دەبێتـە رۆژی سەربەسـتی و ملنـەدان و ئاسـوودەیی و راوەسـتان، رۆژی یـەك لاكـەرەوەی ناسـنامەی كوردایەتیـی و رۆژی هەڵبژاردنـی ژیانـی ئـازاد و دادپەروەریـی، بـەرۆژی هەبـوون و نەبوونـی كـورد لێكـی دەداتـەوە. خاوەندارێتـی لە(رێبـەر ئاپـۆ) بـە بەرگـری لەهەبوونـی ناسـنامەی خـۆ و گەلەكـەی دەزانێـت. بۆیـە بەبەرپرسـیارییەوە گیروگرفتەكانـی ئـەو رۆژ بەئامێـز دەگرێـت و سـاتێك بەرامبـەر ئـەو رووداوە كەمتەرخـەم نابێـت، دەبێتـە قەڵغانـی بەرگـری مێـژووی شـاراوەی نەتەوەكـەی و بەرگـری لەكەسـایەتی (خـۆری ئـازادی)، بـە بەرگـری لەناسـنامە و مێـژوو و كولتـوور و بەخشـەندەیی نەتەوەكـەی دەبینـی.

لـەو رۆژەدا وەكـوو بەشـێكی زۆری گەنجـان، بڕیـاری پیـرۆزی بەشـداری بـۆ نـاو ریزەكانـی گەریـلا دەدات، چونكـە خـۆی بـە دەینـداری (رێبـەر ئاپـۆ) و شـەرڤانانی ئـازادی دەبینێـت. بۆیـە بـە بەشـداربوونی لـەو قۆناغـەدا دەبێتـە نـەوەی راپەڕینـی (١٥)ی شـوبات لەرۆژهەڵاتـی كوردسـتان، بـەرەی شـەرڤانانی سـاڵی ١٩٩٩ بـۆ نـاو ریزەكانـی گەریـلا بەبـەرەی تۆڵەسـتێنی (١٥)ی شـوبات نـاوزەد دەكرێـن، ئەویـش دەبێتـە قەڵغانـی پووچـەڵ كردنـەوەی ئـەو پیلانگێڕییـە. ئیـدی لەلێگەڕینـی ناوێكـی دیكـە بەگوێـرەی كاراكـتری نـوێ خـۆی دەبێـت، پـاش پیلانگێـڕی، ئیـدی نایەوێـت لەتاریكسـتانی ئێرانـدا ژیـان بەسـەر بەرێـت، (١٥)ی

شوبات دەکاتە تۆخمی بەشداری بۆ ناو هێزەکانی گەریلا و دەیەوێت هەسارەکان لەدەوری (خۆری ئازادی) گەشاوەبن و ببنە هیوای ئازادی. بە بەشداری لەسەرهەڵدان و بەشداری بۆ ناو ریزەکانی گەریلا، ئەو پەیامە نوێیە بەگەنجان دەدات، کە بۆ گەیشتن بە ئازادی تێکۆشان پێویستە، پەیامی گەورەکردنی ئەرتەشی رەوای گەلی کورد، پەیامی قۆتاربوونی گەنجان لەداوە چێنراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

خونچەی بەهاری گەنجێتی دەمدەکاتەوە، لەگەڵ زام و ئازارەکانی قۆناغی هەرزەکاری راهاتبوو، زام و ئازار هاورێی سەردەمی گەنجێتی ئەو دەبن، دەستپێکی گەنجێتی بە رەوشت و کردەوە جوانەکانی سەرنجی هەمووکەس بۆخۆی رادەکێشێت، هەمووکەس ئەویندار خۆی دەکات. خیانەت بە خەیاڵی منداڵانەی ناکات، خەیاڵەکانی وەك کۆرپەلەیەك لەمێشکیدا بەخێو دەکات، هەتا گەورەتر دەبێت خەیاڵی خۆیشی گەورەتر دەکات، سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری بۆ بژێوی ژیان ئاوارەی شارە بیانییەکان دەبێت. بەڵام لەسەردەمی گەنجێتیدا بۆ مافی نەتەوەو نیشتمانەکەی ئاوارەی چیا سەربەرزەکانی کوردستان دەبێت، ئەم جار بیر لەکێشەی ملیۆنان مرۆڤ دەکاتەوە، چونکە ئەم کێشەیە چارەسەر نەبێت ئەو و هاوشێوەکانی ئەو لەو بارودۆخ رزگاریان نابێت، پرسیار لەخۆی دەکات بۆچی مافی قسەکردن و خوێندن بەزمانی کوردی بەفەرمی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ددانی پێدا نانرێت؟ بۆچی ئەو دەبێت پەروەردە بە زمانی زگماکی لەمزگەوتەکاندا بەنهێنی ببینێت؟ بۆچی هەموو دەوڵەتەکان ئینکاری هەبوونی گەلی کورد دەکەن؟ بۆچی تەنانەت بچووکترین مافی ژیان کردنیان پێنادرێت؟ جل وبەرگ و کولتووری رەسەنی کوردەواری چۆن بپارێزرێت؟ مافی چارەنووسی گەلی کورد لەچ رێو رێبازێکەوە دەستەبەر بکرێت؟ بەدوای بەدەستهێنانی وەڵامی ئەم پرسیار و ناکۆکیانەدا دەگەڕێت.

حەقیقەتی دەربەدەری گەنجانی کورد بۆ شارە بیانییەکان تێدەگات، هەست دەکات ئەمە لەچوارچێوەی سیاسەتی تواندنەوەی داب ونەریتی کوردەواری پەرەی پێدەدرێت، گەنجان سەرقاڵ دەکرێن تاکوو بیر لەسیاسەت و نیشتمان و مافی رەوای نەتەوەکەیان نەکەنەوە. هەروەها لەکوردستان دوور دەخرێن تا لەڕاستی دەستپێشخەرەکانی کوردستان دوور بن و لەگەڵ کاروانی تێکۆشەراندا نامۆ بن، هاوکاری و یارمەتی تێکۆشەرانی نەتەوەکەیان نەدەن و لەبەشداری بۆ ناو ریزی تێکۆشەران بەدوور بن؛ بەڵام ئەو هەموو ئەم کۆسپ و تەگەرانەی بەزاند و ئەوەی بەدوژمن گوت: «چەندێك داو و لەمپەر بەرامبەرمان دابنێن بەسەریدا دەگوزەرین» بۆیە ئەو خۆی گەیاندە شەمەندەفڕی خەباتگێڕانی نەتەوەکەی.

لەسەردەمی گەنجێتی هەست بەوە دەکات کە هێزەکانی رژێم خۆبەدەستەوەدان بەسەر گەنجان دادەسەپێنن تاکوو گوێڕایەلی سیاسەتەکانی رژێم بن، شاهیدی ئەوە دەبێت کە رژێم بەرامبەر گەنجانی کورد هەموو چەشنە رێ و رێبازێکی چەپەڵا تاقی دەکاتەوە، تایبەت بێ مەحکەمە و بێ لێپرسین و بێ ئاگاداری بنەماڵەو پارێزەرەکانیان دەیانکوژن. تەنانەت مەزاری رۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد چیمەنتۆ دەکەن، سووکایەتی بە تەرمی کوژراوەکان دەکەن، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێ هێزەکانی رژێم لەتەرمی مردووی رۆڵەیەکی کورد نیشان دەدات. ئیدی بۆی روون دەبێتەوە کە کاربەدەستانی رژێم تەنانەت لەبۆستێك خاکی کوردستان مەترسییان هەیە، بۆیە لەهزری خۆیدا ئەم ناکۆکییانە بەراورد دەکات و لێکدانەوەی لەسەر دەکات، لەئاستی ناوەوە داگیرکەر ئەوەمان بەسەر دێنێت و

لەئاستی دەرەوەش ئـەوە کارەسـاتی دیکـە، ئیـدی خاڵێـك لەسیاسـەتی رژێمـدا شـك نابـات کـە لەگەڵـی کـۆك بێـت تاکـوو بتوانێـت بەمانـەوەی نـاو سیسـتەم بـەردەوام بێـت.
بۆیـە لـە (١٥)ی شـوبات مەجالـی ئـەوەی بـۆ دەڕەخسـێت بڕیـاری یـەك لاکـەرەوە بـدات و ئـەو رۆژە بکاتـە رۆژی بڕیـار و وشـیاری هەسـتە ناسـکەکانی، هەسـتی کوردبـوون دەکات و تەسـلیمیەت پەسـند نـاکات، دەیەوێـت ئیـدی بـە سـێهەمین لەدایکبوونـی هەنگاوەکانـی دیکـەی ژیانـی لەگـەڵ شۆڕشـەکان هەڵبگرێـت و سـێهەمین قۆناغـی ژیانـەوەی بەقۆناغـی شۆڕشـگێڕی و تێکۆشـان بڕازێنێتـەوە، لەسـەر ئـەم بنەمایـە لـەم قۆناغـەدا زەخـت و زۆری و دەسـتدرێژی پەسـەند نـاکات و بەرامبـەر کـردەوەی نامرۆڤانـەی رژێـم ناڕەزایـی دەردەبڕێـت، لەبەرامبـەر پیلانگێـڕی (١٥)ی شـوبات بێدەنـگ نابێـت، ئیـدی کـەس ناتوانێـت لـەدۆز و رێبـازی کوردایەتـی پەشـیمانی بکاتـەوە، چونکـە ئـەو گوتەیەکـی (رێبـەر ئاپۆ)کـە دەڵێـت: «گەلـی کـورد مەحکـووم بـە سـەرکەوتنە» لەنـاو هزریـدا جێـگای گرتبـوو، دەیویسـت ئـەو حوکـم بەسـەرادراوە هەڵبوەشـێنێت، سـەرکەوتنی بەدیاردەیەکـی سروشـتی و رەوای گەلەکـەی دەبینـی، ئـەو کات هێزەکانـی رژێـم لەسـەر چ بنگەهێـك مافـی سـەرکەوتن لـە گەلـی کـورد زەوت دەکـەن.
سـاڵی (١٩٩٩) لـەلای بـووە سـاڵی هەڵوێسـت و پچڕاندنـی زنجیـری تاریکـی، ئیـدی پێهەڵدەنێتـە سـەردەمی یاخیگـەری و سـەردەمی ململانـێ و غـەزا لەگـەڵ نەفسـی خـۆی دەسـتپێدەکات، سـەردەمی راپەڕیـن و سـەرهەڵدان لەگـەڵ ویژدانـی نووسـتووی قۆناغەکانـی پێـش گەنجێتـی دەسـتپێدەکات، فریادڕەسـەکانی ژیانـی بەبیـر دەهێنێتـەوە کـە لەئەنجامـی کاریگەریەکانیـان رێـڕەوی ژیانـی دەگۆڕێـت و هەنـگاو بـەرەو قۆناغـی بەپـلان و پرۆگـرام هەڵدەنێـت، قۆناغـی رێکخسـتن بـوون دەسـتپێدەکات، سـەردەمی گەمـەی منداڵیەتـی کـرداری دەکات، بەرپرسـیاری سـەرهەڵدان لەئەسـتۆ دەگرێـت و سەرپەرشـتیاری گرووپێکـی گەنجـی خوێنگـەرم و بـەورە دەکات، ئـەم جـارە بەجێـگای ئەندازیاربـوون، دەستپێشـخەرێکی لێهاتـوو و کارامەیـە و سـەبارەت بەتاکتیکـی چالاکـی رێنمایـی بەهاوڕێیانـی دەدات، بـۆ بەخشـین و بـەرز کردنـەوەی ورەو بوێـری گەنجانـی سـەرهەڵدێر مـۆراڵ دەبەخشـێت، بـۆ ئەنجامگرتنـی سـەرهەڵدان لەگـەڵ هاوڕێکانـی بێوچـان تێکۆشـان دەکات.
گەلەکۆمـەی نێودەوڵەتـی لەسـەر (رێبـەر ئاپـۆ) دەبێتـە شـەپۆلی بەشـداربوونی گەنجـان بـۆ نـاو ریزەکانـی گەریـلا. (حسـێن) دەبێتـە یەکێـك لـەو گەنجانـەی کـە لەنـاو شـەپۆلی بەشـداربووەکاندایە و ئـەم جـار هێمـن و ئاسـوودە دەبێـت کـە دەبێتـە دڵۆپێکـی تۆڵەسـەندنەوەی کاروانـی شـەپۆلی ئـازادی، ئـەم شـەپۆلە پێناسـەی (نـەوەی راپەڕینـی نوێ)یـان لێدەنرێـت، چونکـە یەکەمیـن جـارە سـەرهەڵدانێکی لەنـاکاو و بەسیستەماتیك و بەکاریگـەر سـەرهەڵدەدات، ئـەو هـەم لەگـەل دەروونـی خـۆی و لەگـەڵ گیانـی دڕنـدەی رژێـم راپەڕیـن دەکات و شمشـێری راپەڕیـن رادەکێشـێت، راپەڕینـی هاوشـێوەی سـەردەمی پێغەمبـەران و زانایـان و بیرمەنـدان بەرامبـەر نەمـرورد و فەرعەونـەکان رێکدەخـات.
(نـەوەی راپەڕینـی نـوێ) ئـەو نەوەیـە کـە بوێرانـە خاوەندارێتی لە(رێبـەر ئاپـۆ)و دەسـکەوت و شـەرەف و کەرامەتـی خۆیـان دەکـەن، نەوەکانـی راپەڕینـی (١٥)ی شـوبات نـەوە دڵڕفێـن و پڕبڵێسـە و هێـز و پریشـك ونـەوە هەڵبژێـراو و ئازاکانـی کۆمەڵـگای داخـراوی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانن، حـەز و دڵۆپـە تینووشـکێنەکانی تاکـی قەفـەس کـراون، سـەرهەڵدێرە هاوچەرخەکانـی کۆمەڵـگای بەزەلـکاو کـراون و پەلـەوەرە پەرکێشـەکانی ئاسـمانی تاریکـن، فریادڕەسـەکانی (پێشـەوا)ی شـاری پێغەمبەرانـن، نافەرمانـی و بەغیرەتـی ئاسـمانی تاریکـی شـەق تێـدەکات و ئاسـۆی سـەرهەڵدانەکەیان شـەوقی بەسـەر رۆژهەڵاتـدا بەخشـی.

مێـژووی دارِمـاو ورِەشـی کـورد ئـاوەدان و روون دەکەنـەوە، ئەرتەشـی تـرس و تۆقێنـەری تێکدەشـکێنن و پەرتەوازەیـی و بێبـاوەڕی گـەل ئۆمێـدوار و رێکدەخەنـەوە، شـەپۆلی یەکێتـی، یەکدەنگـی و یەکهەڵوێسـتی نشـێوی شـەقامەکان دەکـەن و سـیناریۆ دارِێـژەر و ئەکتەرەکانـی کوردسـتانی زەوتکـراو ریسـوا و سەرشـۆڕ دەکـەن، راپەڕینـی دامـرکاو و کوژاوەکانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەڵدەگرسـێننەوە. هیچ کەسـێك چاوەڕێی سـەرهەڵدانێکی بەوشـێوەی نەدەکـرد. راپەڕینێـك کـە لەمێـژووی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان نموونەنـەی نەبـووە و تـەواوی جیهانـی سەرسـام کـرد، پیـلان دارِێژەرەکانـی پەشـێوو مـات دەکات، دڵەبەسـتەڵەك کراوەکانـی تواندنـەوە و دڵەبەردینەکانـی لـەت لـەت کـرد، ئـەم سـەرهەڵدانە دیموکراتیانـەی گەنجـان بەهەمـوو حەماسـەت و هێـز و ئیرادەیانـەوە توانییـان خاوەنداریێتـی لە(رێبـەر ئاپـۆ) بکـەن.

پیلانگێـڕی (١٥)ی شـوبات بەوشـێوەیە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە شـەپۆلێکی زۆر بەرفراوانـی گەنجانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەشـداری ریزەکانـی گەریـلا بـبن، ئـەم شـەپۆلە سـەرتاپای پێکهاتـەو توێژەکانـی کۆمەڵـگای وەکـو؛ قوتابخانـەی سـەرەتایی، ناوەنـدی، دواناوەنـدی، کۆلێـژ، زانکـۆ و پەیمانـگاکان، توێـژی کرێـکاران، پیشـەوەران و سـەرجەم پێکهاتەکانـی دیکـەی کۆمەڵـگا دەگرێتـەوە. هـەر پێکهاتەیـەك لەجێـگای خۆیـەوە بەیـەك ئاهەنگـی سروود و دروشـمی نیشـتمانییان دەگوتـەوە و دژی هێزەکانـی رەپەڵـگار و خۆفرۆشـەکان دروشـمیان دەگوتـەوە. لەهەمـان کاتـدا ئـەم ناوەندانـە چاوکانـی بەهێزبـوون و تووڕەبوونـی شـەپۆلی بەشـدار بـوون دەبـن، بۆیـە ئـەم شـەپۆلی بەشـداربووانە خـاوەن شانسـێکی مەزنـن. بەهـۆی ئـەوەی لەکاتێکـدا بەشـداردەبن نەوەیـەك بەشـدار دەبێـت، پێیـان دەگوتـرا (نـەوەی تۆڵەسـەندنەوە). لەپـڕدا هاوشـانی گەنجانـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان بـێ ئـەوەی زانیاریەکـی فەلسـەفی و رامیاریـان لەسـەر (رێبـەر ئاپـۆ) هەبێـت، هەڵدەرژێنـە سـەر کـۆڵان و شـەقامەکان، (حسـێن) یەکێـك لـەو گەنجـە ورەبەرزانـە دەبێـت کـە بـەدوای تۆڵەسـەندنەوە لەداگیرکـەران و لەهێـزە کلۆنیالـەکان و زلهێزەکانـی جیهانـە دەیەوێـت تۆڵـەی درێژایـی تەمەنـی خـۆی بسـتێنێتەوە.

لەگەرماوگەرمـی راپەڕینـە جەماوەرییەکـەی رۆژهەڵاتـی کوردسـتاندایە کـە شارسـتانی دەمامـك کـراو بەجێدەهێڵێـت، پـاش دامرکاندنـی سـەرهەڵدانی جەمـاوەری رژێـم شـەپۆلی گرتـن و ئەشـکەنجە دەسـتپێدەکات، ئەویـش بـۆ ئـەوەی نەکەوێتـە داوی هێـزە دڕندەکانـی رژێـم بـەرەو شـاخ دەڕوات، رژێـم دوو رێـگای ژیـان بەرامبـەر ئـەو گەنجانـەی لەسـەرهەڵدانەکەی (٩٩)دا بەشـداریان کـردووە دادەنێـت رێـگای یەکـەم: خـۆ تەسـلیمی رژێـم بکـەن، رێـگای دووەم: یـان بـەزۆری دار راپێچـی بەندیخانـە دەکرێـن، ئەویـش نـە رێبـازی ژیانـی خۆفرۆشـی و دەسـتەوەدانی قەبـووڵ دەکات و نـە دەهێڵێـت دەسـتەکانی رژێـم پێـی بگـەن و یـان کەسایەتێەکی بێلایـەن خـۆی بنوێنێـت، بەڵکـوو رێبـازی سـێهەم کـە بەشـداری بـۆ نـاو ریزەکانـی گەریـلا دەبێـت بۆخـۆی دیـار دەکات، لەمەڵبەندێکـی چکۆلـە بـەرەو مەڵبەندێکـی گـەورە کـۆچ دەکات لەناوێـك بـەرەو ناوێکـی دیکـە دەفرێـت.

٢٠١٣/١/٢

**گارە ـ چاپەمەنی**

## ◆ بێکەس دەبێتە رۆحی جەستەی هێمن

لەناو قەبری تاریك سەر هەڵدەدات، بە ناو چاڵەڕەشەکانی کوردستانی چیمەنتۆکراودا چەکەرە دەکێشێت، لەمەیدانی (ئارانا)ی رازاوە هەڵدێت و لەمەیدانی مینی چێنراودا خۆی رزگار دەکات، خۆی دەگەیەنێتە لانکەی تێکۆشان و لەناویدا پەروەردە دەبینێت، لەناو گڕکانی چاخەکانی مێژوو گەورە دەبێت، لەپەرستگەی فێڵبازان گەورە دەبێت تا کۆیلەی نەبێت، بۆیە لەبازاڕی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤەکان هەڵدێت، لەکۆشکی کۆیلەداری قۆتاری دەبێت و لەخەونی سامناك رادەپەڕێت، خەڵوەتی رچیوی ناو کۆلانەکان بە پەنجە نەرم و نیانەکانی دەڕوشێنێت، سەمای مەرگ لەپارزەمینی سەماکەران بەردەدات، سووڕانەوەی چرکەژمێرەکانی داسەپاو لەناو سینەی دیوارەکان هەڵدەکۆڵێت، بۆیە لەبنەڕەتی مێژووی شاراوەدا دەدرەوشێتەوە.

هەورەتریشقەی(١٥)ی شوبات ویژدانە بەستەڵکراوەکەی دەتلیشێنێت، گلۆڵەگڕەکەی ناو دڵی گەشاوە دەکات، خەم و پەژارەی سەر سینگی تووشی هەڵاوسان دەکات، گرمەی گوللە دارینەکان زامداری دەکەن، دەشتی دڵی ئاوێتەی گۆمی خوێن دەکەن، هانای ئازادی لەناو گەردەلولی ستەمدا دەخنکێنن، هاواری وێژەوانە دووزمانەکان بورکانی ئاگرینی ناو دڵی هەڵدەقوڵێنن، کڵپەی خەم لەناوجەرگەی دڵیدا هەڵدەگرسێنن، کانی فرمێسك لەناو چاوانیدا هەڵدەقوڵێنن وچاوانی بە شینی وڵات نەخش دەکەن، دەریای خەم و پەژارە لەسەر سینگی هەڵدەکۆڵن، لەناو دەستیدا چەکی تۆڵەسەندنەوە دەچێنن و لەناو مێشکیدا بیری شۆڕش هەڵدەکۆڵن، شۆڕشی زهنی و ویژدانی لەجەستەیدا بەرپا دەکەن، لەخەونی مەڵبەندی بێبەران رایدەچڵەکێنن.

نەڕەی کرمی خوێنمژ دەیهەژێنێت، بەهەژاندنی هەستەکانی میوەی گومان لەسەر سفرەی ژیانی زیاد دەبێت، لەناو ژیانی تەلی دڕکاویدا مات و سەرلێشێواوی دەکەن، پێچەوانەی خواستی دوژمن لەگەڵاڕێزانی پاییزیدا خەمەکانی هەڵدەوەرێنن، لەزستانی بەفراویدا روخسارە جوانەکەی زەردو سپی دەکەن، لەبەهاری سەرسەوزدا خونچەی ناو دڵی دەمکراوە دەکەن، لەهاوێنی گەرم و سوتێنەردا لەقرچاندنی تیشکە بریقەدارەکان دەیپارێزن، بەرەو کاروانی زوڵم لێکراو و چەوسێنەرەکان راوی دەنێن، بەرەو مەڵبەندی (کاوەی ئاسنگەر و زەردەشت)ەکان و بەرەو نیشتمانی دایك هانی دەدەن، بەرەو کانی ژیان سەراوژێری دەکەن. ئیدی دوژمن بەرگەی شەوقی گەشاوەی ئەستێرەیەکی درەوشاوەو خشەخشی گەڵاڕێزانی لێهاتوویی و ئەوینەکەی ناگرن، بەرگەی زەردەخەنەی بەهاری گەنجێتی و رەسەنی ناگرن.

ئەستێرەیەك لەگەرمایی خۆری ساختە و ئەستێرەیەك لەئاسمانێکی تەماویی هەڵدەوەرێت. بەدواداچوون بەدوای خۆر (هەتاوی ئیقبال) دەستپێدەکات و لەسەرجەم کون و قوژبنەکانی مێژووی شاراوە پەیدۆزی دەکات، بەدوای ناوی بێناوکراوەکان وەیلان دەبێت، ئەرشیفی ناوداره گومناوەکان هەڵدەداتەوە، ناودارێکی درەوشاوەی مێژووی نەنووسراو هەڵدەبژێرێت، ناوی لێنراوی قەبری تاریك ناخوازێت، دەڵێت: «ئەمە ناوی خوازراوی خاوەن کۆشکەکانە، ناوی دەستەمۆکردنی هاوجۆرەکانی منە، ناوی گوڵبژێری خوداوەندە نێرینەکانە، ناوی لادان لەگەوهەری مرۆڤە چەوساوەکانە» بۆیە لێگەڕین بەدوای ناوێکی دیکەدا بە کەسایەتییەکی دیکەوە دەکاتە ئامانجی.

حەڤدە ساڵ ناوی (حسێن خزری) دەبێت، ناوی حەزلێکراوی باوك و دایك و خاوەن کۆشکەکان بەسەریدا دەچەسپێت، (١٧) ساڵ دەستەمۆی دەرگاوانی رژێم دەبێت، (١٧) ساڵ لەناو نەزانی و

هەڵخڵەتانـدن و زەینکوێریـدا پەلەقـاژێ دەكات، بـە بێئاگایـی و بێبەشـداری ئیـرادەی چارەنووسـی ژیانـی دیـاری دەكرێـت، لەهـەر چرکەسـاتی ژیانیـدا بەگوێـدا دەدرێـت کـە پێویسـتە وەك (حەزرەتـی حسـێن) ەکەیـان قارەمـان بیـت، ئـەوەی بەسـەریدا دەسـەپێنن کـە پێویسـتە پاڵەوانێـك بێـت جیـا لەگەوهـەری خـۆی و نەتەوەکـەی، دەتوانێـت بژێـت بـەس نـە بـۆ خـۆی و نەتەوەکـەی، قەفەسـی دیلکـراوی ژیانـی پێدەبەخشـن، خەڵاتـی وشـە درۆیینـە بەگوێچکەکانیـدا هەڵدەواسـن، هەرچەنـد هـەولاو تەقـالا دەدات هەڵبێـت، بـەڵام هێشـتا لەراسـتی ژیـان دوور دەبێـت. نایەوێـت نـاوی لێـنراوی ئـەوان لەرۆمانـی ژیانیـدا بسـڕێتەوە، بـەڵام کلیلـی کردنـەوەی گرێکوێـرەی ژیانـی بەسـڕینەوەی ناوەکـەی پێویسـتە دەسـتپێبکات، یەکەمیـن شۆڕشـی بەرامبـەر تاپـۆی دەستنیشـان کراوەکانـی سـەرخۆی دەسـتپێدەکات. دەیەوێـت (حسـێن) ی کـوردان بێـت نـەك (حسـێن)ی فـارس و عەرەبـەکان، لەبـەر ئەمەیـە کوێخاکانـی رژێـم مافـی رەوای ئـەم گەلـە رەوا نابینـن و بـە باتـۆم و تۆخـماخ رێگـەی هەڵهاتـن لـەم داوە چێـنراوە لەپێـش کـوردان دەگـرن، (حسـێن) قارەمانـی (عـەرەب و تـورك و فارس)ەکانـە، ئەمـەش لەکوردسـتان بەئەفسـانە کـراوە تـا کـوو رۆڵەکانـی کـورد ئەویـنداری ئـەو ناوانـە بـن و بـەو رەنگـە داگیرکـەری لەکوردسـتان پەسـەند بکـەن، ئـەو کات بیـر لـەوە دەکاتـەوە ئەگـەر هـەر کـەس قارەمانـی دەوڵەتـە بیانیـەکان بێـت، ئیـدی چ بـۆ گەلـی کـورد دەمێنێـت، کوردسـتانی دەوڵەمەنـد و بەپیـت و بەرەکەتـی پێغەمبـەران، فەیلەسـوفان و تێکۆشـەران چـۆڵاو وێـران دەبێـت. لـەلای خـۆی دەڵێـت: «مـن سـەر لەنـوێ لەدایـك دەبـم نـاوی خـۆم بـۆ خـۆم هەڵیدەبژێـرم، ئـەوەی کـە هـەم دەمەوێـت وەهـا بـم»، بـەم شـێوازە بڕیـاری دیـاری کردنـی نـاوی نـوێ بـۆ خـۆی دەدات. (حسـێن) وەك خـۆی (هێمـن) دەبێـت و دەیەوێـت رووپەلەکانـی ژیانـی بـە ئارامـی بهەژێنێـت، خشـپەی پێکانـی بەئارامـی لەسـەر رووپەلـی سـپیدا دابکوتێـت، وشـە پچڕاوەکانـی ژیانـی بەهێمنـی لەسـەر رووپەڵـی سـپیدا زنجیـر بـکات، لەشـنەبای بەرەبەیانـی تێکۆشـانیدا بەهێمنـی فلووتـی ئـازادای لێبـدات و سـەمای ئـازادی بـکات، لەلانکـەی نووسـتنیدا بەئارامـی شـینی کوردسـتانەکەم بـکات، لەنـاو کەشـتی شۆڕشـدا بـە هێمنـی سروودی ئـازادی بخوێنێـت، لەنـاو دەریـای خوێناویـدا بەهێمنـی تۆڵـەی لەشاماسـییەکان بسـتێنێتەوە، لەپشـت هەورەڕەشـەکانی ئاسـمان بەهێمنـی تارمایـی کۆشـکە هەژارنشـینەکان رونـاك بکاتـەوە، بەهێمنـی بڵێـت: «ئـەی دایـك و باوکـی خۆشەویسـتم مـن رۆڵەیەکـی چەوسـاوەی کـوردم لـەم پێنـاوەدا لاوێکـی خاوێـن و بێگـەردم»، دەیەوێـت وەك (هێمـن)، ئـارام، خۆدانـەر، لەسـەرخۆ، هێـدی، نـەرم، ئۆقرەگرتـوو، خاوێـن و بێگـەرد بێـت، بەهێمنـی نـاوی بێنـاوەی خـۆی هەڵبکۆڵێـت، بەژنـی گەنجێتـی بـە دەسـتەواژەکانی زەوت لێکـراو بڕازێنێتـەوە، تـا لەنـاو خوانـی شۆڕشـگێرەکاندا درەوشـاوە بێـت. لەسـەر ئـەم بنەمایـە، ئـەم بەشـەی لەهۆنـراوە پڕبەنرخەکانـی مامۆسـتا هێمـن (کـوردم ئەمـن) دەکاتـە کراسـی بووکێنـی و بەچەپەڵەڕێـزان بـەرەو رووی ژوانگـەی ئەویـنداران دەکەوێتـە رێـگا، لـەدەرگای ئەویـنداران بەهانـای بـەرزەوە دەڵێـت:

«گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاو و کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلاَن و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لەبرسان و لەبەر بێبەرگی ئیمڕۆ رەق هەڵبێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن

من لەزنجیر وتەناف و دارو بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن»
بـە گوتنـی ئـەم پارچـە هۆنراوەیـە لەکەسایەتی خۆیـدا پـردی کۆیلەتـی هەڵدەوەشـێنێت، هۆنـراوەی (ئەمـن کـوردم) دەکاتـە پـردی گەیشـتن بـە کەشـتی شـۆڕش و چـرای روونـاك کـەرەوەی نـاو شـەوی تاریـك، هەسـتە ناسـکەکانی راکێشـی سـفرەی شـاعیرانی دەکات، مەڵبەنـدی بووژانەوەکـەی کەشـتی شـۆڕش دەبێـت، ئاوڕێـك لەبانکـی زانیارەکانـی (مهابـاد) دەداتـەوە، لەکەشـتی شۆڕشـدا نـاوی هەڵبەسـت بێـژ (هێمـن) لەنـاو کـۆڕی زانایـان لەخـۆی دەنێـت، دەیەوێـت وەك (هێمـن)ی نەمـر، شـاعیری نیشـتمانەکەی بێـت، حـەز و ویسـت و ئاواتـی نـاو دڵـەکان بێـت، هێـزو ورەو خـرۆش و بـاوەڕو هیـواو ئاواتـی نیشـتمانەکەی بێـت، برینێـك لەزامەکانـی نەتەوەکـەی چـاك بکاتـەوە، بەکلیلـی هۆنـەری گرێیـەك لەگرێکوێرەکانـی نیشـتمانەکەی بکاتـەوە، بۆیـە ئەوینـداری هەڵبەسـتەکانی (هێمـن) دەبێـت، بـە هۆنـراوە دووخشـتیەکانی (هێمـن) سـەمای شـۆڕش دەکات، دەیەوێـت بەهەسـتێکی وەك هەسـتی هێمـن بژییـت، هۆنـراوەی ئـازادی بنووسـێت و شـەیدای وشـە بەوشـەی کوردایەتـی بێـت.
جـل و بەرگـی رابـردووی دەگـۆڕێـت و جلـی پیلانگێـڕی و فێڵبـازی دەدڕێنێـت، جلـی خۆشەویسـتی و ئەوینـداری لەبـەردەکات و لەنـاو جلی خۆشەویسـتی خـۆی دەشـۆرێت، جلی(هێمـن)ی شـاعیر دەپۆشـێت. نازناوەکـەی چـی بەبـەردا دەکات؟ ئـەوەی کـە هەسـتەکانی دڵـی دەکوڵێنێـت، دەیەوێت لەناخی هەڵبەسـت و پەخشـان بکوڵێـت تـا عاشـقی نیشـتمان و ناسـنامەکەی و وڵات بێـت، بـە هەسـتی شـاعیرانە، ئەوینـداری بـۆ نیشـتمان دەڕازێنێتـەوە. لەبەشـێکی کوردسـتان لەشـاری (مهابـاد) مامۆسـتا (هێمـن)ی نەمـر دەبێتـە سـمبوڵی تێکۆشـانی، ئەوینـداری هۆنراوەکانـی کەسـێکی دیکـەش دەبێـت، دەیەوێـت بەهەسـت و رۆحـی پاکـی ئـەم دوو شـاعیرە نەمـرە بژییـت و خۆراکـی رۆحـی ئـەو بـن، کەسـێکی دیکـەش (هەتـاوی ئیقبـال)ی ئـەو دەبێـت، دەیەوێـت لەنـاو هـزری ئەمانـەدا خـۆی بدۆزێتـەوەو مێشـکی ئـازادی بـەرەو (سـلێمانی) بـاڵ دەگرێتـەوە، رۆح و جەسـتەی (هێمـن)، عاشـقی شـاعیری نـاوداری ئـەو شـارە (بێکـەس) دەبێـت، لەرۆمانـی ژیانیـدا دەبێتـە (هێمـن و بێکـەس)، بەکەشـتی شـیعر و پەخشـان سروودی خۆشەویسـتی پێشکەشـی (هەتـاوی ئیقبـال) دەکات.
دەیەوێـت (بێکـەس) بێـت، وەك شـاعیری نەمـر (بێکـەس)، هاوتـای نەبێـت و تـاك و تەنیـاو بێخەمخـۆر بێـت، بـە رازاندنـەوەی وشـەی شـاعیرانە سـەر بڵنـد بێـت، خوێنمژەکانـی رۆمانـی زنجیرکـراو بـە کەسـوکاری نێـو کەشـتی شـۆڕش نابینێـت، لەکەشـتی شۆڕشـدا دەیەوێـت (بێکـەس) بێـت، ئەوینـداران و لایەنگرانـی مامۆسـتا (هێمـن و بێکـەس) یـار و هەڤاڵـی سـەردەمی دەبـن، وەك پەپوولـە هۆزانڤانـی دوو شـاعیری نـاودار دەبێـت، دەبێتـە پەپوولەیەکـی عاشـق لـەدەوری سـێ گۆشـەی (هێمـن و بێکـەس و ئاپـۆ) سـەمای ئـازادی دەگێڕێـت، بـە پیتـە گەشـاوەکانی شـاعیرانە، کەسـایەتی تازەپێگەیشـتووی دەدرەوشـێنێتەوە، لەلایـەك (هێمـن) و لەلایـەك (بێکـەس) دەبێـت، لەلایەکـی دیکـەش شـەیدای (ئۆجـالان) دەبێـت، بـەڵام هیچـکات لەنـاو کەشـتی شۆڕشـدا سـتەم و زۆرداری پەسـەند نـاکات، بەهەبوونـی زۆڵـم و زۆرداری عۆقـرەی نامێنێـت. هیچـکات هەسـتی (بێکـەس)ی و تەنیایـی نـاکات، ئەسـتێرەکانی ئاسمان هاودەنـگ و هاودەمـی دەبـن، هیچـکات چۆکـی لەبەرامبـەر داگیرکـەر دانانوێنێـت و دەیەوێـت تۆڵەسـتێن بێـت.
لەنـاو دەریـای هـزری (هێمـن و بێکـەس و ئۆجـالان)دا دەتوێتـەوە، دەبێتـە دڵۆپێکـی ئـاو لەگـەڵ (دەریـای ئـاو)دا تێکـەڵ دەبێـت، چرکـە ساتەکانی ژیانـی بـە بۆنـی خۆشـی دەسـتەواژەکانی ئـەم بیرمەنـدە گەورانـە

دەڕازێنێتەوە، هۆنراوە بەخۆراکی رۆحی دەزانێت، بۆ ئارام کردنەوەی هەست و نەستەکانی بەکاری دەهێنێت، کاتێك بێئۆقرە دەبێت، پەنای بۆ هۆنراوەکانی (هێمن و بێکەس) و وتە بەنرخەکانی (ئۆجالان) دەبرد، تا رۆحی لێوان لێو لەشادی بێت، وشەبەوشەی دیوانی ئەمانی بە بەهێزکەری ئیرادەو باوەڕی دەزانی. هەر چەند لەفەلسەفەی ئەم مرۆڤە ناوەدارانە قووڵ دەبوویەوە لەفەلسەفەی (خۆت بناسە)ی (سۆقرات) نزیك دەبوویەوە، ئەمە هەستە کوڵاوەکانی ناو دڵی بوو، دەیویست بەجێگای (حسێن) یار و هاودەنگی (هێمن و بێکەس و ئۆجالان)ی نیشتمانەکەی بێت، (هێمن) ئارامی پێدەبەخشی، (بێکەس) لەناو دەریای خەمدا بەرەو تەنیایی راکێشی دەکرد، (ئۆجەلان) بەرەو نەوەی تۆڵەسەندنەوە هانی دەدا.

بەهاری ساڵی ١٩٩٩ ئاڵانی (شەهیدان) مەڵبەندی ژیانەوەی هاوچەرخی دەبێت، لووتکەی شاخە سەربەرزەکانی (سیسێ، گەلیشم، بناری خەلیلان، هەرچینێ، شەهیدان) دەکاتە هێلانەی بووژاندنەوەی، زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس) لەئامێزی گەرمیدا دەیگوشن، باوشی پیت و بە بەرەکەتی زنجیرە چیای (زاگرۆس) کە سێگۆشەی چیای (کارکەر) لەباشوور، (چارچلا) لەباکوور و (شەهیدان) لەرۆژهەڵات لەئامێز دەگرێت، ئەوانیش پێشوازی لێ دەکەن. سێ گۆشەیەك بەسەر داگیرکەراندا دابەش کراوە، سێگۆشەی داگیرکەری (تورکیا و ئێران و ئێراق)ی لەسەر مۆڵدراوە، لەسێگۆشەی ( چیای کارکەر ـ بێکەس دەبێتە سمبوڵی نموونەو بێهاوتایی) و (لەچیای چارچلا ـ ئۆجالان دەبێتە رێبەر و ئیرادە پێدەر و سەرچاوەی تۆڵەسەندنەوەی)و ( لەچیای شەهیدان ـ هێمن سمبوڵی ئارامی و هێوەر کردنەوەی دەبێت).

بە رێ و رێبازی ژیانی کلیلی شکاندنی قوفلی یەخسیری ساز دەکات، تەلی دڕکداری نێوان ئەو سێگۆشەیە دەپێچێتەوە، ئەم سێگۆشەیە لەمێژوو تا بە ئەمڕۆ نشینگەی تێکۆشەران بووەو لەبواری سەربازییەوە پێگەیەکی گرنگی بۆ کەشتی شۆڕشگێران هەبووە، ئەویش دەکەوێتە ئامێزی سارد و رچاوی (دۆڵی غەداران) تا یەکێتی و یەکگرتنەوەی ئەو سێگۆشەیە رێکبخاتەوە، دۆڵێك کە لەسەردەمی تێپەڕبوونی (ئەسکەندەری مەزن) بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گەلێك سەربازی لەناو دەچن و ئەرتەشەکەی تێکدەشکێ، بەڵام بەدەیان هێزی خۆڕاگر و تێکۆشەر لەئامێزی خۆی پەروەردە کردووە، ئەویش وەك تێکۆشەرانی مێژوو، دەیەوێت لەگەڵ سەرماو سۆڵەو تووڕەیی ئەو ناوچەیە بگونجێت و ببێتە هاوڕێی (دۆڵێك) کە ناحەقی لەناوخۆیدا پەسەند ناکات.

زنجیرە چیای (زاگرۆس) لانکەی شارستانییە، پریسکی ژیان لێرەوە سەری هەڵداوە، بۆیە هەم مەیدانی بەخێوکردن و بەئامێز گرتنی مرۆڤە ئازادیخوازەکانەو هەم دەبێتە مەیدانی تێکشکانی داگیرکەران، داگیرکەران (تورك و عەرەب و فارس و تەنانەت گەلێك هێزە دەرەکیەکان) بەردەوام پەلاماری لانکەی شارستانییان داوە، بەڵام بەردەوام گەورەترین گورزی شکستیان خواردووە، دەیانەوێت لەکەسایەتی زنجیرە چیای (زاگرۆس)دا کلیلی (ئیقبال)ی گەلی کورد ژەنگاوی بکەن، ئەم مەیدانە بەهۆی سێگۆشە بوونیەوە شەهیدێکی بێژمارەی پێشکەشی خاکەکەی کردووە، تەنانەت تاشەبەردێك نەماوە بەخوێنی شەهید نەڕازابێتەوە بۆیە گەورەترین ناودارانی لەسەر سینگی خۆی بەخێوکردووە، گەورەترین وانەو پەندوەرگرتنیان بەهێزە داگیرکەر و خوێنمژەکان داوە. هێڵی (زاگرۆس) لەمێژووی هاوچەرخدا لانکەی گەریلا تێکۆشەرەکان دەبێت. لەو هێڵەدا گەلێك گەریلا بەخوێنی گەشاوەیان روخساری (زاگرۆس) سووراوی دەکەن، لەناو دڵی شەهیداندا، بەتەرمی نەمریان گۆڕستانی (ئەستێرەکان) ساز دەکەن،

ئامێزی گەرمی (شەهیدان) تەرمی تێکۆشەرەکان لەناو سینگی خۆی رادەگرێت.
پاش گەلەکۆمەی (١٥)ی شوبات، کۆماری ئیسلامی ئێران رەحمێك بە تەرمی گیان بەخت کراوەکان ناکات بە شۆفڵ گۆڕستانی ئەستێرەکان دەشێوێنێت و ئامێزی گەرمی (شەهیدان) سارد و رچاوە دەکات، تەرمی عاشقی (شەهیدان) لەئەویندارەکەی دادەبڕێنێت، پەلاماری ئێسك و بروسکی تەرمە بێ‌رۆحەکان دەدات، تا بەم رەنگە زەخت و گۆشار لەسەر گەریلا تێکۆشەرەکان دروست بکات و ئامێزی گەرمی (شەهیدان) چۆڵ بکەن، بەڵام بەسەدان ئەستێرەی تازە درەوشاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ئامێزی گەرم و گۆڕی ئەو هەرێمە پەنا دەبەن، رۆح بەجەستەی ئێسك و پروسکەکان دەبەخشن. (هێمن) یەکێك لەو ئەستێرە تازە درەوشانەیە، ئامێزی گەرم و گوڕی (شەهیدان) دەگوشێت و دڕندەیی و بێویژدانی و بێ‌رەوشتی هێزەکانی رژێمی پێ هەرس ناکرێت.
(هێمن) ئامێزی (شەهیدان) دەگوشێت، چونکە شەهید لەناو گەلدا لەبواری جوگرافی و ئایینەوە واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبواری جوگرافییەوە داوێنی شین و سەرسەوزە، ناوچەیەکی سەر سنوورە کە ئێستا لەلایەن تورکیاوە لەهەرێمەکانی (گەڤەر و شەمزینان) هێڵی سەربازی تێدا بەجێ کراوە. لەبوارێکی دیکەوە هێڵی بازرگانی گەلەو کارو کاسبی قاچاخچێتی لەسەر دەکرێت و بژێوی ژیانی هەژاران دابین دەکات. لەبواری ئایینیشەوە دەبێتە پەرستگەی مرۆڤەکان. (هێمن) پەنا دەباتە جێگایەك کە هەڵقوڵاوی ئەفسانەکانە، دەیەوێت ئەفسانە راستیەکان جێگەی ئەفسانە خەیاڵی و درۆینەکان بگرێتەوە، فەلسەفەی راستی رێبازی ژیانی مرۆڤە ناودارەکان، بە ئاقاری راستینەی خۆیدا بگوازێتەوە، لەژێر ناوی ئایین و داب ونەریت، رێبازی پیرۆز و گرنگی مرۆڤەکان بە ئاقارێکی دیکە رانەگوێزرێتەوە، بۆیە دەیەوێت قەڵای خۆڕاگری و تێکۆشان بەر نەدرێت و ئاڵای خۆڕاگری و تێکۆشان و قارەمانی بەردەوام شەکاوە بێت.
ئەمەش حەقیقەتێکە کە داگیرکەر چەندێك رۆڵەکانی کورد لەناو بات، بەسەدان رۆڵەی دیکە جێگای دەگرنەوە، کردەوە دڕندانەکانی داگیرکەران هەرچەند پێکەنینی گوڵێك ببڕن، گوڵێکی دیکە بەزەردەخەنەوە جێی دەگرێتەوە، لەراستیدا کێ سەردانی گەریلاکان لەم چیایەدا بکات، ناوی لە بانکی زانیاریەکانی شۆڕش دەنووسرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لە چیای (شەهیدان) گەلێك تێکۆشەر گیانیان بەخت کردووە، لەسەر ئەم بنەمایە ناوی (شەهیدان)ی لەسەر دانراوە، بۆیە ئەویش کەشتی شۆڕشی لەقەراخی (شەهیدان) رادەگرێت، تا بەم رەنگە ئازار و ئێشی نەتەوەکەی هەست پێبکات و مێژووی شاراوەی نەتەوەکەی بۆ هەڵبدرێتەوەو بەردەوام ئاڵای (شەهیدان) شەکاوە بهێڵێت.
لەبەهاری ١٩٩٩دا سەرسەوزیەکانی (شەهیدان) بەئامێز دەگرێت، هاوکات لەگەڵ غونچەی گوڵ و گوڵزاری کەژو کێوەکان دەکرێتەوە، بزەی پێکەنینی گوڵ لەخۆی دەنوێنێت، کاتێك ئامێزی بەرەو رووی (هەتاوی ئیقبال) دەگرێتەوە زانیاری ئەوتۆی لەسەر ژیان و ئەندێشەو فەلسەفەی (هەتاوی ئیقبال) نییە، تەنانەت واتاو ناوەڕۆکی دەستەواژەی «ئەندێشەو رامان» نازانێت، تەنیا ئەو خاڵەی کە پێش بەشداربوونی لەلای سەرنج راکێش دەبێت، تێکۆشانی رزگاری نەتەوەییە کە PKK لەکوردستان بە نیازی قایم و سەقامگیری کاری بۆ دەکرد، پاشان لەناو PKKدا لەگەڵ PKKی راستی ئاشنا دەبێت، هەڵبەت ئاشنایی خۆی لەگەڵ PKK وەك دڵۆپێك لەدەریای بێ کۆتایی دەبینێت، چونکە قووڵ بوون و ئاشنابوون لەگەڵ فەلسەفەی PKK بەکارێکی ساکار و ئاسانی لێك نەدەدایەوە، تەنانەت ئەگەر

ساڵانێکی درێژ ژیانی لەناودا بەسەر بردبێت، ئەو بۆ خۆی دەڵێت: PKK بزووتنەوەیەکی ئیرادە و رۆحە، ئەگەر کەسێك لەناو ئاگری ئیرادەو رۆحی ئەم ئاگرەدا قرچاوە نەبێت ناتوانێت حەقیقەتی PKK بەدەست بهێنێت لەبەر ئەم راستییە ئەم تەڤگەرە بۆ هێزە دەرەکیەکان بووەتە مەتەڵێك و ناتوانن پێناسەیەکی راستەقینەی ئەو تەڤگەرە بخەنەڕوو.
مەیدانی (ئارانا) لەرۆمانی بووژانەوەی ژیانی بە مەیدانی (شەهیدان) تێکدەدرێت، مەیدانی (شەهیدان) لەلای دەبێتە مەیدانی راهێنان و تاقیگا و مەیدانی خاوێن بوونەوە لەکردەوە خراپەو ناشایستەکانی مرۆڤ، مەیدانی بەمرۆڤ بوون، گۆڕانکاری کەسایەتی، مەیدانی خۆدۆزینەوە و خۆناسین، مەیدانی دادگایی کردنی زانستی سەردەم و مەیدانی ئیرادە بەخشین و بوێری باوەڕی گرتنە.
خولی پەروەردەی شەرڤانی نوێ یارگەی یارانی و ژوانگەی خەیاڵی منداڵێتی دەبێت، لەخوێندەوارخانەی (ئاپۆچی)یەکان ئەلف و بێی ئازادی فێر دەبێت، هونەری بەڕێوەبەرایەتی و سیاسەتی بەئەخلاق فێر دەبێت و فێری شرۆڤەی سیاسی، رامیاری و هونەری شەڕ دەبێت.
لەشەڕڤانی نوێبەهزر و فەلسەفەی (رێبەر ئاپۆ) زانا و وشیار دەبێت، بەدەنگی گوڵەکان هۆنراوەی تۆڵەسەندنەوەی دەنەخشێنێت، بەدیداری گەنجانی سەرجەم بەشەکانی کوردستان خۆشحال دەبێت، لەکەسایەتی ئەوگەنجانەدا شارەکانی کوردستان دەناسێت و مێژووی شاراوەی بۆ هەڵدەدرێتەوە، بە ناودارانی گومناوی نیشتمانەکەی ئاشنا دەبێت، بە هونەر و کوولتووری دەوڵەمەندی نەتەوەکەی ئاشنایی پەیدا دەکات، سەبارەت بە زاراوەکانی کوردی و لەگەڵا مەزهەب وئایینەکانی نێو کوردستان ئاشنایی پەیدا دەکات.
لەگەڵ زام و ئازارەکانی نەتەوەکەی ئاشنا دەبێت، سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیاسەتە چەپەڵەکانی داگیرکەران لەکوردستان وردبین دەبێتەوە، بەبینینی هەر وانەیەك حەقیقەتێکی شاراوەی بۆ ئاشکرا دەبێت، هەر ساتێك لەژیانی هەنگاوێکی بەرەو ئازادی هەڵدەنێت، ئیدی هەستی ئاسوودەیی و هەبوون دەکات، هەست دەکات ئیدی (هێمن) هەیە و لەپێناو گەیشتن بە ئازادی ژیان دەکات، دەیەوێت هەر شتێك زوو فێر بێت تا ببێتە دەرمانێکی زامە پڕئازارەکانی نەتەوەکەی.
لەشەڕڤانی نوێ گەنجێکی زۆر ژیر و ئازایە، لەفێربووندا نموونەی نییە، بۆپێشکەوتن مێشکی زۆر کراوەیەو لێهاتوو و کارامەیە، لەبەر هەستی پەیدۆزی و پەیجۆربوونی هیچ دیار نەدەبوو خوێندنی زۆر کەمە، بۆیە دەیویست کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بێت و باشترین پێناسەی کەسایەتی خۆی بکات، بۆ گەیشتن بەم پێناسەیە هەوڵی دەدا لەگەڵ دەوروبەری یەکگرتوو بێت، وزەی گەنجێتی باش بەکار بهێنێت، بۆگەیشتن بە ئاوات و خەیاڵەکانی بەردەوام بێت و هیوای بە ژیانی ئازاد و یەکسان هەبێت و لەگەڵ ژینگەدا بگونجێت، جیاوازی رەگەزی و چینی قبووڵ ناکات، بەرامبەر رەگەزی ژن رێزدار هەڵسوکەوت دەکات، جیاوازیەکان باش لەیەك دەداتەوە.
شەڕڤانی نوێ دەبێتە جێگای چاك کردنەوەی خراپترین ئەو تایبەتمەندیانەی کە رژێم بە کەسایەتی ئەوی داوە و دەیەوێت لەپەرتووکی بیرەوەریەکانی ژیانی بن بڕی بکات، دەستەواژەکانی؛ ترسنۆکی و ناپاکی و لووت بەرزی و دەست چەپەڵی و زمان پیسی و خۆپەرەستی و زووتووڕەبوون، رووشکێنی و داوێن پیسی و ئاژاوەگێڕی و فێڵبازی، دڵڕەقی و بەرەڵایی و ... هتد لەکەسایەتی خۆیدا جێگای پێ نابەخشێ.
هەوڵی دەدا بەرزترین نیشانەکانی کەسایەتی بەدەستبێنێت و دەیویست گەنجێکی خۆش زمان

و خۆشـڕوو بێـت، ئـازاو و زیـرەك و دلێـر بێـت، دڵپـاك و داوێـن پـاك بێـت، خاوێـن و ڕەوشـت بـەرز بێـت، هەسـتە کۆمەڵایەتیەکانـی بورووژێنێـت، کەسـێکی خۆنەپەرەسـت بێت، خزمـەت گـوزاری تەڤگـەر و نیشـتمانەکەی بێـت، خـاوەن ئامانـج و هیـوای درێژخایـەن بێـت، ئیـدی مەجالـی ئـەوەی بـۆ ڕەخسـابوو کـە تایبەتمەندیەکانـی کەسـایەتی سـەرکەتوو و شۆڕشـگێڕ بەدەسـت بهێنێـت، لەیەکەمیـن چرکەسـاتەکانی بەشداربوونیەوە بڕیـاری بەدەستهێنانی؛ گـورج و گۆڵـی، زمـان ڕەوانـی، قسەخۆشـی، تێکـەڵاوی و وریایـی، بەپشـوویی و خوێندنـەوەی زۆر، بەخشـەندەیی و دەسـتپاکی، شـەرەفمەندی و بەزاتـی و دڵسـۆزی و وەفـاداری و ڕاسـت بێـژی و خۆبەخشـی و ... هتـد دەدات.

دەیەوێـت ئاڵاهەڵگری ڕێبـازی هەڤاڵـە پێشـەنگەکانی PKK (حەقـی و کەمـاڵ و خەیـری و عەلـی چیچـەك) ەکان بێـت، ڕێبـازی ژیانـی قارەمانانـی (بزووتنـەوەی فریـادڕەس) دەکاتـە هەوێنـی ژیانـی هاوچەرخـی خـۆی، دەیەوێـت وەك دامەزرێنەرانـی PKK گیانبـاز و خەمخـۆر و دڵسـۆز و خۆڕاگـر و زانـا بێـت، بەیـەك وشـە دەیەوێـت ببێتـە (میلیتـان)، لەسـەر ئـەم ڕێچکەیـە هۆنراوەکانـی (هێمـن و بێکـەس) لەبـەردەکات، بـە وشـە رازاوەکانـی باخچـەی هۆنـراوەی ئـەم دو هەڵبەسـت بێـژە کەسـایەتی ئـاو دەدات، بـە دەنگـی بلوێـری ئـەم دامەزرێنەرانـە ڕۆحـی ئـارام دەبەخشـێت، بەتینـی گەرمـی (هەتـاوی ئـازادی) وشـە سـەهۆڵ کراوەکانـی ناوجەسـتەی دەتوێنێتـەوە، کەسـایەتی سـەهۆڵکراو و ربـۆت کـراوی بەتـەوری ڕەخنـە تێکدەشـکێنێت، جەنـگ لەگـەل نەفسـی خـۆی دەکات و دەروونـی بـە هـزری نـوێ خاوێـن دەکاتـەوە، کەسـایەتی لەسـەر هێڵـی (هەتـاوی ئیقبـال) دەڕازێنێتـەوە.

لەسـێ مانگـدا کەسـایەتییەك دەڕوخێـت و کەسـایەتییەکی دیکـە بونیـاد دەنێـت، لەسـەر خەیاڵـی منداڵـی (حسـێن)، (هێمـن) شـێوە دەگرێـت، بەچێـژەوە یەکەمیـن قۆناغـی شۆڕشـگێڕی تێپـەڕ دەکات و بـۆ قۆناغەکانـی دیکـەی تێکۆشـان خـۆی ئامـادە دەکات، لەبـەر ئـەوەی فێـر ببێـت، هـەر کات ناکۆکـی لەمێشـکیدا دروسـت دەبـوو، پرسـیاری دەکـرد تـا وەڵامـی گونجـاو و ڕەزامەنـدی دڵـی بەدەسـت نەهێنایـە دەسـتبەردار نەدەبـوو، بـۆ ئـەوەی شرۆڤـە بـکات لەوانەکانـدا دەدوا، ڕاوبۆچوونەکانـی لەسـەر هـەر بابەتێـك دەردەبـڕی، چ لەوانـە فەرمـی و چ نافەرمـی سـەرقاڵی وتوویـژ بـوو، خوێنـدن و نووسـین دەسـت پـێ‌دەکات، ئـەم جـارە جیـا لەزمانـی فارسـی و کـوردی (هـەر دوو زاراوەی سـۆرانی و کرمانجـی) فێربوونـی زمانـی تورکـی دەخاتـە نـاو پلانـی خەباتییـەوە. لەبەشـەکانی دیکـەی پـەروەردە لەبـواری سـەربازییەوە زۆر بـە حـەزەوە بەشـدار دەبـوو.

لێـرەدا تێگەیشـتبوو ژیانـی بێ‌رامیـاری وبێ‌سیاسـەت، وەك مرۆڤـی بێ‌سـەر و ڕۆحـە، مرۆڤێکـی بێ‌سیاسـەت مرۆڤێکـی بێ‌سـەرە، ئـەم ڕاسـتییەی بـۆ دەرکەوتبـوو کـە هەوڵـی ڕزگاری لـەو بارودۆخـەی خـۆی دەدا، لەبـەر ئـەوەی تـازە بەدەسـتەواژەکانی رامیـاری و سیاسـەت ئاشـنا دەبـوو نامـۆی ئـەو ژیانـە بـوو، بـەڵام بەکـۆی ئـەم کۆسـپ و تەگەرانـەوە درێغـی لـەلای خـۆی نەدەکـرد، بەهـەوڵ و تەقالاکانـی بەدرێژایـی خەباتـی پێشـکەوتنێکی بەرچـاو بەدەسـت دەهێنێـت.

سـێ مانـگ تێدەپەڕێـت، ئیـدی لەگاگۆڵکـێ کردنـی سـێهەمین لەدایکبوونـی ڕزگاری دەبێـت و دەتوانێـت لەسـەر پێـی خـۆی ڕابوەسـتێت، ژیـان بـە هۆنـراوە برازێنێتـەوە، دووخشـتیەکانی (هێمـن و بێکـەس) لەرێـرەوی ژیانیـدا هەڵبواسـێت، بەهۆنـراوە دووخشـتیەکان ڕۆحـی شـاراوەی پەیـدا بـکات، (بێکـەس) ی تەنیـا بـە بـەری (هێمـن)ی ئارامـدا بـکات و لەنـاو هـزری (ئاپـۆ)دا شـەیدای کوردسـتان بێـت. خولـی ژوانـی بـە گـەرم و گـوڕی کۆتایـی پێدەهێنێـت، خـۆی ئامـادە دەکات و کۆڵەبـاری پـڕ لەخـەم و پـەژارەی

**گەلەکەی لەپشت دەکات و ئیدی بە کردار بەشدار دەبێت، ئەو جێگایەی کە پێشنیاری بۆ دەکات و بە خەونی ئەوێوە دەنوێت لەلایەن رێکخستنەوە پەسەند دەکرێت و شانازی بەشداربوونی ناو ریزەکانی پاراستنی گەلی پێدەبەخشرێت.**

**گارە ـ چاپەمەنی**

**٢٠١٣/١/٥**

### ◆ پەپوولەیەک لەدەوری خەرمانی بەپیت

پەڕەسێلکەیەك (پرستو) لەمەڵبەندێك بەرەو مەڵبەندێكی دیكە كۆچ دەكات، لەرەوەندێك بەرەو رەوەندێكی دیكە پێهەڵدەگرێت و لەوەرزێك بەرەو وەرزێكی دیكە هەڵدێت، لەسەر لقێك بەرەو لەقێكی دیكە و لەلوتكەیەك بەرەو لوتكەیەكی دیكە دەفڕێت، لەرووبارێك بەرەو رووبارێكی دیكە رەوان دەچێت و لەبیابانێك بەرەو سەرسەوزیەك هەڵدێت، لەهزرێك بەرەو هزرێكی دیكە كۆبیری دەبێت، لەدەشتی تێلی دڕكدار بەرەو ریزەكانی گەریلا باڵا هەڵدەگرێت و بەرەو سەكۆی ئازادی گەریلا دەفڕێت. پەیوەستی پۆلی هەڵۆ بەرزەفڕەكان دەبێت، كۆڵەپشتی خەباتی بەپشت دەنێت و لەكاروانی خەباتگێڕان جێگا دەگرێت، ئەگەر كۆڵەپشتی هەژاری لەپشت دانێت. ئەوا هەنگاوێك ناتوانێت بەرەوپێشەوە بڕوات. بۆیە بەكۆڵەپشتی هەژاری ژیانی گەریلایی دەست پێدەكات،

لەسەرەتای رۆیشتنی بۆ ژوانگەی تێكۆشەرەكان، چاوێك بەجانتاكەیدا دەخشێنێت و بزەی پێكەنین لەلێوی دەنەخشێت، هەست بە گەورەیی و واتاداربوونی ژیانی دەكات، جانتایەكی لەپشتە كە پڕ لەهیوا و ئۆمێد و ئیرادە بۆ لابردنی باری خەم و هەژاری و ئازار لەسەر پشتی گەلەكەی. دەریای هزری بەگوێرەی رابردوو زۆر بەرفراوان و قووڵتر دەكات و لە رەوشتدا دەوڵەمەند دەبێت. هەڵبەت دەوڵەمەندییەك كە لەگەڵ گەلەكەی دابەشی بكات و چی دەزانێت بەگەلی ببەخشێت، چی نەزانێت بەدوای فێربوونییەوە بێت.

دوو ساڵ بەكارامەیی لەناو هێزەكانی پاراستنی گەل (HPG)دا خەبات دەكات و ئەزموون و تەجروبە وەردەگرێت. هونەری ژیان كردن بەئامێز دەگرێت و چیرۆكی نەنووسراوی دەدۆزێتەوە، ونبووەكانی ناو دڵی لەكون و قوژبنەكانی مێژووی دەبینێتەوە، راهێنان بۆی دەبێتە چرای رۆشن كەرەوەی ژیانی. هەرچەند كات دەگوزەرێت گەریلایەكی گورج و گۆڵ و ئازای لێ دەردێت، بەهاوبەشی چالاكانەی لەڕاپەڕاندنی كاروباری ژیان و رێكخستندا، لە ناو دڵی هەڤاڵانی خۆی هێلانەی خۆشەویستی دەكاتەوە، لەناو دیسپلین و خشتكردنی سەربازی دەتوێتەوە، لەڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتی رێكخستنی زۆر وردبین دەبێت و ئەركی هەڤاڵێتی لەلای دەبێتە هەوێنی ژیانی. لەهەڤاڵانی خاوەن ئەزموون وانە وەردەگرێت، دەیەوێت گوێبیستی بیرەوەریەكانی گەریلایی بێت و بە بیرەوەریەكانی گەریلا شاد و بەهێز دەبێت، ئەم بیرەوەریانە بەرەو ژیانی حەقیقی گەریلا هانی دەدەن، هەر بیرەوەریەك دەبێتە چرای رۆشن كردنەوەی ژیانی، دەبێتە سەمبۆلی درێژەپێدانی تێكۆشان و خەباتی.

لەرووپەلەكانی ژیانی نوێی دەیەوێت لەسەنگەری پێشەوەدا جێبگرێت، پەلە نەنووسراوەكان بەژیانی خاوێن و منداڵانەی خۆی بنووسێت و بەدەستی خۆی تۆڵەی خەیاڵی منداڵانەی بستێنێتەوە، ئیدی لەخۆی ڕادەبینێت كە بۆ قۆناغی شەڕ ئامادەیە. مەراقی هەست و سوانی لەگەڵا ژیانی گەریلایی گەلێك هەیە. لەهەر گۆشەیەكی ژیانی گەریلایی هێلانەی خۆشەویستی ساز دەكات و ئەو هێلانانە دەكاتە بنكەی هەڤاڵێتی و خۆڕاگری و تۆڵەسەندنەوە لەنەیارانی كورد. لەسەر لوتكەی شاخە سەربەرزەكانەوە دەیەوێت بەرامبەری داگیركەران رابوەستێت و چۆكی خۆی بەرامبەر داگیركەران دانەنوێنێت، مڵشۆڕی داگیركەران نابێت، بە پاسەوانی لەسەر ئەو لوتكە سەربەرزانە ئارام دەبێت، دەیەوێت داهاتووی چیرۆكی نەنووسراوی خۆی سەیر بكات، رەنج و ئازاری گەلەكەی ببینێت، بەپاراستنی خاكی نیشتمانەكەی ئۆقرە دەگرێت، هێمن و ئارام دەبێت، بەهەمو هێزو توانایەوە ئامادە دەبێت تا هەر چەشنە دەستدرێژییەك لەسەر نیشتمانەكەی بكرێت، بەرەنگاری ببێتەوە، خۆی

بـە قەڵغانـی بەرگـری لەنیشـتمان و خاکـی پیـرۆزی نەتەوەکـەی دەبینـێ.
لووتکـە سـەربەرزەکان، ئیـرادەی پۆڵایینـی لـەلا دروسـت دەکـەن، هیـواو ئاواتەکانـی گـەورە دەکـەن و بوێـری وجەسـارەتی پێدەبەخشـن، بۆیـە ئـەو قۆناغـە دەبێتـە خۆشـترین دەورانـی بووژانـەوەی. هەرچەنـد سـەرماو سـۆڵە و گەرمـی و برسـێتی و توونێتـی و هیلاکـی و بێئیمکانـی ئەمانـی پـێ نـەدەدا، لەگـەڵ هەریـەك لەوانـە رادێـت و زمانـی هاوڕێیەتـی بەرامبەریـان بـەکار دەهێنێـت، ئـەم رووداو و گرفتـە سرووشـتیانە کاریگـەری لەسـەر دابەزینـی مۆراڵـی ناکـەن. ناهێڵێـت لاواز و بێهێـزی بکـەن، بگـرە بەپێچەوانـەوە وەك هەتاوپەرەسـت بـەردەوام زەردەخەنـەی لێوەکانـی دەدرەوشـێنێتەوە، زەردەخەنـەی ئـازادی لەلێوەکانـی ناترازێنێـت. لێـرەدا تێـدەگات لـە ڕاسـتی (کەشـتی نـووح) دەزانێـت بۆچـی لەچیـای (جـودی) لەنگـەر دەگرێـت، بۆیـە بەهەمـان شـێوە ئەویـش چارەنووسـی گەریلایـی هاوشـێوەی (نـووح) هەڵدەبژێرێـت، گەریلاکانیـش بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـازادی بـە (کەشـتی شـۆڕش) لەشـاخە سـەربەرزەکانی کوردسـتان لەنگـەر دەگـرن.
لەشـەوە تاریکەکانـدا شـەیدای ئەسـتێرە درەوەشـاوەکانی ئاسـمان و روناکـی مانـگ دەبێـت، بریقـەی ئەسـتێرە و مانـگ دەبنـە گلۆپـی نـاو چاوانـی کلیلـی دەروازەی ژیانـی، دەردەدڵـی نـاو دڵـی لەشـەوی تاریکدا بەئەستێرەکان دەڵێت، دەیەوێت لەگەڵیدا بدوێـن و ئەوانیش بخاتـە قسـەو لەگەیشتن بەڕێبـازی حەقیقـەت یارمەتیـدەری بـن و فەلسـەفەی هێزگرتـن و هێزبەخشـین بەژیانـی بکـەن، لەنـاکاو خشەخشـی دار و گـژو گیـاکان کۆبیـری بـڵاو دەکەنـەوە، دەسـت بەچـەك دەبێـت و بەئارامـی گـوێ رادەخـات و چاودێـری دەوروبـەری دەبێـت.
کاتێـك کـە چـەك بەدەسـت دەگرێـت گرنگـی ئەرتەشـی گەریـلا بـۆ نەتەوەکـەی هەسـت پـێدەکات، ئـەو چەکـەی کـە بوێـری و جەسـارەتی پێدەبەخشـی، روانگـەی بەهەمـان شـێواز بـوو کـە ئەرتەشـی گەریـلا بوێـری و هیـوا بەگـەل دەدات، لەبـەر ئـەوە گەورەکردنـی ئەرتەشـی گەریـلا بـە ئەرکـی سەرشـانی خـۆی و هەڤاڵانـی دەزانـی و لـەو بـاوەڕەدا بـوو هەرچەنـد ئەرتەشـی گەریـلا بەهێـز و گـەورە بێـت، ئەوەنـدە ئەرتەشـی داگیـرکار لاواز و بچکۆڵـە دەبنـەوە، لەبەرئـەوە زۆر خۆشـحال بـوو کـە نەبووبووە سـەربازی نەیاری کـورد و لەنـاو ئەرتەشـی داگیـرکاری و خائیناندا جێـگا ناگرێـت. لەژێرنـاوی سـەربازی خزمەتـی داگیرکەرانـی نەدەکـرد، چونکـە لـەلای ئـەو سـەربازی کـردن بەواتـای خزمـەت کـردن و کۆیلەبوونـی داگیرکـەران دەهـات، بۆیـە ئـەو پەنـا بـۆ نـاو ئەرتەشـی فریادڕەسـی نەتەوەکـەی دەبـات.
پێـش گەلەکۆمـەی نێودەوڵەتـی لەسـەر (رێبـەر ئاپـۆ)، گەریـلا پـەروەردەی دەسـتی خـودی (رێبـەر ئاپـۆ) بـوون، بـۆ خـۆی وانـەی بـە گەریـلا دەگوتـەوەو بۆخـۆی لەخوێندەوارخانەکەیدا زانسـتی سـەردەم و کەسـایەتی دامـرکاو و لەناوچـووی دادگایـی دەکـرد، ئەمـەش ورەیەکـی بـەرزی بـە گەریـلا دەبەخشـی. شـەهید (هێمـن) لەگـەڵ ئـەو هەڤاڵانـەی کـە لەوانەکانـی (ئاپـۆ)دا بەشـدار بووبـوون گفتگـۆی دەکـرد و لەسـەر راسـتی رێبەرایەتـی و (PKK) لێکۆڵینـی دەکـرد، پاشـان دەیویسـت شـیکردنەوەکانی (ئاپـۆ) لەسـەر هەڤاڵێتـی و ژینگـە و ژن، تێکۆشـان و ملیتانـی، شـەڕ و مێـژوو و سـەرجەم بوارەکانـی دیکـە بزانێـت، سـادەیی و سرووشـتی بوونـی لەگـەڵ هەڤـاڵان هەسـت بـکات و شـیکردنەوەی کەسـایەتی ئـاگادار بێـت و زمانـی رەخنـەو رەخنەداییـن ئاشـنایی پەیـدا بـکات، رێورێبـازی چارەسـەری گیروگرفتـەکان فێـر ببێـت و لەتاکتیـك و ئیسـتراتیژی، شـەڕ و سیاسـەت لێـزان بێـت، تابـەم شـێوەیە هەڤاڵێتـی تەندروسـت لەگـەڵ (رێبـەر ئاپـۆ) و هەڤاڵانـی بـکات.

چالاکی گیانبازانەی بەدەیان گەریلاو هاوڵاتی کورد کە بەمەبەستی ریسواکردنی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی پێك هاتبوو، کاریگەری قووڵی لەسەر کەسایەت و ویژدانی (هێمن) دادەنێت، ئەمەش ئەو هاندەدات وەك پەپوولەیەکی عاشق لەچواردەوری (هەتاوی ئازادی) سەمای خۆشەویستی بکات، بۆیە ئەویش لەو کاتەوە تا دوا هەناسەی ژیانی خۆی بەقەرزداری (رێبەر ئاپۆ) و هەڤاڵانی گیانبەخت کردووی دەبینێت.

ئیدی لەناو (HPG)دا هەست دەکات کەسێکی خاوەن ئیرادەیە، لەسەر ئەم بنەمایە خۆی پەروەردە دەکات، کەسایەتییەکی لێهاتوو و بەتوانای لێ دروست دەبێت، بۆیە دەیەوێت بۆ خەبات بەرەو باکووری کوردستان بڕوات، پێشنیاری خۆی بۆ رێکخستن دەکات، دەیەوێت لەناو زۆر و زەحمەتییەکانی گەریلایەتی ببرژێت و کەسایەتی (هێمن) دەستەمۆی رێکخستن بکات، بەڵام لەوکاتەدا دەیەوێت تێپەڕی باکووری کوردستان ببێت بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتە ئەم پێشنیارەی قەبوول ناکرێت، لەبەر ئەوەی هێزەکانی گەریلا لەچوارچێوەی رێنمایی (رێبەر ئاپۆ) لەپێناو چارەسەری کێشەی کورد بەرەو باشووری کوردستان دەکشێنرێنەوە، پێواژۆی ئاگربەست دەکەوێتە ئاراوە، هەرچەند ئەم پێواژۆیە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە مایە پووچ دەکرێت، ئیتر ئەویش تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠١ وەك شەرڤانێکی تێکۆشەر ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی لەناو هێزەکانی پاراستنی گەل ڕادەپەڕێنێت.

قۆناغی ژیانی ناو کەتیبە (تابوور) بەلایەوە گەلێك سەرنج راکێشە و لەخەباتی ناو (تابوور) هەستی ماندوو بوون ناکات، لەسەرجەم بەش و خەباتەکانی ناو تابوور بەشداری دەکات و دەیەوێت تایبەتمەندیەکانی ملیتان بوون بەدەست بهێنێت، لەناو ریزەکانی گەریلادا ببێتە فەرماندەیەکی زاناو لێهاتوو، فەرماندەیەکی بوێر و قارەمان بێت و تایبەتمەندی فەرماندەی (PKK) لەکەسایەتی خۆیدا بەرجەستە بکات. دەیەوێت فیداکارترین، روخۆشترین، خۆڕاگرترین، هێمنترین، دلێرترین و بەجەرگترین تێکۆشەری ناو ریزەکانی گەریلا بێت چونکە گەیشتووەتە ئەو باوەڕییەی کە ئەگەر فەرماندەیەك لەم تایبەتمەندیانە دوور بێت، ناتوانێت فەرماندەیەکی حەقیقی نیشتمانەکەی بێت بۆ ئەوە دەیەوێت بۆگەیشتن بەفەرماندەی حەقیقی ئەم تایبەتمەندیانە لەکەسایەتی خۆیدا ئاوا بکات.

(هێمن) ئیدی شاهیدی ئەوە دەبێت کە خولقاندنی نرخ و بەها پیرۆزەکانی (PKK) بەتێکۆشانی فەرمەندەکانی وەك؛ (عەگید، مەزلووم دۆغان، کەمال پیر، خەیری دوروموش، عەلی چیچەك، گۆلناز کاراتاش، زەینەب کەناجی و هتد ...) بەدی هاتووە، پێناسەی فەرماندەیی لەلای ئەو بە واتای (عەگید)ی دەبێت، هاوکات (عەگید)یش واتای (قارەمانی، رێکخستن بوویین، بوێری، هیوا، ئومێدو هتد ...)، دەبەخشێت، بۆیە ئەویش دەیەوێت کەسایەتیەکی هاوشێوەی ئەم قارەمانانەی هەبێت. فەرماندەیی بۆ ئەو بەواتای؛ (فیداکاری، دەستپێشخەری، بوێری، مۆڕاڵ بەخشین، رێکخستن، بەبەرنامە بوون، هەڤاڵێتی، دروستی و سوور بوون)ە. لەسەر ئەم خاڵە زۆر سوور دەبێت وبەردەوام تیشکی دەخستە سەر و سەرنجی بۆ رادەکێشا. لەبەر ئەوەی پێکهاتەی گەنجانی بە دەستپێشخەری کۆمەڵگا و توێژێکی رادیکال ـ دیموکرات دەبینی، گەنجانی هان دەدا کە ببنە فەرماندەی نیشتمانەکەیان تا بەم شێوەیە گەنجان ئەرکی مێژوویی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەو بەخۆی دەڵێت: «کوردستان پێویستی بە فەرماندەی حەقیقی وەك عەگیدەکان هەیە، چونکە کوردستان بەهۆی نەبوونی فەرماندەی راستەقینە تووشی شکست و داڕمان هاتووە».

رومانی ژیانی منداڵێتی ئەوەی بەبیر دەخاتەوە، کاتێك لەکۆمەڵگای داڕماوی کوردستان دەکەوێتە

ناو تەڵەکانی رژێمەوە، کاتێك ناوی فەرماندە بەر گوێچکەی دەکەوێت، دەسبەجێ ترس سەرتاپای دادەپۆشێت، چونکە وشەی فەرماندە تۆقێنەری و رەنگ زەردی و زۆرداری و پارەو ناوبانگی ئەو کەسە دەخاتە بیریەوە، لەبەر ئەوەی پێناسەی فەرماندە لە ناو کۆمەڵگادا بەوشێوەیە لەهزریدا فۆرم دەگرێت)، بەڵام فەرماندەبوون لەناو ریزەکانی گەریلا بەواتای؛ (ئەرتەش بووین، رێکخستەبوون، پەرەپێدانی چالاکی، بوێری و خۆبەخشی) لەهزری نوێدا فۆرم دەگرێت.

پێناسەی فەرماندەیی لەشانۆی هزریدا؛ (راستبێژی، پەیمان بەجێهێنەر، گرێدراوی ئەرکی خۆبوون) دادەرێژێت، ئەو لەهەوڵی ئەوەدایە وەك فەرماندە (عەگید)، (ئازا، بەجەرگ، دلێر و قارەمان) بێت، وەك زیلان ( بەئامانج، تۆڵەستێن و راستبێژ) بێت، بەڕای ئەو ئەگەر کەسێك چالاکی (عەگید و زیلان) تێنەگات کەسایەتی ملیتان بوون و فەرماندە بوون تێناگات، لەبەر ئەوەی بۆخۆی گەنجە، زیاتر لەهەر گەریلایەك گرنگی بە تێگەشتنی حەقیقەتی ئەم قارەمانانە دەدات، ئەوەتا دەڵێت: «پێویستە کوردستان پڕ لەفەرماندەکانی وەك عەگید و زیلان بکەین، لەبەر ئەوەی هەر فەرماندەیەکی (ئاپۆیی) بۆ نەیارانی کورد لەبۆمبی ئەتۆم مەترسیدارترە، هەر چەندێك فەرماندەی قارەمان لەکوردستان زیاد بکەین، ئەوەندە ژیان نوێو ئازاد دەبێت، رەنگ و بۆی نادادپەروەری لەناو دەچێت»، بۆیە فەرماندەکان بە پێشەوایان و دامەزرێنەرانی هێڵی نوێ (بەرخۆدان ژیانە) بۆ گەلی کورد دەزانێت، فەرماندەکانی (PKK)  بە خۆڕاگری بێوچانی خۆیان گورزێکی قۆرسیان لەجەرگی نەیار داوە و بە چاڵاکی خۆیان دەست و پێی نەیاریان ئیفلیج کردووە، لەبەر ئەوەی فەرماندەیەکی (PKK) یەکسان لەگەڵا ئەرتەشێکدا دەبینێت.

هێشتا ژیلەمۆکانی سەرهەڵدانی ١٥ی شوبات لەرۆژهەڵاتی کوردستان نەکوژاونەتەوە و پشکۆکانی ئەو ئاگرە تا دەڕوات گەشاوە دەبن، زەلکاوی چەپەڵی وشك و بنبڕ دەکەن، غونچەی گوڵەکان کراوە دەبن، مێشکە بەستەڵەك کراوەکان دەتەقنەوە، تۆخمی شۆڕش لەهەر جێگایەکدا چەکەرەی دەرخستووە و چەکەرەی شۆڕش، کۆمەڵگای چیمەنتۆکراو قڵیش قڵیش دەکات، لەهەر قڵیشێکدا خوێنمژێك دەخنکێنێت و بەهەر خنکاندنێك تاپۆیەك دەروخێنێت و بەرووخاندنی هەر تاپۆیەك بومەلەرزەیەك روودەدات و بەهەر بوومەلەرزەیەکدا زەوتکەرێك دەڕمێت.

ئیدی تیشکی (هەتاوی ئازادی) داوێنی (زاگرۆس) دەخەملێنێت و هەتاوپەرستێك نەماوە کە رووی لە(هەتاوی ئازادی) نەکردبێت، غۆنچەیەك نەماوە کە بزەی پێکەنینی بەرامبەر تیشکە درەوشاوەکانی نەدرکاندبێت، عاشقێك نەماوە کە ژوانگەی خۆی پەیدا نەکردبێت و پەپوولەیەك نەماوە کە سەمای ئازادی لەدەوری (هەتاوی ئازادی)دا نەکردبێت، وشکانییەك نەماوە کە دلۆپی باران نەیپۆشیبێت، تاریکییەك نەماوە کە بروسکی رووناکی بەبەردا نەکردبێت، ئەستێرەیەك نەماوە کە لەشەوی تاریکدا بەخەبەر نەهاتبێت، دارێك نەماوە کە کراسی بووکێنێتی نەپۆشیبێت، رووبارێك نەماوە کە ماسی لەناویدا مەلەوانی نەکردبێت، منداڵێك نەماوە کە بە لایەلایەی دایکی گەورە نەبووبێت، گوڵێك نەماوە تیشکی (خۆری ئازادی) نەچێشتبێت، کەسێك نەماوە کە ناوی (ئاپۆ و PKK)ی نەبیستبێت.

راپەڕینی جەماوەری ساڵی ١٩٩٩ ئاگرێکی نوێ لەرۆژهەڵاتی کوردستان دادەگرسێنێت و ژیانەوەی نوێ دەخولقێنێت، رێڕەوێکی نوێ ئاوا دەکات، ئاگری خۆشەویستی بەرپا دەکات، تەلیسمی ترس دەشکێنێت و (کەشتی شۆڕش) بەرپا دەکات و (هەتاوی ئیقبال) لەپشت هەورە ڕەشەکانەوە (بزووتنەوەی یەکێتی دیموکراتیك)  دەکاتە دیاریی ، هەورە تریشقە و گەرم و گوڕی سەرهەڵدانی جەماوەری ١٥ی شوبات

هێلانەی ژیان بونیاد دەنێت، (هەتاوی ئیقباڵ) رەنجی بێوچانی جەماوەر بە (هانای بزووتنەوەی چەمکی یەکێتی و پرەنسیپی دیموکراتیك) گوڵا باران دەکات، فریادڕەسەکان وەك بڵێسەیەکی ئاگرین گەرمای تێکۆشان دەچێنن، بەدروێنەکردن، خەرمانی بزووتنەوەیەك کۆدەکەنەوە و دابەشی ناو هەژاران دەکەن، خانووی هەژاری تێماوان دەدرەوشێنێتەوە و سفرەی خاڵی خانووی هەژاری دەڕازێنێتەوە.
لەساڵی ٢٠٠٢ بەشداری ئەو خەرمانە پڕ بەپیت و بەرەکەتی جەماوەری دەبێت و دەبێتە پەپوولەیەك کە لەدەوری خەرمانی بەپیت وبەرەکەت، سەما دەکات، کول و ئێشی ئازار چێشتووەکان، خەمباری دەکەن و داماوی و هەژاری هاوخوێنەکانی گرمەی هەورینی لەناو دڵی درووست دەکەن. پاش دوو ساڵا دووربوون، گەڕانەوەی بۆ مەڵبەندێ کە تێدا سەریهەڵداوە دروست دەبێت، بەکانی مێژوو، گەنجانی نیشتمانەکەی ئاو دەدات و بە رووباری کانیاوەکان مێشکە زەوتکراوەکان خاوێن دەکاتەوە. بە دەریای کانیاوەکان مەڵبەندی کەشتی شۆڕش قایمتر دەکات تا ماڵوێران کراوەکانی پێ رزگار بکات، دەرهاوێشتکراوەکان رژێم بەئامێز دەگرێت، تێچەقاوەکانی زەلکاوی گەندەڵی دەردەهێنێت، بازاڕی خۆفرۆشەکان و بەکرێگیراوەکان بێبازاڕ دەکات، بڕواو باوەڕی دەبەخشێتە بێبڕوا و بێباوەڕەکان.
هەنگاوی یەکەمین لەمەڵبەندی خنێرە دادەنێت و کەژوکێو و پێدەشتەکانی ئەو هەرێمە یەکەمین تاقیگەی خەباتی دەبن، لەگەڵ سرووشتی سادە و ساکار خەڵکانی ناوچەکە هاودەم دەبێت، لەبەر بارینی بارانی خۆشەویستی خەرمانی دڵی بەپیت و بەرەکەت دەبێت لەبەخشینی هێشووی خەرمانی دڵی دەست کراوە و گەنجان بەرەو خەرمانی ژیان هان دەدات، خەرمانی لادێ لە بێژنگی شۆڕش دەدات و کلۆشەدارەکان پەراوێز دەخات. شەونەخوونی بۆ پاراستنی خەرمانی گوند دەکات، خەرمانی گوند لەدەستی چەتەو دزەکانی کۆماری ئیسلامی دەپارێزێت، هێشووە ئالوودەکانی گوند بە دیاردەکانی بێکاری و ماددەی هۆشبەر و بێرەوشتی و هەژاری دەسووتێنێت و هێشووی خەرمانی بەپیت و بەرەکەت لەناو چنگی سووتان دەردەهێنێت، هێشووی وشککراو شین دەکاتەوە، رۆح بە خەرمانی بێ رۆح دەبەخشێت، هێشووەکان رەوانەی (کەشتی شۆڕش) دەکات، دەیەوێت خەرمانی شۆڕش گەورەو گەورەتر بکات.
پەڵە هەورەڕەشەکانی ئاسمانی تاریك لەساڵی ٢٠٠٣وە دەیانەوێت بڵێسەی ئاگری (بزووتنەوەی یەکێتی دیموکراتیك) بە تەوژم و تەرزە وردەڵەکەکانیان کوژاوە بهێڵن، رۆژەنەی هیواو ئاواتی ژیان بەتاریکی داپۆشن و شەپۆلی ئازادی دامرکێنن، نەوەی تۆڵەسەندنەوە لەناو بەستەڵەکدا بهێڵن، ئیرادەی پۆڵایینی ئەستێرەکان بتوێننەوە، دەمامکی پاشا رووتەکان بەسەر روخساری (هەتاوی ئازادی) بپۆشن، لەنگەری کەشتی شۆڕش بەجێگای (شاهۆ، دالاهۆ، جودی، قەندیل و هتد ...)، لەناوەندی شارستانییەکان دابکوتن، خەرمانی بەپیت بکەنە دیاری پەڵە هەورەڕەشەکان، بەم تەوژمە بڵێسەی ئاگرین تەم و مژاوی بکەن، بەتەرزە وردەڵەکەکان هەراو هوورای تاڵان کردن رابخەن، غۆنچە دەمکراوەکان ژاکاوە بکەن، خەرمانی بەپیت و بەرەکەت تاڵان و وێران بکەن، هێشووە سەرسەوز و هیوابەخشەکان دامردوو و سیساوە بکەن، دیاری (هەتاوی ئیقبال) بە فەرهود ببەن.
لەگەرمەی ئەو هەراوهورایەدا، دەبێتە پەپوولەیەکی عاشق بەدەوری خەرمانی بەپیت و بەرەکەت. (هێمن) دیاری (هەتاوی ئازادی) پیرۆز رادەگرێت، خەرمانی ئازادی بە دنکە شقارتەیەك ناهێڵێت بسووتێنرێت، خەرمانی ئازادی بەرەنجی بێوچانی ئەستێرە درەوشاوەکان کۆدەبێتەوە، ئەو کات تەوژم و تەرزەو گەنەکان ناتوانن لەناوی ببەن، خۆی بەپشکۆیەك لەژیلەمۆی خەرمانی ئازادی دەزانێت،

بەئاگری نـاو دڵـی بـەڵای بێفـەڕ دەسـوتێنێت، ئـاوی دزەکـەری نـاو خەرمـان وشـك و بـڕ دەکات، کراسـی بێباوەڕی دەپچڕێنێـت و کراسـی بـاوەڕی دەپۆشـێت و ئەمـەش دیـاری هەڤاڵانـی دەکات، ئـاڵای تێکۆشـان لەسـەر خەرمانـی شـۆڕش بـە شـەکاوەیی دەهێڵێتـەوە، دەبێتـە هێشـوویەکی درەوشـاوەو سەرسـەوزی ئـەو قۆناغـە و دەبێتـە قەڵغانـی پاراسـتنی خەرمانـی زێڕیـن، لەنگـەری شـۆڕش لە(شـەهیدان، قەندیـل و شـاهۆ) دادەکوتێـت.

لەسـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٢ تـا ٢٠٠٣ دا لەناوەنـدی خەباتـی ڕۆژهـەڵات دەبێـت، گەردەلوولـی ناحـەزان ڕووی تێـدەکات، جـل وبەرگـی هاوینـی لەبـەر دەکات تـا سـەرمای گەردەلـوول نەخۆشـی نەخـات، لـەدەوری خەرمانـی ئـازادی لەگـەڵ هاوپەپوولەکانـی بازنەیـەك لەئاگـر بەرپـا دەکـەن، لـەدەوری خەرمانـی ئـازادی سروودی (ئێمـە ئاپۆچیـن) دەخوێنـن و بـەو بازنـە ئاگرینـە جـڕو جانەوەرەکانـی گەردەلـول دەسـووتێنن، بەهـەوای گەردەلـول لـە مەڵبەنـدی ئـەودا کـە مەیدانـی پراکتیکـە، هـەر چەنـد بەهێـز و بەتیـن نییـە، ڕێـڕەوەی کانـی خەبـات ناگۆڕدرێـت، وەك ئـاوی کانـی ڕووبـاری تێکۆشـان ڕەوان دەبـن و ناسنامەی نـەوەی تۆڵەسـەندنەوە دەپارێـزن. بەدروشـمی (کـەس ناتوانێـت خـۆری ئازادیـمان لـێ بسـتێنێت) سـەمای ئـازادی دەگێـڕن و سـەرچۆپی سـەمای ئـازادی بەهانـای (بـژی سـەرۆك ئاپـۆ) هەڵدەسـووڕێنن، دەسـەودایەرەی (تەسـفیەگێران و ئاژاوەچییـەکان) ڕیسـوا دەکـەن، دەروەی هێڵـی (ڕێبـەر ئاپـۆ) ڕێـڕەوەی هێڵێکـی دیکـە نابێـت، لەبـەر ئـەوەی هەبـوون و نەبـوون و پێشـکەوتنی خـۆی لەئەنجامـی ڕەنجـی خەباتـی (ڕێبـەر ئاپـۆ و PKK) دەبینـی.

لەرێککەوتـی ٢٠٠٤/٤/٤ بـە کۆنگرەیـەك لە(دۆڵـی شـەهید هـارون) پارتـی ژیانـی ئـازادی کوردسـتان (PJAK) پێشکەشـی گەلـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەکرێـت، پارتێـك دادەمەزرێـت، خەرمانـی ئـازادی گەلـی ڕۆژهـەڵات و تۆڵەسـێنەرانی ١٥ی شـوباتی سـاڵی ١٩٩٩ بەئامێـز دەگرێـت، پەپوولـە عاشـقەکانی خەرمانـی ئـازادی لـەدەوری یەکـدی کـۆ دەکاتـەوە، بارانـە بەپیـت و بەرەکەتەکانـی ئاسـمانی ئـاوی کۆدەکاتـەوە و لافـاوی تۆڵەسـتێنەوەی پێهەڵدەسـتێنێت، بـەڵام تەسـفیەگێرانی نیـو و دەروەی ڕێکخسـتن لەهەوڵـی دامرکانـدن و کوژاندنـەوەی بازنـەی ئاگریـدان، هەتـاوی بەتیشـك بەپەڵـەی هـەوری ڕەش دابپۆشـن، پشـکۆ ئاگرینـەکان دامرکێنـن، زنجیـری یەکێتـی گـەل بپچڕێنـن.

پەپوولەکانـی عاشـق، خەرمانـی بەپیـت لەئامێـزی گەرمیانـدا دەپارێـزن و ئەویـش یـەك لـەو پەپوولانـە دەبێـت کـە (PJAK) لەبـەر لافـاوی ئاژاوەگێـڕی و پاکتـاوکاری دەپارێزێـت، سـەردەمێك تێیـدا تێپـەڕ دەبێـت، بەشـەو و ڕۆژ خەبـات دەکات تـا موراڵـی هەڤاڵانـی دەوروبـەری خـۆش بـکات، ڕێگـری لەنەخشـەو پلانـی تەسـفیەگێران بگرێـت، هـەر چەنـد ئـەو قۆناغـە کاریگـەری خراپـی لەسـەر کاروانـی شـۆڕش کـرد بـەڵام ئـەو توانـی لـەو قۆناغـەدا خۆڕاگـر و دانپێدانـەر بێـت و تەنانـەت یارمەتیـدەری گەلێـك هەڤاڵـی خـۆی بـدات، ئیـدی ڕاسـتی خراپکارەکانـی شـۆڕش لـەلای ڕوون دەبێتـەوە و پـرۆژەو پلانـە چەپەڵەکانیـان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت، بڕیـار دەدات ڕێبـازی تێکۆشـانی (ڕێبـەر ئاپـۆ) بگرێتـە بـەر و بـە کۆڵەپشـتی هـەژاری درێـژە بەخەباتـی خـۆی بـدات، بـەم ڕەنگـە ئیـدی دەربـازی خەباتـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەهەرێمـی (کەلـەڕەش) دەبێـت.

ئیـدی ئـەو ڕاسـتیەی بـۆ ڕوون بووبـووە کـە (ڕێبـەر ئاپـۆ) لەسـەرەتای تروسـکی بزووتنەوەکەیـەوە، شرۆڤەیەکـی قووڵـی لەسـەر هـۆی تەنگـەژە و ڕووخانـی کەسـایەتی لەکوردسـتان بـەوردی پێکهێنـاوەو جێگرتـووی ئـەم کەسـایەتییەش تێکۆشـەرانی (ئاپۆئیسـتی) دەخوڵقێنێـت. تێکۆشـانی بێوچانـی ٤٠

ساڵەی (ڕێبەر ئاپۆ) و (PKK) لەسەر ئەم بنەمایە بەگرنگ دەبینێت و تەنانەت خۆڕاگری ئەو لەباروذۆخی دژواری دوورگەی ئیمرالی و پێداگری و سووربوونی لەسەر گۆڕانی کەسایەتی وهێڵی ڕێکخستن بەکارێکی گەورە سەیر دەکات، تەنانەت بەنمونەیەکی بەشداری کاراو تەندروستی بۆ هێڵی ڕێکخستنی لێکدەداتەوە. لەسەر بنەمای راستی سەرۆکایەتی ئەو بە یەکەمین کەس ناو تەڤگەردا دەبینێت کەسەرجەم ژیانی بۆ تێکۆشان و هەوڵدانی خەباتی بۆ بەشداری بوونی راستی بە(پارتی بوون) تەرخان کردووە، بۆیە دەیەوێت بەشداری بوونی خۆی لەگەڵ تەڤلی بوونی (سەرۆکایەتی) بەراورد بکات، شاهیدی درزییەکی گەورەی نێوان خۆی و هێڵی (ڕێبەرایەتی) دەبێت، پێویستی بە پێداچوونەوە بۆ تەڤلی بوونی راستی خۆی دەبینێت و لەسەر ئەو بنەمایە رەخنەداینی خۆی بەراست و گەوهەری پێویست دەبینێت، کەسایەتی تاکی کورد بەکەسایەتیەکی تێکەڵاوپێکەڵا دەزانێت چونکە ئەوەندە خراوەتە ژێر بابەتی سووکایەتی و سەرکوت کردن وکۆیلەتییەوە کە تەنانەت هێزی دەرونی خۆی نکوڵی بکات و متمانەی بە باوەڕی خۆی نەمێنێت، بەڕای ئەو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەبەردەوامی ئەو جۆرە کەسایەتانە لەژێر بەرپرسیارێتی قورس هەڵبێت و ڕێو ڕێبازی کورت بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی بگرێتەبەر، ئەمەش لەئەنجامدا سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست ناهێنێت بۆیە ئەم تایبەتمەندیانە لەپێکهاتنی کەسایەتی خۆیدا بە ئاشکرا دەبینێت.

بۆیە لەو کاتەوە تا بە ئێستا بووەتە ئەندامی تەڤگەر، ئەم جۆرە تایبەتمەندیانە بە کۆسپ و تەگەرەی سەرەکی بەرامبەر بەشدارنەبوونی راستی لەکاروباری ڕێکخستنی دەزانێت. لەلایەنێکی دیکەوە روانگەی لەسەر کۆمەڵگای کورد ئەوەیە کە بەهۆی نەبوونی کولتووری ڕێکخستنی و ژیانی بێپلان وبەرنامەی تاکەکان کەسایەتیەکی شڵەژاو و رووخاو خولڤاووە، تەنانەت تاکی کورد دەستەواژەکانی یاسا و دیسیپلین و ڕێك وپێك کردن بە بێواتاو بێناوەڕۆك هەڵدەسەنگێنن، لەبەرئەوە ئیدی ئەو کەسایەتیانەی خاوەن ئەم تایبەتمەندیانەن، ناتوانن بەشداربوونێکی راست لەقۆناغی بەپارتی بوون بگێڕن، لەبەر ئەوەی هێواش هێواش ڕێگا بۆ چەمکەکانی دژەپارتی و فتنەیی و تەسفیەگەری لەناوەندی ژیانی ڕێکخستن هەموار دەکات، بۆیە ئەو دەڵێت: «هەبوونی ئەم تایبەتمەندیانە لەکەسایەتی مندا بە لەمپەڕی مەزنی تەڤلی نەبوونم لەقۆناغی بە(پارتی بوون) دەبینم، چارەسەرکردنی ئەم لاوازیانە بەتێگەیشتن و باوەڕی بەهێز و دروست بە ئەندێشەو هێڵی ڕێکخستن گرێدراوە، ئەگەر هەموو کادیران و ئەندامانی ڕێکخستن و پێش هەرکەس خۆم لەقۆناغی تەسفیەگەریدا هەڵوێستی ئایدئۆلۆژی و ملیتانی مان دەربڕیایە تێکدانی تەسفیەگەران ئەوەندە لەناو ریزەکانی تێکۆشاندا بڵاوەی نەدەکرد».

هەرچەند ئەو لەو قۆناغەدا لەباشووری کوردستان دوور بوو و لەخەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگای دەگرت، بەڵام لەو هەرێمەشدا پاشماوەی تەسفیەگەران هەبوو کە لەهەوڵی بڵاو کردنەوەی هێڵی تەسفیەگەراندا بوون، ئەویش جددی تێکۆشان نەکردن و بەرەنگارنەبوونەوەی راستەوخۆی بەگوێرەی پێویستی تەڤگەر لەگەڵ ئەم کەس و چەمکانەدا بەکەم و کورتی مێژوویی خۆی لەقۆناغی تەسفیەگەری لەقەڵەم دەدات، لەبەر ئەوە کەسایەتی خۆی دادگایی دەکات کە بۆچی هەڵوێستی برندەتری نەگرتوەتە بەر و پێش ڕێکخستن هەڵوێستی نەنواندوەو لەرەخنەو هەوڵدانەکانی ئەنجامی پێویستی وەرنەگرتووە، هەروەها لەو قۆناغەدا ئەرك و بەرپرسیاریەتی ملیتانی لەچوارچێوەی بەشداری بوونی راستی بە(پارتی بوون) بەگوێرەی پێویست بەجێ نەهێناوە. ئەمەش لەلای جێگای رەخنە

داینـه، بـەڵام تەنانـەت ڕەخنەدایینـی ڕاسـتەقینە بەگوێـرەی ڕوانگـەی سـەرۆکایەتی و پارتـی لەکەسـایەتی خۆیـدا دەکات. گۆڕانــکاری تاکەکەســی و قــوڵ بــوون لەهێڵــی ئایدۆلــۆژی و سیاســی و ڕێکخســتنی پێکدێنێـت، بـەڕای ئـەو پێویسـتە باوەڕبـوون بەسـەرکەوتن و لەگـەڵ ئەوەشـدا هەوڵدانـی بێوچـان و بێدوایـی لەگەڵـدا هەبێـت، ئەمـەش تەنیـا بەنهێنـی سـەرکەوتن لەقۆناغـی سـێهەمی بە(پارتـی بـوون) و تەقڵـی بوونـی ڕاسـتی کادیرێـك بـەدی دێـت، لەبـەر ئـەوە ڕاوەسـتان و میتۆدێکـی نـوێ تێکۆشـانی بـەم جـۆرە بـۆ خـۆی بـە ڕاست و پێویسـت دەبینێـت.

بەسـاڵان چـاوەڕوان دەبێـت تـا بەهـاری ژیانـەوەی سـەرهەڵبدات و بەهـاری وەنەوشـەی بپۆشـێت، کەیفخۆشـی و تەڕیەتـی کـەژو کێوەکانـی سـینگی بەهـاری سـوان بـکات و خوڕەخـوڕ و هـاژەی پەلـە دارەکان لەئامێـز بـکات، بەئاهەنگـی پەلەوەرانـی بەهـاری شـایی بگێڕێـت، کاتـی ئـەوە هاتـووە غۆنچـەی ئاواتەکانـی دەمکـراوە بـن، ناوچاوانـی بەخـت بـەرەو دەرگای ژیانـی بکرێنـەوە و بـەرەو مەڵبەنـدی خەبـات پێهەڵبگرێـت.

بـە چوونـی بـۆ هەرێمـی (کەلەڕەش)پـاش یەکەمەمیـن کۆنگـرەی (پارتـی ژیانـی ئـازادی کوردسـتان) لەسـاڵی ٢٠٠٤ گۆڤەنـدی ئـازادی دەگێڕێـت، هانـای پێکەنینـی لەنـاو کـەژو کێـوەکان دەنـگ دەداتـەوە، ئامێـزی بـەرەو ئەویندارانـی ئـازادی درێـژ دەکاتـەوە و پەنجـە نـەرم و نیاکانـی بـەرەو چەوسـاوەکان ڕادەکێشـێت، تینوویەتـی گەنجـان دەشـکێنێت و مۆخـە بۆیـاخ کـراوەکان هەڵدەوەرێنێـت، گۆمـی دەمارگیـری دەتەقێنێت، بەندوبـاوی سـەر زمانـەکان لەسـەر (کەشـتی شـۆڕش) ڕاسـت دەکاتـەوە، لێبـڕان و بەکرێگیراوانـی نـاو رووبـارەکان نێچیـر دەکات و ئەژدیهاکانـی دەریـای ژیـان لەنـاو دەبـات، گەنجـان پەیوەسـتی ڕێکخسـتن دەکات تـا ئەرتەشـی فریادڕەسـەکان گـەورە بـکات، بازنـە ئاگـرەکان لـەدەوری یەکـدی کۆدەکاتـەوە تـا جـڕو جانەوەرەکانـی سـەر سـەوزەلانی و غۆنچـە دەمکـراوەکان هەڵپروزێنێـت، بازنـەی بەختـەوەری دەکاتـە مەچەکـی ئەویندارانـی کەشـتی شـۆڕش و ملوانکـەی بەختیـاری لەملـی دڵکەتیەکانـی (هەتـاوی ئـازادی) دەکات، پێـڵاوی ئاڵتونـی لەپێـی پێخـواس کراوەکانـی کۆشـکی دارینـە بـەرەو بەلەمـی هـەژاری دەکات، بـەم ڕەنگـە خەرمانـی ئـازادی بەپیـت و بەرەکـەت دەکات.

باقەباقــی هێشــووی شــاد و گەشــاوەی نیشــتمانەکەی بەعــارەق ڕشــتن دەڕنێتــەوە و بەهــەر باقەیــەك زەردەخەنـەی ڕوخسـاری دەدرەوشـێنێتەوە، بەهـەر باقەیـەك خەرمانـی شـۆڕش بەپیـت و کـۆگای ملهوڕەکان بێپێـز دەکات، پەڵەهەورەڕەشـەکان بـە خەرمانـی بەپیـت و بەرەکەتـی کەشـتی شـۆڕش چاویـان هەڵنایـەت بۆیـە بەگرمـەی چەکەکانیـان پەلامـاری هێشـووە شـادەکان دەدەن و لەبـەر چاوانـی بەدەیـان هێشـوو و ئەسـتێرەی گەشـاوەی خەرمانـی ئـازادی سـیس و دادەمرکێنـن، عەباپۆشـەکان دەیانەوێـت گـوڵاو گوڵـزارەکان عەباپـۆش بکـەن و مێـزەرەی مەلایـی بەسـەر غۆنچەکراوەکانـدا بپۆشـن و ڕۆخسـاری گەشـاوەی غۆنچـەکان ڕیـش پـۆش بکـەن و شـیوەن و ڕۆڕۆی سەرسـەوزی ڕابخـەن و جلـی ڕەشپۆشـی بەسـەر خەرمانـی ئـازادی ڕابخـەن.

لەبازنــەی پەپوولەکانــدا چەنــد پەپوولەیەکــی دڵــداری خامــۆش دەکرێــن، ئاهەنــگ و ســەمای پەپوولــە تێکــدەدەن و بەدابڕانــی هــەر پەپوولەیــەك باڵێکــی دەشــکێنن، فرمێســکێ لەســەر خەرمانــی ئــازادی دەچۆڕێنــن و پەپوولــە باڵــدارەکان خوێنــاوی دەکــەن تــا لــە فڕینــدا بێورەیــان بکــەن، ئەویــش لەنــاو گۆمــی خوێــن ڕادەچلەکێــت و بەجــل وبەرگــی خوێنــاوی ســەرچۆپی گۆڤەنــد دەگەشــێنێتەوە، باســکی خوێنـاوی کـراوی بێورەی نـاکات و بەباسـکی شـکاویەوە ئاگـری شـایی گەشـاوە دەکات و تۆڵـەی پەپوولـە

نازدارەکانـی دەکاتـەوە، شـەق شـەقەی باڵەکانـی گێژەلووکـەی تۆڵەسـەندنەوە بـەرز دەکاتـەوە، بەفڕینـی لـەم دۆڵابـۆ ئـەو دۆڵا بۆسـەی تۆڵەسـتاندنەوە دادەڕێژێـت و لەهـەر بۆسـەیەکدا داسـتانێك دادەڕێژێـت، لەهـەر بۆسـەیەکدا بەبڵێسـەی ئاگـر سـەربازێك دەکوژێـت و فیشـەکی ئاگریـن دیـاری پەلاماربەرەکانـی خەرمانـی بەپیـت و بەرەکـەت دەکات، لـەم داسـتانەدا بازنـەی شـۆڕش گەشـاوەیی دەبەخشـێت، ئاواتـی هاوپەپوولەکانـی بـەدی دێنێـت.

پەپوولەیـەك بەبازنـەی فڕینێکیـدا مەڵبەندێـك دەگۆڕێـت، لەبازنەیەکـدا خوێندەوارخانـەی پاشـاکان دانیشـتگەی دەبێـت و لەبازنەیەکـی دیکـەدا لادێـکان مەڵبەنـدی سـەمای دەبێـت، لەئاڵقەیەکـدا چـەك بەدەسـت دەبێـت، لەئاڵقەیەکـی دیکـەدا قەڵـەم بەدەست، لەبەشـی شـانۆکەیدا وانەبێـژ دەبێت لەبەشـێکی دیکـەدا خوێنـدکار دەبێـت، لەبەشـێکی رومانەکەیـدا کرێـکار دەبێـت، لەبەشـێکی دیکـەدا شۆڕشـگێڕ دەبێـت، بەشـنەبای هـەر بلوێرێـك سـەمایەك دەڕەخسـێت، بەهانـای هـەر هێشـوویەك رۆخسـارێك دەبارێنێت، بەپێکەنینـی هـەر غۆنچەیـەك رووپەلێکـی نەنـووسراو دەنووسـێنێت، بەرۆخسـاری درەوشـاوەی بەبیابانێـك رۆح دەبەخشـێت، بەبـزەی لێوەکانـی هیـوای شـادی دەبەخشـێت، لەهـەر شـارێك بـۆ شـارێك لەهـەر گوندێـك بـۆ گوندێـك لەهـەر مەڵبەندێـك بـۆ مەڵبەندێـك تـۆوی ئـازادی دەچێنێـت، لەهـەر سـاتێك بەمیتۆدێـك دەسـووڕێت. لەبـەر چاودێـری مێژەربەسـەرەکان رۆخسـاری حەقیقـی خـۆی نادرکێنێـت و لەبـەر بەندیخانـەی تاریـك زۆر بەوریایـی ئەکتـەری شـانۆی خەرمانـی بەپیـت دەبێـت.

ئەکتەرێکـی لێهاتـووی شـانۆی خەرمانـی بەپیـت دەبێـت لەهـەر دیمەنێکـی شـانۆی سـەمای خەباتیـدا رازێکـی بەپیـت شـاراوەیە، چەنـد سـاڵا چۆپـی شـۆڕش لـەم هەرێمـەدا هەڵدەسـووڕێنێت و چۆپیەکـە رادەسـتی پەپوولەکانـی دیکـە دەکات، کەشـتی شـۆڕش راگوێـزی شـانۆیەکی دیکـەی خەباتـی دەکات، پێویسـتە خەرمانـی بەپیت رادەستی پەپوولەکانـی دیکـە بـکات، لەسـەردەمی سـەماکەیدا بەدەیـان جـار لـە پەلامـاری تیمساحەکان قوتـاری دەبێـت، بـەرەو مەڵبەندێکـی دیکـەی خەبـات رەوانـە دەکرێـت، خەرمانـی بەپیتـی نـەوەی ١٥ی شـوبات بەجـێ دەهێڵێـت و بەجـوان کـراوی بـەرەو خوێندەوارخانـەی قەندیـل بـەڕێ دەکەوێتـەوە.

٢٠١٣/١/١٠

گارە ـ راگەیاندن

## ◆ کارزانی مۆسیقا و نەوای ئاپۆچێتی

لەفڕینـی بـەرەو هەرێمـی (کەلـەڕەش) ئەزمونێکـی مێژوویـی بەدەسـت دەخـات، لەپـاش یەکەمیـن کۆنگـرەی PJAK واتـا لـە لەسـاڵی ٢٠٠٤ تـا پاییـزی ٢٠٠٥ لـەم هەرێمـەدا سـەمای شـۆڕش دەگێڕێـت و لەناوچەکانـی (خـۆی، کوتـول، سـۆمای برادۆسـت و شـپیرانی سـەڵماس) ئاگـری شـۆڕش گەشـاوە دەکات، لەیەکەمیـن ئەزموونـی خەباتـی چەکداری نێوان گەلەکـەی هەڤاڵێکـی کاریگـەر و کارامـە دەبێـت، لەکاتـی سـەماکردنیان لەهـەر گوندێکـدا تیپـی هەڵپەڕکێـی شۆڕشـگێڕانەی گەنجانـی دەڕازانـدەوە، چۆپـی شۆڕشـی بەدەسـتی گەنجـان دەدا تـا بەهەمـوو هێـز و توانایانـەوە بیشـەکێننەوە، لەراکێشـانی گەنجـان بـۆ نـاو کاروان و سـەماکەرانی کەشـتی ئـازادی، هـەر چەشـنە ڕێ‌و ڕێبـازی تاقـی دەکـردەوە، تـا لـەو ڕێبازانەیـدا ئەنجامـی بەدەسـت نەخسـتایە ئۆقـرەی نەدەگـرت، لـەو قۆناغـەی تێکۆشـانیدا کاریگـەری لەسـەر گەلێـك گەنجـی دەمکـراوەی ئـازادی دانـا کـە پەیوەسـتی ریـزی تێکۆشـەرانی ئـازادی بـن، بەپەیوەسـتکردنی هـەر گەنجێك بـۆ نـاو ریـزی سـەماکەرانی ئـازادی، هەناسـەی سـەرکەوتنی دەکێشـاو ڕۆخسـاری شـاد و گەشـاوەتر دەبـوو. (هێمـن) دەیویسـت شـەتڵی ئـازادی لەهەرێمێکـدا دابچەقێنێـت کـە باشـترین بەرهەمـی ئـازادی و دیموکراسـی دەبێـت، شـەتڵێك کـە ببێتـە هـۆی رزگاربوونـی گەنجـان لەتەڵـەو سیاسـەتە چەپەڵەکانـی رژێمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، ئـەو شـەتڵەی کـە مۆسـیقای دادپـەروەری و ئـازادی بـڵاو بکاتـەوە، تـا گەنجـان لەهـزری خاوەندارێتـی لەکوولتـوور و مێـژوو و ناسـنامەکەیان کارزان بـکات. لەخاکێکـدا کـە لەسـەردەمی هـەرزەکاری و گەنجێتیـدا ئەویـنداری بـوو، بەیـادی ئـەو سـەردەمانەی کـە حـەزی لەمێـژوو هەبـوو، دەیویسـت هاوخەیاڵەکانـی لەگـەڵ مێـژووی راسـتەقینەی نەتەوەکەیـان شـارەزا بـکات، لەسـەر خاکێـك لەدایـك بـووەو گـەورە دەبێـت، دەیەوێـت هـزری هاوچەرخـی (ئاپۆچێتـی) شاباشـی ئـەو خاکـە بـکات و هـزری گەنجانـی تازەپێگەهێشـتوو لەنـاو ئـەو هـزرەدا بڕازێنێتـەوە. لەپاییـزی ٢٠٠٥دا بـەرەو ئامێـزی قەندیـل دەگەڕێتـەوە، مـاوەی ١٠ ڕۆژ لەئامێـزی گەرمـی چیا سەرکێشـەکانی کوردسـتان ڕێ‌دەپێوێت، لەسـەرجەم بۆسـەو تەڵـەی هێـزە بەکرێگیراوەکانـی رژێـم بەکارزانـی تێدەپەڕێـت، تـا ژوانگـەی عاشـقان بەبێ‌وچـان سـەرچۆپی شـۆڕش دەگێڕێـت. لەتێپەڕاندنـی سـنوور مەڵبەنـدی (خواکورك) لەئامێـزی دەگرێـت، بەجـۆش وخرۆشـی گەنـج بوونیـەوە، بەدەسـتی گـەرم و گـوڕی دەسـتی هەڤاڵانـی نـاسراو و نەنـاسراوی دەگوشـێت و هەسـتی سـەربەزری و خۆشـحالی خـۆی شاباشـی هەڤاڵانـی دەکات، لەبینینـی هەڤاڵانـی ورەی بەرزتـرو بەگوڕتـر دەبێـت. پـاش چەنـد ڕۆژێـك بـەرەو (خنێرە) کـە بڕیارگـەی ئاڵانـی (کەلـەڕەش)ی (PJAK) ی لێبـوو بـەڕێ دەکـەون و کاتـی گەیشـتنیان بـە مەڵبەنـدی تێکۆشـانیان پێشـوازیەکی گـەرم و گوڕیـان لەلایـەن هەڤاڵانیانـەوە لـێ دەکرێـت، بەئامێـز گرتنـی هەڤاڵانـی بـۆ جارێکـی دیکـە زۆر خۆشـحاڵ دەبێـت و لەگـەڵ گرووپێکـدا جێـگا دەگرێـت کـە کارو بـاری ڕێکخسـتنیان بەسـەرکەوتوویی ئەنجـام دەدەن. سـەرکەوتووانە دەگەڕێنـەوە. پـاش چەنـد ڕۆژ مانەوەیـان لە(خنێـرە) کـە کاروبـاری ڕێکخسـتنی خۆیـان تـەواو دەکـەن، بـەرەو قەندیـل بـەڕێ دەکـەون. لەکاتـی هەڵسـەنگاندنی کاروخەباتـی ڕێکخسـتنی (هێمـن) بـە راوبۆچوونەکانـی کۆبوونـەوەکان دەوڵەمەندتـر دەکات، ئامـاژە بەکـەم و کورتیەکانـی نـاو خەبـات دەکات و ڕەخنـەو ڕەخنەدانـی خـۆی لەبەرامبـەر سـەرجەم کـەم و کورتیەکانـی نـاو خەبـات دەرکەوتـوون دەدات. لەشرۆڤەکردنـی سـەبارەت بەبارودۆخـی گـەل و گیروگرفتەکانـی گەنجـان زۆر وردبیـن دەبێـت و بـۆ چارەسـەری گیـرو گرفتەکانـی گەنجـان بـەردەوام راوبۆچوونـی گونجـاو و لۆژیکیانـەی پێشـکەش دەکـرد. لەکۆتایـی پاییـزدا (دۆڵـی شـەهید هـارون) بەئامێـز دەگرێـت، وەرزی زسـتان لەناوەنـدی ڕێکخسـتندا

دەمێنێت و بەشداری پەروەردە دەبێت، ئەو پەروەردەیە یەکەمین پەروەردی پاش شەڕڤانی نوێ دەبێت، لەبەر ئەوەی لەلای زۆر گرنگ و بایەخدارە لەبواری رامیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەیەوێت هەنگاوی بەرەو پێشتر هەڵبگرێت، بۆ قووڵ بوونەوە لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێژوو و سیاسەتەکانی رژێم پەروەردە دەبینێت. وەرزێك لەگەڵ هەڤاڵانی تێپەڕ دەکات کە لەلای دەبێتە وەرزی بیرەوری و داهێنان، خۆشترین ساتەکانی ژیانی لەگەڵ هەڤاڵانی لەو سەردەمەدا بەسەر دەبات، لەبەر ئەوەی بۆ خۆی سەرچاوەی موڕاڵ و قسەخۆشی بوو، بەبەردەوامی لەنێوان هەڤاڵانیدا جێگای رێز و پێزانین بوو، ئەویش بە قسەخۆشەکانی لەهەوڵی بەخشینی موڕاڵ و هێز بە هەڤاڵانی بوو، ئیدی (هێمن) هەوڵدانی بەدوای قووڵ بوون و کۆبیری بەهێز بوو، دەیوست لەنێو تەڤگەری گشتی (ئاپۆچێتی)دا لە خولێکی پەروەردەدا بەشدار بێت، ئەم پێشنیارەی پێشکەشی رێکخستن دەکات و لەئەنجامدا لەلایەن رێکخستنەوە پێشنیارەکەی پەسەند دەکرێت و رەوانەی پەروەردەی (کۆمیتەی سیاسی KCK) دەکرێت. لەکۆتایی بەهاری ٢٠٠٥دا لەداوێنی (شەهید هارون) بەرەو ئامێزی هەرێمی(سوورەدێ) دەڕوات، لەدۆڵێك لەداوێنی (قەندیل)ی سەربەرزەوە نشێو دەبێت و ئامێزی گەرمی پێدەشتەکانی (قەندیل)ی سەربەرز دەگوشێت، لەسەرماو سۆڵەی لوتکەی بەرزی (قەندیل) پارێزراو دەبێت و لەنزیکەوە لوتکە سپییەکەی (قەندیل) سەیر دەکات، هەموو رۆژ و شەو بزەبزی سپیایی ئەم لوتکە سەربەرزە دەبێت. دەیەوێت وەك سپیایی سەری (قەندیل) دڵی خاوێن وسپی بکاتەوە و وەك سینگی بەرفراوانی (قەندیل) هیوا و ئاواتەکانی گەورەو بەرفراوان بێت، وەك ئیرادەی پۆلایینی ئەم چیایە کە لەسەرماو سۆڵەی زستان و گەرمایی هاوین و رەنگ زەردی پاییز و سەرسەوزی بەهار هەتا هەتایە رابوەستێت، وەك ئاوە رەوانەکەی سەر سینگی (قەندیل) لەتێکۆشاندا روون و هەمیشەیی بێت. وەك پەلەوەرەکانی سەرشانی ئەم کەژوکێوانە بەرزەفڕ و ئازاد بێت، وەك دارەسەربەرز و سەرسەوزەکان غۆنچەکراوەکان شادیانە بجوڵێتەوە، وەك پەپوولەکانی ناوسینگی ئەوینداری ژوانگەکەی ببێتەوە، وەك هەڵۆ بەرزەفڕەکان شەڕکەر و خۆڕاگر، قەڵای خۆڕاگری و مەڵبەندی ئازادی بپارێزێت، وەك لوتکەی (قەندیل) ببێتە چاڵەبەفری دڵەبێرەحمەکان و مێشکە گەنیوەکان و ویژدانە نووستووەکانی کۆماری سێدارە. لەبناری ئەم کەژو کێوەدا گوندێك بەناوی (سوورەدێ) هەیە، لەسەر ئەم بنەمایە ناوی گشتی بنار بەناوی ئەم گوند دانراوە، هاوکات ئەویش لەنزیکی ئەو گوندە لەو کاتەدا لە کۆمیتەی سیاسی کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK) جێگا دەگرێت. پەپوولەیەك کە هەر کات و ساتی سەماکەی بەگوێرەی بڵێسەی ئاگر دەسووڕێتەوە، سەمای ئەم جارەی ناو کەشتی شۆڕش لەئاگری سیاسەتدا دەبێت، بەگوێرەی شنەبای بەشەکانی کوردستان سەمای ئازادی فێر دەکرێت و لەخوێندەوارخانەی ئەم جارەدا ئەلف وبێ ی سیاسەت دەپۆشێت، لەبواری سیاسەتەوە خۆماڵی دەکرێت، سەماکانی وڵاتانی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەمایەکی ئۆرژینال نازانێت، لەبەر ئەوەی لەخوێندەوارخانەی (ئاپۆئیستی)دا بە سەمای حەقیقی رادێت. لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان بەوردی پەروەردە دەبینێت، بۆ کردنەوەی ئەو رۆژەنانەی کە کۆماری ئیسلامی لەبەردەم رووناکی گەنجان، تاریکی کردووەتەوە شاکلیلی چارەسەری پێدەدرێت. پەروەردە لەسەر رێو رێبازەکانی سیاسەت دەکرێت و دەمامکی رووی سیاسەتمەدارە ساختەکان هەڵدەداتەوە، سیاسەتی بەئەخلاق بەجێی سیاسەتی بێئەخلاق فێردەبێت، لەبواری هونەری سیاسەتەوە لێهاتوو وشارەزا دەبێت و ئیدی وەك قۆناغی هەرزەکاری

سیاسەت بەفێڵ و درۆو دەلەسە لێك ناداتەوە. سیاسەت بە هۆنەری ژیان کردن دەزانێت و مرۆڤێکی بێسیاسەت بە جەستەیەکی بێسەر لێك دەداتەوە. ئیدی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی شکستی لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نابێتە دووری و هەڵهاتنی لەسیاسەت و بێکاریگەربوونی لایەنە سیاسییەکان بەپێچەوانەوە زیاتر بەرەو سیاسەت هانی دەدات، ئیدی ئەم فەلسەفەیە رەتدەکاتەوە کەدەڵێ: «گەنجان نابێت تێکەڵی سیاسەت بن». دوورخستنی گەنجان لەسیاسەت بۆ ئەو بەواتای پەراوێز خستنی گەنجان لەهونەری بەڕێوەبردنە و دابڕانی گەنجان لەژیانی ئازاد نامۆبوونە لەناسنامە و مێژوو و کولتوور و سەرجەم نرخە پیرۆزەکانی کۆمەڵگا، بۆیە لەسەر کێشەی سەرەکی گەنجانی کورد ئاماژەی بەوە دەکرد و دەیگوت: «گەنجانی کورد لەبەر ئەوەی هێزی دەستپێشخەریان لێ زەوت کراوە و لەزمانی سیاسەت بێبەش کراون و کێ سیاسی بێت سزای مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت، ئەم زەینییەتە دەریای ترسی لەناو مێشکی گەنجان دروست کردووە کە کەس تێکەڵی سیاسەت نەبێت» بۆیە ئەمڕۆ لەچ گەنجێك پرسیار بکەی بۆچی خزمەتی نیشتمانەکەت ناکەیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: (کاکە وازم لێبێنە، نامەوێت تێکەڵی سیاسەت ببم) لەبەر ئەوەی وشەی سیاسەت یەکسان لەگەڵ مردن کراوە، کەئەمەش پێچەوانەی واتای راستەقینەی سیاسەتە، پێناسەی راستەقینەی سیاسەت هونەری فێربوونی ژیانە. لێرەدا واتای دەستگیرکردنی باوك و برا و هاوجۆرەکانیان بۆ رۆشن دەبێتەوە کە لەسەر چی زیندانی دەکرێن؟ باوك و براو هاوجۆرەکانیان بۆ ئەوەی ئازاد بژین کلیلی سیاسەت هەڵدەبژێرن؛ بەڵام چاوچنۆکەکان ئەم مافە بۆ ئەوان رەوا نابینن، واتا سیاسەت لەلای داگیرکەران رزگاربوونی کۆیلەکان لەدەستی خاوەن کۆیلەکان دێت. بۆیە ئەو بەبەردەوامی دەیگوت: «گەلی کورد وەك کۆیلە مامەلەیان لەگەڵ دەکرێت و نەیاران بە ئازادی گەلی کورد چاویان هەڵنایەت، دەیانەوێت بەهەر رەنگێك بووبێت ئەو گەلە لەناو کۆیلەداری و چەوسێنەری بهێلنەوە، داخستنی دەرگای سیاسەت یەکێك لەو رێبازانەیە کە گەلی کورد لەناو زەلکاوی کۆیلەداری قەتیس دەهێڵن».

تەنانەت ئەمڕۆ واژەی سیاسەت لەناو کۆمەڵگادا بەو رەنگە بێخی داکوتاوە کە سیاسەت تەنیا سامانی دەوڵەت داران و چینی سەردەستەکانە، هەر وەك چۆن (هێمن) ئەم گۆتەی فەیلەسوفی یۆنانی (هیپۆداموس)ی باس دەکرد کە دەڵێت: «شاری نموونەیی لەدە هەزار هاوڵاتی پێك دێت کە دابەش دەکرێن بۆ سەر سێتوێژ (پیشەسازییەکان، جووتیارەکان، سەربازەکان) هەموو کاربەدەستانیش لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، واتە لە لایەن ئەو سێ توێژەوە، دوور لەکۆیلە و بیانیەکان و ئەوانەی کە بە هاوڵاتی دانانرێن، زەوی بۆ سێ پارچە دابەش کردووە: «پیرۆز و گشتی و تایبەت».

ئەم هزر و دیموکراسیەی چینی سەردەست تا ئەمڕۆ چەقی دابەستووەو لەژێر ناوی نموونەیی و دیموکراسی و یاسا، خوێنی گەل دەمژن. لەبەر ئەوەی لەکوردستان ئەمڕۆ گەلی کورد بەگشتی مەحکووم بە کۆیلەداری کراوە و لەهەموو شتێك بێبەش کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن، ئەوانەی کە مۆرکیان بەسەر ژیانی سیاسیانەی ئەتنیانەوە هەبووە بریتی بوون لە؛ (کۆمەڵە ـ کۆنگرەی گشتی، ئەنجومەنی پێنج سەدی و دادگاکان). هاوشێوەی ئەمەش ئەمڕۆ لەسیستەمی سیاسی ئێران رووبەڕوو دەبینەوە کە سیستەمی سیاسی لەدەستی (رابەری کۆماری ئیسلامی، ئەنجومەنی زانایان، دەسەڵاتی داد، دەسەڵاتی جێبەجێ کار، دەسەڵاتی یاسادانان)ە. بەپێ ئەم زهنییەتە لێرەدا گەل بێئیرادە دەکرێت و لەچارەنووسی خۆی و نیشتمانەکەی مافی دەربڕینی راوبۆچوونی نییە، گەل بۆخۆی نابێت ژیان بکات پێویستە بەگوێرەی ویست و داخوازی سەردەستەکان

ژیان بباتە سەر، لەسەر ئەم بنەمایە سیاسەت بەواژەیەکی قەدەغەکراو دەورپێچ کراوە، کێ توخمی سیاسەت بکەوێت، لەبەهەشتی ئازادی ساختە دەردەکرێت و ڕەوانەی زیندان دەکرێت و بەگوێرەی یاسا سزا دەدرێت، ئەمەش ئیدی بووبووە مایەی سەرسووڕمانی (هێمن)، لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو بتە ساختانەی لەناو مێشکی گەنجاندا چێنراوە و ئەو ناکۆکی چینی هاتوەتە ئاراوە لەناوی ببات.

لەم قۆناغەدا بەباشی ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە کە ئیدی کۆمەڵگایەك بونیاد نراوە کە بێ‌ڕۆح و سەر کراوە، کۆمەڵگایەك بەشێوەیەك بەڕێوە دەبرێت سەر لەلایەن جەللادەکان دەبڕدرێن، ئیرادە دەکوژن، ڕۆح زیندان دەکەن، باوەڕی لەسێدارە دەدەن، زمان دەبڕن، ئەوەی کە ویست و قازانجی ئەوان لەناویدا نەبێت لەناوی دەبەن، بۆیە ویژدانی وەك بۆرکانێك دەکۆڵێت و بەرگەی ئەم دڕندەییە ناگرێت و دەیەوێت بەهەر شێوازێك بێت ببێتە ڕۆژەنەیەکی نوێی ژیانەوەی هاوبیر و هاوخوێنەکانی، لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا کۆی ئەم ئازارانە دەکاتە هەوێنی فێربوونی لەسیاسەت. لەم بازنەی سووڕانەوەی لەدەوری ئاگری خۆشەویستی دا، لەناو سیاسەتی (ئاپۆئیستی) کارزان دەبێت و بەجل و بەرگی سیاسی قۆناغی نوێ ژیانی بە ئامێز دەگرێت، لەخوێندەوارخانەی سیاسەتی (ئاپۆئیستی) لەهونەری بەڕێوەبەریدا قووڵ دەبێتەوە، بەرهەمی ئەزموونی بەساڵانی بەجل و بەرگی سیاسی دەڕازێنێتەوە، بەمۆسیقا و نەوای سیاسەتی (ئاپۆئیستی) ئاشنا دەبێت و تێکەڵی گەوهەری ڕاستەقینەی خۆیی دەکات، بیرەوەریەکانی ژیانی ڕابردووی بەم فەلسەفەیە دەنەخشێنیتەوەو لەمۆسیقا ژەنی ژیاندا وەك هەتاوپەرستێك بەبەردەوامی ڕۆخساری بەرەو خۆر رادەگرێت. لەو ماوەدا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی خۆی کۆبیرییەکی فراوان لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵات دروست دەکەن و بە ورەو موڕاڵێکی بەرزەوە بەشداری پەروەردەو ژیانی ڕێکخستن دەبن، ئەویش یەکێك لەو هەڤاڵانە دەبێت کە مۆڕاڵێکی بەرزی بە هەڤاڵانی لەو خولی پەروەردەدا دەبەخشێت، لەدەوڵەمەند کردنی پەروەردە و ژیانی ڕێکخستنیدا بە بەردەوامی خاوەن راوبۆچوون و هەڵوێستە، ماوەیەکی پاش پەروەردە کۆبیریەکی زۆر لەسەر شێواز و میکانیزمی پێشخستنی پەروەردە ئەنجام دەدەن. پاش تێپەڕاندنی قۆناغێکی گرنگی ژیانی کە لەنێو پەروردەی ڕێکخستنی گشتیدایە گەڕانەوەی بۆ خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت و لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی بەرەو ئامێزی (شەهید هارون)و خەباتی (PJAK) دەگەڕێنەوە. لەنیوەی مانگی پاییزی ٢٠٠٥ تا سەرەتای بەهاری ٢٠٠٦ لەناوەندی سەرەکی (PJAK) دەبێت. جارێکی دیکە لەزستانی سەختی داوێنەکانی (شەهید هارون) ژیان دەکات، لەو ماوەیەدا وەرزی زستان بەپەروەردەو خوێندنەوەو کۆبیری لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قووڵتر دەکاتەوە تا ئاستێکی باش خۆی بۆ خەبات ئامادە دەکات، هەموو ئامادەکاریەکانی بەگوێرەی خەباتی ئاڵانی (کەلەڕەش) دەکات، دەیەوێت پاش کۆی ئەم پەروەردانەو دەست نیشانی کردنی کەم و کورتیەکانی ڕابردووی دەربازی ئەم هەرێم ببێتەوە، بۆیە لەسەرەتای وەرزی بەهاردا کە هەموو هەڤاڵانی خۆیان بۆ مەیدانی پراکتیك ئامادەکردووە، ئەویش پێش هەر کەسێك کۆڵەپشتی خەباتی ئامادەکردووە و پێشنیاری خۆی بۆ ڕێکخستن بەم جۆرە دەکات: «لەهەرێمی کەلەڕەشدا ئەم جارە دەتوانم زۆر باش خەبات بکەم، لەبەر ئەوەی ئەزموونی پێشترم هەیەو لەوماوەدا سەرجەم کەم و کورتیەکانی خۆمم دەست نیشان کردووە، بەڵام دیسان پێویستی ڕێکخستن بۆ چ جێگایەك بێت بە گەرمیەوە پێشوازی دەکەم»، بەڵام هەر لەو کاتەدا بەهۆی پێویستی ڕێکخستن بەهەڤاڵانی خاوەن ئەزموون بۆ ئەم

هەرێمە (هێمن) جارێکی دیکە ڕەوانەی (کەلەڕەش) دەبێت. لەوەرزی بەهاری سەرسەوزدا بەجۆش و خرۆشی گەنجێتی یەوە گەلەکەی بەئامێز دەگرێتەوە و بەخەرمانێك ئەزموونەوە، خەباتی هاوچەرخی دەستپێدەکاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی بەگوێرەی قۆناغەکانی ڕابردوو گەلێك دڕندانەتر و هۆڤانەترە، بۆیە بەوریایی و وشیارییەوە لەپێناو ووشیار کردنەوەی گەلەکەی تێکۆشان دەکات. لەو ماوەیەدا بەتێکۆشانی بێوچانی هەڤاڵان بزاڤی (ئاپۆچێتی) دەستکەوتێکی گرنگ بەدەست دەهێنێت، بۆیە هێزەکانی ڕژێم بەم دەستکەوتە چاویان هەڵنایەت و لەهەوڵی لەناو بردنی سەرجەم دەستکەوتەکانی تێکۆشەرانی گەلی کوردن، لەهەمانکاتدا لەلایەن گەریلاکانی (PJAK)ەوە وەڵامی هێرشە دڕندانەکانی هێزەکانی ڕژێم دەدرێتەوە و کۆپتەرەکانی ڕژێم کە چەندین رایەداری پایەبەرزی ڕژێمی تێدا دەکوژرێن، گورزێکی قورس لەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدەن. ئەم چالاکیە و هاوتای چەندین چالاکی دیکە ورەی گەل بەرز دەکاتەوە.

بەڵام پاش ئەم چالاکیانە هێزەکانی ڕژێم ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان بۆ شەهید کردنی گەریلا تێکۆشەرەکانی (PJAK) دەردەخات کە لەئەنجامدا چەندین هەڤاڵی تێکۆشەر و کۆڵنەدەری وەك؛ (مادۆرا، فازل، دوکتۆر ئافات، مانی و دیجلە) دەکەونە بۆسەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەشێوازێکی دڕندانە شەهید دەکرێن، ئەم شەهادەتە کاریگەری زۆر لەسەر (هێمن) دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕق و کینێکی فراوان بخاتە ناو ناخییەوە و هەروەها بیخاتە ناو هزری تۆڵەسەندنەوە، لەگەڵ هەڤاڵانی تا تۆڵەی ئەو هەڤاڵانی تێکۆشەری خۆی نەستێننەوە ئارام نابێت، هەر لەو کاتەدا بەڵێنی پتەوکردنی تێکۆشانی بە هەڤاڵانی شەهیدی خۆی دەدات و بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانیان بەچڕوپڕی خەبات دەکات. کارەساتێکی دیکەی دڵتەزێن ڕووبەڕووی (هێمن) دەبێتەوە و برینێکی سەختر لەسەر کول و ئێشەکانی دیکەی زیاد دەبێت و لەناو دەریای خەم و پەژاریدا دەکولێت، لەبەر ئەوەی لەژێر بەرپرسیارێتی ئەودا لەهەرێمی (کەلەڕەش) هەڤاڵ (شیلان ئاراس) کە ڕۆژنامەنووسێکی (ئاپۆچی) بوو لەئەنجامی بۆسەی دانراوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی گیان لەدەست دەدات، هەڤاڵ (شیلان) بۆ ئەوەی لێکۆلینەوە لەسەر بارودۆخی ژنان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و دەنگی کپ کراو و بەدیل کراوی ژنان بگەیەنێتە گوێی ڕای گشتی جیهانیان، تا بەم ڕەنگەی بەشێك لەگیروگرفتەکانی ژنان چارەسەر بکات و هاوخەمی و پشتیوانی خۆی بۆ ژنان رابگەیەنێت، هەڤاڵ (شیلان) کەسایەتییەکی لێهاتوو و کارا بوو کە لەماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێك دۆسیە و ڕاپۆرت و هەواڵی گرنگی سەبارەت بە بارودۆخی ژنان ئامادە کرد، ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی کاریگەریەکی زۆری لەسەر (هێمن) دابنێت. (هێمن) پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە لەگەڵ هەڤاڵانی دیکەی لەچوارچێوەی بەرگری ڕەوادا تۆڵەی هەڤاڵ (شیلان) لەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەسێنێتەوە. کەسایەتی ژنە شۆڕشگێڕێکی وەك (شیلان) سەرەڕای ئەو هەموو لەمپەر و تەگەرانەی بەرامبەر لێکۆڵینەوە و پەیجوری سەبارەت بەبارودۆخی ژنان لەئێراندا هەیە، بە بوێرانە و بەحەزکردنێکی فراوانەوە ئەم ئەرکە قورس و مێژووییە بەئەستۆ دەگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەپێناو سەرکەوتنی پرۆژە ناتەواوەکانی شەهید (شیلان)، (هێمن) هەموو هەوڵەکانی بخاتە گەڕ. لەکاتی گەڕانەوەی (هێمن) بۆ (قەندیل) لەسەر شەهید (شیلان) دەیگوت: «شیلان خاوەن کەسایەتییەکی ئازا و بوێر و لێهاتوو بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ببێتە سەمبۆلی ژنە تێکۆشەرێکی ڕۆژنامەنووس لەئێراندا، چونکە ئەو بەئەوینەوە زۆری و زەحمەتیەکانی خەباتی ڕۆژنامەوانی بەئامێز

دەگرێت و حەقیقەتێکی شاراوەی داگیرکەرانمان بۆ هەڵدەماڵێت، داگیرکەر لەکوردستاندا داگیرکەرەو نە قەڵەم و نەچەك و هیچ شتێکی دیکە ناناسێت، بەهەر زمانێك باسی کوردایەتی بکەین مەحکوم بە سەرکوت کردنین». لەگەرماوگوڕی خەباتدایە کە لەوەرزی هاویندا لە(قەندیل) یەکەمین کۆنفرانسی گەنجانی رۆژهەڵات دەبەسترێت، ئەویش لەو هەرێمەدا چەندین گەنج بۆ بەشداریان رەوانەی کۆنفرانس دەکات، لەهەمان کۆنفرانسدا ئەویش بەکۆی دەنگ بۆ کۆردیناسیۆنی کۆمەڵانی گەنجانی رۆژهەڵات (KCR) هەڵدەبژێردرێت و پاش هەڵبژاردنی بۆ کۆردیناسیۆن بۆ بەشداربوونی لەیەکەمین کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی (KCR) گەڕانەوەی بۆ قەندیل دروست دەبێت. (هێمن) لەم چەند ساڵی خەبات و تێکۆشانیدا لەناو بەرزی و چالیەکانی ژیاندا دەبرژێت، بەهۆی گیان لەدەستدانی دەیان هەڤاڵی لە پاڵدەستی لافاوی تۆڵەسەندنەوە ناو دڵ و هزریدا کۆبووەتەوە، بەهەر رێبازێکی خەبات و تێکۆشانی بێت، دەیەوێت بە لافاوی تۆڵەسەندنەوە داگیرکەران و بەگرێگیراوانی کورد لەناو زەلکاوی گەندەڵیەکانیاندا بخنکێنێت، لەسەر ئەم هزر و باوەڕەی خۆی دەگەیەنێتە قەندیل و لەیەکەمین کۆبوونەوەی گەنجان بەشدار دەبێت. پاش یەکەمین کۆبوونەوەی (KCR) لەداوێنی (قەڵاتووکان) بڕیار دەدرێت (هێمن) لەناوەندی خەباتدا بمێنێت، ئەویش ماوەیەك بەمووڕاڵێکی بەرزەوە ئەرکی پەروەردەکردنی هەڤاڵانی لەناوەند دەگرێتە ئەستۆ و بەوردی چاودێری خەباتی گەنجان لەسەرجەم ئالانەکانی خەباتدا دەکات و بەگوێرەی ئەوەش رێنمایی پێویست رەوانەی ئالانەکان دەکات و لەو ماوەیەدا کاریگەریەکی بەهێزی لەناوخەباتدا دەبێت. بەڵام ماوەیەکی زۆر تێپەڕ نابێت کە کارەساتێك رووبەڕووی دەبێت کە قەبووڵ کردن و واتا بەخشین بەلایەوە زۆر زەحمەت دەبێت، ئەویش شەهادەتی هەڤاڵ (عاکف مامۆ زاگرۆس و سیروان ناری)یە کە لەپاییزدا لەئەنجامی لافاوێکی چاوەڕوان نەکراو گیان بەخت دەکەن، ئەم کارەسات کاریگەریەکی زۆر نێگاتیڤی لەسەری دەبێت تا ماوەیەك بێدەنگ و مات دەمێنێت، لەبەر ئەوەی خۆشەویسترین و یەکێك لەوانەبێژەکانی ژیانی لەدەست دەدات.

٢٠١٣/٢/٢٢ کەرکوك / راگەیاندن

## ◆ ئەستێرەی سووری ناو کەشتی مزگێنی

لـە١٥ی تەباخـی ٢٠٠٦دا لەسـەر سـینگی (قەڵاتـووکان)، رووناکییـەك سـەرهەڵدەدات کەهانـای گەرمـی هەڵـۆ بەرزەفڕەکانـی رۆژهەڵاتـە، لەنـاو درزی تاشـەبەردەکاندا هـاوار و نەوایـەك تیشـکدەداتەوەو لەدەرگای ئەشـکەوتەکاندا لافـاوی گەرمـا رەوان دەبێـت و لەنـاو دۆڵـی (قەڵاتـووکان) دەنگـی یەکێتـی و یەکدەنگـی و بەرێکخسـتن بوونـی گەنجـان تێکـەڵ بەدەشـتەکان دەبێـت، لەنـاو ئەشـکەوتی تاریکـدا مۆمەگەشـاوەکان دەدرەوشـێنەوە، لەهـەر شـارێکی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان مۆمێـك بازنـەی رووناکی مۆمەگەشـاوەکان رۆشـنتر دەکات. هـەر یـەك لـەم بازنانـە ئاگـری تێکۆشـانی گەنجـان گەشـاوە دەکـەن، مۆمـەکان بـە سـەماکەیان لەداوێنـی (قەڵاتووکانـدا) سـەمای یەکێتـی رادەخـەن.

ئـەو مۆمەگەشـاوانە لەقرچـەی هاوینـدا کراسـی بووکێنـی بۆمـاوەی (١٠) رۆژ لەبـەر دەکـەن و رۆخسـاری گەشـاوەیان بـەم کراسـی بووکێنیـە دادەپۆشـن، هەریـەك لـەو مۆمەگەشـاوانە دەبـن بـە بووکـی ئـازادی نیشـتمانەکەیان، لەبۆنـەی دامەزراندنیانـدا لەژێـر تیشـکی خـۆری سـووتێنەردا و لەبـەر بـەڵای چـاوی پیسـی نەیـاران ئاهەنگـی ئـازادی و تێکۆشـان دەگێـڕن و رۆخسـاریان دەشـارنەوە، ئەمـەش درێژەپێدانـی رێبازێکـی سـەمای ئەسـتێرە سـوورەکانی چیـا سـەربەرزەکانی کوردسـتانە، بۆئـەوەی رۆخسـاری یەکـدی ببینـن دەسـتی یەکـدی دەگـرن و سـەمای ئـازادی پێکـەوە دەکـەن.

لـەو سـەما مێژووییـەدا دەبێـت، گەنجـان بەبڕیارداریيـەوە چەشـنەی سـەمای (YCR) دەگـۆڕن و سـەمای (KCR) خەڵاتـی گەنجـان دەکـەن و بەسـەماکەیان ئـەو پەیامـە ئاراسـتەی گەنجـان دەکـەن، کـە پێویسـتە پـۆل پـۆل پەیوەسـتی گرووپـی سـەماکەرەکانی (KCR) بـن، چونکـە سـەماکەرەکان لـەو رۆژەدا مزگێنـی (KCR) شاباشـی گەنجـان دەکـەن. یەکەمیـن شـانۆی کۆنفرانسـی گەنجانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە پێکهاتەیەکـی بەهێـزی گەنجـان ئەنجـام دەدرێـت، سـەماکەرەکان لـەو کۆنفرانسـەدا بەبیـرەوەری و رۆحـی ١٥ی تەبـاخ، ئاهەنگـی (KCR) دەگێـڕن، ئاهەنگەکـە بـەرز رادەگیردرێـت بەرۆحـی تەقاندنـی یەکەمیـن فیشـەکی (مەعسـووم کۆرکـماز) نـاسراو بـە ( عگیـد). سـەمای چەکـداری گەریـلا تێکۆشـەرەکان لـەو رۆژەدا واتـا لەسـاڵی ١٩٨٤ دەسـت پـێدەکات و هانایـان لەگشـتی جیهانـدا بـڵاو بووەتـەوە، بەهەمـان شـێوە گەنجانـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەرۆحـی فەدایـی و قارەمانییـەوە سـەمای رێکخسـتن بوویـن و تێکۆشـانیان لەهەمبـەر کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران ڕادەگەیەنـن.

سـەمایەك کـە سـەرنجی گەنجـان بـەرەو خـۆی رادەکێشـێت، ئاهەنگێـك کەهەمـوو گەنجـی ئازادیخـواز لەحەڵقـەی ئاگرینـی خۆیـدا کۆدەکاتـەوە، هـاواری سـەماکەرەکانی (قەڵاتـووکان) لە(ورمـێ)و دەورەوبـەری و سـەرجەم شـارەکانی دیکـە دەنگدەداتـەوە، سـەماکەرێکی ئـازادی کـە بـەم دەنگدانەوەیـە شـادو خۆشـحاڵ دەبێـت، پـاش راسـپاردنی سـەماکەرەکان بـە جلـی بووکێنـی بـۆ ژوانگـەی تێکۆشـان ئەویـش بەهانـای سـەماکەرەکانەوە دەگەڕێتـەوە.

ئەسـتێرەی درەوشـاوەی (کەلـەڕەش)، بۆگەیشـتنی هاوپۆلەکانـی بـەرەو مەڵبەنـدی هەڵـۆکان، بـەرەو مەڵبەنـدی مۆسـیقاژەنەکانی ئـازادی، بـەرەو دەنگخۆشـەکانی کەشـتی شـۆڕش بـاڵ دەگرێتـەوە، لـەو فڕینـە درێژەیـدا، گەلێـك جـار رووبـەڕووی بۆسـەی بروسـکی پەڵـە هەورەڕەشـەکان دەبێتـەوە وسـەر بەرزانـە بەدەنگـی مۆسـیقا و نـەوای شـۆڕش ئـەو بۆسـانە دەربـاز دەکات، بەهـەر دژواری و سـەخڵەتییەك بێـت خـۆی لەدەسـتی راوچیەکانـی دارسـتانی بێدەسـتوور قۆتـار دەکات، بەجـۆش و خـرۆش لـەم دۆڵ بـۆ ئـەو دۆڵا و لـەم بنـار بـۆ ئـەو بنـار و لـەو لوتکـە بـۆ ئـەو لوتکـە و لـەو گونـد بـۆ ئـەو گونـد بـاز دەدات تـا بۆسـە

چێنراوەکانی سەر ڕێگای پووچەڵ بکاتەوە.
بەمۆسیقا ژەنی، نەوای ترس لەناو هزری راوچیەکان دەچێنێت و بەگۆرانی بژی ئازادی، رەنگ زەردی بە رۆخساریان دەپژێنێت، بەلێدانی مۆسیقاو خوێندنی نەوای ئازادی هەموو گیان لەبەرانی سرووشت هاودڵی رێگای دەبن وەك سێبەرێك هەنگاو بەهەنگاو لەگەلیدا بەڕێ دەکەون و وەك رۆحێك لەجەستەیدا تێکەڵ دەبن، داروبەردەکانی خاکەکەی لەئامێزی خۆیاندا رایدەگرن، داروبەردەکان سینگی پان و پۆڵی خۆیان لەبەر گولەی راوچیەکان رادەخەن تا لەبەر گولەی مردن رزگاری بکەن، داروبەردە بەژن بەرزەکان بە نەڕەی ترسناکییان چۆکی راوچیەکان دەلەرزێنن، بەفڕەدانی بەرد و لقی دارێك قەلەڕەشێك بریندار دەکەن و یەکێکی تر دەکوژن.
دار و بەردە تیژەکان پێستی جەستەی (هێمن) دەڕووشێنن تا ورياتر هەڵبسوورێت، پەلەوەرە شەوبێدارەکان بە ئاوازی دڵپەسەندیان ورەی بەرز ڕادەگرن و نەوای پەلەوەرەکان لەخەو رایدەگرن تاکو مۆسیقای ئازادی یان بۆ بژەنێت، گوڵە دڕکاویەکان تروسکی ئێشی پێدا دەچەقێنن تا لە خەوی بێخەبەری رایبچڵەکێنن، پەپوولەکان باڵا بەرۆخساریدا رادەکێشن تا ئارامی پێببەخشن، ئەشکەوتەکان لەئامێزی خۆیاندا رایدەگرن تا لەبەر دیتنی بۆسەدانەران سەلامەت بمێنێت، گژوگیاو پەلە دارەکان بە خشە خشیان رێ ونکەری بۆسەدانەران دەبن و بەنەوای گۆرانی سەرخۆشیان دەکەن، لەناو خەیاڵا و پڵاوی مێشکیاندا لەهۆشیان دەبەن.
زیاتر لە ١٠ رۆژ رێ بڕینەوە لەگەڵ گرووپێك لەهەڤاڵانی لەئامێزی سرووشتی زنجیرە چیای (زاگرۆس) پارێزراو دەبن و لە(کەلەڕەش بەرەو قەندیل) بە سەفەری پڕ لەبەسەرهات ژیان دەکەن، لەم سەفەرەیدا بۆ هەڤاڵانی مۆسیقای پەژارەدار دەژەنێت و نەوای ئاخدار دەخوێنێت و حەیرانی خۆشەویستی نیشتمان لەگەڵ مۆسیقای رەسەنی کوردی دەڵێت، لەم کەش و هەوایەدا بە هەبوونی جۆش و خرۆش و ترس و لەرزی ناو رێگا، ئیرادەیان قایمتر دەبێت، بۆیە ورەو بوێری و دڵداری بەیەکدی دەبەخشن. (هێمن) سەفەرە پڕ لەهەڵاهەڵای لەرووپەلێکی ناو رومانی پڕ لەکول و ئێشی جێگا دەدات، جیا لەهەڤاڵانی ناو گرووپەکەی و سرووشتی وڵاتەکەی پشتیوان و هاوەڵێك بۆ خۆی نابینێت، لە ناو مەیدانی مین، رێنوێن و سەرکاروانی ئەو چەند هەڤاڵەی و سرووشت هاوڕێ دەبن، وەك سێ ئەویندارى ژیان دەست لەناودەستی یەکدی بەرەو ئامانجی دیاریکراو دەفڕن و وەك گرووپێکی مۆسیقا ژەنی لێهاتوو ناوبانگ دەردەخەن.
هەر لەم کاتەدا گوڵ و گیاکانی نیشتمانەکەی بە جل و بەرگی شادی و نوێبوونەوە دایدەپۆشن، تا لە بەڵاو نەگبەتی قەلەڕەشەکان پارێزراو بێت، لەناو عەتر و گوڵاوی بەهاری سەرخۆشی دەکەن، لەناو نەواو هۆنراوەی بەهاریدا خۆشحالی دەکەن، تا بوێرانە بەرگری لەخۆی بکات، تۆز و خۆڵی نیشتمانەکەی لەناو خۆڵدا دەیگەوزێنن تا رەنگی خۆڵی لێ بنیشێت، خۆڵاو خاکەکان گێژەڵووکەی تەپ و تۆزاوی هەڵدەستێنن تا لەبەر چاوی راوچیەکان ونی بکەن. (خۆری ئازادی) ئاسمانی ئاوی لەدەمەو ئێوارەدا لەپشت شاخە سەربەرزەکان بۆسە دادەنێت تا رۆژی روناك تاریك بکات و مەجالی رزگاری لەبۆسەی چێنراوی بۆ فەراهەم ببێت، لەشەوی تاریکدا ئەستێرەکان گڵۆپی بەختەوەری بۆ رۆشن دەکەن تا رێگای بەختەوەری درێژە پێبدات، مانگە شەو هەڵدێت تا لەگەڵ خۆی بەرەو مەڵبەندی هەڵۆبەرزەفڕەکان رایبگوازێت.
هەراو هوورای گیان لەبەرەکان تەنیا هاورێی دەبن، لەشەوی تاریکدا تا ترس و دڵەڕاوکێ لەناو

دڵـی قەڵەڕەشـەکان دروسـت بکـەن، وزە وزی بـاو هاژەوهـۆژەی دار و گـژو گیـاکان تارمایـی لەنـاو دڵـی بۆسـەدانەران دادەنێـت، بەشـنەبای دەمەوبەیـان لای لایـەی سـەرکەوتنی بـۆ دەخوێنـن، بارینـی دڵۆپـە بارانـەکان لێـوە وشـك کراوەکانـی شـڵاو تـەڕ دەکات و عارەقـی تـرس لەڕۆخسـاری بۆسـەچییەکان رەوان دەکات، هەمـوو بێگیانـەکان لەپێش چاوانـی بۆسـەچییەکان رۆح لەبەریـان دەکرێـت و بەرامبـەر ناحەقـی و زۆڵـم و زۆری چاوچنۆکـەکان بەقسـە دێـن، هـەر ئەندامێکـی سرووشـت پشـتیوان و خەمخـۆری دەبـن، هـاوکات هـەر بەشـێك لەسرووشـت خـەو لەبۆسـەچیەکان حـەرام دەکات، کانیـاوەکان نهێنـی حەسـانەوەی لەئابلۆقـەی رۆژانـەی دەبـن و هێـز و وزەبەخشـی جەسـتەو رۆحـی پەشـۆکاوی رزگاربـووی چنگـی قەڵەڕەشـەکان دەبـن، ئاهەنگـی مۆسـیقاکەیان دەرمانـی خـەوی چاوچنـۆك و دەس چەپەڵەکانـی نـاو رێگاکەیـان دەبێـت.

بـەم رەنگـە دەیەوێـت لەچـاوی قەڵەڕەشـەکانی رژێـم پارێـزراو بێـت، بـەم سـەفەرەی دەیەوێـت پەیامـی بەختـەوەری و سـەربەرزی شاباشـی هەڵۆکانـی (قەندیـل) بـکات و پەیوەسـتی پۆلـە هەڵۆکانـی رابـردووی ببێتـەوە، هێلانـەی تێکۆشـانی لەسـەر لوتکـە سـەربەرزەکانی (قەندیـل) بونیـاد بنێتـەوە، گەورەیـی و سـەربەرزی و نەبـەزی و بوێـری و خۆشەویسـتی (قەندیـل) بەئامێـز بگرێـت و سـەرچۆپی خەبـات لەملـی بـەرزی (قەندیـل) هەڵبواسـێت، سەرسـەوزی و گـوڵاو گوڵزارەکانـی سـەر سـینگی (قەندیـل) بـۆن بـکات، لەسـەر تاشـەبەردە گـەورەکان و دۆڵـە قووڵەکانـی نـاو سـینگی (قەندیـل) هەڵبفرێـت و لەسـەر هـەر تاشـەبەردێکی قـەڵای بەرخـۆدان خەیاڵـی ئـازادی هەڵبکۆڵێـت، لەسـەر هـەر کانـی ئـاو و رووبارێـك ئـاوازی شـادی بخوێنێـت، لەسـەر کانـی و رووبـارە بەخرۆشـەکان دەمـی وشـك کـراوەی تـەڕ بـکات و بە(ئـاوی زەمـزەم)ی (قەندیـل) دەسـتنوێژی تێکۆشـان بگرێـت، بەخۆڕاگـری دار بـەڕووەکان وێنـەی پێداگـری و پایـەداری و خۆڕاگـری وەربگرێـت، بەجوانـی رۆخسـاری گوڵـە شـلێرەکان نەخـش و نیـگاری قنجـی ژیـان بکێشـێت، بـە ئاوازخوێنەکانـی سەرسـینگی دڵـی نـەرم و نیانـی بـەرەو خەیاڵـی منداڵانـەی هەڵدەفڕێـت.

لەهاوینـی ٢٠٠٦دا پـاش یەکەمیـن کۆنفرانسـی کۆمەڵانـی گەنجانـی رۆژهـەڵات (KCR) گەڕانـەوەی لە(کەلـەڕەش) کـە مەڵبەنـدی تێکۆشـانی ئـەو سـەردەمەی دەبێـت بـۆ ئامێـزی گەرمـی قەندیـل دروسـت دەبێـت و بەهـۆی هەبوونـی دینامیزمـی گەنـج بـوون و کارابوونـی لەنـاو خەباتـدا لـەو کۆنفرانسـەدا بـە ئەندامـی کوردیناسـیۆنی گەنجـان هەڵدەبژێردرێـت. (هێمـن) بەهـۆی سـەرکەوتن لەئەرکەکانـی رێکخسـتنیدا و جـۆش و خرۆشـی گەنجێتـی لـەو قۆناغـەدا لـەلای شـەهید (عاکیـف مامـۆ زاگـرۆس) کـە یەکێـك لەدامەزرێنـەرە سـەرەکیەکانی (PJAK) و بەڕێوەبـەری گشـتی (PJAK) و هەروەهـا ئەندامـی کۆنسـەی بەڕێوەبـەری (KCK) لـەو سـەردەمەدا بـوو جێگایەکـی تایبەتـی هەبـوو، گرنگـی و بایەخێکـی زۆری پێـدەدا لەپێشخسـتن و پێگەیشـتنیدا پشـتیوان و یارمەتیـدەری بـوو, شـەهید (عاکیـف) لەسـەر (هێمـن) دەیگـوت: «چاوانـی هێمـن داهاتوویەکـی گـەش دەدرەوشـێنێت، بۆیـە لـەو بـاوەڕەدام ببێتـە کادیرێکـی لێهاتـوو و پێشـەنگی رێکخسـتنی گەنجـان». بەپـێ پێشـنیاری هەڤـاڵ (عاکیـف)و پێناسـەی لەسـەر هەڤـاڵ، لەیەکەمیـن کۆنفرانسـی (KCR)دا بێئـەوەی کـە (هێمـن) ئامـادە بێـت دەنگـی پێویسـت بەدەسـت دەخـات و بـۆ کۆردیناسـیۆنی (KCR) هەڵدەبژێردرێـت.

پـاش گەڕانـەوەی لـەوەرزی پاییـزدا لەئامێـزی گەرمـی دۆڵـی (قەڵاتـووکان) لەگـەڵ نـەواو دەنگـی هاوئەسـتێرەکانی سـەمای ئـازادی دەکات و نـاو کـوورە سوتێنەرەکانی هاوینیدا وەك پەپوولەیـەك لـەدەوری (قەندیـل)ی سـەبەرزەوە سـەمای خۆشەویسـتی دەگێڕێـت، لەژێـر تیشـکی سـوتێنەری هەتـاوی دۆڵـدا

چۆپی شۆڕش هەڵدەسووڕێنێت، لەگەڵا هاوپەپوولەکانیدا لەگەرمای پاییزیدا بە ئەوینەوە لەدەوری تینی سوتێنەری خۆردا حەڵقەی ئاگرین گەشاوەتر دەکات، بەئەندازەی بریقەی گەرمایی خۆر، بروسکی خۆشەویستی و ئەوینی دەپڕژاند، لەرۆژەنەی فێنکایی ژیاندا پەیامی وەفاداری دەنەخشێنێ، لەبەرەبەیانی دۆڵدا وێنەی کەشتی مزگێنی هەڵدەکۆڵێت، لەشەوەزەنگی دۆڵدا ئەستێرە سوورەکان دیاری دەکات، لەگەرمایی نیوەڕۆدا دوورگەی حەسانەوەی کەشتی مزگێنی دەکێشێت، دەیەوێت ببێتە ئەستێرەیەکی سووری کەشتی مزگێنی رۆژهەڵاتی کوردستان تا چۆپی شۆڕشەکانی (زەردەشت، بابەك، مەنسوور، مەزدەك، خوسرەو، قازی محەمەد، قاسملۆ ، شەرفکەندی، هاروون، مانی، مادۆرا و ئافات) ەکان شەکاوە بهێڵێت.

ئەو سەردەمە دەبێتە بەختی پەیوەستنی بۆ ناو ریزی هەڵۆ تازەپێگەهێشتووەکانی شۆڕش، وەك تۆخمێکی ئازادی دەکەوێتە ناو ریزی پەپوولە ئەویندارەکانی نیشتمانەکەی و دەبێتە بەختێکی خۆشەویستی ناو کەشتی مزگێنی، ئیدی لەناو ریزی ئەستێرە سوورەکانی (ئاسمانی ئاوی) جێدەگرێت، لەناو دەستپێشخەرەکانی کەشتی شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدرەوشێتەوە، لەکەشتی مزگێنی (PJAK)دا خۆی بە جلی کۆمەڵانی گەنجانی رۆژهەڵات (KCR) دەڕازێنێتەوە تا بەهەستە ناسکەکانی جلی بووکێنی ژیانی ئازاد بە بەری گەنجانی تازە پێگەهێشتووی نیشتمانەکەی بپۆشێت تا لەکەشتی مزگێنیدا ئەستێرەی سوور دیاری نیشتمانەکەی بکات.

(KCR)ی بە مزگێنی مەڵبەندی ئازادی بۆ گەنجان دەبینی و بەهێلانەی باوەڕو هیوا و ئاواتە سەربەرزەکانی گەنجان پێناسەی دەکرد و بەقەڵای خۆڕاگری و رۆحی سەردەمی گەنجان لەقەڵەمی دەدا، بەرۆژەنەیەکی رووناك و گەشاوە لەتاریکستانی ئێرانی دەزانی و بەکلیلی چارەسەری گرێ کوێرەکانی گەنجان لەئێراندا لێکدەدایەوە، بەسەنگەری تێکۆشان و خوێندەوارخانەی ئازادی ناوزەدی دەکرد، بەسەنگەری بوێری و فەدایی و دڵسۆزی و هەڤاڵتی شیدەکردەوە، بەکاروانی فەداییەکانی (ئاپۆچی) پێناسەی دەکرد و بەژوانگەی ئەویندارانی ئازادی لەقەڵەمی دەدا، بەدوورگەی هات وبەختی کەشتی مزگێنی پێناسەی دەکرد.

(KCR)ی بە نەوەی راپەڕینی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ لێکدەدایەوە ئەو نەوەیەی کەخۆڕسکانە جەستەی کردە قەڵغانی بەرگری (رێبەر ئاپۆ) و ئەو نەوەیەی کە دەسکەوتی راپەڕینی خەڵکی لەرۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەو بەرەیەی کە بەرهەمی رووناکی مۆمی هەڵگیرساوی شەوزەنگەکانی ئێرانە، ئەو بەرەیەی کە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی و پێویستیەکانی گەل بەرێکخستن کردن و زیندوو کردنەوەی سەرلەنوێ رۆحی تێکۆشان و خۆڕاگری دەست پێدەکات، ئەو رەچەڵەکەی کە ئیدی خەرمانی بەپیتی گەنجانی پێکەوە ناوە، ئەو نەوەیەی کە خەرمانی بەپیتی، پیت و بەرەکەت لەدەشتی بێبەردا بڵاو دەکاتەوە، ئەو نەوەیەی کە نەوای ئازادی دەنگە کپ کراوەکان لەجیهاندا بڵاو دەکاتەوە، ئەو بناچەی کە شەپۆلی تۆڵەسەندنەوە رەوان دەکات.

ئەو نەوەیەی کە لەئامێزی خۆیدا تۆخمی ئازادی و دیموکراسی و مافپەروەری و مرۆڤدۆستی بەخێو دەکات، ئەو بەرەیەی ئەرتەشی ئازادی و باوەڕ و قارەمانی و داوێن پاکەکان دەخاتە جێی ئەرتەشی بێکاری و بێهێوایی و دەسچەپەڵی، ئەو نەوەیەی کە رۆحێکی نوێ دەبخشێتە جەستە دامرکێنراوەکان، ئەو نەوەیەی کە درێژەپێدەری تێکۆشانی رەوای گەلی چەوساوەیە، ئەو نەوەیەی کە خاوەن بەهرەمەندی راهاتن و وزە و دیموکراتیك بووینن کە لەبەرانبەر هێڵەکانی نەتەوەپەرەستی

سـەرەتایی، فاشیسـتی، تئوکراتیـك و ئۆلیگارشـیك و بەگشـتی رژێمـی دژە دیموکراتیـك سـەرهەڵدەدات، ئـەو نەوەیـەی کـە چالاکـی کردوەتـە زمانـی دیموکراسـی و بەرانبـەر هـەر چەشـنە چەمکـی سەرشـۆڕی و بێکاریگەرکـردن ملکـەچ نابێـت، ئـەو بەرەیـەی کـە سیاسـەتی بـە هونـەری بەدەسـتهێنانی جوانـی و ژیـان پێناسـە کـرد.

(هێمـن) ئامانجـی سـەرەکی (KCR)ی بـۆ رازاندنـەوەی سـەمای ئـازادی بـە جیهانبینـی کۆمەڵـگای ژینگەپارێـزی ـ دیموکراتیـك کـە لەسـەر بنەمـای ئازادیخـوازی رەگـەزی پێکهاتـووە ئەسـاس دەگرێـت، سیستەمی کۆنفیدرالیزمـی دیموکراتیکـی بەتەنیـا رێبـازی دیموکراتیانـەی چارەسـەری کێشـەی کـورد لەقەڵەم دەدات، تێکـەڵاوی لەگـەڵا ئایدئۆلـۆژی، فەلسـەفە و پێوانەکانـی شـۆڕشـی (PKK)و (رێبـەر ئاپـۆ) و ئـازادی ئـەوی خسـتووەتە ناوەنـد و تـەوەرەی سـەرەکی ئامانـج و تێکۆشـانیەوە.

(هێمـن) هەمـوو هەوڵەکانـی دەخاتەگـەڕ تاکـوو سـەرجەم تایبەتمەندیەکانـی سـەماکەرێکی (KCR) لەخۆیـدا بەرجەسـتە بـکات، بۆیـە لەسـەر بنەمـای:

١ ـ جیهانگیـری کۆمەڵـگای ژینگەپارێـزی ـ دیموکراتیـك کـە لەسـەر بنەمـای ئازادیخـوازی رەگەزییـە پەسـەند دەکات ولـە سـەر ئـەم بنەمایـە تێکۆشـان

دەکات.

٢ ـ لەسـەرەتای تێکۆشـانیەوە تـا دوا هەناسـەی هەوڵـی بەدەستخسـتنی گەنجێکـی دیموکـرات و ئەنتەرناسـیۆناڵی دەداو لەحەڵقـەی سـەماکەرەکاندا

پەیمانەی تاکی سۆسیالیستی لەژیانی سەماکەریدا بەبنەما دەگرت.

٣ ـ باوەڕی بەهێزی خۆی دەبێت و لەشوناسی گەنجان بەرگری دەکرد.

٤ ـ بە رەوشتی زانستی باوەڕمەند دەبێت و کێشەکانی بە روانگەیەکی زانستییەوە هەڵدەسەنگاند.

٥ ـ لە رەفتار و ئەندێشەی ئازاد بەرگری دەکرد و لەهەمبەر هەر چەشنە قاڵب و دۆگمایەك رادەوەستا.

٦ ـ لەبەرانبـەر زەینییـەت و سیاسـەتەکانی پیرسـالاری و پیاوسـالاری کـە بەسراوەیـی و بەکـۆت و بەنـد کردنـی گەنجـان بـە ئامانـج دەگرێـت تێکۆشـان دەکات.

٧ ـ چالاکـی دیموکراتیـك بەتایبەتمەنـدی سرووشـتی گەنجـان نـاوزەد دەکات و ئـەم تایبەتمەندیـە لەهـەر گۆڕەپـان و لەژێـر هـەر هەڵومەرجێکـدا جێبەجـێ دەکات.

٨ ـ پێناسـەی گەنجـان وەکـو چینـی تەمەنـی رەت دەکاتـەوە، ئـەوەش وەکـو ئایدئۆلـۆژی و رەوشـت و شـێوەی ژیـان و رۆح و دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی

شیکاری دەکات.

٩ ـ ئاشـتیخواز و مرۆڤدۆسـتە، لەبەرامبـەر هەرچەشـنێك مەترسـی لەبەرانبـەر نـرخ و حقـوق و ئـازادی سرووشـتی مـرۆڤ و بەرگـری رەوا بەبنەمـا دەگرێـت.

١٠ ـ بەئـازادی و یەکسـانی گـەلان و دینـەکان و کولتـوور و زمانـی گرێـدراوەوە لەسـەر ئـەم ئاراسـتەیە تێکۆشـان دەکات.

١١ ـ بەئارمانـج و بـە تـەرح و بەرنامەیەکـی رێـك وپێـك و داهێنـەر و کارلێهاتـوو و بەئیرادەیەکـی لەبـواری کۆمەڵایەتـی و سیاسـی وکولتـووری کاردەکات.

١٢ ـ لەهیـچ هەلومەرجێکـی ژیانیـدا رەفتـار و هەلسـوکەوتی بێئیرادەیـی و بەناوەڕۆکـی بەسراوەیـی و کـۆت و بەنـد کـراو پەسـەند نـاکات.

١٣ ـ لەچوارچێوەی پاراستنی سرووشت و چارەسەری کێشەی ژینگەپارێزی هەستی بەرپرسیاری هەیەو خەبات دەکات.
١٤ ـ باوەڕی بە بناغەی رەخنەو رەخنەدایین دەبێت.
١٥ ـ فراوانی هزری و سیاسەتی دیموکراتیك دەخاتە چوارچێوەی خەباتی سەرەکییەوە.
١٦ ـ لەبەرامبەر دیاردەو رەفتاری جەستەیی و زهنی، وەکوو ماددەی هۆشبەر و سۆزانی گەری و ...هتد کە کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگا هەیە
تێکۆشان دەکات.

ئەم تایبەتمەندیانە لەهەبوونی ئەودا شاراوایە. بۆیە لەپاش چەندین ساڵ خەباتی درێژی لەناو کەشتی شۆڕش، پەیوەستی لقی گەنجان دەبێت و خەباتی بەساڵانی ناو پارتی خەزێنەیەك لەئەزموونی پێدەبەخشێت، هەرچەند لەم چەند ساڵەدا لەناو رێکخستنی گشتیدا بەگەنجێتی چەندین ساڵ خەبات بەڕێوە دەبات. لەهەر جێگایەکدا رۆحی نەوەی راپەڕین بەشەکاوەیی دەبەخشێت. بەهۆی جۆش و خرۆش و هەستی خاوێنی گەنجێتییەوە تێپەڕی خەباتی گەنجان دەکرێت، لەرۆمانی نەنووسراویدا پەلێکی نوێ تێکۆشان لەسەر ناوی گەنجان دەنەخشێنێت و لەهەر رووپەلێکی رۆمانی شۆڕشگێڕیدا وێنەی گەنجێکی بەجۆش وخرۆش و ئازا بەجێ دەهێڵێت، بۆیە لەژیانیدا دەبێتە سەمبۆلی تێکۆشانی گەنجێکی نموونەیی.

گەنجێك کە لەبزەی لێوەکانی پێکەنین دەبارێنێت، بە تیشکی پێکەنینی هەڤاڵێتی دەپرژێنێت، بەروخساری پێکەناوی دەریای ئەویندری بەرجەستە دەکات و کەشتی شۆڕش دەڕازێنێتەوە، بەسووراوی روخساری مزگێنی ئازادی دەدات، بەزمانە شیرینەکەی شیرینی بەختەوەری، هیوا، ئۆمێد و سەرکەوتن دەبەخشێتەوە، بەموڕاڵە سەربەرزەکەی ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕێت، بەگوتە لۆمەکانی ژەمراخی تێکۆشان دەڕازێنێتەوە، بەقیڕی ناخی دڵیەوە لووتکەی ئەویندری دەگەشێنێتەوە، بە قەرەباڵغی ناو ژیانی مۆڕاڵ و شادی دەبارێنێت، بە بزەبزی چاوەکانی پردی حەزکردن بونیاد دەنێت، بەجۆش و خرۆشیەوە خاوەن بڕیاری و راستی بڵاو دەکاتەوە، بەدەستەکانی قەڵەمبازی شۆڕش گەشاوە دەکات، بەپەنجەکانی پەیامی سەرکەوتن شەکاوە دەهێڵێت، بەقاچەکانی رێچکەی تێکۆشان دیاری دەکات.

لەم قۆناغەدا دەبێت خەیاڵە ون بووەکانی دەدۆزێتەوە، دوورگەیەکی وشك و بەپیت و بەرەکەت بۆ داکوتاندنی لەنگەری کەشتیەکەی پەیدا دەکات، (KCR) دەکاتە مەڵبەندی سەردەمیانەی تێکۆشانی، بەخۆشی و ناخۆشییەوە وەرزەکانی هاوین، پاییز، زستان و بەهار دەگوزەرێنێت، و لەهەر وەرزێکدا مزگێنییەکی نوێ پێشکەش دەکات، بەهەر مزگێنی یەك شەپۆلێك رادەخات و بەهەر شەپۆلێك قەڵەمبازێك دەنەخشێنێت، بەهەر قەڵەمبازێك قۆناغێك دەئافرێنێت.

قۆناغێك لەژیانی دەست پێدەکات کە بەرپرسیاری مێژوویی لەسەر شانی دادەنرێت، ئەم قۆناغە لەرۆمانی تێکۆشانیدا لەسەر رێچکەی (PKK) و بەدروشمی (بەگەنجێتی دەستمان پێکرد و بەگەنجێتی سەرکەوتوو دەبین) دەست پێدەکات، دروشمێك لەهزری دادەکوتێت کەهەوێنی هەتاهەتایی گەنج بوونی لەناو تێکۆشاندایە، لەگەڵا فەلسەفەیەك ئاوێتە دەبێت سەرەتای سەرکەوتنی بێکۆتایی دەبێت.

لەدوورگەی پڕ لەپیت و بەرەکەتی تێکۆشانی لێگەڕین و لێکۆڵینەوەی بەدوای سەرکەوتن دەست پێدەکات، سەرکەوتن دەبێتە خۆراکی خەیاڵی رۆحی، بەو خۆراکە شەو رۆژ دەکاتەوە، لەهەر ئان و ساتی ژیانیدا بۆگەیشتن بەسەرکەوتن دەیەوێت گەنج بمێنێت، بەگەنج بوون سەرکەوتن بەدەست

بخـات، کونـج و قوژبنەکانـی دوورگـەی تێکۆشـان بەبیـروڕاو ئەندێشـە دەڕازێنێتـەوە، پەیـدۆزی بـەدوای گیروگرفـت و چەڵەمەکانـی گەنجانـی سـەرگەردان و سەرلێشـێواو دەکەوێتـە بەرنامـەی خەباتیـەوە، ئامانـج و بەرنامەکانـی دوورگـەی مزگێنـی ئاوێتـەی هـزر و رۆحـی دەکات، وەیلانـی شوناسـی دەمامـك کـراو و هەڵپێچـراو لەبێئیرادەیـی گەنجـان دەبێـت.

ئیـدی لـەو قۆناغـەدا روانگـەی جیـاوازی لەسـەر سـەردەمی گەنجێتـی هەبـوو، سـەردەمی گەنجێتـی بـە سـەردەمی گەشـانەوە، بەئەندێشـە، بـەوزە، جوڵانـەوە، بەفڕتەنـەو بەمـەراق نـاوزەد دەکـرد، بـە قۆناغـی چوونەدەشـت لەبەسراوەیـی، دیلێتـی، کەمتەرخەمـی، هـەژاری، کڕنۆشـی، خەفەتبـاری، بێدەسـەڵاتی و قەڵسـی بەنـاو دەکـرد، بـە پانوپۆڕتریـن و بەرفراوانتریـن قۆناغـی فێربـوون و راهێنـان پێناسـەی دەکـرد، بـە قۆناغـی قۆتـار بـوون لەبەسراوەیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی رژێـم نـاوزەدی دەکـرد، بەقۆناغـی بەرەنـگاری لەگـەڵا داب و نەریتـە خراپەکانـی کۆمەڵـگا دەبینـی، بەقۆناغـی بەدەسـت هێنانـی ئیرادە، بـاوەڕی و هێـزی گەنجـان دەزانـی، بەقۆناغـی یەکڕیـزی، یەکهەڵوێسـتی، یەکدەنگـی و رێکخسـتەبووین نـاوزەد دەکـرد، بەقۆناغـی بەئەرتـەش بوویـن، و بـە ئایدئۆلـۆژی بوویـن پێناسـەی دەکـرد.

(هێمـن) ئیـدی ئـەو زاراوەیـەی رەت دەکـردەوە کـە گەنجـان لەکۆمەڵـگادا تەنهـا کـوڕان دەگرێتـەوە، لەهەوڵـی تێکشـکاندنی ئـەم زەینیيەتـە بەسـتەڵەك کراوەیـدا بـوو، لێـرەدا خـۆی رەخنـە دەکا کـە لەرابـردوو لەسـەر ئـەم زەینیيەتـە هەڵسـوکەوتی کـردوە، ئیـدی گەیشـتبووە ئـەو قەناعەتـە کـە زاراوەی گەنـج، تەنیـا رەگـەزی نێرینـە ناگرێتـە خـۆ؛ بەڵکـوو مەبەسـت لەهـەر دوو رەگـەزی مـرۆڤ بەنێرینـەو مێینەوەیـە واتـا هـەم (کـچ و کـوڕ)ە، ئـەم زەینیيەتـەی دەگەڕانـدەوە بـۆ زەینیيەتـی دەسـەڵاتداری کـە تەنانـەت سـەرجەم دەسـتەواژەکانیان نێرینـە کـردووە، بۆیـە ئیـدی ناوەڕۆکـی ئـەم گۆتەیـەی لـەلا روون بووبـووە کـە گەنجـان داهاتـووی کۆمەڵـگان، نەیدەویسـت لەروانگـەی دەسـەڵاتدارەوە واتـا بـەم دروشـمە بـدات، چونکـە لەروانگـەی دەسـەڵاتدارانەوە داهاتـووی کۆمەڵـگا لەژێـر دەسـەڵاتی بەشـێکی کۆمەڵـگا واتـە نێرینـە دەبێـت بەگوێـرەی ئـەم زەینیيەتـە فەلسـەفەی چەوسـاندنەوە و بەکۆیلەکردنـی توێـژی ژن بـەردەوام دەبێـت.

ئـەو لەروانگەیەکـی تـر کـە سـەیری ئـەم دروشـمەی دەکـرد، گەنجـان بـە (کـچ و کـوڕ)ەوە دەتوانـن داهاتوویەکـی گەشـاوەو بەختـەوەر بـۆ مرۆڤایەتـی دابیـن بکـەن، بۆیـە ئیـدی لەفەلسـەفەی ژیانـی خۆیـدا ئـەو روانگـە هەڵەیـە دەسـڕێتەوەو لەپەنجەرەیەکـی شۆڕشـگێڕانەوە بـەو دروشـمانە واتـا دەبەخشـێت، ئـەو واتایـەی کـە کۆمەڵگایەکـی دیموکراتـی یـەك لایەنـە پێـك نایـەت، لاسـەنەگی و نادادپـەروەری لەسـەر کۆمەڵـگای یـەك لایەنـە زاڵا دەبێـت، چەوسـێنەری و چەوسـاندنەوە چەکـەرە دەکێشـێت، جیـاوازی رەگـەزی تەشـەنە دەسـتێنێت.

ئـەو روانگەیـەی لـەلا دروسـت دەبێـت کـە گەنجـان لەهـەر بارودۆخێکـدا بـەرەوڕووی داڕزان، تـاڵان، فێـڵا، نکۆڵـی، شـڵەژاوی، پتـورکان، نەزانـی و کۆنـی دەبنـەوەو هەمیشـە لەکڕوکاشـی نوێبوونـەوە، سـەربزێوی و یاخیگـەری بوونـدا دەبـن، زاراوەی ئـەو گەنجـەی بەرجەسـتە دەکـرد کـە (نوێخـواز، تاقەتـدار، لێهاتـوو، چەلەنـگ، خۆڕاگـر، کارزان، دادگـەر، فریـادڕەس، دیموکـرات و راپەڕێنـەر)ە ، بەجێـگای ئـەوەی گەنـج بـەدوای بەرژەوەنـدی تاکەکەسـییەوە بێـت، بەپێچەوانـەوە لەبیـری بەختـەوەری و شـادومانی گشـتی وخۆبەختکـەری کۆمەڵـگای دەبینـی، گەنـج بەرژەوەنـد پەرەسـت و پلەخـواز نییـە، بۆیـە هاوکات دەیویسـت بـەم تایبەتمەندیانـە کەسـایەتی تازەپێگەهێشـتووی خـۆی پێبرازێنێتـەوە.

ئـەو بەناچـاری دەبینـی کـە پێویسـتە گەنجـان لەبـواری کـردەوە، بیـروڕا، پێزانیـن و مۆراڵـەوە لـەو ئاستەدا

بـن، تاکـو چـی پێکهاتـەی ڕژێمـی هەیـە بیخەنـە ژێـر زەخـت و گوشـارەوە، پێویسـتە توخمـی نوێخـوازی، ئاوەڵابـوون، وریایـی، هیـواداری، پلانزانـی، داهێنـان، ئاسـوودەحاڵا و بەجـۆش و خـرۆش بـن، تـا بـەم ڕەنگـە لەبەرامبـەر سیاسـەتە چەپەڵەکانـی داگیرکـەران پارێـزراو بـن. لەبـەر ئـەوەی لەسـەر ئـەم خاڵـە دەیگـوت: «گەورەتریـن هەوڵدانـی ڕژێـم بـۆ لەناوبـردن و بێکاریگەرکردنـی هێـزی گەنجـان توانەوەیـان لەنـاو دەرونـی خۆیاندایـە بـێ ئـەوەی کـە گەنجـان هەسـتی پـێ بکـەن، گیـرۆدەی زەلـکاوی تاوانەوەیـان دەکـەت»، ئەمـەش زۆر روون و ئاشـکرایە کـە نەیارانـی گەنجـان قونـج و قوژبنێکیـان بـۆ هەڵسـوڕانی ئازادانـەی گەنجـان نەهێشـتووەتەوە، سـەرجەم ڕۆژەنـە کراوەکانیـان بـەرەوڕووی گەنجـان داخسـتووە و دەیانەوێـت گەنجـان لەنـاو زەلـکاوی کۆنەپەرەسـتی و دۆگماتیکـدا بخنکێنـن.

لێرەدا خۆرپـەی بـۆ دێـت کـە گەنجـان تیشـکی درەوشـاوەی ئـازادی و دیموکراسـین، بروسـکەیەك چەندێـك گەشـاوە بێـت هیـوا و ئاواتێکـی گەشـاوە بەدیـاری دەبەخشـێت، ئـەو تیشـکە درەوشـاوانە ڕژێمـی ئێـران لەئامێـزی بەسـتەڵەك کراویـدا خامۆشـی دەکات، بەهـەزاران هـەزار ڕووناکـی درەوشـاوەی کۆمەڵـگای لەنـاو بەفرەچاڵـی ئیسـلامییەتدا بەبەسـتەڵەك کـردوە، تیشـکێك لەئارادایـە کـە نەگەرمایـی و نـە ڕووناهـی دەبەخشـێت، تەنیـا جەسـتەیەك بەناوێکـی زلاو زەبەلاحـەوە ڕازێندراوەتـەوە، نـاوی گەنجێتـی لەئارادایـە؛ بـەلام دوور لەتایبەتمەنـدی و جوانیەکانـی گەنـج بـوون، بۆیـە وەیلانـی دۆزینـەوەی تایبەتمەندیـە بەرزەکانـی گەنجـان لەبیابانـی بێبـەردا دەبێـت، دەیەوێـت لەکـۆڵان و شـەقامە سـەهۆڵبەندەکان، تایبەتمەندیـە بەرزەکانـی گەنجـان ئـازاد ببەخشـێت، نـاوی بێنـاوەڕۆك و جەسـتەی بێرۆحـی گەنجـان ببوژێنێتـەوە، ڕۆڵ و شوناسـی راسـتەقینەی دیـاری جەسـتەی بێرۆحـی گەنجـان بـکات.

دەیەوێـت تیشـکە کوژاوەکانـی ئـازادی و دیموکراسـی لەئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەڵبکاتـەوە، ڕۆحێـك بەجەسـتەی بەسـتەڵەك کـراوی گەنجانـدا ببەخشـێت، مزگێنـی ڕونـاك کردنـەوەی هـزری تاریـك ولێـڵا بەگەنجـان بـدات، زەلـکاوی مـاددەی هۆشـبەر وشـك و بـن بـڕ بـکات، بـە تیشـکی زانیـاری گەنجـان لـەم زەلـکاوە بپارێزێـت، گەنجـان لەکۆمەڵـگای زەلـکاو کـراو بـەرەو دوورگـەی شـۆڕش هـان بـدات، تـا هەوێنـی ئـازادی و دیموکراسـی ئاوێتـەی زەلـکاوی مـاددەی هۆشـبەر نەبێـت، بەپێچەوانـەوە گەنجـان لەنـاو کەشـتی شـۆڕش ڕۆڵا و بەرپرسـیاری فریادڕەسـی خۆیـان بگێـڕن، لەهـەر سـەردەمێکدا ئـازادی و دیموکراسـی مەترسـی لەسـەربێت، گەنجـان حەڵقـەی قەڵغانـی بەرگـری دەنەخشـێنن.

لەهەمبـەر ڕژێمێـك رادەوەسـتا کـە مێشـکی گەنجـان بووەتـە خۆراکـی ژیـان کردنـی، زوحـاك جۆرەکانـی هاوچـەرخ کـە بەخۆراندنـی مێشـکی گەنجـان ئۆقـرە دەگـرن، ئـەو ڕایەدارانـەی کەبـە پەلەقاژەکردنـی گەنجـان تێـرو سـەرخۆش دەبـن، ئـەو ویژدانانـەی هیـچ ڕەحمێـك بـە غۆنچـە دەمکراوەکانـی کۆمەڵـگای کـراوە ناکـەن، بـە بڵاوکردنـەوەی مـاددەی هۆشـبەر، هـۆش و زانیـاری گەنجـان زەوت دەکـەن، دەیانەوێـت گەنجـان زەینکوێـر بکـەن، تووشـی لەهـۆش چوونیـان بکـەن، لـەڕۆڵا و ئەرکـی سرووشـتیان نامۆیـان بکـەن، لەپەیوەسـتنیان بـە ریزەکانـی شـۆڕش پەراوێزیـان بخـەن تـا وزەی ململانـێ و ڕووبەڕووبوونەوەیـان بەرامبـەر دەسـەلاتداران نەمێنێـت.

واتـا مـاددەی هۆشـبەر مـاددەی سـڕینەوەی مێـژووی هاوچـەرخ و چەپـەلا کردنـی داهاتـووی گەشـاوەی کۆمەڵـگا دەبێـت، دەسـەلاتداران گـەل و کۆمەڵـگا لەنـاو زەینکوێـری و نەزانـی دەهێڵنـەوە؛ تـا کـوو کۆمەڵگایەکـی کۆیلـە لەژێردەسـتیاندا هەبێـت و ئەوانیـش بـۆ خۆیـان خـاوەن کۆیلـەکان بن و دەسـەلاتداری لەسـەر کۆمەڵـگا بکـەن، ئـەو کەسـەی کـە تەسـلیمی داگیرکـەر بـوو، قوژبنێکـی دونیـای داگیرکـەری

پێدەبەخشرێت و لەکۆشکی تاریك و لێڵی داگیرکەردا نۆکەری رایەداران دەبێت، ئەوەی کە دژی داگیرکەر راوەستا رووبەڕووی هەر چەشنە پلانی چەپەڵ و دڕندانەی داگیرکەران دەبێتەوە، لەژێر ناوەکانی لادان لەئایین و سەرپێچی کردن لەیاسا سزای بەسەردا دەسەپێنرێت، ئەوەی کە بێ لایەن دەبێت تووشی قڕکردنی سپی و تواندنەوەی کولتووری دەبێت بێئەوەی هەستی پێ بکات، رژێم تومێك لەم زەمینی بایەرە دەچێنێت، ئەوەی کە دەیەوێت دروێنەی دەکات، لەئەنجامدا توێژێك بەرهەمدەهێنێت کە ژیانێك بەسەر دەبات، جیا لەخزمەتی بە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت شتێکی دیکەی تێدا بەدی ناکرێت.

بۆیە ئاماژە دەکات بەو سێ هێڵەی ژیان کەپێش گەنجان دیار کراوە؛ هێڵی دووهەمیان هەر چەند سەخت و دژوار بێت وتەنانەت مەرگی لەگەڵدا هەیە، بەپیرۆزترین و بەشەرەفمەندانەترین ژیان دەبینێت، لەبەر ئەوەی لەم هێڵیە ژیاندا گەنجان خاوەن ئیرادە و باوەڕی خۆیانن کۆیلەداری داسەپاو و پژاندنی هەوری ترس بەسەر دڵی ناسك و جوانەکانی گەنجان بێکاریگەر دەکرێت، هێزو وزەیەکی بەڕەنگاربوونەوە دەخوڵقێنرێت، ئەم هێزە گەرەنتی ئازادی و دیموکراسی بۆ هێڵەکانی دیکەی ژیان دەبێت، ئەویش دەیەوێت لەسەر ئەم رێچکەیە ژیان بکات و هاوجۆرەکانی راکێشی ئەم قەڵەمبازی ژیان بکات.

ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی رژێم لەئافراندنی کۆگای بەرینی لومپەنی گەنجان، بەدیهێنانی گەنجێکە کە هیچ مەترسی بۆ رژێم نەبێت، تا بەم رەنگە لۆمەکەر نەبێت، هەستی مەراقی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی کۆتایی پێ هاتبێت و تێشکابێت، گەنج بێئیرادەو بێباوەڕ کرابێت و بێئامانج بهێڵرێتەوە، هەروەها داهێنانی ئەرتەشی بێکاری، رێگا لەبەردەم فەلسەفەی (لومپەنیزم) دەکاتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە هاوشێوەی گەوهەری دەوڵەت کۆمەڵگایەکی داڕزاو و گەندەڵ و ناپاك دێنێتە ئاراوە، دەسەڵات بەهەبوونی ئەم شێوە کۆمەڵگایە بەئاسانی فەرمانڕەوایی دەکات، لەبڵاو کردنەوەی سیاسەتە چەپەڵەکانی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك رووبەڕووی نابێتەوە، بۆیە بە ئافراندن و گەشەدانی ئەرتەشی بێکاری رژێم کۆمەڵگایەکی بێبەرهەم دەخوڵقێنێت، کۆمەڵگایەك کە تەنانەت دەستپێشخەرەکانی بەرخۆری (مەسرەفگەرایی) دەبێت.

پاش ١٥ی تەباخی ٢٠٠٦ کەشتی مزگێنی بەم ستایشانەوە دەڕازێنێتەوە، لەم رۆژەدا دەبێت کەشتی مزگێنی کۆمەڵانی گەنجانی رۆژهەڵات (KCR)، لەنگەری لەدوورگەی شۆڕشدا دادەکوتێت، ئەویش کەشتی مزگێنی بە جل و بەرگی ئازادی و دیموکراسی دەنەخشێنێت، لەیەکێتی یەوە بەرەو کۆمەڵە هەنگاو دەنێت، بەرەو سیستەم و قەڵەمبازێکی ژیانی نوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، مزگێنی یەك کە لەئامێزی گەرمی کۆما جڤاکین کوردستان (KCK) دەدرەوشێتەوە، پاش مزگێنی (هەتاوی ئیقبال) لەنەورۆزی ٢٠٠٥ کە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی شاباشی گەلی کورد و سەرجەم گەلە چەوساوەکان کرد، هاوکات کونفیدڕالیزمی دیموکراتیکی گەنجان دەبێتە یەکێك لەو گەڵا شاباشانەی کە ئیقبالی گەنجان کراوە دەهێڵێت، ئەمەش بۆ گەنجان خەڵاتێکی گەوەری ئازادییە، چونکە ئەو پێکهاتەیە لەلایەن پیرسالارانەوە بۆگەیشتن بە ئارمانجەکانیان بەکار دەهێنرێن، واتا لەسیستەمی دەوڵەتیدا.

گەنجان پێگەیەکی تایبەتیان نییە، جگە لە توانەوەو بێکاریگەرکردنی هێزی گەوهەری گەنجان پلان و پرۆژەیەك بۆ گەشەدانی هێزی گەنجان لەئارادا نییە، لەبەر ئەمەش داهێنانی ئەم سیستەمە بۆ گەنجان دەتوانین بەمزگێنی مێژوویی ناوزەد بکەین.

بۆیە لەساڵی ٢٠٠٥ پاش ئەم شاباشە بەنرخەی (هەتاوی ئیقبال) گەنجانی (ئاپۆچی) کراسی بووکێنی (کۆمەڵێن جوان) دەپۆشن، بەم کراسە وێنەی بێکەڵك و ناشیرینی گەنجان ڕازاوە دەکەن، ئەم کراسە دەبێتە هێلانەی گەرم کەرەوەو باوەڕمەندی و بەرێکخستەکردنی گەنجان، دەبێتە دەنگی یەکێتی گەنجانی لە هەر چواربەشی کوردستان، دەبێتە ڕۆژەنەی هیوا، ئۆمێد، تێکۆشان و خۆڕاگری بۆ گەنجان. پاش ئەم ڕێککەوتە کەشتی مزگێنی گەنجان تا بە ئەمڕۆ بەم کراسە رازێندراوەتەوە، هەڵبەت لەهەر بەشێکی کوردستان بەرەنگ و ڕۆخساری سرووشتی ئەو هەرێمە تیشك دەبەخشێت، بۆیە (KCR)ش روخسارێکی ئەم کراسی بووکێنیە بۆ گەنجانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت کە دیاری گەنجانی ئازادیخواز و دیموکرات کراوە.

هێمن لەهەوڵی رازاندنەوەی ئەم کراسی بووکێنیەدا بوو، دەیویست کراسێکی جوان و بەنرخ خەڵاتی گەنجان بکات، بەشەو و ڕۆژ لەهەوڵی رازاندنەوەی ئەم کراسەدا بوو، لەبەر ئەوەی لە بەرێوەبەرایەتی گەنجان جێگای دەگرت، لەسەر هەموو خاڵی بچکۆلە تا گەورە بگرە گفتگۆی دەکردو کۆبیری لەسەر دەکرد، تایبەت لەو قۆناغە هەستیارەدا بوو کە (عاکیف مامۆ زاگرۆس) ـ یەکێك لەو ئەستێرە درەوشانەی (PJAK) ـ لەهەر بوارێکەوە ئەزموون بە (هێمن) دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی شەهید (عاکیف) لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە گەنجان پێکهاتەی سەرەکی ناو کۆمەڵگان و دەتوانن ئاڵاوگۆڕ و وەرچەرخانی مەزن دروست بکەن، گەنجانی بە دینامیزمی سەرجەم شۆڕشەکان وەسف دەکرد، بۆیە دەیگوت: «بەرۆح و شەوقی ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩ گەنجان دەتوانن پێشەنگایەتی شۆڕشی ژیانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن»، بۆیە (هێمن)ی بە یەکێك لەو گەنجە پێشەنگانە وەسف دەکرد کە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ و مێژوویی لەشۆڕشی ژیانەوە بگێڕێت، بۆیە لەناو دلی (عاکیف) دا هێلانەی خۆشەویستی رازاندبووەوە، ئیدی (عاکیف) لەلای (هێمن) فێرکەری ژیانەوەی تێکۆشانی بوو، بەهەڤاڵێك کە سەرچاوەی مۆڕاڵ و هێزبەخش دەیبینی کە بەردەوام مۆڕاڵ و جۆش و خرۆشی بەهەڤاڵان دەبەخشێ، (هێمن) هەم لەسەر ڕێوڕیبازی خەبات و کێشەی کەسایەتی و کادیرسازی و گەلێك بواری دیکە لەشەهید (عاکیف) پەندی وەردەگرت.

لەرۆژێکی تەمو مژاویدا کە ئاسمان بەهەوری رەش داپۆشیبوو، هەورەڕەشەکان بەخێرایی کارەبا باران دەبارێنن، ئەو بارانە سەرسینگی (قەندیل)ی بچکۆلە تەڕ دەکات، دڵۆپ دڵۆپ باران دەست بەدەستی یەکدی دەدەن و بەرەو ناو دۆڵە چکۆلەو گەورەکان دەبنەوە، هەتا بێت ئەو دڵۆپی بارانە لافاوێکی گەورە هەڵدەستێنێت کە لەچاوەکاندا جێنابێتەوە، دڵۆپە بارانەکانی ناوسینگی (قەندیل) بەرەو دۆڵی (قەڵاتووکان) رەوان دەبن، لافاوێکی سیحراوی هەڵدەستێت، لەچاوتروکاندنێکدا شەپۆلی لافاوەکە بێئەوەی لەدرگا بدات، بێرەحمانە خانووی هەژاری شۆڕشگێڕەکان لەریشەدا دەردەهێنێت و دوو ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی ئاوی لەگەڵا خۆیدا دەبات، ئەم کارەساتەی کەبووە هۆی ئەوەی خۆشەویسترین هەڤاڵی لەدەست بدات و تووشی شووك و سەرسووڕمانی بکات، لەناو چاوانی لافاوی خەمباری هەڵدەستێت، فرمێسك لەچاوانی رەوان دەبێت، لە ناو دڵی شەپۆلی کول و ئێش لێدەدات، ئاوێکی سارد بەسەریدا دەرژێنرێت، ئیدی زمانی قسە نادرکێنێت مێشکی جیا لەخەمباری شتێکی دیکەی تێدا جێ ناگرێت، لەناو کین و نەفرەتدا دەخنکێت، هەناسە برکێی پێدەکەوێت، بەپەنجەی دەستەکانی مستی تووڕە بوون دەنوێنێت، هاوکات دادانی بە یەکدا دەدات، ئاخێکی قووڵا دەکێشێت، لەناو دڵیدا هاوار دەکات: «ئەی هەڤاڵا عاکیف؛ بۆ تەنیات هێشتم، هێشتا زۆر شت

مابـوو لێـت فێـر ببـم».
لەگـەڵ هاوسـەماکەرەکانی هێشـتا لەلێگەڕینـی پەیـدا کردنـی تەرمـی هەڤـاڵ (عاکیـف و سـیروان)دان، لافاوێـك کـە دوو ئەسـتێرەی گەشـاوەی (PJAK) دەکوژێنێتـەوە، تەرمـی ئەسـتێرەکان بەسـەدان میـتر لەخانـووی هـەژاری دوور دەخـات، لافاوێـك کـە مرۆڤێـك بـێ‌ڕۆح دەهێڵێـت، جەسـتەیەك تێـك و پێـك دەدات. (هێمـن) بەبینـی تەرمـی (عاکیـف و سـیروان) فرمێسـکی لافـاو لەچاوانـی ڕەوان دەبێـت، لەسـەر تەرمـی ئـەو هەڤاڵـەی کـە هیـوا و ئۆمێـدی لـێ وەردەگـرت، بەڵێـن دەدات کـە ڕێبازەکەتـان درێـژە پـێ بـدەم و چەکەکەتـان لەزەویـدا نەهێڵـم، هـەر وەك ئێـوە هەڤاڵێکـی لێهاتـوو و بەتوانا بـم. بۆیـە (هێمـن) بەدەرپایەکـی خەمبـاری لەمەراسـیمی بەخاکسـپاردنی تەرمـی دوو هەڤـاڵ بەشـدار دەبێـت، تەرمـی دوو هەڤـاڵ لەگـەڵ هەڤاڵانـی دیکـەی بەسەرشـان هەڵدەگرێـت، بـەڵام گەنجێـك تـا ئـەو سـاتە تووشـی سەرسـووڕمانی وەهـا نەبـووە، کارەسـاتێکی وەهـای نەبینیـوە، گرێـدان بوونێکـی بەهیـچ مرۆڤێـك تـا ئـەو ئاسـتە دروسـت نەبـووە، چونکـە (عاکیـف) سـەرچاوەی ورە و هێـز و ئەزموونـی (هێمـن) بـوو، ڕۆحـی شـاراوەی (هێمـن) بـوو، نمونـەی فەرماندەیـی، هەڤاڵێتـی، دروسـتی، خۆبەخشـی، خۆشەویسـتی و دڵسـۆزی بـۆ (هێمـن) بـوو.
(هێمـن) بەدڵێکـی بەسـتەلەك کـراوەوە چاوانـی بـەرەو هـەورە ڕەشـەکانی ئاسـمان بـەرز دەکاتـەوە، بەدڵـپڕی هانـا دەکات، بۆچـی بـە لافـاوی تۆڵەسـەندنەوە خۆشەویسـترین هەڤاڵـی نـاو ئێمـەت خنکانـت؟ نەیارانـی کـورد ئـەوەی لەدەسـتیان بێـت، بەسـەر گەلـی کورددا دەهێنـن تـا دەتوانـن، دەمانکـوژن، زیندانـی مـان دەکـەن، ئەشـکەنجەمان دەکـەن، برسـیمان دەهێڵـن، لەنـاو نەخۆشـی کۆمەڵایەتـی دا دەمانخنکێنـن، ئەمـە کەمـە کـە سرووشـتیش تۆڵـەی خـۆی لەئەسـتێرە تێکۆشـەرەکان دەسـتێنێت.
داوێنـی (قەڵاتـووکان) کەپشـتی خـۆی بـە (قەندیـل)ی بچکۆلـە دەبەسـتێت، چیایەکـی بـەرز و سـەخت لەپشـتیەوەیە، چیایـەك کـە جگەلـە تاشـەبەرد جێـگای بەشـتی دیکـە ناداتـەوە، ئیـدی جوانیەکانـی ئـەو هەرێمـە لەنـاو هزریـدا بێ‌ڕەنـگ دەبنـەوە، دار وبـەرد و هـەر جێگایەکـی ئـەو داوێنـە سـەیر دەکات ڕوخسـاری پێکەنـاوی و بەمۆڕاڵـی (عاکیـف) لەهزریـدا دەنەخشـێت، ژێـر هـەر دار و بەردێـك بیرەوەریەکـی (عاکیـف)ی تێـدا شـین دەبـوو، دەیویسـت تیشـکی سـەرنجی بۆشـتێکی دیکـە رابکێشـێت، بیرەوەریەکانـی ئـەوی لەمێشـکدا شـین دەبـوو، لەنـاو خۆشـی و ناخۆشـیەکاندا دەچـوو و دەهـات، وتـە بەنرخەکانـی بەبیـر دەهێنایـەوە و وزەی بەرزتـر دەبوویـەوە، (عاکیـف)ی بـە پێشـەنگی ئـازادی لەرۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەبینـی، بەکادیرێکـی لێهاتـوو و سـەرکردەیەکی هاوچـەرخ نـاوزەدی دەکـرد.
قۆناغێکـی زۆر بـە ئێـش و کـول ژیـان دەکات، خۆشـی و ناخۆشـیەکانی داوێنـی (قەڵاتـووکان) ئاوێتـەی یەکـدی کـراون، هـاوکات لەگـەڵ گەڵارێزانـی پاییزیـدا، دوو ئەسـتێرەی سـووری کەشـتی مزگێنـی (PJAK) دادەمرکێـن، بەکراسـی بووکێنـی یـەوە خلێـری خوێـن دەبـن، لەحەڵقـەی سـەماکەرەکانی ئـازادی دادەبڕێـن.
پـاش ماوەیەکـی کـورت کەشـتی مزگێنـی بـەرەو داوێنـی (شـەهید هـارون) سـەفەر دەکات و لەنگـەری خەباتـی لـەوێ دادەکوتێـت.

٢٠١٣/١/٢٥
گارە ـ چاپەمەنی

### ◆ هەتاوپەرەستی داوێنی «شەهید هارون»

پاش کارەساتی دڵتەزێنی گیان لەدەستدانی شەهید (عاکیف مامۆ زاگرۆس و سیروان ناری) دەبێت، بەرەو ئامێزی دۆڵی (شەهید هارون) بگەڕێینەوە. کارەساتێك روخساری هەر کەسێك مژاوی دەکات، دەریای خەمباری بەرپا دەکات. کارەساتێکی وا شەپۆلی هەژاندن بڵاو دەکاتەوە، قورگ دەگیرێت و قین لەدڵا دەچێنێت. مێشکە دەمکراوەکان مژاوی دەکات و روخسارە گەشاوەکان سیس دەکات. چۆپیکێشەکانی سەمای ئازادی مات و زەردەخەنەی خونچە دەمکراوەکان، دادەمرکێنێت. چاوەکراوەکان لێڵا و تاریك دەکات و کانی فرمێسك لە چاوە گەشەکان هەڵدەقوڵێنێت. هاوپەپوولەکانی لەناو ئاگری خەمباریدا دەسووتێنێت و ژەمراخی بێفەڕی لەپێش سەماکەران ڕادەخات.

لەو هەلومەرجەدا پێویستە ناوەندی گشتی PJAK هێلانەی لە (قەڵاتووکان)ەوە بەرەو (شەهید هارون) بگوازێتەوە و بە سەربەرزیەوە نەخش و نیگاری قۆناغێکتر دەکێشێت. PJAK قەڵای خۆڕاگری دۆڵی «شەهید هارون» دەکاتە مەڵبەندی خەباتی سەردەمی و پەپوولە سەماکەرەکانی ئازادی لە داوێنی ئەو دۆڵدا پەیوەست بە PJAK دەبن و حەڵقەی ئاگرین گەشاوەتر دەکەنەوە و بە سەمای ئازادیان هانای ئازادی ناو ئەویندارا ن درەوشاوەتر دەکەن. جێگا بەتاڵەکەی (عاکیف و سیروان) و هاوپەپۆلەکانی دیکە پڕ دەکەنەوە. )هێمن(یش وەك پەپووسلەیەکی ئەویندار پەیوەستی تیپی نەوابێژ و مۆسیقاژەنەکانی ئازادی دەبێتەوە، لە ناوەندی پارتیدا سەرچۆپی ئازادی دەگەشێنێتەوە و سەرچۆپی دەستی (عاکیف و سیروان)ەکان شەکاوە دەمێنێتەوە.

قوڵایی ناخی دڵی، دۆڵی «شەهید هارون» بە ئامێزی گەرمی دادەپۆشرێت، لەناو قووڵایی دڵی ئەم دۆڵەدا، مەڵبەندی گەریلا بەجێ کراوە. سەربەرزی لوتکە سەربەرزەکانی ئەم دۆڵە تووشی سەرسوڕمانی دەکات و دۆڵێك بەخورە خوڕی رووبارەکەی نەوای تێکۆشانی فێر دەکات، بە هاژەهاژی رەشەبا، مۆسیقای تۆڵەسەندنەوەی بۆ دەژەنێت و بە خوڕخوڕی بارانەکەی تۆفانی رق و کین لە مێشکیدا دەئافرێنێت، بە قوڵایی ناخی دڵی کۆبیری لەسەر نیشتمان دروست دەکات، بە ئەندازەی بڵندی بەژنەکەی کەسایەتی بەرز دەکاتەوە. ناخی دڵی وەك ناخی دۆڵا گەورە و قووڵ دەکات و دەمی تەنگی دۆڵا، فێری دەکات، چۆن بۆ هەر رووداوێك رۆژەنەیەك پەیدا بکات، پاشان چەندێك بەرەوپێش بڕوات، ئەوەندە چارەسەری قووڵا و ئەنجامگیر دەبێت.

بە راپەڕاندنی کاروبارەکانی، بە رێکخستن مزگێنی سەرکەوتن دەبەخشێت. بە کۆبیری ناو پەروەردەدا دەریای ئازادی دڵی قووڵتر دەکاتەوە و بەژەنینی بلوێری ئازادی کەم و کورتییەکانی پراکتیکی سەرراست دەکاتەوە. بە ئازادی رەخنەدانی خۆی دەدات و بە سەماکردنی لە ژوانگەی تێکۆشاندا کەم و کورتییەکانی سەمای رابردووی دەست نیشان دەکات، کۆی جوڵاندنەوەی ئەندامانی جەستەی لەگەڵ گۆڤەندی شۆڕشدا یەکدەخاتەوە. لە سەماکردندا فڕین و هانای ئازادی وەك ژوانگەی تێکۆشان دەبێت و لە سەیرکردن و ئاشکراکردنی روخساری وەك هەتاوپەرەست، ئەویندای (خۆری ئازادی) دەبێت.

لە هەر وانەیەکدا بە لێکۆڵین و شیکاری دەیەوێت زانیاری و قووڵبوونەوەی دروست بکات. لە بواری شیکاری کەسایەتییەوە بە وردی کەسایەتی خۆی شرۆڤە دەکات و لە لایەن هەڤاڵانیەوە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی لەسەر دەکەن. بە هەر هەڵسەنگاندنێك لە سەر ئەو چەمکانەی کە لە کەسایەتیدا بوونەتە هۆی ئەوەی لە کاروباری رێکخستنیدا ئەنجامی پێویست بەدەست نەهێنێت، بەرەوپێشچوونێك بە خۆیەوە دەبینێت. پاش قۆناغی کرداری لە خەباتدا، پەروەردە زەینییەتێکی چاکی لا دروست دەکات

تـا لـە سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی کـە لـە سـەر گەنجـان و بـە گشـتی گـەل پەیـڕەو دەکرێـت، ئاگادارتـر بێتـەوە و شـیکاری زانسـتیانە لەسـەر بـکات. بـۆ چارەسـەری و رزگارکردنـی گەنجـان لـەو بارودۆخـە ڕێ و ڕێبـازی نـوێ دەدۆزێتـەوە، ئیـدی گەنجێکـی خـاوەن بیـروڕا و خـاوەن ئەزموونـی لـێ دروسـت دەبێـت، وەك هەتاوپەرەسـتێك ڕێبـازی ئـازادی بـۆ خـۆی دەدۆزێتـەوە.

پـەروەردەی زسـتانی ٢٠٠٧ لەنـاو سـینگی گەرمـی «شـەهید هـارون»دا دەبینێـت، هەرچەنـد لـە هاوینـی ٢٠٠٦ لـە کۆمیتـەی سیاسـی (KCK) بەشـداری لـە خولێکـی پـەروەردەدا دەکات، بـەڵام ئـەم پەروەردەیـە جیاوازتـر لـەو پەروەردەیـە دەبێـت. ئـەو پـەروەردە خەمبـاری بەسـتەڵەککراوی دەتوێنێتـەوە و برینەکانـی سـەر جەسـتە و ڕۆحـی سـاڕێژ دەکاتـەوە، شـڵەژاوی و پەشـۆکاوی کارەسـاتی «قەڵاتـووکان» تێپـەڕ دەکات. لـە کەمـو کوڕییەکانـی پراکتیکـی سـاڵانەی دەپێچێتـەوە. هەوێنـی بـاوەڕی و ئیـرادە تێکـەڵ بـە کـرداری دەکات. هەورەڕەشـەکانی داپـۆشراوی سـەر هـزری لادەبـات و مێشـکی هـەوراوی دەکاتـە سـایەقە و ڕۆخسـاری دەگەشـێنێتەوە. پاییـزی گەڵاڕێزانـی بەهـاری دەبێـت و چـاوە داخراوەکانـی کـراوە و ڕوونـاك دەکاتـەوە، برژانـی سـەرچاوانی وەك هەتاوپەرەسـت کـراوە دەکات و خونچـەی نـاو دڵـی دەپوشـکوێت. هێلانـەی زانسـت لەمێشـکیدا بونیـاد دەنێتـەوە و لـە ئەنجامـدا دەریـای زانیـاری قووڵـتر دەکاتـەوە.

پێـواژۆی پـەروەردە قۆناغێکـە کـە خۆشـی و ناخۆشـی ئاوێتـەی یەکـدی دەکرێـن. کارەسـاتی دڵتەزێـن دوابـەدوای یەکـدا ڕوو دەدەن و بـە دەیـان هەڤاڵـی قارەمـان لـە سـەنگەری تێکۆشـاندا لـە لایـەن هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی شـەهید دەکرێـن. هەڤاڵانـی وەکـو: (دڵخـواز، هێـرش، مونـزوور، ئافـات، شـیار، مـادۆرا، مانـی، فـازڵ، خۆشـمێر، دارا و ...) لەدەسـت دەدات. برینێـك چـاك نەبووەتـەوە برینێکـی دیکـە بەسـەردا دێـت، کـول و دەردی هەڤاڵێکـی تێپـەڕ نەبـووە کـوڵ و دەردێکـی دیکـەی بەسـەردا دێـت، بـەڵام ئـەو خاڵەی کـە لەسـەر پێـی دەهێڵێتـەوە، بەجـێ گەیاندنـی پەیمانـە لـە کەسـایەتی بـەرز و بەنرخـی تێکۆشـەراندا. پـەروەردە لـە دەریـای خەمبـاری بـەرەو دوورگـەی شـادی دەگوازێتـەوە. لەبـەر کەسـایەتی سـۆزدارانەی شـەهادەتی هـەر هەڤاڵێـك زۆر کاریگـەری لەسـەر دادەنـا. ئیـدی گەیشـتبووە ئـەو قەناعەتـەی کـە تەنیـا بـە درێژەپێدانـی ڕێبـازی شـەهیدان دەتوانێـت ڕۆحـی ئـەوان شـاد بهێڵێـت و هیـوای و ئارەزوەکانـی ئـەوان بێنێتـە دی، بۆیـە لـە پـەروەردەدا کەسـایەتییەکی پۆڵایینـی دروسـت کـرد، وەك هەتاوپەرەسـت ڕاوەسـتانی ئەویندارانـەی نەخشـاند.

لـەم پەروەردەیـەدا لـە بەرامبـەر سـەرجەم چەمکـە ناحـەزەکان شـۆڕش دەکات. گەردەلولـی داگیـرکاری لـە مێشـك و کەسـایەتیدا جێـی نابێتـەوە، بـە ئـاوی زەمزەمـی (شـەهید هارون) و نەوا و مۆسـیقای سـەماکەرەکان خـۆی بێگـەرد دەکات. لـە هەمبـەر شـێرپەنجەی ئۆپۆرتۆنیـزم، شـەتلی فیـداکاری و یەکێتـی دەچێنێـت. لـە بەرامبـەر گروپگەرایـی، چەمکـی کۆمیناڵیـزم بـەرز دەکاتـەوە. لـە هەمبـەر  نائۆمیـدی و داڕمـان، هیـوا و ئۆمێـد دەبەخشـێ. لـە بەرامبـەر فیـز، بێفیـزی و ڕووخۆشـی پێـش دەخـات. لـە بەرامبـەر ڕۆشـنبیری سـاختە،  قەڵغانـی ڕۆشـنبیری شۆڕشـگێڕ بەدەسـت دەگرێـت. لـە بەرامبـەر بۆشـایی ئایدولـۆژی چەکـی پـەروەردە بـە بنەمـا دەگرێـت. لـە هەمبـەر لافـاوی سـۆزدارێتی، فەلسـەفەی زانسـتی لـە کەسـایەتیدا بونیـاد دەنێـت. لەبەرامبـەر بێهەڵوێسـتی و بێدەنگـی دەرمانـی ڕەخنـە و ڕەخنـەدان دەخواتـەوە. لـە هەمبـەر بێئاسـودەیی و دوودڵـی لانکـەی شـۆڕش و بەبڕیـارداری لـە ئامێـز دەگرێـت. لەبەرانبـەر هەڤاڵێتـی سـاختە دەریـای هەڤاڵێتـی و باوەڕمەنـدی بونیـاد دەنێـت.

لـە کۆتایـی ئـەم پـەروەردەدا دەبێـت، بەشـێکی زۆری لـە هەڤاڵانـی دەزانـن کـە (هێمـن) نەخوێنـدەوار

بــووە و ئەمــەش دەبێتــە مایــەی سەرســووڕمانی زۆر لەهەڤاڵانــی کــە ئــەو بــە چەنــد پــۆل خوێندنــی نــاو قوتابخانــەی کۆمــاری ئیســلامی، بــاش توانیویــە لــە نــاو ریزەکانــی گەریــلا خــۆی پێــش بخــات! هــەر کــەس بەلێهاتوویــی و ئازایــی ئــەو خۆشــحاڵ بــوو. ئــەم بەشــەی لــە ژیانــی «ئەســتێرەی ســوور»ی باکــووری کوردســتان شــەهید «عەلــی چیچەك»مــان بەبیــر دەهێنێتــەوە کــە کاتێــك لــێ دەپرســن خوێندەواریــت هەیــە؟ عەلــی لــە وەڵامــدا دەڵێــت: «زۆر دڵخــواز بــووم کــە بڕۆمــە خوێندنگــە، بــەڵام بــە هــۆی هــەژاری و نــەداری یــەوە تەنیــا ســێ ســاڵ وانــەم خوێنــدووە.»

حەقیقەتــی ئەویــش لێــرەدا شــاراوەیە، هــەر چەنــد عەلــی چیچــەك لەو ســەردەمەدا بە هــۆی نەخوێنــدەواری دڵــی خەمبــار و شــکێنراو دەبێــت، ئــەو هەڤاڵــەی دەیەوێــت دڵنیایــی بداتــەوە و پــێ دەڵێت:»غەمگیــن مەبــە، بــاش بــووە کــە نەڕۆیشــتوویەتە خوێندنگــە». عەلــی چیچــەك لەوەڵامــدا دەڵێــت: «دەتەوێــت بڵێــت خوێنــدەواری کارێکــی چــاك نییــە»، هەڤاڵــی لــە وەڵامــدا دەڵێــت: «نــە، نــە، مەبەســتی مــن ئەمــە نەبــوو، بــەڵام کاتێــك مــرۆڤ نەتوانێــت بــە زمانــی خــۆی بخوێنێــت چاکــتر ئەوەیــە کــە خوێندنــگای داگیرکــەران نەخوێنێــت. خوێندنگاکانــی ئێمــە وابەســتەی تورکەکانــە، ئامانجــی ئــەو خوێندنگایانــە ئەوەیــە کــە ئێمــە زمانــی خۆمــان لەبیــر بچێتــەوە، ئەمــەش تواندنەوەیــە». بــە بیســتنی ئــەم وتانــە هــزری عەلــی ئاڵــۆز دەبێــت، بۆچــی ئەگــەر ئێمــە تــورك نەبیــن ناتوانیــن خوێندنگامــان هەبێــت؟ هەڤاڵــی دەڵێــت: «کێشــە لێــرە دایــە، بۆچــی ئێمــە خوێندنگامــان نییــە؟ ئێمــە کوردیــن تورکــەکان وڵاتــی ئێمەیــان داگیــر کــردووە و لــە ڕێگای ئــەو خوێندنگایانــەوە کــە چاکیــان کــردووە، دەیانەوێــت ئێمــەش بکــەن بــە تــورك و هــەژار و داماوەکانــی ئێمــە بــۆ خزمەتــی خۆیــان بــەکار بێنــن».

هــەر لــە ســەردەمی منداڵییــەوە ئــەم پرســیارانە لــە هــزری (هێمــن)دا دێــت و دەڕوات، زۆر جــار مێشــکی ئاڵــۆز دەکات، تــا لــەو ســەردەمەدا دەبێــت پەڕتووکــی «ئەســتێرەی ســوور» لەســەر ژیاننامــە و خۆڕاگــری عەلــی چیچــەك دەخوێنێتــەوە، زۆر ئەوینــداری ئــەو کتێبــە دەبێــت لەبــەر ئــەوەی ئاوێنەیەکــە کــە راســتی خــۆی لەنــاودا دەبینێــت. هــەر کاتێــك لێدەپرســن دەرســت خوێنــدووە؟ عارەقــە دەکاتــەوە، لەبــەر ئــەوەی نەخوێندەواربوونــی بەشــەرم دەزانێــت، بــەڵام کاتێــك لــە زانکــۆی (ئاپۆچی)یەکانــدا خــۆی پــەروەردە دەکات، شــانازی بــەوە دەکات کــە خوێندنــگای داگیرکەرانــی نەخوێنــدوە. دەیەوێــت وەك حەقیقەتــی هەتاوپەرەســت کــە بەتیشــکی خــۆر گەشــاوە رازاوە دەبێــت، گەنجانــی کــورد بــە خوێندنگــەی کــوردی بەهــزر و فەلســەفەی کــوردی پــەروەردە بکرێــن، لەنــاو کارگــەی توانــەوەی کوردایەتــی ڕۆڵەکانــی کــورد رزگار بــکات.

لــەم قۆناغــەدا ئەوینــداری میوزیــك و مۆســیقا دەبێــت. بــە مۆســیقا و میوزیــك ســەمای تێکۆشــان دەگێڕێــت، بــە مۆســیقا و میوزیــك دەریــای خەمبــاری نــاو دڵــی دەتوێنێتــەوە و شــەتلی خۆشەویســتی و هەڤاڵێتــی لەنــاو هزریــدا دەچێنێــت، ئــاڵای رێزگرتــن شــەکاوە دەکات و تۆخمــی مرۆڤپــەروەری لەنــاو ویژدانــی بەخێــو دەکات، هێــزو توانــای پڕۆپاگانــدە بەرجەســتە دەکات و شــێوازی ئاخاوتنــی رەوانــتر دەکات، رێــز بــۆ رەخنــەی هەڤاڵانــی دادەنێــت و هێڵــی پاراســتنی نرخــی مــادی و مەعنــەوی و هەڤاڵێتــی و شــێوازی رێکخســتنی ئــاوا دەکات.

لــەم پەروەردەیــەدا دەیەوێــت شــایانی شــەهید (عاکیــف) دەربکەوێــت، شــیاوی بــاوەڕی و هیــوای ئــەو بێــت، بــە راوەســتاندنی ژیانــی هیــوای هەڤــاڵا جێبەجــێ بــکات، ئــەوەی چاوەڕوانــی هەڤاڵــی لەســەر هەبــوو بــەدی بێنێــت، بــە بەردەوامــی بــە بەرپرســیاریەوە هەڵدەســووڕا، چونکــە ئەرکــی سەرشــانی زۆر قــورس دەبینــی. لــە خەبــات و ژیانــدا لــە ریــزی پێشــەوە جێــگا دەگرێــت و لــە دانوســتاندنی لەگــەڵ

هەڤاڵان ڕێبازی هەڤاڵا زیندوو ڕادەگرێت، پێناسەی گەنجێتی هەڤاڵا (عاکیف) کە لەسەری کردبوو، گەشاوەتری دەکات. لەبەر ئەمەش لای هەر کەسێك خۆشەویست بوو، بە گوێرەی کەسایەتی هەرکەسێك هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەم تایبەتمەندیەی گەنجێتی لە لای لەو سەردەمەدا دەبێتە هەوێنی پێکهاتنی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ.

لە پاش پەروەردە (هێمن) وەك هەر هەڤاڵێکی دیکەی پەروەردە پلاتفۆرمی دروست دەبێت، هەم بەخۆ شیکاری لەسەر کەسایەتی دەکات و ڕەخنەداییینی خۆی لەبەرامبەر سەرجەم کەم وکورتیەکانی دەدات، هەم سەرجەم هەڤاڵانی بۆ یارمەتی ئەو ڕەخنەی پێویستی لەسەر دەکەن، ئەم پلاتفۆرمە کە تا ئەو کات بە دووهەمین پلاتفۆرمی خۆی دەبینێت و بە پلاتفۆڕمی چاکسازی کەسایەتی ناوزەدی دەکات. بۆیە لە کۆتایی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەدانی خۆی دەدات و سەرجەم ئەو ڕەخنانەی کە لێی دەگیرێت، جێگای ڕێز و پێزانینە و دەڵێت: «هیوادارم بتوانم لە کرداردا خاوەندارێتی لەو ڕەخنانە بکەم». لەسەر ئەم بنەمایە بەڵێن دەدات: «شیاوی هێڵی ڕێبەر ئاپۆ، شەهیدانی ئازادی و دیموکراسی و هەڤاڵانی زیندان و ئامادە لە پلاتفۆرمدا و تێکۆشانی ڕەوای گەلی کورد و هێڵی ئازادیخوازی ژن و PKK بێت».

هێمن لە قۆناغێکدا ژیان بەسەر دەبات کە لە بواری موراڵەوە بۆ هەڤاڵانی نموونە دەبێت. بەم شێوەیە دەیەوێت کاریگەری سیاسەتە چەپەڵەکانی ڕژێم کەم بکاتەوە و ئیدی گەنجێکی بێ‌ڕۆح و بێ‌ورە نەبێت. دەیەوێت ببێتە گەنجێك کە بتوانێت ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لەدەوروبەریدا دروست بکات و ترس و خەمەڕەشەکانی ناو هزری گەنجان بسڕێتەوە و هێز، باوەڕی و بوێری ببەخشێت. هاوکات لەسەردەمی (KCR)دا لەگەڵ هاوپەپوولەکانی بە «هێمنی ڕووخۆش یان ڕۆخساری دەمکراوە» بەناوبانگ دەبێت. لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەرکەسێکدا بەزمانی ئەو دەدوا، بەگوێرەی هەر کەسایەتیەك گاڵتەی دەکرد و قسەی خۆش و چیرۆکی خۆشی دەگوت و لە زمانی هەڤاڵانی دەوروبەری دەردەهێنا، لەگەڵ هەڤاڵانی هەر بەشێکی کوردستان بە گوێرەی تایبەتمەندیەکانی ئەو هەرێمانە گاڵتەی دەکرد، دەیویست سێبەری بێ‌مۆڕاڵی لەسەر خۆی و دەوروبەری هەڵبگرێت.

لە سەرەتای مانگی (٥)ی ٢٠٠٧ەوە مەڵبەندی (شەهید هارون) و لانکۆلەی (KCR) تەرك دەکات، بەرەو مەڵبەندی (کۆمەڵێن جوان) لەداوێنی چیای (گۆشینە) کۆچ دەکات، دەربازی مەڵبەندی هەڵۆ بەرزەفڕەکانی ناو کەشتی شۆڕش دەبێت. ئەم جارەیان لەناو کەشتی شۆڕشدا لەگەڵ سەماکەرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان سەمای (بەرخودان ژیانە) دەگێڕێت. لەسەر مێژووی تێکۆشانی گەنجان لە جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گشتی کوردستان قووڵا دەبێتەوە. شەپۆلی گەنجێتی کەشتی شۆڕشی (PKK)شی دەکاتەوە، کۆبیری لەسەر (گرووپی خوێندکاران و ئاپۆچیەکان) دەکات. تۆخم و شەتلی گەنجێتی پەیدا دەکات، ئیدی لە دوورگەیەك دایە هەڵمی تێکۆشان شەوقی پێ‌دەدات و ڕۆخساری دەمکراوەی بریقەدارتر دەکات. وزەی گەنجێتی بە جموجۆل تر دەکات، بڵێسەی هەڤاڵێتی، خۆڕاگری، تێکۆشان و ڕێکخستن بوون لەناو دڵیدا بە سیستەم و بەهێزتر دەبێت.

(گۆشینە) بۆ ئەو لانکەی ڕازاوەیە و ئەو مەڵبەندەی ئۆقرەگرتوو بوو، دارستانی پڕ پیت و بەرەکەتی سەرچاوەی هێز و مۆڕاڵی بوون، گەرمایی هاوین و سەرمای زستان ئامێری هاوسەنگی کەسایەتی بوون، هەر کات دڵتەنگ دەبوو لەناو دارستانی چڕوپڕیدا دەگەڕا، بە بەردەوامی سەردانی مەزارگەی شەهیدانی دەکرد، لە ساڵیادی شەهادەتی (زەینەب کەناجی) ناسراو بە (زیلان) سەردانی

گۆڕستانی شەهیدانی دەکرد، بۆ بیرهێنانەوەی بیرەوەریەکانی لەگەڵ شەهید وێنەی (زیلان) دەکێشا، دەیوست وەك ئەو ببێتە کەسایەتییەکی سەربەرز و تۆڵەسێنەر. لەو قۆناخێکدایە کە لێکۆڵینەوە لە سەر ژیاننامەی هەڤاڵانی شەهید دەکات. هەر لەم سەردەمەدا دەبێت کە دەیەوێت بە رۆحی تۆڵەسێنەری (زیلان) و خۆڕاگری (عەلی چیچەك و مەزلوم دۆغان) لە کەشتی شۆڕشدا شمشاڵی سەرکەوتن بژەنێت.

لەم قۆناغەدا بۆ داوێنی چیای (گۆشینە) دەنێردرێت لەو کاتەشدا ئامادەکاری دووهەمین کۆنگرەی (کۆمەڵێن جوان) دەکرێت. ئەویش لە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەدا جێ دەگرێت. بەهۆی زاڵبوونی بەسەر خەباتی گەنجان و زانینی زمانی تورکی و سەرجەم زاراوە کوردییەکان رۆڵی گرنگ لە کۆنگرەدا دەگێڕێت. کاتێك گەنجانی باکووری کوردستان، باشوور، رۆژهەڵات و ئەوروپا لەگەلیدا قسە دەکەن، بەئاسانی باوەڕ ناکەن کە ئەو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، چونکە بە سۆرانی، کرمانجی و تورکییەکی زۆر خۆش دەدوا، ئەمەش بوارێکی گرنگی ئەوە کە پێشکەوتنێکی زۆر گرنگی بەدەست خستبوو، لەبەر ئەم تایبەتمەندیەش لەناوەندی (کۆمەڵێن جوان) پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەست دەخات، لە قۆناغی کۆنگرە رۆڵی گرنگ دەگێڕێت.

کۆبیری لەسەر خەباتی (KCR) و بە گشتی بارودۆخی گەنجانی رۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکات، قۆناغێك بۆی فەراهەم دەبێت کە سەرچۆپی شۆڕش بەگەرم و گوڕی بشەکێنێتەوە، لەمانگی (۷)ی ۲۰۰۷ دەبێت کە بە بەشداری سەرجەم گەنجانی کوردستان و دەرەوەی وڵات کۆنگرە پێکدێت. لەو کۆنگرەیەدا دەیەوێت بە دەربڕینی راوبۆچوونەکانی بارودۆخی گەنجانی رۆژهەڵات رەنگدانەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکات، تا بەم رەنگە هەم بەبەشەکانی دیکە هێز ببەخشێت و لەبەشەکانی دیکە هێز وەربگرێت، بۆیە ئاماژە بەوە دەدات کە گەنجانی کورد یەك دەرد و خەمیان هەیە، ئەویش لەژێر چەپۆکی داگیرکاریدا دەناڵێنن، گەنجان لە ناوەڕۆکی راستەقینەی خۆیان دەرخراون، گەنجێکیان هێناوەتە ئاراوە کە تەنیا دەزانێت خزمەت بە داگیرکەران بکات. گەنجان لە رێکخستن، پەروەردە و شۆڕش دوور خراون، وەك مەقاشێك لەپێناو بەرژەوەندی دەسەڵاتداری بەکاریان دێنن. دووهەمین کۆنگرەی (کۆمەڵێن جوان) بە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەنجان دەزانی وەك دوورگەیەك کە خەڵاتی مزگێنی دووبارە بە گەنجان دەبەخشێت، کە بە گفتگۆی تێروتەسەل جلی پێشەنگایەتی پێشکەشی گەنجان دەکەن. کۆنگرە لە لای هێمن بە جێگای رەخنەدانی کرداری تێکۆشانی دێت، بۆیە ئەم کۆنگرەیە دەبێتە هۆی بڕیاری تێکۆشانی پتەوتر بکاتەوە. پاش ئەم کۆنگرەیە دەبێت لێگەڕینی بەدوای ناوەندی خوێندەوارخانەی کەشتی شۆڕش دەبێت، لەناو ئاتەشگای زانستی شۆڕشدا خۆی بڕژێنێت. بۆجێبەجێ کردنی سەرجەم بڕیارەکانی دووهەمین کۆنگرەی (کۆمەڵێن جوان) سەرلەنوێ هزری لە پەروەردەدا بشۆرێت، بۆیە راپۆرتی بۆ کۆمیتەی (PKK) دەنوسێت تا بەشداری خولێکی پەروەردەی ناوەندی (PKK) بێت، پێشنیاری لەلایەن رێکخستنەوە پەسەند دەکرێت و لەماوەیەکی کورت پاش کۆنگرە واتا لەمانگی (۸)ی ۲۰۰۷ بەرەو مەڵبەندی (خنێرە) بەڕێ دەکەوێت، ماوەیەکی کاتی لانکەی گەنجێتی چۆڵا دەکات و بۆ نوێ بوونەوە و قووڵبوونەوە دەربازی خوێندەوارخانەی هەتاوپەرەستەکانی کەشتی شۆڕش دەبێت.

۲۰۱۳/۱/۲۶

گارە ـ چاپەمەنی

## ◆ سەماکەری مێژوویەک لە ئاگر

سەماکەری مێژوویەك لە ئاگر زنجیرەی ئەویندارى تا خنێرە رادەخات، لەناو مێژووی ئاگریندا چۆپی کێشێکی حەزلێکەر دەبێت و بەساڵان چاوەڕوان دەبێت، تا لە ناوەندی سەرەکی خوێندەوارخانەی «ئاپۆیی» پەروەردەیەکی قووڵی ئایدۆلۆژی لەسەر مێژوویەك لەئاگر ببینێت. لەناوەندی خوێندەوارخانەی سەماکەرانی ئازادی هۆنراوە و هەڵبەستی ئازادی و سەربەستی بخوێنێت، لەناو مێژوویەك لە ئاگردا ببێتە مۆمێکی ئەویندار کە لەپێناو ئەویندارییدا بتوێتەوە و ببێتە پەپوولەیەکی دڵکەتی لەناو مێژوویەك لە ئاگردا هەڵپڕوزێت. بە شەپۆلی باڵەکانی سروەی بەرەبەیانی ئازادی هەڵدەگرسێنێت، بە ئەویندارنوونی وێنەی ئەوینی «شیرین و فەرهاد، لەیلی و مەجنوون، مەم و زین» لەناو مێژوویەك لەئاگردا هەڵبکۆڵێت و ببێتە قارەمانێك تا بە روناکی تێکۆشانی لەناو مێژوویەك لەئاگردا، رومانی «بەرخۆدان ژیانە» شەکاوە بهێڵێت.

ساڵی ۲۰۰۷ بۆی دەبێتە ساڵێکی گرنگ و مێژوویی، ساڵی بڕژان و تواندنەوەی لەناو مێژوویەك لە ئاگردا. ساڵی تێکشکاندنی بتە چێنراوەکانی ناو هزری، ساڵی بە پۆڵایینکردنی باوەڕی و ئیرادەی تێکۆشانی دەبێت. لە هەر چوار وەرزی سرووشتدا لە ناو تیشکی مێژوویەك لە ئاگردا سەما دەکات. داوێنی «شەهید هارون» بۆی دەبێتە پریسکی مێژوویەك لەئاگر. بە پریسکێك دڵۆپێك لە هانای گەرمی پەروەردەی ناو مێژوویەك لە ئاگر دەنەخشێنێت. وێنەیەك لەو هانایە لە داوێنی «گۆشینە» لە خوێندەوارخانەی گەنجان رەنگ دەداتەوە، ئەم هانایە تا داوێنی بەرفراوانی «خنێرە» تەشەنە دەکات.

لێرەدا دەبێت بە جلی بووکێنی رامانی ئاگرین بۆ سەمای شۆڕشی هاوچەرخی مێژوویەك لە ئاگر خۆی دەڕازێنێتەوە. لە مێژوویەك لەئاگر دڵۆپێك هەڵدەگرێت لە داوێنی چیای «گۆشینە» بەرەو داوێنی «خنێرە» کۆچ دەکات. هێمن لە حەڵقەی ئاگرینی گەنجان دادەبڕێت و پەیوەستی حەڵقەیەکی دیکەی مێژوویەك لە ئاگر دەبێت، کۆچێك کە لە کەژوکێوەکانی دژواری کوردستان شەیدای هزر و رامانی «ئاپۆچی»یەکان دەبێت. بە روخساری گەشاوە و جۆش و خرۆشی گەنجیتی لە ئامێزی «خنێرە» پەروەردە دەبێت. لە ئامێزی کەژ و کێوەکانی «خنێرە»دا بەگۆڵی هەڵاڵەبرمە رێبازی خەباتی دەڕازێنێتەوە. دەیەوێت وەك گوڵە شلێرە قنجیلەو گەشاوە بێت. وەك داوێنی مەزنی «خنێرە» لەناو مێژوویەك لەئاگردا هێلانەیەکی گەورە بونیاد بنێت، وەك رووباری دوور و درێژی ئەو داوێن هێمن و لەسەرخۆ لەناو مێژوویەك لەئاگردا جێ بگرێت.

لاپەڕەی ژیانی یەکسان دەبێت لەگەڵا کادیرە دێرینەکان و فەرماندەکانی ناو کەشتی شۆڕش، لەم زنجیرەیەی شانۆکەیدا رۆڵی ئەکتەرێکی لێهاتوو دەگێڕێت. لە هەر ژوورێکی خانووی هەژاری و تێکۆشانی کەشتی شۆڕش سەماکەرێك لەم خولی پەروەردەدا ئامادە دەبێت. ئەویش گەنجێکی سەماکەری ناو سەماکەرە بە ئەزموون و لێهاتووەکانی کەشتی شۆڕش دەبێت، لە «ئیلام تا دێرسیم، لە هەولێر تا قامیشلۆ، لەقەندیل تا ئەوروپا» کادیری پێشەنگ دەبێت. لە (کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی KCK، ئەنجومەنی PKK، کۆنسەی HPG و لە ژوانگەی پەروەردەشدا ئامادە دەبێت. بۆیە لەسەر ژەمراخی تێکۆشانی ئەم جارەیدا سەمای حەوت رەنگە دەگێڕێت، خۆی لەناو وێنەیەکی تەواوکەری مێژوویەك لە ئاگر دەبینێت، لەناو خەزێنەی پڕ بەنرخ و بەهای مێژوویەك لە ئاگردا سەما دەکات. «هێمن» ئیدی لەناو مێژوویەك سەما دەکات کە بە مێژووی پەروەردە ناوزەد دەکرێت، لەبەر ئەوەی

مێـژووی بزاڤـی (ئاپۆچـی) مێـژووی پەروەردەیـە، پـەروەردە لەنـاو مێژوویـەك لـە ئاگـردا واتابەخشـین بەهـەر سـاتێك لـە ژیانـە، هـەر سـاتی لـە ژیانـی بـە فێربـوون و بـە داهێنـان تێپـەڕ دەبێـت، لـە هـەر گوتەیەکـدا دەریایـەك ئەزمـوون لەنـاو هزریـدا هەڵدەقوڵێـت. لەهـەر سـەیر کردنێکـدا، مێژوویـەك لـە ئاگـر دەبینێـت. لەهـەر خەیاڵێکـدا هۆنـەری چـۆن ژیانکـردن فێـر دەبێـت. لـە هـەر دانیشـتنێکدا هۆنـەری چـۆن بژیـن دەنەخشـێنێت و لەهـەر بیسـتنێکدا داسـتانێك دەئافرێنێـت. لـە هـەر بیرەوەریەکـدا تینوویەتـی ئەوینـداری دەشـکێت و ئیـدی لەنـاو مێژوویەکـدا مەلەوانـی دەکات، مێژوویـەك لەئاگرەکـە سـەر لەنـوێ مرۆڤایەتـی دەخوڵقێنێـت، مێژوویـەك کـە بـاوەڕی جـۆش و خـرۆش بوێـری بێگـەردی دڵسـۆزی خۆڕسـکی قارەمانـی خۆناسـین و ئەوینـداری تەشـەنە دەبەخشـێت، لەنـاو مێژوویەکـدا سـەما دەکات کـە تیشـکی رووناکـی بـەرەو رژێمـی راسـتی و راسـتیەکان هانـی دەدات.
لێرەدا گوتەیەکـی (رێبـەر ئاپـۆ) بەبیـر دەهێنێـت و دەڵێـت: «تـا خـۆ پـەروەردە نەکەیـن، ناتوانیـن کـەس پـەروەردە بکەیـن، تاخـۆ چـاك نەکەیـن ناتوانیـن کـەس چـاك بکەیـن، تاخـۆ ئـازاد نەکەیـن ناتوانیـن کـەس ئـازاد بکەیـن.» بۆیـە دەیەوێـت لەسـەر ئـەم فەلسـەفەیە ژیـن بـکات، تـا ئـەم قۆناغـەی ژیانـی بـە ئەنـدازەی ئـەم سـەردەمە لـە قورسـایی و واتـا بەخشـینی پـەروەردەدا نابێـت. لـەم پـەروەردە دایـە کـە وشـیار دەبێـت. دەبێتـە رۆشـنبیرێکی شۆڕشـگێڕ، هەرچەنـد پێشـتر خوێنـدەواری نەبـوو، بـەڵام ئیـدی دەگەیەتـە ئـەو ئاسـتەی کـە پێناسـەی رۆشـنبیری شۆڕشـگێڕی لەسـەر دابنرێـت.
کاتێـك لـە خوێندەوارخانـەی (ئاپۆچـی)دا ئـەم راسـتیەی وتـەی (رێبـەر ئاپـۆ) کـە دەڵێـت: «٩٨٪ شـەڕی PKK، پەروەردەیـە دەبیسـتێت، تووشـی سەرسـووڕمان و شـڵەژان دەبێـت. لـە لایەکـی دیکـەوە کاتێـك سـەیری بارودۆخـی کۆمەڵـگا و تاکـی کـورد دەکات پێویسـتی بـەوە دەبینێـت کـە بـاش خـۆی پـەروەردە بـکات، بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بەباشـی پەیوەنـدی دروسـت لەگـەڵا هێڵـی (رێبـەر ئاپـۆ) پارتـی و گـەل دابنێـت لـە پـەروەردەدا قـووڵا بوونـەوە، تێگەییشـتن و پێکهێنـان بـە پێویسـت دەزانێـت. بـەم شـێوەیە هـەوڵا دەدات جـۆش و خرۆشـی (ئاپۆچێتـی) لەدەرونـی خۆیـدا بەهێـز و زاڵا بـکات. چونکـە سـەماکەری کەشـتی شـۆڕش لـە لای هێمـن بـە واتـای وەرگرتنـی زهنیەتـی پارتـی (PKK ) و بەدەسـتهێنانی شـێواز و رەوشـتی رێکخسـتنە.
لـەم پـەروەردەدا دەیەوێـت خـۆی لـە زەینییەتـی دەوڵـەت، دەسـەڵات، زۆر، چیـن و رەگەزپەرەسـتی ئـازاد بـکات، زەینییەتـی پیاوییەتـی کلاسـیك لـە دەرونـی خۆیـدا بکوژێـت، دەیەوێـت کاریگـەری فەلسـەفەی مۆدێرنیـزم و پۆسـت مۆدێرنیـزم لەسـەر کەسایەتی خـۆی کـەم بکاتـەوە. چەمکەکانـی بەدیهاتـووی لـەو قۆناغـەدا وەکـوو: (لیبرالیـزم، دۆگماتیـزم و نەتەوەپەرەسـتی) کـە رێکخسـتن بەرەنـگاری دەبوویـەوە لـە کەسـایەتی خۆیـدا بـن بریـان بـکات. وەك سـەماکەرێکی مێژوویـەك لەئاگـر، لەگـەڵا چەکەکانـی (هیـچ نابێـت، فشـەیە و بێخەیـاڵا) لـە ململانـێ دایـە. لـە بەرامبـەر خووەکانـی پەیـدا بـووی نـاو تاکەکانـی کـورد وەکـو: بێبەرپرسـیاری، بێـکاری، بێهەدەفـی، بێئارمانـج گـەڕان لەجێگایـەك بـۆ جێگایەکـی دیکـە دەکەوێتـە نـاو شـەڕەوە. دەیەوێـت رەوشـتی ماددیگەرایـی لـە هـزر و کەسـایەتی خۆیـدا پاکتـاو بـکات و نرخـی مەعنـەوی لەجێگایـدا بچێنێـت.
لـەم زنجیـرەی سـەماکەیدا فێـر دەبێـت کـە لەنـاو کەشـتی شۆڕشـی ئـەودا (بێگانـە، بێبایەخـی و خەمسـاری) هەبوونـی نییـە. ئـەو ئاموورانـەی زیـان بـە کەشـتی شـۆڕش دەگەیەنـن و لـە سـێبەری چەمکـی هەڵـە چاوپۆشـی نـاکات. شۆڕشـگێڕ بوویـن تەنیـا بـە هێنانـە سـەر زمانـی خراپییـەکان نییـە، بەڵکـوو

لەناوبردنی ناحەزی و ناپاکییە. رەوشتی گازەندەیی، بەخراپە ناوبردن و تێگەتیڤ ناپۆشێت. دەیەوێت بەهێزی پەروەردە لە بەرامبەر چەمکی ئەو کەسانەی کە لەبێ ئایدۆلۆژی و بێڕێکخستن بووین و کۆتایی هاتنی سەردەمی ئایدۆلۆژی چ لەناو کەشتی شۆڕش و چە دەرەوەی کەشتی شۆڕش دەدوێن و بانگهێشتی بۆ دەکەن رابوەستێت، چۆنکە ئیدی لەو باوەڕەدایە کە رەتکردنەوەی ئایدۆلۆژی و رێکخستن، رەتکردنی چارەنووسی گەل و مرۆڤایەتییە. ئینکارکردنی شوناس، باوەڕی و ئێرادەی تاکە، بەرپەرچدانەوەی رژێمی حەقیقەت و راستییە، بەرپەرچدانەوەی بەها و پرەنسیپی سروشتی کۆمەڵگایە. بەم شێوەیە دەیەوێت گەوهەری هێڵی (رێبەر ئاپۆ)، پارتی، گەلی وڵاتپارێز کە لە شەتڵی ئایدۆلۆژی و رێکخستن بووین پێکهاتووە، بپارێزێت.

بۆیە لە کۆتایی خولی پەروەردەدا لە راپۆرتی تاکەکەسی بۆ پلاتفۆڕم ئاماژە بەوە دەدات کە لەم خولی پەروەردەدا: «بە گەلێك لایەنی لاوازی ئایدۆلۆژی، فکری و کەسایەتی خۆی هەست دەکات، بۆیە دەڵێت: «پێش ئەوەی بێم بۆ پەروەردە خۆم تەواوکەر دەبینی، هەر چەشنە رەخنەیەك کە لەسەر پراکتیك و کەسایەتی من دەکرا بەرپەرچم دەدایەوە، هەروەها بە جێگەی بەبنەماگرتنی شێوە و رێبازی رێکخستنی، بیروڕا و رێبازی خۆم بەبنەما وەردەگرت. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە چاوەڕوانی و هێواکانی رێکخستن نەتوانم جێبەجێ بکەم. بەڵام بە بەشداربوونم لەم خولی پەروەردەدا ئەنجامێکی کە لە خوێندنەوە و کۆبیری تاکەکەسی خۆم بەدەست هێنا، توانیم بەشێکی زۆر لە لاوازی خۆم دەستنیشان بکەم و لەم بوارەوە کەسایەتی خۆم بخەمە ژێر لێپرسینەوە و هەنگاو بۆ تێپەڕکردنی ئەو کەم و کورتیانە هەڵێنم.

لەبەردەوامی وتەکانیدا دەڵێت: «ئەگەر بمەوێت لەیەك گوتەدا راوەستان و هەڵوێستم لەم خولی پەروەردەدا باس بکەم دەتوانم بڵێم کە ئەم خولی پەروەردە لە دەورەی لێپێچینەوە، بڕیاری سەرلەنوێ پەیوەستنم بە قۆناغی سێهەمینی بە پارتی بوونە.» لە لای هێمن سووربوون لەسەر بەپارتیبوون، سووربوون لەسەر سۆسیالیزمە، سووربوون لەسەر سۆسیالیزمیش سووربوونە لەسەر بە کۆمەڵایەتیبوونە، هەروەها سووربوون لەسەر کۆمەڵایەتیبوون، سووربوونە لەسەر بەمرۆڤ بوون. لەسەر بنەمای تایبەتمەندیەکانی قۆناغی سێهەمی بە پارتیبوون و بەشداریکردنی لەم خولەیەی پەروەردە، دەگاتە ئەو قەناعەتە کە ئەگەر خوازیار بێت بەشداری دروست و بێگەرد لەم قۆناغەدا بکات، پێویستە بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندیەکانی خۆی وەلا نێت و بە بەرپرسیارییەوە لەو قۆناغەدا بارێك لەسەر شانی خۆی هەڵبگرێت تا ئەرکی ملیتانبوونی خۆی بەجێ بهێنێت.

لەسەر ئەم قۆناغە دەڵێت:»دەتوانم بڵێم کە تا ئاستێك لە هەستیاری و گرنگی قۆناغی سێهەمینی بە پارتیبوون تێگەییشتووم، ئێستاش هەستم بەوە کردووە کە ئەم قۆناغە لە هەموو قۆناغەکانی دیکە دژوارترە، لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغە هەموو کەموکورتی و لاوازیەکانی قۆناغەکانی رابردوو لەخۆ دەگرێت.» پێویستە لە چوارچێوەی پارادایمی نوێ (رێبەر ئاپۆ) بە قۆناخەکەوە پەیوەست بێت، بەڵام پێش هەر شتێك بە پێویستی دەزانێ پارادایمی نوێ بە زەینییەت و کەسایەتی نوێ بڕازێنرێتەوە تا بتوانێت بەرەو داهاتوویەکی گەش هەنگاو بنێت، جیهانبینی نوێی (رێبەر ئاپۆ) بە ناسنامەی کوردی ئازاد و مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە وەسف دەکات.

بۆ یەکبوون لەگەڵ ئەو قۆناغە دەڵێت: «پێویستە لە هەموو بوارەکاندا کەسایەتی و زەینییەتی خۆمان ببینین و سەرلەنوێ بونیادی بنێین، بۆیە سەبارەت بە کادیری قۆناغی سێهەمی بە پارتیبوون

دەڵێت: تایبەتمەندی کادیر پێویستە دوور لە چەمکی دەسەڵاتپارێزی و زەینییەتی رەگەزپەرەستی بێت، تا خاوەن کەسایەتیەکی دیموکرات و سوسیالیست بێت تا بتوانێ بنەمای سیستەمی کۆمینالیزمی دیموکراتیك لە ژیانی خۆی و کۆمەڵگادا بەڕێوە ببات و بەم شێوەیە ئەرکی شۆڕشگێڕی خۆی لە قۆناغی سێهەمینی بەپارتیبوون جێبەجێ بکات».
بە کۆتایی هاتنی ئەو پەروەردەیە دەگەینە ئەو بڕیارەی کە ئەو هێزەی لە پەروەردە گرتوویەتی بووەتە هۆی ئەوەی لە سەرجەم قۆناغەکانی رابردووی تێکۆشانیدا، بەهێزتر بێت و بەو رەنگە باوەڕمەند بووە کە خاوەن پێشکەوتنێکی بەرچاوە تاکو لەسەرجەم گۆڕەپانەکانی تێکۆشاندا بە بەرپرسیاری و خۆبەخشییەوە جێگا بگرێت. ئەو بەڵێن دەدات کە لە درێژەی تێکۆشانیدا خاوەنداریتی لە رەنجی (رێبەر ئاپۆ) و شەهیدانی نەمری ئازادی دەربکەوێت و بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی شۆڕشگێڕی چی بکەوێتە سەرشانی پێکی بهێنێت.
هێمن لەبەر ئەوەی لە زۆربەی قۆناغەکانی تێکۆشانی لەناو گۆڕەپانی خەباتدا بووە، مانەوەی لە پەروەردەدا رووبەڕووی زەحمەتی دەکاتەوە هەر چەند خۆی دەڵێت: «دابڕانم لە ئالانی پراکتیك زۆر رەنجم دەدات، بەڵام وەکوو تینویەکی ناو بیابان خۆم پەیجۆری ئەم پەروەردە دەزانم.» بۆیە بە پێویست دەزانێت کە ئەو قۆناغە بە هەموو دژواریەکانیەوە بە دڵفرەیی تێپەڕ بکات لەبەردەوامیدا دەڵێت: «بەهەموو شەوقی گەنجێتی و شۆڕشگێڕیمەوە هەوڵدەدەم کەموکوڕیەکانی رابردوو هەڵبسەنگێنم و لەزووترین کاتدا تێپەڕیان بکەم.» بە تایبەت دووربوونی لە ژینگەی ( PJAK) و کاری پراکتیکی ئازاری دەدات، لەبەر ئەوەی هەڤالانی خۆشەویستی وەك: (چالاك، باران، فەرهاد، شیار، مالك، دیجلە، زیلان، شیلان و...) لەگۆڕەپانی خەبات شەهید دەبن. لەلایەکی دیکەوە دووربوونی خۆی لە (PJAK) زۆر باش دەبینێت، چونکە لەم قۆناغەدا کۆبیریەکی زۆر باش لەسەر رابردوو و داهاتووی دەکات. ئەو خاڵەی کە داخداری دەکات دەنگ و رەنگی بەشێکی زۆری لەهاوپەپوولەکانی لەئالانی خەبات و ژیانی شۆڕشگێڕی نابینێت بەتایبەت لێرەدا بەدڵێکی پڕەوە دەڵێت: «هەر یەك لەو هەڤاڵانەمان داستانێکی نیوە تەواویان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە.» دەیەوێت لەناو مێژوویەك لە ئاگردا هەر یەك لەو داستانە ناتەواوانە تەواو بکات، ئەرکی سەرشانی خۆی زۆر قورس دەبینێت و دەزانێت کە پاش پەروەردە رۆڵ و پێگەی گرنگی ناو شۆڕش دەبێت. بۆیە وەها خۆی ئامادە دەکات تا ئەو ئاستەی لەدەستی بێت خۆی بۆ هەر ئالانێکی پێویستی تێکۆشان ئامادە بکات.
لەکۆتاییدا دەڵێت: «لە چوارچێوەی ئەو هێز و توانایەی کە لەم خولی پەروەردەدا بەدەستم هێناوە، خۆم بۆ هەر چەشنە خەبات و گۆڕەپانی خەبات کە رێکخستن بە پێویستی ببینێت ئامادە دەبینم، لەم بوارەشدا بڕیاری رێکخستن بۆ من بەبنەما و گرنگە». لەسەر ئەو بنەمایە وەك هەر هەڤاڵێکی دیکە بە گوێرەی پێویستی رێکخستن ئەویش رەوانەی دوورگەیەکی کەشتی شۆڕش دەبێت. ئیدی لەم دوورگەیەدا لە هەڤاڵانی دابڕێت لەبەر ئەمەش زۆر خەمبار دەبێت کە جارێکی دیکە لە نەوابێژەکان و مۆسیقاژەنەکانی کەشتی شۆڕش جیا بێتەوەو لە پاش راگەیاندنی دابەشکردنی هەڤاڵان بە شادیەوە دانوستاندنی گەرم وگوڕی لەگەڵ هەڤاڵانی دەکات و دەیەوێت بە خۆشحاڵییەوە لە هاوپەپوولەکانی دابڕێت.
سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ دەبێت خولی پەروەردەی کۆتایی پێ دێت و لەناو مێژوویەك لە ئاگر بەرەو (قەندیل)، مەڵبەندی (کۆمەڵێن جوان) بەڕێ دەکرێت. جارێکی دیکە رەوانەی ناو پۆلی پێشەنگەکانی

مێژوویەك لە ئاگر دەكرێتەوە.
لە سەرەتای ٢٠٠٨دا كە یەكسان دەبێت لەگەڵا سەرماوسۆڵەی وەرزی زستان گەڕانەوەی بۆ ئامێزی گەرمی (قەندیل) دروست دەبێت. لەباوشی گەرمی (قەندیل) لە دوورگەی (كۆمەڵێن جوان) دادەنیشێت. بەخرۆشەوە سەماكەرەكانی رابردووی لە ئامێز دەگرێت بە (سۆرانی، كرمانجی، فارسی و توركی) سڵاوی خۆشەویستی بەسەریان دەپاشێنێت و هۆنراوە و پەخشانی ئەوینداری پێشكەشیان دەكات. بە تینی گەنجێتی مۆڕال و خرۆشی گەنجانە لە وەرزی زستاندا دەگەشێنێتەوە و بەخۆشحاڵییەوە زنجیرەی سەماكەری ئاوا دەكات، گۆرانی و نەوای شۆڕشگێڕی بۆ سەماكەرەكان دەخوێنێت.
وزە و توانای پەروەردە هانی دەدات تا تۆخمی پەروەردە كە لە هزریدا هەڵیگرتووە بوەشێنێت، هاوكاری و یارمەتی هەڤاڵانی دەدات، لە هەمان ساتی سەرەتایی خۆی بەرپرسیاری دوورگەی تێكۆشان دەبێت، لە هەر كارێكدا بە مۆڕاڵەوە بەشداری دەكات لەسەر ئاستی خەباتی گەنجان زانیاری پەیدا دەكات. پێشكەوتنەكانی خەباتی گەنجان گەشاوەتری دەكات بە هەر گواستنەوەیەك هزرێكی نوێ دەئافرێنێت، بە بیستنی هەر كەم و كورتیەك میتۆدێكی نوێ هەڵدەقوڵێنێت.
كلیلی چارەسەری سەرجەم كێشەكان بە هەبوونی مۆڕاڵ و خرۆشی گەنجێتی دەبینێت. ئەو كەسەی بە مۆڕاڵ بێت دەتوانێت هەموو كێشەكان چارەسەر بكات و دەتوانێت هەموو رووداوەكان بە دڵفرەییەوە تێپەڕێنێت. بە هەموو شێوەیەك بە هەڤاڵانی مۆڕاڵ دەبەخشێت، بە رۆخساری پێكەناوی رۆخسارەكان گەشاوە دەكات، وەك كەسێكی سەر لەنوێ لەدایك دەبێتەوە، بەجێگای گریان هانای پێكەنین بەرز دەكاتەوە لە دروستی و ساكارییەوە بەچاوێك سەیری هەر كەسێك دەكات، بەچاوێكی دادپەروەرانە مۆرال دابەش دەكات. ئەزموونی وەرگرتووی لە مێژوویەك لە ئاگر عادیلانە دەبەخشێت، بۆیە وەك پەپوولەیەكی خنجیلە و ئەویندار لە دڵی هەر كەسێكدا جێگا دەگرێت.
پێش چەكەرەكێشانی بەهار لەسەر بنەمای پێویستی خەباتی (KCR) رەوانەی خەبات دەكرێت، ئەویش بێهیچ بەرپەرچێك بە مۆڕاڵ و خرۆشەوە ئەم شوێن گۆڕینە قەبوول دەكات. لەبەر ئەوەی گەنجێك بوو كە لەسەردەمی تێكۆشانی لەناو كەشتی شۆڕشدا هیچ بەرپەرچێكی نیشان نەدەدا و بەردەوام دەیگوت: «رێكخستن لەحەقی مندا چ گونجاو ببینێت ئامادەم بەهەموو هێز و توانای خۆمەوە خەبات بكەم.» بۆیە پاش مانگێك مانەوەی لە ناوەندی (كۆمەڵێن جوان) بە مەراسمێكی رێزلێنانی سەربازی لە داوێنی (قەندیل) بەرەو داوێنی (قەڵاتووكان) دەگەڕێتەوە. هزری ئەم جارەی لەسەرجەم قۆناخەكانی تێكۆشانی جیاوازتر دەبێت. لەبەر ئەوەی پلانی رۆیشتنی خەباتی رێكخستنی لە رۆژهەڵاتی كوردستان لەهزری دایە، بۆیە لە هەموو هەڤاڵانی بەگەرم و گوڕییەوە ماڵاوایی دەكات.
بە گەڕانەوەی بۆ (KCR) وەك ئەندامی كۆردیناسیۆن بەشداری خەبات دەبێتەوە. لەسەر بنەمای بیرەوەریەكانی رۆژانی رابردووی بەڵێنی بەرزكردنی هێڵی تێكۆشانی دەدات لەسەر بیرەوەریەكانی هەڤاڵی سەركردەی شەهید (عاكیف) ئەرك و بەرپرسیاری لەسەر شانی ڕادەپەڕێنێت. بە هۆی خۆشەویستی و لێهاتووبوونی ناو گەنجان بۆ ئەندامێتی بەشداربوونی لە سێهەمین كۆنگرەی (PJAK) لە ساڵی ٢٠٠٨ هەڵدەبژێردرێت. ئەویش وەك گەنجێكی لێهاتوو و خاوەن ئەزموون لە كۆنگرەدا كە لە دۆڵی شەهید «هاروون» لە رێككەوتی ٤ی نیسان بەڕێوەچوو، راوبۆچوونەكانی دەردەبڕێت. كۆنگرەیەك كە رۆڵێكی مێژوویی لە چارەنووسی گەلی رۆژهەڵات دیاری دەكات. كۆنگرە میكانیزمی

سـەر لەنـوێ دیارکردنـی هێڵـی تێکۆشـان دەخاتـە بەرباسـەوە و لەسـەر سـتراتیجی و تاکتیکـی هاوچەرخـی (PJAK) بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بڕیـاری نـوێ وەردەگیردرێـت، پێناسـەی نـوێ بـۆ خەباتـی هاوچەرخـی گەنجـان لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا دەکات بـە تاکتیـك و میتـۆدی نـوێ بـۆ خەباتـی گەنجـان دەهزرێـت. پـاش ئـەم کۆنگـرە دەبێـت (هێمـن) بڕیـاری ڕۆیشـتنی بـۆ خەباتـی ڕێکخسـتنی دەردەبڕێـت، دەیەوێـت ئەرکـی سـەردەمیانەی بـۆ گەنجانـی ڕۆژهـەڵات پێـك بێنێـت، بـۆ جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی سـێهەمین کۆنگـرەی (PJAK) کـە بـە کۆنگـرەی بە(پارتیبـوون) نـاوزەد دەکرێـت ڕۆڵـی پێشـەنگایەتی بگێڕێـت. لـە پێـواژۆی هەڵمەتـی بـە (پارتیبـوون) کادیـری فیدایـی نـاو کەشـتی شـۆڕش بێـت و لـە قۆناغـی سـەرلەنوێ ئاواکردنـی ڕێکخسـتنبووندا ڕۆڵـی هەبێـت. لـەم قۆناغـەدا دەیەوێـت هەمـوو هێـز و توانـای بـۆ وشیارکردن و ڕێکخسـتنبووینی گەنجـان بخاتەگـەڕ، بۆیـە بەفەرمـی پێشـنیاری خـۆی بـۆ ڕێکخسـتنی گەنجـان و (PJAK) دەکات کـە دەربـازی خەباتـی ڕێکخسـتنی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ببێـت.
پـاش هەڵسـەنگاندنی ئـەو پێشـنیارەی لـە لایـەن ڕێکخسـتنەوە گۆنجـاو دەبینرێـت و تێپـەڕی خەباتـی ڕێکخسـتنی دەبێـت. لـەو چوارچێوەیـەدا بـە شـێوازی نهێنـی ڕەوانـەی پارێـزگای (کرماشـان و سـنە) دەبێـت. لـە لایـەك بەمۆڕاڵـە و لـە لایەکـی دیکـەوە خەمبـار دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی ئـەم جـارە بـە گشـتی لوتکـەی هەڵـۆ بـەرزەکان تـەرك دەکات، دوورگـەی ژوانگەکانـی ئـازادی بەجـێ دەهێڵێـت. خورپـەی ناخـۆش بـۆ دڵـی دێـت کـە لـە ریـزی هاوپەپوولەکانـی دادەبڕدرێـت، لەلایەکـی دیکـەوە خۆشـحاڵ دەبێـت بـە هـۆی ئـەوەی دەبێتـە فریادڕەسـی گەنجـان و دەبێتـە هاوخـەم و هاوسـۆزی گەنجـە چەوسـێنراوەکان.
ڕۆژی جیابوونـەوە و دابڕانـی لـە هەڤاڵانـی دێتـەدی، سـەرجەم هەڤاڵانـی دەزانـن کـە بـە گشـتی مەڵبەنـدی گەنجـان تـەرك دەکات و بـەرەو مەڵبەندێکـی دیکـەی خەبـات دەڕوات، لەکاتـی ڕۆیشـتنی بـێ ئـەوەی هەڤاڵانـی ئاگاداربـن فڕینـی بـەرەو ڕۆژهـەڵات دەبێـت، بەگەرمیـەوە هـەر یـەك لـە هەڤاڵانـی لەئامێـز دەگرێـت، ئـەو دەزانێـت جێـگای ڕۆیشـتنی جیـا لـەو ڕاستیە سازکراوەیە کەنـاو هەڤاڵانـی بـاس دەکرێـت. هێمـن لەبـەر ئـەوەی پێشـنیاری ڕۆیشـتنی بـۆ خەبـات پەسـەند کـراوە و بـۆ خەباتـی ناوچەکانـی گرێـدراوی پارێزگاکانـی (کرماشـان و سـنە) دەڕوات، شـایی دەگێڕێـت. لێکۆڵینـەوەی لەسـەر ئـەو ناوچانـە دەسـت پێـدەکات و لـە ماوەیەکـی کورتـدا زانیاریەکـی فـراوان لەسـەر سـەرجەم شـارەکانی پارێـزگای (کرماشـان و سـنە) کـۆ دەکاتـەوە، هـەر چەنـد پێشـتر لێکۆڵینـەوەی لەدەسـتدا هەیـە بـە هـۆی زاڵبوونـی زاراوەی سـۆرانی لـە بەڕێوەبردنـی خەباتـدا کۆسـپ و تەگـەرە لەبەردەمیـدا نابێـت، لەکۆتایـی ئـەم زنجیرەیـەدا وەك مراوییـەك لـە لەیلاخـەوە بـەرەو گەرمەسـێر کـۆچ دەکات و پێـواژۆی نـوێ تێکۆشـانی دەسـت پـێ‌دەکات.
٢٠١٣/١/٢٨
گارە ـ چاپەمەنی

## ◆ گڵۆپی بەختەوەری ناو مێژووی خوێناوی

(هێمن) لە کۆتایی بەهاری ٢٠٠٨ بە کۆڵەپشتی ئەویندای خەباتیەوە بە هانای پەپوولە باڵشکاوەکانی نیشتمانەکەی دەکەوێتە ڕێگا، بەرەو لانکۆڵەیەك دەگەڕێتە بەر کە لەناویدا مەزن بووە. لانکۆڵەیەك کە ئیدی ناتوانێت بەئاسانی ژیانی ئازاد لەناویدا بکات، بە هۆی ئەوەی لەلایەن هێزە خوێنمژەکانی کۆماری ئیسلامی بە تێلی دڕکدار پێچێنراوە و لەژێر ناوی یاسای دەوڵەتی بە هەرێمی قەدەغەکراوی سەماکەرانی ئازادی دەستنیشان کراوە. لانکۆڵەیەك کە ئیدی بە جێگای لایەلایەی دایکی نیشتمان بە کوتەك و باتۆمی داگیرکەران لایەلایەی بۆ دەکرێت، بە جێگای نەواو شیری دایك دەنگی ناحەز و دەرمانی ژەهراوی دێوەزمەکان دادەپۆشرێت.

دەیەوێت لانکۆڵەی ژیانی گەنجان لە دەستی داگیرکەران وەربگرێتەوە، منداڵە ساواکان لەژێر پەلاماری هێزە دڕندەکانی ڕژێم بپارێزێت. ئەوەی لە مێشکی خۆیدا دایدەڕێژێت گەنجان لە زەلکاوی مادەهۆشبەر ڕزگار بکات و لە ئەرتەشی بێکاری و بەسیجی دووریان بخاتەوە. لە زەلکاوی ڕزان سوزمانیگەری و بێئەخلاقی بیان پارێزێت. لە داوی چێنراوی دیلیەتی قووتاریان بکات. لە مەڵبەندی تۆقێنەران دەریان بهێنێت. لە ئاگردان وتەکەرانی کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان بکات. لەپەرستگەی توانەوەو لەهۆش بردنەوەی خوێندنگا و مزگەوتەکان دووریان بخاتەوە و لە قولاپی ژەهراوی ماسیگیرانی ناو دەریای خەمباری بیانپارێزێت.

بەو بەرنامەیەی کە لە هزریدایە، دیاری ڕێکخستن بووین، ڕامانی ئازادی و زمانی دیموکراسی وەك چالاکی پێشکەشیان بکات. سەرەتا گەشتێکی کورتخایەن بە شارەکانی گرێدراوی پارێزگای «سنەی خوێناوی» پێك دەهێنێت. لەم سووڕانەوەیدا گۆمی زەلکاو کراوی (سنەی خوێناوی) و کارەساتە دڵتەزێنەکانی دیکە هەڵدەداتەوە و دەمامکی پشت پەردەی مێژووی گوللەبارانی فڕۆکەخانەی (سنە) و کۆمەڵکوژیەکانی دیکە هەڵدەداتەوە. کول و ئێشە پەراوێزخراوەکانی ناو مێژووی تەم و مژاوی مەڵحەم دەپاشێت. ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ بەیاد دێنێتەوە و بیرەوەریەکانی چەقێنراوی قارەمانان ناو زەلکاوی نادادپەروەری ڕوون دەکاتەوە. تۆخمی ڕاپەڕین لەناو درز و قوژبنەکانی کۆمەڵگای داخراودا دەردەهێنێتەوە و ئاڵای ڕاپەڕین گەشاوە دەکاتەوە. دەیەوێت لەسەر باروودۆخی گەنجان زانیاری ورد و شاراوە بەدەست بخات، بەگوێرەی ئەو باروودۆخە دەرمانی ئازادیان پێببەخشێت.

لە گەشتێکی بە هەر شارێکدا تووشی خەمڕەوێنی و خەمباری دەبێت، بە پەیوەندی لەگەڵ دامودەزگا مەدەنیەکانەوە دەیەوێت زامێکی لەزامە قووڵا و تراژدیەکانی گەنجان چارەسەر بکات و گۆڕەپانی سێهەمی تێکۆشان واتا کۆمەڵگای مەدەنی کارا بکات. چونکە لەسەر ئەم بۆچوونەی (ڕێبەر ئاپۆ) سوور دەبێت کە دەڵێت: «گۆڕەپانی سێهەم؛ گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراتیانەیە، گۆڕەپانێکە کە نە دژی دەوڵەت، بەڵکوو دژی کۆیلەتی و بەکرێگیراویەتی دەوڵەتییە، هەروەها بەگوێرەی پێویستیەکانی کۆمەڵگا فەرمان وەردەگرێت». بەم ڕەنگە دەیەوێت تۆخمی ڕاستەقینەی دیموکراسی بوەشێنێت، چونکە ئەگەر لە کۆمەڵگا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی گۆڕەپانی سێهەم پەرەی پێ نەدرێت لە دیموکراسی هاوچەرخ دوور دەبێت. ڕژێمێك هەرچەند لە دیموکراسی دوور و نامۆ بێت، ئەوەندە کۆمەڵکوژی و پاکتاوکاری لە کردەوەیدا سەرهەڵدەدات. دەیەوێت بەبینینی هەر سەرهەڵدێرێك نەمامێکی ئازادی بەجێگای کۆیلەتی بچێنێت. بە جێگای کۆشکی کۆیلەتی خانووی هەژاری ئازادی بونیاد بنێت. بە جێگای شانۆگەری ناو شانۆی ستەم لە شانۆی ئازادی ڕۆڵیان پێببەخشێت و

بەجێـگای حەڵقـەی بەکرێگیـراوی و بەسـیجی زنجیـرەی ئـازادی لـە ملیـان هەڵبواسـێت.
هێمـن گەنجێکـە کـە هەراسـانی ئـەو بارودۆخـە دەبێـت، بۆیـە بـە شـەو ڕۆژ سـات بـە سـاتی ژیانـی لەبیرکردنـەوە و کۆبیـری بـۆ خوڵقاندنـی چارەسـەری نـوێ دەبێـت. لەنـاو کۆمەڵـگای تـەم ومـژاوی و لافـاوی سـتەم و شـەقامی تارماییـدا کـە چـاو نابینـێ و گـوێ داخـراوە و زمـاڵ لاڵا بـووە، بـەدوای مۆمـە هەڵگیرساوەکان دەگەڕێت. لێگەڕینـی بـەدوای ژیلەمۆکانـی ئاگـری دامرکێـنراودا دەبێت پەیـدۆزی لـە دوای ئەسـتێرە شـاراوەکانی پشـت هـەوری تاریـك و لێـڵا دەبێـت. لـە شـوێن گەڕانـی هەتاوپەرەسـتە پەراوێـز خراوەکانـی (خـۆری ئـازادی) دەبێـت. بـەدوای ون کراوەکانـی ژەمراخـی قارەمانـی مێـژوودا دەگەڕێـت بـە دوای کلیلـی هەڵکردنـەوەی گڵۆپـی بەختـەوەری وەیـلان دەبێـت.
لـە کۆمەڵـگای مینرێژکـراوەوە، گەنجـان بـەرەو کۆمەڵـگای کـراوە رابکێشـێت. لـە کۆمەڵـگای داخـراو و کـپ کـراودا بانگـی ئـازادی دەدات. بانگـی پچڕاندنـی زنجیـری کۆیلەتـی دەدات، گڵۆپـی بەختـەوەری هەڵـدەکات و پـردی ئـازادی سـاز دەکات، کاروانـی ئازادیخـوازان رێکدەخـات و گوڕینـی رێکخسـتن بووین پێشـدەخات. تۆخمـی زانیـاری وشـیاری و ئیـرادە دەوەشـێنێت و زنجیـری پچـڕاوی یەکێتـی پێکـەوە دەلکێنێـت. هێمـن کەشـتی رزگاربـوون سـاز دەکات و هیـوا بـە ئیـرادەی شـکێنراو دەبەخشـێتەوە.
بـە هەمـوو هەوڵدانیـەوە دەیەوێـت بەڵێنـی چیـا لـە نـاو هـزری ئاڵـۆزی گەنجـان بڵاوبکاتـەوە و بـە دیـاری چیـا، رۆخسـارە دامرکێـنراوەکان گەشـاوە ببەخشـێت و بـە بارانـی پڕپیـت و بەرەکەتـی (ئاسـمانی ئـاوی) جەسـتەی تلانـەوەی نـاو دەریـای خەمبـاری بشـۆرێتەوە. گوتـە هەڵخڵەتێنەرەکانـی مەلاکانـی رژێمـی سـاختەی کۆمـاری ئیسـلامی لـە نـاو هـزری بەپیـت و بەرەکەتـی گەنجـان بسـڕێتەوە. دروشـمە خەیاڵییەکانـی هەڵـواسراوی نـاو هـزرەکان تێکبـدات. پەیامـی ئاشـتی یەکێتـی و یەکسـانی شاباشـی گەنجـان بـکات و کوردسـتان لـە بەرامبـەر زیـان و سیاسـەتی بەتاڵانکـراوی (رژێمـی تـرس) بپارێزێـت تـا گەنجـان بـەرەو گەوهـەری راسـتەقینەیان بگەڕێنێتـەوە.
هێمـن دەیەوێـت مێـژووی شـاراوەی کـورد نـاو هـزرەکان هەڵبداتـەوە و تایبەتمەندیـە ونکراوەکانـی نـاو کـوردەواری بدۆزێتـەوە، کولتـوور و نەریتـی بـاب و باپیرانمـان زینـدوو بکاتـەوەو زمانـی پارچـە پارچەکـراوی نەتەوەکەمـان یەکبخاتـەوە.
دەیەوێـت سـێبەری تـرس و تۆقانـدن نـاو هـزرەکان لابـدات و کولتـووری دەسـتدرێژی لەسـەر کوردسـتان بـن بـڕ بـکات. شـەپۆلی دیـاردەی مـادەی هۆشـبەر لـە کوردسـتان کاڵا بکاتـەوە و کوردسـتان لەمەیدانـی شـەڕ و تواندنـەوە خاوێـن بکاتـەوە. بـەڵام ئـەوەی کـە دەیـکات بەپێـی یاسـای داڕێـژراوی کۆمـاری ئیسـلامییە، بـەڵام تەنانـەت ئـەو یاسایە بـۆ گەلـی کـورد حـەرام، بـەڵام بـۆ کاربەدەسـتدانی رژێـم حەڵاڵـە. دەیەوێـت سـەرجەم ئـەو پرۆژانـە بـە شـێوازی خەباتـی مەدەنـی ئەنجـام بـدات و خەباتێکـی بێتوندوتیـژی و خوێنڕشـتن بەڕێـوە ببـات و لـە چوارچێـوەی مافـی رەوای نەتەوەکـەی تێکۆشـان دەکات دەرووەی مافـی سرووشـتی گەلـی کـورد هەڵچوونـی لەسـەر شـتێکی دیکـە نابێـت.
دەیویسـت گەلـی کـورد لـە ژێـر چەپۆکـی داگیرکەریـدا نەبێـت و نەکرێتـە قوربانـی بەرژەوەنـدی هێـزە دەسـەڵاتدارەکانی رژێـم. گەلـی کـورد وەك نەتەوەیەکـی رەسـەن دانیپێـدا بنرێـت و مافـی سروشـتی لـێ زەوت نەکرێـت. خـاوەن شوناسـی راسـتەقینەی خـۆی بێـت و زمانـی رەسـەنی کـوردی ببێتـە زمانـی رەسـمی خوێندنگاکانـی کوردسـتان. گەلـی کـورد مافـی چارەنووسـی خـۆی بەدەسـتی خـۆی دیـاری بـکات و لـە چوارچێـوەی سیسـتەمی کۆنفیدراڵـدا هاوشـانی گەلانـی دیکـە ژیـان بەسـەر بەرێـت، گەلـی کـورد سیاسـەتی

دیموکراتیـك بەڕێـوە ببـات و چەکـی سـەرکوتکەر لەسـەری لابرێـت، ڕۆڵەکانـی کـورد بەهـۆی کاروبـاری خەباتـی مەدەنـی و دیموکراتیانـەوە دەسـتگیر و زیندانـی نەکرێـن.
چەنـدە شـارەکانی کوردسـتان دەگەڕێـت، ئەوەنـدە بەرامبەر سیاسـەتەکانی ڕژێـم بەرچـاوی ڕوون دەبێتەوە. لـە هـەر شـارێکدا سیاسـەتێکی جیـاواز کـە بـە ئەقڵیەتێکـی تـاك خودایـی تـاك دەوڵەتـی بەڕێـوە دەچێـت، ڕوبـەڕوو دەبێتـەوە. سیاسـەتێك کـە لـە شـارێك گەنجـان برسـی دەکات و لـە شـارێکی دیکـە بێـکار و لـە شـارێکی تـر بەسـیج... لەشـارێك مـادەی هۆشـبەر لـە شـارێکی دیکـە بێئەخلاقـی و گەندەڵـی پـەرەی پێـدەدات. لـە شـارێك دەکوژێـت لـە شـارێکی دیکـە دەسـتگیر و زیندانـی دەکات، لـە شـارێك سـێدارە و لـە شـارێکی دیکـە گولـلەباران دەکات. شـارێکیتر پـەرە بـە بێهیوایـی و ئیرادەیـی دەکات و شـارێکیتر بـەرەو ئاوارەیـی و هـەژاری دەبـات.
ئیـدی هەسـت بـەوە دەکات ڕژێمێـك لـە ئـارا دایە کـە دوور لـە پێوانـی مرۆڤایەتـی و دیموکراسییە، ڕژێمێك کـە هیـچ ڕەحمێـك بـە ڕۆڵـە تێکۆشـەرەکانی کـورد نـاکات، ڕژێمێـك کـە یەکسـانی دادپـەروەری دیموکراسـی و ئـازادی ناناسـێت، ڕژیمێـك کـە بـە دەسـتەواژەکانی خەباتـی مەدەنـی، سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و کلتـوری لـە کوردسـتان چـاوی هەڵنایـەت، وشـیاری و پێشـکەوتنی ڕۆڵـە دڵسـۆزەکانی کـوردی پـێ هـەزم ناکرێـت. دەسـتەواژەی ئـازادی بـۆ کوردسـتان بـە گوتـەی قەدەغەکـراو دەزانێـت و ژیانێکـی دەرەوەی سـنووری دیاریکـراوی ڕژێـم بـە لادان لـە دیـن و بـە بەرەنگاربوونـەوەی یاسـاکانی خوداوەنـدی پێناسـە دەکات. پەیوەنـدی گەنجـان لەگـەڵا هاوخوێـن و هاوڕەگەزەکانـی بـۆ نموونـە: پارتـە کوردیـەکان، بەتـرازان لـە ئاینـی ئیسـلام و کەوتنـە نـاو ڕیـزی کافرانـەوە لێکدەداتـەوە و پارتـی سـەربەخۆ خـاوەن ئیـرادە و ئـازادی گەلـی کـورد حـەڵاڵ نابینێـت، هـزری جیـاواز بـاوەڕی و ئاینـی جیـاواز لەنـاو خۆیـدا قبـول نـاکات و دەروازەی سیاسـەت بـۆ گەنجـان بـە هەرێمـی قەدەغەکـراو دەسـت نیشـان دەکات.
هێمـن بـە هـزر و رامانـی «ڕێبـەر ئاپـۆ» هیـوا بـە کۆمەڵـگا دەبەخشـێت تـا دەروازەیەکـی ئۆمێـد نیشـانی گەنجـان بـدات و بـۆ ڕزگاربوونـی گەنجـان لەنـاو دەریـای خەمبـاری، لەنگـەری کەشـتی شـۆڕش دابنێـت. دیـاری کەشـتی ڕێکخسـتن بـە گەنجـان بـدات و لەخوێندەوارخانـەی ئازادیـدا فێرخوازانـی سـەرکوتکراو پـەروەردە بـکات. نەخۆشـکراو و دەرمانخواردکـراوەکان لەژێـر پشـکنینی ڕامانـدا چارەسـەر بـکات.
هێمـن پەیجـوری (کرماشـان) دەبێـت، لـە (سنە)وە بـەرەو شـاری (پالەوانـان)ی نـاو مێـژوو، شـاری (شـیرین و فەرهـاد)ی کێوکـەن بـەڕێ دەکەوێـت. وەك دوو دڵـداری ئەویـن دەیەوێـت بـە کۆمـاری سـتەم دادپەروەری ببەخشـێت و بـە بەکۆڵینـی هـزرە چیمەنتۆکـراوەکان هـزری پـڕ بەپێـت و بەرەکـەت ئـاوا بـکات. بـە جێگـای هـزری بەکرێگیـراوی هـزری ئەوینـداری (شـیرین و فەرهـاد) شاباشـی گەنجانـی (کرماشـان) بـکات، هـەر وەك ژوانگـەی (شـیرین و فەرهـاد) چـۆن ئەویـن دەبێـت، ژوانگـەی ئەویـش لەگـەڵا گەنجـان ئازادییـە، بـەم هـزرەوە پێدەنێتـە شـاری (ئەویـن و قارەمانـەکان). بـەڵام هێشـتا دوو مانـگ لـە فڕینـی لـە چیـاوە بـۆ دەشـت تێپـەڕ نەبـووە کـە هێشـتا خەریکـی وەشـاندنی تۆخمـی خەباتـی کۆمەڵایەتـی و کولتوورییـە، خەریکـی قۆناغـی خۆشـکردنی زەمینـی تێکۆشـانە، دەکەوێتـە نـاو داوی هێـزە هەواڵگرییەکانـی (سـوپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسـلامی)یەوە. لـە (١٠)ی خەرمانانـی ١٣٨٧ دەبێـت لـە گەراجـی شـاری (کرماشـان) بەرەنگێکـی دڕندانـە دەبێتـە پـاروی نێچیـری چەنـد لاشـخۆرێکی هێزەکانـی سـوپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسـلامی.
هێمـن لـە هـزری کراوەیـدا بـە بەردەوامی لەسـەر ئـەو باوەڕییـە دەبێـت کـە، ئـازادی لـە کۆمەڵـگا کاتێـك

دێتـەدی کـە تـاك بەتـەواوی خـۆی لـە بەنـدی دەوڵـەت رزگار کردبێـت و لەنـاو دامـودەزگای رێکخسـتنی دیموکراتیـك واتـا گۆڕەپانـی سـێهەم کـە کۆمەڵـگای مەدەنییـە جـێ بگرێـت، چـۆن ئـەم گۆڕەپانـە بـە تەواوەتـی دور لـە سیاسـەت و چاودێـری دەوڵـەت دایـە. گۆڕەپانێـك کـە فەرمـان لـە دەوڵـەت وەرناگرێـت، بەڵکـو بـە گوێـرەی پێویسـتی کۆمەڵـگا فەرمـان وەردەگرێـت. بۆیـە (هێمـن) دەڵێـت: «دەتوانـرێ بـە کۆمەڵگایەکـی دیموکراتیـك و کۆمارێکـی دیموکراتیـك لەئێرانـدا گەشـبین ببیـن». لەسـەر ئـەم بنەمایـە هـەر لـە سـەرەتاوە لەگـەڵا دامودەزگاکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی و رێکخـراوی مافـی مرۆڤـی کوردسـتان پەیوەنـدی دروسـت دەکات، لەگـەڵا گەلێـك لـە ئەندامانـی ئـەو رێکخراوانـە بەدڵسـۆزانە خەباتـی دیموکراتیانـە دەسـت پێدەکـەن. هاوشـانی ئـەو هەڤاڵـە دڵسـۆزانەی هـەر چەنـد کـە توانـای کارێکـی گەورەیـان نابێـت، هـەوڵا دەدەن بنـە مەڵحەمێـك لەسـەر زامـی کۆمەڵـگای زامـدار و خوێناوییەکەیـان. هـەر لـەو هەنـگاوە سـەرەتاییانەوە دەبێـت بـە هـۆی چـالاك بوونیـەوە دەکەوێتـە ژێـر چاودێـری قەلەڕەشـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی، هەرچەنـد هەسـت بـەوە دەکات لاشـخۆرەکان لـە دەوروبەریـان هەڵدەسـوورِن، بـەڵام لەبـەر بێگەردبوونـی خەباتـی پێویسـتی بەخۆشـاردنەوە و نهێنـی بوونـی خەباتـی نـاو کۆمەڵـگای مەدەنـی نابینێـت لەبـەر ئـەوەی بەدروسـتی و یاسـایی بوونـی کارەکانـی بـاوەڕی دەبێـت. پێـش دەسـتگیرکردنی واتـا لەرێککەوتـی ٨ی خەرمانـان دەبێـت، لەسـەر پێشـنیاری یەکێـك لەهەڤاڵانـی بـەرەو شـاری (کرماشـان) بـەڕێ دەکەوێـت تـا سـەبارەت بـە چۆنیەتـی و بارودۆخـی خەباتـی مەدەنـی لێکۆڵینەوەیـەك پێـك بێنێـت و ئەنجامـی ئـەوەش لەوتارێکـدا بـۆ رای گشـتی بـڵاو بکاتـەوە.

بـەڵام هێـزە خوێنمژەکانـی رژێـم بـە روانگەیەکـی دیکـە سـەیری خەباتـی (هێمـن) دەکـەن لەبـەر ئـەوەی هـەر لەکاتـی دەسـتگیرکردنیدا بـە سـەیارەیەکی لەجـۆری (پـژۆ) بـەرەو دەزگایەکـی هەواڵگـری نادیـار کـە لەنـاو دڵـی سـەربازخانەیەکی لەشـکەریدایە دەیڕفێنـن. لـەلای (هێمـن) جێگایەکـی نادیـار دەبێـت و نازانێـت بـەرەو کـوێ دەیڕفێنـن و چـی بەسـەردا دێنـن و رادەسـتی کـێ دەکـەن و لەسـەر چ تۆمەتێـك دەستبەسـەر دەکرێـت، چەنـد رۆژێـك بەسـەردا تێپـەڕ دەبێـت تـا لـەلای روون دەبێتـەوە کـە ئـەو جێگایـەی تێیـدا بەنـد کـراوە نـاوی (سـوپای نەبـی ئەکـرەم)ە و ئـەو کەسـانەی ئەویـان دەسـتگیر کـردووەو بەشـێوازێکی دڕندانـە لەگەراجـدا پەلاماریـان داوە و دەزگای هەواڵگـری سـوپای پاسـدارانی (کرماشـان) بـوون.

بۆیـە هـەر لەسـەرەتای دەسـتگیرکردنیەوە دەکەوێتـە ژێـر سـەختترین و دڕندانەتریـن شـێوازی ئەشـکەنجەی ئـەو هێزانـەوە، بێئـەوەی کـە بەڵگەیـەك هەمبـەری ئـەو لەدەسـتیاندا بێـت بـەدژە شـۆڕش (محاربـە) و هەوڵـدان دژی ئاسایشـی نەتەوەیـی تاوانبـاری دەکـەن. لەبـەر ئـەوەی گۆڕەپانـی سـێهەم لـە زەینییەتـی کۆمـاری ئیسـلامییدا بـە گۆڕەپانـی دژەشـۆڕش و پەنـاگای تێکدانـی ئاسایشـی نەتەوەیـی نـاوزەد دەکرێـت، لەبـەر ئـەوەی هـەر لەسـەرەتای دۆسـیەی ئامادەکراویـەوە ئـەم تۆمەتانـەی دەخرێتـە پـاڵ، چونکـە تەنیـا بەڵگەیـەك کـە لـە دەسـتیان دایـە، ئەوەیـە کـە ئامانجـی ئـەو رزگارکردنـی گەنجـان لـە گێـرۆدەی ماددەهۆشـبەر و تێکدانـی رەوشـتی کۆمەڵگایـە. بۆیـە ئـەم ئامانجـەش دژی بەرژەوەنـدی و سیاسـەتەکانی کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسـلامییە. لـە لایەکـی دیکەشـەوە رژێـم ئـەم ئامانجـەی لەگـەڵا بەرنامەکانـی یەکێـك لـە پارتـە کوردییـەکان بـە نـاوی پارتـی ژیانـی ئـازادی کوردسـتان (PJAK) دەگونجێـت، بۆیـە بـەم چەشـنە خەباتانـە چـاوی هەڵنایـەت و بـۆ لاوازکـردن و خسـتنەژێر کۆنتڕۆڵـی ئـەم جـۆرە خەباتانـە هـەر چەشـنە رێبـازی نادیموکراتیـك و نامرۆڤانـە پەیـڕەو دەکات.

لەژێـر بارودۆخـی دژوارتریـن و دڕندانەتریـن ئەشـکەنجەدا بـۆ مـاوەی (٤٩) رۆژ لـەو سـەربازخانە و لـە

ژێرزەمینێکی تەنگ و تاریك رایدەگرن تا ئیرادەو بوێری لێبستێنن. لە ژوورێکی تاکەکەسیدا کە نەڕاخەر، پەتوو و شتێکی دیکەی تێدا بێت، نە یار و هەڤاڵێك و نە مرۆڤێك کە ببینینی گەشاوە بێتەوە لە ژێرزەمینێکی بێدەنگ و کپکراو کە جیا لە نەڕەی دێوەزمەکان و دەنگی ژنراتۆڕ (ماتۆری کارەبا)یی دەنگی شتێکی دیکە نابیسترێت، نە رۆژەنەیەکی بچکۆلەی تێدایە تاکوو بتوانێت ئەستێرەکانی باخەڵی ئاسمانی ئاوی لەناوی ببینێت.

لەکاتی بردنی بۆ هەر ئەشکەنجەیەك پێویستە (٣٧) پلیکانە بژمێرێت. داکەوتن لەو قاندرمانە بەدەست و پێیەکی کەلەبچەکراو بۆ بەند کراوێك پێش ئەشکەنجە دەبێت چەندێك زەحمەت بێت بەهەمان شێوە لە هاتنە ژووری بەو پلیکانانەدا ئەم جارە بەلاشەیەکی شکێنراو و شێلراو تەنانەت بەدەست و پێیەکی کەلەبچەکراو دەبێت چەندێك سەخت و دژوار بێت؟! لە هەر داخستنێکیدا تا ژووری ئەشکەنجە بە سووکایەتی و لێدان میوانداری لێ دەکەن، بەدەست و پێ کۆتوبەندکراوی لێی دەترسن، نە تەنها وەك مرۆڤێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکەن، بەڵکوو بە بەندکراوێك کە یاسای دارستانی لەسەر پەیڕەو دەکەن، لەهەر ئەشکەنجەیەکی ناو ئەو چاڵەڕەشەدا مرۆڤ کوژەکان ئەوەندە ئازاری دەدەن کە نە بەشەق مست و باتۆم بەسەرو زگ و لاقەکانیدا تێر نابن، تاکو لەژێر دەستیان بێهۆش دەبێت وازی لێ دێنن. لە (٤٩) رۆژ بەبەردەوامی چاوەکانی دەبەسترێت تەنیا لەناو ژووری تاکەکەسی خۆیدا مافی هەبوو دەسماڵی سەر چاوەکانی بکاتەوە و ئەویش لە ژوورێکی تەنگ و تاریك کە شەو و رۆژی نەدیار بوو رایدەگرن.

لە کاتی لێپرسینەوەی سەر ماسەی ئەشکەنجە و ئازار لێ دەپرسن ناوت چییە؟ خەڵکی کوێت و چ کارێك دەکەی؟ (هێمن) کاتێك وەڵام دەداتەوە: «ناوم (حسێن)ە، کوردم و خەباتی مەدەنی لە کوردستان دەکەم». بە هێنانە سەر زمانی وشەی کورد و کوردستان چەپۆکێکی خوێناوی شاباشی دەمودانی دەکرێت، بە قامچی دەکەونە سەر گیانی، ئەشکەنجەگەران بە رق و نەفرەتەوە بە وتەی ناشیرین پێدەڵێن کاری کوردانە دەکەیت؟ کوردیت؟! تا دەتوانن لێ دەدەن ئەویش هەر چەند دەست و پێ کەلەبچە کراوەو دوو کەس دەیگرن و دوو کەسیش هەم لەپێش و لەپاشەوە لێ دەدەن و بەدەستی بەسراوەوە لەژووری ئەشکەنجەدا سەراوژێر هەڵیدەواسن، تا بە وتەی خۆیان راستی لێ بکێشنەوە بەتایبەت لەجێگا هەستیارەکانی جەستەی دەدەنو جل وبەرگی بەری دادەکەنن، هەڕەشەو گوڕەشەی دەستدرێژی لەسەر دەکەن و ئیدی لەناو گۆمی خوێن سڕ و نوقمی دەکەن.

لە کاتی لێپرسینەوەدا لە پێناوی هەر پرسیارێکدا بەدەیان مستەکۆڵ و شەقەزلە لەدەموچاوی دەدەن، وەك تۆپی یاری ئەم لاو ئەو لای پێدەکەن، دەست و لاقی دەبەستنەوە و لە ژوورێکدا هەڵیدەواسن و پاشان بە قامچی زولفەقاری (خامنەیی) تا دەتوانن لەژێر پێ و ران، سەرسینگ، دەموچاو و سەری دەدەن. بە شۆکی کارەبایی ئەشکەنجەی دەدەن و بێئاو و نانی دەهێڵن. لەکاتی برسیبوونیدا خۆشترین خواردنی نیشانی دەدەن، لەناو دەنگی تکاندنی دڵۆپە ئاوەکان لە ژوورێکی بێدەنگ رایدەگرن، هەموو شێوازێکی شەڕی تایبەتی لەسەری تاقی دەکەنەوە.

(هێمن) لەو رۆژانەدا هیچ هیوایەکی بۆ دەرکەوتن لە ژووری لێکۆڵینەوە و لێپرسینە نامێنێت، چون کەسێك لە چارەنووسی ئاگادار نییە، تەنانەت هەڤالان و بنەماڵەکەی نازانن چ بەسەری هاتووە. (٤٩) رۆژ لە ژووری لێکۆڵینەوەدا رایدەگرن. لەم ماوەدا گەلێك جار لە پلیکانەکانەوە بەدەست و پێ و چاو بەسراوەیی بەرەو چاڵێکی رەش کە ژنراتۆری کارەبای ناوەندەکەی تێدایە، دەیبەن و هەر جارێك بۆ

ماوەیەکی زۆر بەدەست و پێبەسترای سەراوژێر هەڵیدەواسن.
بەدەسماڵا دەموچاوی دەبەستنەوە، (هێمن) هەر کاتێك دەیەوێت قسە بکات پێویستە دەست و پێکانی بجولێنێتەوە. گەلێك جار (هێمن) بەشۆکی کارەبایی، باتۆم و... هتد، ئەشکەنجە دەکرێت. لە ئەنجامی ئەو ئەشکەنجانەدا (٣٠٪) بینایی چاوانی لەدەست دەدات. گورچیلەکانی لەئەنجامی لێدانی مشت و لەقە قورسەکانی ئەشکەنجەگەران تووشی خوێنبەربوون دەبێت و بە هۆی بارودۆخی ناڵەباری ژووری لێکۆڵینەوە تووشی ئیلتەهاب (هەوکردن)ی بۆری سییەکانی هەناسە دەبێت کە تا ساتی لەسێدارەدانیشی بە هۆی ئەم نەخۆشیانەوە دەناڵێنێت. کاربەدەستان هیچ هەوڵدانێکی بۆ چارەسەرکردنی تەندروستی نادەن. دوای ئەم ئەشکەنجانە دەبێت لە ژووری لێکۆڵینەوەی سوپای کرماشان لە رێککەوتی (٢٨)ی گەلاوێژ /١٩ی ئەیلول بۆ ژووری لێکۆڵینەوەی (ئەلمەهدی)کە لەناو دڵی سوپای ورمێدایە، دەگوازرێتەوە.
واتا (هێمن) بۆ ژووری لێکۆڵینەوەی (ئەلمەهدی) کە ژوورێکی ئاشکرا و فەرمی نییە، تەنانەت بوونی دەرەکی نییە و دوور لەژێر چاودێری زیندانەکان دایە، دەیگوازنەوە. ماوەی (٤) مانگ لەناو ژووری لێکۆڵینەوە و ژووری تاکەکەسی کە ژوورێکی زۆر بچکۆلەیە رایدەگرن. ئەم ژوورەیەش هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ژووری لێکۆڵینەوەکانی کرماشان نەبووە.
لەرێککەوتی (١٠) خەرمانان تا (٢٨)ی گەلاوێژ (١ی ئاب تا ١٩ی ئەیلول)ی ١٣٨٧ لە(سوپای ورمێ) رایدەگرن، لەم رێککەوتەدا هاوکات پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان گۆشت و ئێسقانەکەی رادەستی وەزارەتی ئیتلاعاتی دەکەن. لەو کاتەدا (هێمن) ئاگادار دەبێت کە کۆمەڵێك تۆمەتی تازەتری بەسەردا سەپێنراوە واتا بە ئەندامێتی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) سزا دراوە و ناچاری دەکەن کە ژێر ئەو تۆمەتانە واژۆ بکات.
ئەوەی جێگای سەر سوورِمانە ئەو کەسانەی بە بەردەوامی (هێمن) ئەشکەنجە دەکەن و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن هیچ کاتێك رۆخساری راستەقینەی ئەوان نابینێت و ناوەکانیان نازانێت. (هێمن) پاش رۆیشتنی بۆ زیندان سکاڵایەك لەسەر هێزەکانی سوپای پاسداران و ئیتلاعات بۆ کاربەدەستانی باڵای دادوەری ئێران بەرز دەکاتەوە تاکوو لێکۆڵنەوەی لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی (هێمن) سکاڵاکەی بکێشێتەوە، بنەماڵە و پارێزەرەکەشی ئاگادار دەکەنەوە کە پێویستە سکاڵانامەکەیان بکێشنەوە. تەنانەت ئەوەیان بە بنەماڵەی (هێمن) وتووە کە سکاڵای خوا نابرێتە لای خوا، چون هیچ ئەنجامێکی بەدواوە نابێت.
لەسەر ئەم بابەتە دەبێت کە لەرێککەوتی (١٣ی رێبەندانی ١٣٨٨) لە نیوەشەودا (هێمن) لەزیندانەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات دەگوازنەوە. سناریۆیەکی وایان ئامادە کردووە کە دەیانەوێت بریاری لە سێدارەدانەکەی جێبەجێ بکەن، هەر لەوێش پێ دەڵێن کە پێویستە دان بە سەرجەم تۆمەتەکان لەبەرچاوی کامێرا دابنێت و سکاڵانامەکەیشی وەربگریتەوە. پێیدەڵێن، ئەگەر سەرجەم ئەو داخوازیانەی کاربەدەستان جێبەجێ بکات ئەوا لە راگرتن و کەمکردنەوەی سزاکەی کارێکی بۆ دەکەن. هەڵبەت (هێمن) ئەم وتە پووچ و بێنرخانە رەتدەکاتەوە. کاربەدەستانی سوپا بۆ ئەوەی سەبارەت بە سکاڵای (هێمن) سزای بدەن بۆ زیندانی (قەزوین) راگوێزی دەکەن و پاش (٥٠) رۆژ جارێکی دیکە راگوێزی (زیندانی ورمێ) دەکرێتەوە. شایانی باسە سەرجەم ئەو کردەوانە لەپێناو شکاندنی ئێرادەی بەرِێوە دەبەن.

لـەم کاتـەدا دەبێـت باوکـی (حسـێن) تووشـی جەڵتەی مێشـك دەبێت، لەبـەر ئـەوەی وادەزانێـت کوڕەکەیان بـۆ لەسـێدارەدان گواسـتۆتەوە، بۆیـە باوکـی دەڕواتـە دەزگای ئیتلاعـات و دەڵێـت: «ئەگـەر کوڕەکەمتـان لەسێدارە داوە تەرمەکـەی بـدەن، ئەگـەر لەسێدارەشـتان نـەداوە ڕێ بـدەن چـاوم پـێ بکـەوێ.» پـاش ئـەم سـناریۆی چەپەڵـی کاربەدەسـتانی ڕژێـم دەبێـت کـە باوکـی (هێمـن) لەبـەر دەرگای زینداندا جەڵتـەی مێشـك لێـی دەدات و پـاش گواسـتنەوەی بـۆ نەخۆشـخانە لـە نەخۆشـخانە گیـان لەدەسـت دەدات. بـەم سـناریۆ کاربەدەسـتانی ڕژێـم شـەڕی ڕەوانـی لەسـەر (هێمـن) پەیـڕەو دەکـەن. بـە دروسـتکردنی سـناریۆی ساختەی لەسـێدارەدان، دەبنـە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی باوکـی.
بـە درێژایـی مـاوەی ئەشـکەنجەیدا ئامانجـی خوێنمـژەکان ئەوەیـە کـە لـە ژێـر ئەشـکەنجە دان بـە تۆمەتێکدا بنێـت کـە ڕۆحـی ئـاگای لـێ نییـە. سـووکایەتی پێدەکـەن و دەیانەوێـت وای لێبکـەن کـە لـە ژێـر گوشـار و ناچاریـدا بـە نرخـی پیـرۆزی نەتەوەکـەی خیانـەت بـکات. هـەر چەشـنە لاوازی تاکەکەسـی لەسـەر تاقـی دەکەنـەوە و بەتـاوادان و هانـدان وەڕەزی دەکـەن، دڵنیـای دەکەنـەوە ئەگـەر ئـەوەی کـە ئـەوان دەڵێـن قبووڵـی بـکات ئـازادی دەکـەن و بـە پەشـیمانبوونەوەی دەسـتی لـێ بـەردەدەن. دەیانەوێـت گۆڕمـەی لاشـەی بێتیـن بکـەن و بەئـازار و ناڕاحەتکردن تەسـلیمی بگـرن و بـە ئاڵـۆزی ڕۆحـی ئیـرادەی لاواز بکـەن. داوای لێدەکـەن کـە ببێتـە سـیخوڕ و بەکرێگیـراوی کۆمـاری ئیسـلامی.
لەبـەر ئـەوەی (هێمـن) لەکاتـی لێپرسـینەوەدا شـپرزە و ڕەنگـزەرد نابێـت، لـە کـۆی ئـەو پرسـیارانەی کـە هـەر دووبـارە دەبێتـەوە بێـزار نابێـت لەبـەر ئـەوەی دەزانێـت ئەمـە ڕێبـازی سـەرکەوتنی کاربەدەسـتدانی دەوڵەتـە، بەخۆڕاگـری بێئەنجامیـان دەهێڵێـت. خـۆی پەیـدۆزی داخوازیەکانـی دوژمـن نـاکات. لەبـەر ئـەوەی تەگبیـری پێویسـتی لـە بەرامبـەر میتـۆدی لێکۆڵینـەوە و لێپرسـینەوەی لاشـخۆرەکان وەرگرتـووە و لەسـەرەتادا دەریـای ڕازە نهێنییەکانـی دەپارێزێـت، لەکاتـی لێکۆڵینـەوەدا خـۆی ڕێکوپێـك دەکات، زۆر بەسـەرنجدان و کۆنترۆڵـەوە دەدوێـت.
بـە درێژکردنـەوە و فراوانکردنـی ڕێبازەکانـی ئەشـکەنجەوە کاربەدەسـتان دەیانەوێـت بەهـەر ڕەنگێـك بێـت ئـەو تۆمەتـەی کـە دەیخەنـە پاڵـی قبووڵـی بـکات. (هێمـن) ئـەو داواکاریانـەی بـە بێئەخلاقـی دەبینێـت، سـەری خـۆی لەبەرامبـەر داواکاریەکانـی خوێنمـژەکان رادەوەشـێنێت و بەهەناسـەیەکی قووڵـەوە وەڵامیـان دەداتـەوە: «ئـەوەی دەیڵێـن خەیاڵـی خـاوە، مـن دان بەهیـچ شـتێکدا نانێـم لەبـەر ئـەوەی هیـچ تاوانێکـم نەکـردووە تـا لێـرە دانـی پێـدا بنێـم، ئـەوەی کـە دانـی پێـدا دەنێـم مـن کـورد و کوردسـتانیم و بەمـەش شـانازی دەکـەم و لـەم پێناوەشـدا تـا دوا هەناسـەی ژیانـم خەبـات دەکـەم». هـەر لەناوبـەری ئـەم گوتانـەی دا دەبێـت لاشـخۆرەکان پەلامـاری دەدەن و تـا هێزیـان هەیـە لێـی دەدەن تـا بێهـۆش دەبێـت. تەنانـەت لاشـخۆرەکان چاوەڕوانـی ئـەو کاتـە دەبـن کـە ناتوانێـت جموجۆڵێـك بـکات تـا پەنجەکانـی بگـرن و لەسـەر ئـەو کاغەزانـەی کـە دەیانویسـت مـۆری پـێ دەکـەن بـێ ئـەوەی کـە ڕۆحـی ئـاگاداری لەناوەڕۆکـی نـووسراوی نـاو ئـەو کاغەزانـەوە هەبێـت.
پـاش دەمەوبەیانـی (٤٩)هەمیـن ڕۆژی دەسـتگیر کردنـی واتـا لەرێککەوتـی (٢٨)ی مانگـی (گەلاوێـژ) ی ١٣٨٧ بەدەسـت و پێـی کەلەبچەکراویـەوە لەنـاو پەتوویەکـدا دایدەپێچـن و بـە سـەیارەیەکی مەیـت گوازتنـەوە لـە دەزگای لێپرسـینەوەی (سـوپای نەبـی ئەکـرەم) کـە چاڵەڕەشـێکی نەفەرتاوییـە، بـرەو جێگایەکـی نادیـار بێئـەوەی کـە بزانێـت کوێیـە دەیبـەن. پێـش دەرخسـتنی لـەو سـەربازخانە دەرزیەکـی بێهۆشـی لێـدەدەن، بۆیـە ماوەیـەك بەسـەردا تێپـەڕ دەبێـت تـا بەهـۆش خـۆی دێتـەوە دەزانێـت بـە

سەیارەی مەیت گواستنەوە بردوویانە. تەنانەت نازانێت چەند کاتژمێرە کە لە رێگا دایە، چونکە کاتێك لەخەو هەڵدەستێت و یان وەهۆش دێتەوە دەزانێت دوو سەیارەی دیکە هەم لە پێش و لە دواوە لەگەڵی دان. گەنجێك کە لەناو ئامبۆلانسدا بۆئەوەی رۆژنەیەکی رۆشن ببینێت بۆئەوەی بزانێت لە کوێیە و بەرەو کوێ دیبەن و چ بەسەر دێنن؟ چەندە سامناکە!

لە بەرەبەیانی ئەو شەوە سامناکەدا رادەستی دەزگای لێکۆڵینەوەی (سوپا ئەلمەهدی) لە (ورمێ) ی دەکەن. بە بەخشینی رۆح و جەستەی (هێمن) بە بەخشینی گۆشت و ئیسقانی بە دەزگای لێکۆڵینەوەی (ئەلمەهدی) هەموو شتێ سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە و وەك شریتێکی پڕکراو سەر لەنوێ دایدەگرنەوە. لەئەشکەنجەوە بگرە تا لێپرسینەوە هەموو شتێك لەسەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە. لە رۆژە سەرەتاییەکانی هەفتەی یەکەمدا لەژێر ئەشکەنجەدا گەلێك زۆر و زەحمەتی دەکێشێت. هیچ شوێنێکی جەستەی نەماوە کە شین نەکرابێتەوە، بەشێك لە لاشەی ساغ نەماوە کە بەدەستی زامە دژوارەکانیەوە نەناڵێنێت. ئیدی پاش چەند مانگ مانەوەی لەژێر لافاوی ئەشکەنجەدا خووی پێدەگرێت ئیدی ئاخ وناڵەی زامەکانی ناکێشێت، و بە ئەشکەنجە سامێك ناکەوێتە ناو دڵیەوە. دوای دەستگیرکردنی (٨) مانگ لەژێر لێکۆڵینەوە لەناو ژووری تاکەکەسیدا دەبێت، بۆئەوەی کەسێك لەچارەنووسی ئاگادار بێت. پاش ئەو (٨) مانگە بۆ یەکەمین جار مۆڵەتی دیداری لەگەڵا رۆژنەیەکی روناکی پێدەدرێت، بۆ ماوەی (٥) خولەکێك و بەئامادەبوونی چەند لاشخۆرێك کەلەسەریان راوەستاون دیداری لەگەڵا باوك و دایکی دروست دەبێت. ئەنجامی ئەو دیدارەش شتێکی جیا لە هەڕەشە و گوڕەشەو گوشار خستنە سەری سوودێکی بۆ نەبوو. بە هۆی ئەو ئەشکەنجە و رێبازە نامرۆڤانەوە کە لە سەری پەیڕەو دەکرێت (سوپای پاسداران) پاش (١٥٩) رۆژ چاودێریکەری (هێمن) لە ژووری تاکەکەسی کە لەژێر سەختترین ئەشکەنجە و بارودۆخی نالەبار دایە بەدەست و پێ بەستراوەیی رادەستی رەشەداڵەکانی نوێ لەژێر ناوی (ئیتلاعات)ی دەکەن، تاکوو لە ئێسك و پروسکی پاشماوەی قەلەڕەشەکان پشکێکی بەر ئەوان بکەوێت.

پاش (٨) مانگ ژیانی ناو ئازار و ئەشکەنجە (هێمن) نامەیەکی کراوە وەك ناڕەزایەتی یاسایی لەبەرامبەر سەرجەم ئەو ئەشکەنجانەی کە لەلایەن سوپای پاسداران و هێزەکانی ئیتلاعاتەوە کراوە بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانان دەنوسێت، بەڵام کاربەدەستانی زیندان لەنووسینی ئەو نامە بێئاگایی خۆیان دەردەبڕن. (هێمن) بەندکراوی مەحکوم بەسێدارە لە نامەیەکیدا بۆ رای گشتتی، رێکخراو و دامودەزگا مەدەنی و مافی مرۆڤ سکاڵا لەسەر دەزگای ئیتلاعات، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و دەزگای دادەوەری تۆمار دەکات، و داوا لەو رێکخراوانە دەکات بە هانایەوە بێن. لە نامەکەیدا تیشك دەخاتە سەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە کە رووبەڕووی چ کردەوەیەکی نامرۆڤانە بووەتەوە:

١ ـ هەر رۆژ لێدان بۆ ماوەی چەند کاتژمێر

٢ ـ لەکاتی لێکۆڵینەوەدا هەر جۆرە زەخت و گوشاری رۆحی و رەوانی لەسەرم پەیڕەو دەکرێت.

٣ ـ لەسەرجەم لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکاندا هۆشیاری پێدراوە، ئەگەر سەرجەم وتەکانی کاربەدەستان قبوڵ نەکات ئەوا (برا، زاوا و بنەماڵەکە)ی بە خەباتی نایاسایی دژی رژێم تۆمەتبار دەکەن.

٤ ـ لێدان بە شەق و پێلەقە بە ئەندامە هەستیارەکانی لەشی و خوێنبەربوون ناو لەشی کە چواردە رۆژ درێژەی دەبێت.

٥ ـ بەهۆی لێدانی توند و ئەشکەنجەی قورسی لێکۆڵەران پێی راستی کە بە ئەندازەی (٨) سانتیە

برینـدار دەكـەن كـە وەك برینێـك لەسـەر پێـی دەمێنێتـەوە.
٦ ـ لێدان بەباتۆم و شینكردنەوەی سەرجەم ئەندامانی لەشی.
چەرمەسـەری یـان كوێـرەوەری گەنجێكـی كـورد لەچـی دایـە، بۆچـی بكرێتـە قوربانـی ناكۆكـی هێـزە خوێنمژەكانی كۆمـاری ئیسـلامی. بەڕێوەبەرایەتـی (ئیتلاعـات)ی شـاری (ورمـێ) لەبـەر ئـەوەی كـە بۆچـی شانسـی دەسـتگیر كردنـی (هێمـن) پشـكی سـوپا دەبێـت بەرچاویـان رەش و تاریـك دەبێـت، لـە بـەر ئەمـە پێیـان ناخۆشـە. ئیـدی لێـرەدا تۆڵـەی ناكۆكییەكانـی خۆیـان لەگـەڵ سـوپای پاسـداران بەسـەر هێمنـدا دەرێـژن، لەبەرامبەریـدا لەبەكارهێنانـی هەرچەشـنە كردەوەیەكـی دژەمرۆڤانـە سـڵ ناكەنـەوە. تاكـە رێگایـەك كـە بـۆی دەمێنێـت رێبـازی خۆڕاگریـە، ئـەم خۆڕاگریـە دەكاتـە قەڵغانـی بەرگـری لـە بەرامبـەر سـەرجەم ئـەو ئەشـكەنجانەی لەسـەری دەكرێـت. بـە لێدانـی هـەر باتۆمێـك، قامچـی، پێلاقە و مشـتەكۆڵێك، بـە هەمـوو هەوڵدانیـەوە ئیـرادەی بەهێزتـر و پتەوتـر دەكات دەیەوێـت جەسـتەی شـكێنراو زامـدار كـراوی لەسـەر پـێ بهێڵێـت تـا دەرفەتـی خۆشـحاڵی بـە خوێنمـژەكان نـەدات، رۆخسـاری لـە نـاو گۆمـی خوێنیشـدا هـەر بـە گەشـاوەیی بهێڵێتـەوە، دڵۆپێـك فرمێسـك لەچاوانـی نەبارێـت.
(هێمـن) ئیـدی لـەم قۆناغـەدا بـە پێویسـتی دەبینێـت لـە كاتـی لێپرسـینەوە و لێكۆڵینـەوەدا هەڵوێسـتی شۆڕشـگێڕانە نیشـانی ئەشـكەنجەگەران بـدات. ئیـدی لێـرەدا بـە رۆحـی (مەزلـووم دۆغـان و عەلـی چیچەكـەكان) خۆڕاگـری دەكات. دەبێتـە نـەوەی «بەرخـودان ژیانـە»، نـەوەی خۆڕاگـری (مەزلـووم وعەلـی چیچـەك)، دەبێتـە ئەسـتێرەی سـووری ئاسـمانی ئـاوی دەبێتە ئەسـتێرەی سـووری بەرخـۆدان دەبێتە سـمبۆلی ئازادیخـوازی گەنجانـی كـورد. چـون ئـەم خەڵاتـی شـەهید (خەیـری دورمـوش) بـۆ (عەلـی چیچـەك) دەبێتـە مزگێنـی سـەركەوتنی تێكۆشـانی نـاو بەندیخانـە رێبـازی خۆڕاگرەكانـی مێژوویـەك لەئاگـر بەبەخشـینی جەسـتەی گەشـاوە دەهێڵێـت.
ئیـدی دەزانێـت كـە لێپرسراو و لێكۆڵەرانـی رژێـم دوژمنـی ئـەون و بەهیـچ جۆرێـك نابێـت خـۆی رادەسـتی ئـەوان بـكات، لـەم كاتـەدا پێویسـت دەبینێـت گرێدراوبوونـی بـە ئامانـج، بەرنامـە و هێڵـی پارتـی نیشـانی داگیركـەران بـدات. لـەم قۆناغـەدا دەبێـت كـە متمانـەی بـە پارتـی و هەڤاڵانـی لەهـەر سـەردەمێك زیاتـر دەبێـت تـا لەبەندیخانـەدا خـۆی بەتەنیـا نەبینێـت، ئاسـتی ئیـرادەو بـاوەڕی كادیـری (ئاپۆیـی) لـە شـانۆی ئەشـكەنجەكراویدا نیشـان دەدات. رۆحـی بەرخـۆدان و تێكۆشـان پێشـانی داگیركـەران دەدات.
هێـزی دوژمنـی بەباشـی هەڵدەسـەنگاند و بێئـەوەی دوژمـن لـە هزریـدا گـەورە یـان بچكۆلـە بكاتـەوە بـە تەنیـا بەرامبـەر رژێمێـك رادەوەسـتا. بـە هیـچ هەڵوێسـتێكی دوودڵیانـەی مـوژدە و ئومێـدی بـە لاشـخۆرەكان نـەداوە، بەڵكـوو بـە هەڵوێسـتێكی بەئیـرادەوە و بـاوەڕی بەهێـزەوە شـەپۆلی ئەشـكەنجەی بێكاریگـەر كـرد. لـە بەرامبـەر بێئیرادەیـی ئەشـكەنجەگەران ئیـرادەی پۆلایـی پێشـدەخات و بـە هیـچ جۆرێـك رادەسـتی داخـوازی رۆحكێشـەكانی زینـدان نابێـت، لـە خوێنمـژەكان چاوەڕوانـی دادگـەری، رەحـم، ویـژدان و مێهرەبانـی نـاكات. ناكەوێتـە نـاو هـزری رزگاركردنـی خـۆی، چونكـە ئـەو وەك تاكێـك دەسـتگیر نەكـراوە، بەڵكـوو لـە كەسـایەتی ئـەودا مێژوویـەك دەسـتگیر و ئەشـكەنجە دەكرێـت. لەبـەر ئـەوەی سـەرجەم بەڵێـن و پەیمانەكانـی ئەشـكەنجەگەران لـەزەوی دەدات، چـۆن بەئـەوان دەڵێـت: «ئـەو بەڵێنانـەی بەمنـی دەدەن، پێویسـتە بەگشـت گەلـی كـورد بـدەن. كاتێـك گەلـی كـورد ئـەو بەڵێنـی درۆ و تەڵەكـەی ئێـوەی قەبـووڵا كـرد، ئـەو كاتیـش مـن قەبووڵـی دەكـەم، بـەڵام بـاش بزانـن گەلـی كـورد ئیـدی گەلێكـی وشـیار و بەئاگایـە، بـە گوتـەی بریقـەداری ئێـوە هەڵناخڵەتێـت، چـۆن ئـەو دەنگـی مـن لێـرە دەنگـی

ملیۆنـان گەنجـی ئازادیخـوازە کـە لەژێـر چەپۆکـی ئێـوەدا ئـاڵای خۆڕاگـری گەشـاوە دەکات».
لەبەرامبـەر جنێـو و دەمچەپەڵـی و وتـەی ناحـەزی ئەشـکەنجەگەران کاردانـەوەی نەبـوو، لەبـە ئـەوەی ئـەم کارەی بـەکاری مرۆڤـی لاواز و ترسـنۆك دەبینـی لەبـەر ئەمـەش ئـەو گوتانـەی جـددی نەدەبینـی. بـە بەڵگـەی ساختەی دەسـتی لێکۆڵـەران گرنگـی نـەدەدا و روبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ هیـچ کەسـێك قەبـوڵا نەدەکـرد. لـەو داوانانـەی کـە لێکۆڵـەران بۆیـان دادەنـا، خـۆی دەپاراسـت، بـە پێچەوانـەی پیلانەکانـی ئـەوان قسـەی زۆری نەدەکـرد، بـە گوێـرەی ئـەو بۆسـەی ئـەوان دایانڕشـتبوو و بـە پێچەوانـەوە بـە ئاقارێکـی دیکـە دەدروا.
ئـەو بۆسـەی کـە خوێنمژەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی بۆیـان داڕشـتبوو (هێمـن) بـە ئاگاییـەوە خۆی دەپاراسـت، چونکـە ئـەو بەسـاڵانە کـە بـە هـزر و میتـۆدی «بەرخـۆدان ژیانـە» گـەورە بـووە. فەلسـەفەی تێکۆشـانی (مەزلـووم دۆغـان و عەلـی چیچـەك) دەکاتـە هەوێنـی خۆڕاگـری نـاو بەندیخانـەی کۆمـاری ئیسـلامی.
پـاش (١٥٩) رۆژ ئـازار، شـڵەژاوی و ئەشـکەنجەی ژێـر چەپۆکـی هێزەکانـی (سـوپای پاسـداران) (٤٠) رۆژی دیکـە لـە مەکینـەی سـووڕانەوەی (ئیتلاعـات) ئەشـکەنجە دەدرێـت و بـە گشـتی لـەم مـاوەدا بـۆی جێـگای پرسـیار دەبێـت، بۆچـی کۆمـاری ئیسـلامی تـا ئـەو ئاسـتە لـە خەباتـی مەدەنـی و کۆمەڵایەتـی سـامی هەیـە؟ خەباتێـك کـە دەبێتـە هـۆی وشـیاری گەنجـان و نـەوەی نـوێ، بۆچـی سـام دەخاتـە نـاو دڵـی کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسـلامی؟ بۆچـی نابێـت کەسـێك مۆڵەتـی بیرکردنـەوەی بانـتر و جیاوازتـری لـە دەوڵـەت هەبێـت؟
لـە رێککەوتـی (٢٦)ی رێبەندانـی ١٣٨٨ مۆڵەتـی پـێ‌دەدەن تـا چـاوی بـە دادپـرس (مەردانـی) کـە دادپرسـی لقـی (٦) دادسـەرای گشـتی (ورمـێ)یـە بکەوێـت، لـەم چاوپێکەوتنـەدا تۆمـەت باربوونـی لەلایـەن دادپـرس (مەردانی)یـەوە بـۆ روون دەکرێتـەوە. ئیـدی لەهەمـان رۆژدا دەبێـت بـۆ بەندیخانـەی ناوەنـدی (ورمـێ) دەگوازرێتـەوە. لـەدوای ئەمانـەوە پـاش ماوەیـەك لەبەندیخانـە لەرێککەوتـی ١٣٨٨/٢/٢٨ لـە لقـی یەکـی دادگای شـۆڕش بـە سـەرۆکایەتی دادپـرس (دەرویشـی) دادپرسـی دەکرێـت.
دادپرسـییەکی بـۆ فەراهـەم دەکرێـت کـە نوێنەرانـی (سـوپا، ئیتلاعـات و داواکاری گشـتی) تێـدا ئامـادە دەبـن، پێـش ئـەوەی کـە داخوازنامـە دادپرسـی پـێ رابگەیەنرێـت هـەر سـێ دێوەزمـەی هـار، مۆڵەتـی قسـەکردنیان پـێ دەدرێـت و لەدادپـرس داوا دەکـەن سـزای بـۆ بڕێتـەوە. لـەو کاتـەدا دەبێـت تێـدەگات کـە سـزای داسـەپێنراوی بەسـەردا بڕاوەتـەوە ئـەو دادپرسـیەش جیـا لەدادپرسـیەکی رواڵەتـی و بووکە شووشـەیەك شـتێکی دیکـەی تێـدا نییـە، بـەو دادپرسـیە دادوەر تەنیـا لەبـەر ئـەوەی هەبوونـی خـۆی دەربـبڕێـت و دەربڕینـی هەبـوون لـەو دۆسـیەدا بـکات ئـەو مەحکەمـە رواڵەتیـە بەڕێـوە دەبـەن و بەگوێـرەی شـەریعەتی ئیسـلامی و یاسـاو رێسـاکانی رژێـم بەئامادەبوونـی تاوانبـار ئـەو تاوانـەی بەسـەردا بڕاوەتـەوە. بۆیـە لـەم دادپرسـیەدا تەنیـا چەنـد پرسـیارێکی سـەبارەت بەبیوگرافـی لـێ دەکـەن. مۆڵەتـی پـێ نـادەن کـە بـە هیـچ جۆرێـك بەرگـری لەخـۆی بـکات تاکـوو بەرامبـەر تۆمەتـە داسـەپێنراوەکانی بەسـەردا راوبۆچوونـی بـدات و یـان بـە ئـەرێ یـان نـا هەڵوێسـتی ئاشـکرا بـکات و بەرامبـەر ئـەو تاوانـە قورسـەی بەسـەریدا سـەپاندوویانە بەرگـری لەخـۆی بـکات. لەئەنجامـدا رۆژێـك دوای دادگاییکردنـی لەرێـگای پارێزەرەکەیـەوە کـە رژێـم هیـچ لەسـەر دۆسـیەکەی ئـاگاداری پـێ نـەداون و یاسـایەکی تایبـەت بـۆ (هێمـن) و پارێزەرەکـەی بەڕێـوە بـراوە، بڕیـاری سـێدارەی بـۆ دەبۆنـەوە.
هەرچەنـد بەپـێ یاسـای خـودی رژێـم سـەرجەم بڕیـاری دەرکـراوی سـەرەوەی (١٠) سـاڵا بەتایبـەت بڕیـاری لەسـێدارە پێویسـتە لەلایـەن (دیوانـی بـاڵای وڵات) پێداچوونـەوە بـۆ بکـرێ، بـەڵام ئـەو مافـە بـە

دۆسیەی هێمن ڕەوا نابینن و مۆڵەتی بەدواداچوونی لێ زەوت دەکەن. بڕیاری دادگا بۆ سەر لەنوێ لێکۆڵینەوەی دۆسیەکە دەدرێت بە دادگای پارێزگا، تا لەوێدا سەر لەنوێ بکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەوە. لە حاڵێکدا ئەم دادگایەی بڕیاری لەسێدارەی بەسەردا دادەسەپێنن بە هیچ شێوازێك دەسەڵاتی بەم دۆسیەیە نەشکاوە. بەهەر شێوازێك بڕیاری دادگای یەکەمین کە ڕەوانەی لقی (١٠)ی دادگای لێپرسینەوەی پارێزگا دەکرێت، هەمان بڕیار لەلایەن دادپرسەکان (جلیلزادە - محمدی - حسنلو و علیپور)ەوە پەسەند دەکرێت.

بڕیاری لەسێدارەدان بۆ بەدەزگای جێبەجێکار لە ڕێککەوتی (١٧)ی خەرمانانی ١٣٨٨ بۆ دەزگای جێبەجێکاری دادگای شۆڕشی ئیسلامی ڕەوانە دەکرێت، بەڵام بە هەوڵدانی بنەماڵەکەی و بەرپەرچی پارێزەرەکەی، دادگای پارێزگا دیسان بۆ سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە دۆسیەکە ڕەوانەی (دیوانی باڵای وڵات) دەکات. لە ئەنجامی بڕیاری کۆتایی (دیوانی باڵای وڵات) لەسەر بنەمای دۆسیەیەکی کەبۆیان دروست کردووە، ئۆمێد بە هەڵوەشانەوەی بڕیاری سێدارە نییە. ئیدی (هێمن) دەزانێت هەر چەشنە هەوڵدانێکی یاسایی دەرەوەی کات بەسەر بردن شتێکی دیکە نییە، چۆن سەرەتا و کۆتایی شانۆیەك کە بۆیان ئامادە کراوە، ئەو ئەگەرانەش لەبەچاو گیراوە.

پێش لەسێدارادانی (هێمن) داوا لەسەرجەم دامودەزگای مافی مرۆڤی جیهان دەکات و دەڵێت: «زیندانیانی سیاسی تەنیا لەتاراندا رانەگیراون، بەهەمان شێوە ژمارەیەکی زۆری زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی کوردستان و ژووری لێکۆڵینەوە نادیارەکاندا هەن. ئەو هەستیارییەی کە لەسەر زیندانیانی سیاسی لەتاراندا هەیە و بەتایبەت پاش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری چاودێرییەکی تایبەت لەسەر زیندانەکان دەکەن، ئەم مافەش پێویستە بە زیندانیانی سیاسی لە شارەکانی دیکەدا بدرێت».

لەبەردەوامیدا نامەکەیدا (هێمن) ڕەخنە لەسەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەگرێت کە زۆر بەکەمی باس لەبارودۆخی زیندانیانی سیاسی کورد دەکەن، (هێمن) داواکارییەکی خۆی وەها رادەگەنێت: «ئەو هەستیاریەی کە لەسەر زیندانیان لەتاراندا هەیە، پێویستە ئەو هەستیاریەش بەرامبەر زیندانیانی شارە کوردنشینەکان هەبێت. لەم داواکاریەی مندا تەنیا مەبەست لە (حسێن) نییە، زۆر کەسانێکی دیکە هەن کە بارودۆخیان لەمن نالەبارترە، پێویستە سەبارەت بە بارودۆخی گیراوانی سیاسی کورد رای گشتی جیهانی لێ ئاگادار بکرێتەوە «.

ئیدی (هێمن) دوای ئاگاداربوونی لە روونی بڕیاری لەسێدارەدان بەسەربەرزیەوە دەڵێت: «لەبەر ئەوەی کە مەحکوومی مردن دەکرێم، پەرۆش و دڵگیر نابم، چونکە وەك ئازادیخوازێك دادپرسی دەکرێم، ئەگەر لەسێدارەدانی من و هاوبەندەکانم بۆ نیشتمانەکەمان سوودمەند بێت، نە جارێك بەڵکوو چەندین جار مردن لەئامێز دەگرین، چونکە ئازادی بایەخی زیاتر لەمانە هەیە».

(هێمن) تەنیا بە ئەوە خەمبار دەبێت کە دەبێتە مایەی دڵگیری بنەماڵە و هەڤاڵانی، لەبەر ئەوەی داوای لێبووردن لەبنەماڵەی دەکات و دەڵێت: «ئاواتەخوازم بنەماڵەکەم لێم ببوورن، لەبەر ئەوەی دەسقەرزیم وەکو منداڵێك و برایەك بۆ ئەوان بەجێ نەهێناوە، بەڵام لەبەرامبەریدا ویستم ئەم دەسقەرزەم بۆ نەتەوەکەم بەجێبهێنم و ببمە منداڵی گشتی کۆمەڵگا، تا بەم رەنگە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بزانێت کە ئیدی گەنجانی کورد لەمردن سامیان نییە، چونکە ئازادمردن جوانتر و بەنرختر لەنۆکەری و کۆیلایەتی. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و هێنانەدی داواکاریەکانمان تا دوا هەناسەمان خۆڕاگری و تا دوا دڵۆپی خوێنمان تێکۆشان دەکەین. ئێمە گەنجانی کورد بەخۆڕاگری دەمرین، بەڵام

**سـووکایەتی و دەسـتدرێژی هیـچ کاتێـك لەسـەر گـەل و نیشـتمانەکەمان قبـوڵ ناکەیـن».**

**٢٠١٣/١/٣١**

**گارە ـ چاپەمەنی**

## ◆ لەسێدارەدانی ئازادی

لـە ڕێککەوتـی ١٠ی خەرمانانـی ١٣٨٧ تـا ڕۆژی ١ی بەفرانبـاری ١٣٨٩ هێمـن ڕۆمانێـك لـە بەندیخانـەی تاریکـەوە بـە دڵـۆپ دڵۆپـی خوێنـی گـەرم و گـوڕی ژێـر ئەشـکەنجە دەنووسـێت. ڕۆمانێـك کـە گەورەتریـن و تراژیدیاتریـن شـانۆی ژیانـی تێدایـە، ڕۆمانێـك کـە لـە نووسـینی هـەر ڕستەیەکیدا بـە نرخـی لەدەسـتدانی گیانـی تـەواو دەبێـت. ڕۆمانێـك کـە لەنـاو دەریـای ئەشـکەنجەدا گـەورە دەبێـت و لەنـاو سـەرما و سـۆڵە، گەرمـا و تۆقانـدن و ئەشـکەنجە چەکـەرە دەکێشـێت، ئـەو ڕۆمانـە لەگـەڵ دێوەزمەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ململانـێ دایـە.

سـەماکەرێکی ئـازادی زیاتـر لـە (٢٤٠) ڕۆژ بەدەسـت و پێـی کەلەبچەکـراوی لەنـاو بەندیخانـەی تاریکـدا سـەمای خۆڕاگـری بـە ئەوینـەوە دەگێڕێـت، بـە هەناسـەبڕکێی ژێـر ئەشـکەنجە تۆخمـی ڕەنـج دەپاشـێنێت، بەدەنـگ و ئـازاری قامچـی، باتـۆم، شـەق و هـەر مستەکۆڵێك چەشـنەیەك لەسـەمای ئـازادی دەخوڵقێنێـت. بـە گوێـرەی هـەر ڕێبازێکـی ئەشـکەنجە سروودێکـی ئـازادی دەخوێنێـت، بـە هـەر ئەشـکەنجەیەك بلوێـری ئـازادی لێـدەدات، بـە گوێـرەی هـەر دەردێـك دەرمانێـك دەچێنێـت.

لـە نـاو چاڵەڕەشـەکانی کۆمـاری سـێدارە ئاگـری ئـازادی گەشـاوە دەکات، لەنـاو هەورەڕەشـە تاریکەکانـدا وەك ئەسـتێرەیەکی تیشـکدار دەدرەوشـێتەوە. وەك ژیلەمۆیەکـی مێژوویـەك لەئاگـر، ئاگـر دەگەشـێنێتەوە. نزیکـەی (٣)ی سـاڵ لەژێـر چەپۆکـی خوێنمژەکانـی ڕژێمـی سـێدارە نەمامـی ئـازادی ئـاو دەدات. لەژێـر هـەرا و هـورای دێوەزمـەکان مۆسـیقای ئـازادی دەژەنێـت، لەنـاو چاڵەڕەشـەکانی کۆمـاری سـێدارە قـەڵای خۆڕاگـری داگیرسـاوە دەهێڵێـت. لەنـاو زیندانـی تاریکـی کۆمـاری سـێدارەدا پڕیشـکێك سـەرهەڵدەدات، لەنـاو دەشـتی ئەشـکەنجە و بیابانـی بێبـەردا موزیکـی دادپـەروەری دەژەنێـت، بەرامبـەر مەکینـەی پشـکنینی بیـروڕای کۆمـاری سـێدارە دەریـای زانسـت رادەخـات.

کاربەدەسـتانی ڕژێـم هـەر لـە سـەرەتای دەسـتگیر کردنیـەوە دەیانەوێـت بـە ئەشـکەنجە گڵۆپـی ڕووناکـی لەنـاو دەریـای تاوانیـان کـوژاوە بهێڵـن تـا ماسـکی لەسـەر دەریایـەك لـە تاوانـی کۆمـاری سـێدارە دانەماڵێـت. بـە خوراندنـی لەنـاو مەیدانـی (ئارانـا)ی کۆمـاری تـرس دەیانەوێـت بێهێـز و بێتینـی بکـەن. گورگـە چاوچنۆکـەکان تـا هێـز و توانایـان هەیـە ئێسـك وپروسـکی دەهـاڕن و لـە ئەنجامـدا جەسـتەی بێڕۆحکـراوی پێشکەشـی زۆحاکـەکان بکـەن.

مانـەوەی گەنجێکـی دەسـت و پـێ کەلەبچەکـراو لەنـاو چنگـی دەوڵەتێکـی وەك کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دەبێـت، چەندێـك دژوار و دڵگـران بێـت؟! گەنجێـك کـە بەتـاق و تەنیـا لەچاڵەڕەشـەکانی کۆمـاری تـرس غەڵتانـی خوێـن بکرێـت و لەنـاو دەریـای تاوانـی کۆمـاری سـێدارە پەلەقـاژەی پـێ بکرێـت، دەبێـت هانـا بـۆ کـوێ بەرێـت؟ کـێ بەهانایـەوە دێـت؟ لـەو ساتەوەختانەدا جیـا لەپشـت بەسـتن بەهێـز و ئیـرادەی خـۆ بـۆ کـێ هانـا ببـات؟ ئەگـەر مـرۆڤ ئیـرادە و بـاوەڕی بەهێـزی نەبێـت تووشـی چ چەرمەسـەرییەك دەکرێـت؟

دەوڵەتێـك ئـەو هەمـوو ئیمـکان و دەرفـەت دەخاتەگـەڕ تـا ئەسـتێرەیەکی ئاسـمانی ئـاوی ڕاکێشـی چاڵەڕەشـەکان بـکات و بـە چەکوشـی سـتەم دایبمرکێنێـت. بـەڵام بـە کوژاندنـەوەی سـەدان ئەسـتێرەی درەوشـاوەی کوردسـتان تـا ئێسـتا چ ئەنجامێکـی بەدەسـت هێنـاوە؟ ڕژێمێـك کـە بەجێـگای ئـەوەی پەنـا باتـە بەرچارەسـەری بنچینەیـی بۆچـی دەبێـت پەنـا باتـە بـەر توندوتیـژی و تۆقانـدن؟ بـە توندوتیـژی و تۆقانـدن ڕژێـم پێویسـتە ئـەوە بزانێـت تـا چەندێـك دەتوانێـت ئاسـمانی ئـاوی بێئەسـتێرە بهێڵێـت؟ تـا چەندێـك دەتوانێـت ڕۆخسـارە گەشـاوەکانی باخەڵـی ئاسـمانی ئـاوی کـوژاوە بـکات؟ بەڕاکێشـانی گەنجـان

بـۆ نـاو چاڵەڕەشـەکانی کۆمـاری سـێدارە چەندێـك دەتوانێـت نەتەوەیـەك رازی بـکات کـە دەسـت لـە تێکۆشـان و ژیانـی ئازادیـان بەربـدەن؟ بـە لەسـێدارەدانی نـە یـەك، نـە دە و نـە سـەدان ئەسـتێرە، ئایـا رژێـم دەتوانێـت درەوشـاوە و گەشـاوەبوونی ئاسـمانی ئـاوی بشـارێتەوە؟ ئایـا رژێـم تـا ئێسـتا ئـەو راسـتییە نابینێـت کـە بـە لەسـێدارەدانی یـەك ئەسـتێرە سـەدان ئەسـتێرەی دیکـە جێگەیـان پڕکردووەتـەوە و نـاوی ئـەو ئەسـتێرە جوانەیـان لەسـەر خـۆ دانـاوە و لەنـاو مێـژووی گەلـی کورددا کـراون بـە سـەمبۆلی خۆڕاگـری و سـووربوونی رژێـم لەسـەر بەردەوامبوونـی ئـەم رێبـازەی ئیـدی، تـا چ ئاسـتێك دەتوانێـت سـەرکەوتوو بێـت؟ ئایـا جیـا لـە رێبـازی توندوتیـژی و کوشـتن ناتوانێـت لەگـەڵ رێگایەکـی دیکـەدا خـۆی بگونجێنێـت؟
هێمـن دەنـگ و نـەوای یەکێـك لـەو ئەسـتێرانەیە کـە سـام و تۆقاندنـی کۆمـاری ترسـی تێکشـکاند، یەکێـك لـەو گەنجانەیـە کـە بـۆ ژینـی ئـازاد مردنـی شـکۆمەندانەی بەئامێـز گـرت، داگیرکـەری و بەکرێگیراوییەتـی لەنـاو دەریـای تاوانـی رژێمـی لـەت لـەت و بێکاریگـەر کـرد، مەیدانـی (ئارنـا)ی رژێـم کـە مەیدانـی مـردن و تەسـلیمیەتە، دەیکاتـە مەیدانـی تێکۆشـان و خۆڕاگـری. سـێ سـاڵ لەژێـر دژوارتریـن بارودۆخـی ژیانیـدا چاوەڕانـی مـردن دەبێـت، بەگوتەیەکـی کـە بڵێـت: مـن پەشـیمانم، ئاڵوگۆڕێکـی فـراوان لـە بڕیـاری خوێنمژەکانـی کۆمـاری سـێدارە دروسـت دەبێـت، بـە جێـگای لەسـێدارە خۆشـترین ژیانـی نـاو کۆشـکی کوێلەتـی بـۆ رادەخـەن، بـەڵام ئـەو بـە ژیانـی شـکۆمەندانەی دۆزەخـەواری چاڵەڕەشـەکانی کۆمـاری سـێدارە کـە جیـا لەخوێنمـژەکان بوونەوەرێکـی دیکـەی تێـدا بـەدی ناکرێـت رازی دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی سـفرەی ئـازادی لەهزریـدا راخـراوە، خـۆی بەئاڵاهەڵگـری ئـازادی و دیموکراسـی دەبینێـت، دەیەوێـت تـا دوا هەناسـەی ئـاڵای ئـازادی شـەکاوە بهێڵێـت.
لەمـاوەی رەوانەکردنـی بـۆ زینـدان و ئاگادارکردنـەوەی لـە بڕیـاری لـە سـێدارەدانی ترسـێك ناخاتـە نـاو دڵیـەوە، بـە مـوراڵ و بـاوەڕی گەنجانـە بوونیـەوە ژیانـی کەلەبچەکـراوی دەسـت پـێ دەکات، بـە هەمـوو توانایـەوە بەرەنـگاری ژیانـی کەلەبچەکـراوی دەبێـت و بـە قاقـای پێکەنین و دواندنـی لەگـەڵ هاوبەندەکانی کەلەبچـەی دەسـت وپـێ دەپچڕێنێـت. کەلەبچـە دەسـت وپێـی گـرێ دەدات، بـەڵام زمـان و بیـروڕای کـراوە دەبێـت. هـەر چەنـد دەیتەزێنـن و ئەشـکەنجەی دەدەن، بـەڵام لـە دەربڕینـی بیروڕامانـی ئازادیـدا درێـخ نـاکات. لـە بەندیخانـەدا ئیـدی دەبێتـە پەپوولەیـەك کـە لەتینـی سـووتێنەری ئاگـر سـامی نامێنێـت، بـە ئەوینـەوە بـە دەوروبـەری ئاگـری بەتینـی مـردن سـەما دەگێڕێـت، ئـەوەی لـە هێـز و توانایـدا هەبێـت بـۆ هاوبەندەکانـی حەقیقـەت ئاشـکرای دەکات، لەسـەر راسـتییەکان بۆیـان دەدوێـت، تـا بـۆ سـەرکەوتنی دۆزی رەواکەیـان تێکۆشـان بکـەن.
هێمـن گەنجێکـە کـە تـا دوا نەفەسـی ژیانـی لـە هیـوا و ئۆمێـد لـە ژیانـی ئـازاد دانابڕێـت، بـۆ ئـەوەی بەسـەربەرزییەوە گیـان لەدەسـت بـدات و بـە ئـازادی ژیـان بەسـەر ببـات. لـە بەندیخانـەدا دەخوێنێـت و ئـەوەی کـە فێـر دەبێـت و دەزانێـت بـە هاوبەندەکانـی پێشـکەش دەکات. لـە بەندیخانـەدا دەبێتـە فێرکـەری بوێـری و بەرخـۆدان، ئـاڵای تێکۆشـان رادەسـتی هەڤاڵانـی دەکات. لەسـەر ژەمراخـی هەڤاڵێتـی، هونـەری ژیانکـردن فێـری بەندکراوەکانـی دەکات و مـوراڵ و ورەی تێکۆشـان پـێدەدات. لەمـاوەی قۆناغـی بەندکراویەتیـدا لەگـەڵ هـەر چاوپێکەوتنێکـی کـە لەگـەڵ پارێـزەر و یـان بنەماڵەکـەی دروسـت دەبـوو، دەیگـوت: «بڕیارێـك کـە بەسـەرمدا سـەپێنراوە پێـی سـەربەرزم، لەبـەر ئـەوەی لـە رێـگای مافـی رەوای نەتەوەکـەم لەسـێدارە دەدرێـم و بـە لەسـێدارەدانی مـن و هاوشـێوەکانی مـن مەرگـی رژێـم نزیـك دەبێتـەوە و بـەو رەنگـە رژێـم بەدەسـتی خـۆی گـۆڕی لەنـاو چوونـی خـۆی دەکۆڵێـت، بەکوژانـەوەی هـەر

ئەستێرەیەك رژێم رۆژەنەیەكی بەختەوەری لەبەرامبەر خۆیدا تاریك دەكات.» دەیەوێت ئەو پەیامە بەداگیركەران بدات، گەنجانی كورد ئیدی گەیشتوونەتە ئەو ئاستە بەبوێرییەوە بەرەنگاری هێزە داگیركەرەكانی كۆماری سێدارە دەبنەوە. بەسێدارەش دەست لە رێبازی رەوایان بەر نادەن، بەڵكو هەر لەسێدارەدانێك دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی لافاوی رق و تۆڵە و نەفرەتی گەل بەرامبەر رژێم.
هێمن لە بەندیخانەی تاریكی رژێمدا دەبێت تراژیدیایەكی دیكە لەناو رۆمانی ژیانیدا چەكەرە دەكات، پەیامی گیان لەدەستدانی باوكی پێ رادەگەیەنرێت، باوكێك كە بەهۆی سناریۆی دارێژراوی لەسێدارەدانی (هێمن) لەلایەن كاربەدەستانی رژێمەوە تووشی جەڵدەی مێشك دەبێت. ئەوان بە باوكی (هێمن)یان گوتبوو كە كوڕەكەیان لەسێدارە داوە لە كاتێكدا تەنیا بۆ هەڵخلەتاندن و تەسلیم گرتن و ئەشكەنجەدانی بنەماڵەكەی ئەوەیان بڵاو كردوەتەوە. باوكێك كە بەساڵان لەچاوەڕوانی دیتنی منداڵێك دەبێت كە لەلانكۆڵەی ئازادی دایكایەتی مەزن ببێت، بەڵام ئەو باوك كە لەدرێژایی ژیانیدا لەناو چەرمەسەری و دژواریدا ژیان بەسەر دەبات، لە دووری منداڵەكەی لە لانكۆڵەی ئازادیدا رەنج دەكێشێت. هەر لەسەردەمی منداڵییەوە بەهۆی بارودۆخی ژیانی دوور لە ئامێزی دەبێت، كاتێك جگەرگۆشەكەی منداڵ دەبێت ئەو لەناو بەندیخانەی كۆماری ترسدا ئەشكەنجە دەكرێت، بەهۆی پەیوەندی بە پارتێكی كوردی و ئەندامبوونی لەو پارتەدا چەندین ساڵ سزای زیندانی بەسەردا دادەسەپێنرێت. پاش ئازادبوونی بەهۆی پێداویستی ژیانی و وەیلانی كرێكاری بۆ ئەم شار و ئەو شار باوك و دایك بە پێی ویستی دڵیان ناتوانن رۆڵەكەیان لەئامێز بگرن.
ئەو منداڵەی كە بە حسرەتی بینینی ئەون، بە پەیوەستنی بۆ ناو ریزەكانی گەریلا بە ساڵان لە پەڕۆشیدا دەبن، بەهۆی هەلومەرجی شۆڕش باوك و دایك ناتوانن بە بەردەوامی جگەرگۆشەكەیان لەئامێز بگرن. لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا باوك و دایكێ كە بەحسرەتی دیتنی رۆڵەكەیان ژیان بەسەر دەبەن، بۆ جارێك دەتوانن لە ئامێزی مەڵبەندی ئازادی (هێمن) لەئامێز بگرن. ئەم لەئامێزگرتنەیان وەها بوو كە باوك و دایكی دەیانگوت ئیدی یەكدی نابیننەوە، تا لەئەنجامدا بەدەستگیركردن و زیندانی كردن و داسەپاندنی بڕیاری لەسێدارە ئاخ و داخی دایك وباوكێك كە بەساڵان لە چاوەڕوانی لە ئامێزگرتنی منداڵەكەیان دەبن، پاش (٨) مانگ لەژووری تاكەكەسی لە ژێر مەنگەنەی ئەشكەنجەی هێزەكانی سوپا و ئیتلاعات كە تەنیا ئێسقانی ماوەتەوە بۆ (٥) خولەك لە ئامێزی خەیاڵیاندا دەیگوشن.
كۆماری سێدارە بە هۆی سەپاندنی بڕیاری سێدارە بە سەر (هێمن) دەبێتە هۆی ئەوەی كە باوكی جەڵتەی دڵ لێی بدات و لەئەنجامدا گیان بەخت بكات. باوكێك نایەوێت مەرگی كوڕەكەی پێش مەرگی ئەو بێت، باوكێك كە نایەوێت رۆژی لەسێدارەی جگەرگۆشەكەی ببینێت. توانای دیتنی ئەو رۆژەی نابێت كە هەواڵی لەسێدارەدانی كوڕەكەی پێ رادەگەیەنن، شاهیدی ئەو رۆژە بێت كە لەپێش چاوانیدا رۆڵەیەكی بێتاوان لەسێدارە بدرێت. رۆخساری دەمكراوە و گەشاوەی كوڕەكەی بەدامركاوی و سیسی ببینێت.
(هێمن) لەمەڵبەندی یەكەمین دایكبوونی واتا (ورمێ) دەكەوێتە ژێر توندترین و دژوارترین شێوازی لێپرسینەوە و لێكۆڵینەوە. لە مەڵبەندی چەكەرەكێشان و سەرهەڵدێرییەوە بڕیاری لەناوبردن و لەسێدارەی بەسەردا دادەسەپێنرێت، لەناو لانكۆڵەی منداڵیدا دەخنكێنرێت، لەئامێزی گەرمی نیشتمانەكەی لەسێدارە دەدرێت، لەمەڵبەندی دونیای منداڵیەتی لەناو خەیاڵی منداڵیەتیدا لەسێدارە

دەدرێت، لەشاری فێرگە و رەنج لەسێدارە دەدرێت. کۆماری سێدارە بەم پەیامەی دەیەوێت ئەوە بە گەلی کورد رابگەیەنێت، ئەگەر دەروەی یاسا و رێسای دیاریکراوی رژێم جموجۆل بکەن، لەناو لانکۆلەی مەزن بوونتاندا دەرفەتی هەناسە کێشانتان لێ دەبڕم، لەئامێزی دایکتاندا دەتان خنکێنین. بۆیە هێمن یەکێك لەو نمونە گەنجانەیە کە لەئامێزی لانکۆڵەی دایکیەوە لە سێدارە دەدرێت، ئەو بە بەردەوامی بە خوێنمژەکانی کۆماری سێدارە دەڵێت: «دەتانەوێت بە ئەشکەنجە، تۆقاندن و سام گەلی کورد لەسەر ریشەی مێژووی راستەقینەی وشك و بن بڕ بکەن، مەڵبەندی پڕ پیت و بە بەرەکەتی لانکەی شارستانی بە دەشتی بێخێر و بێبەرەکەت بگۆڕن، بەڵام باش بزانن کە ئیدی رۆڵە قارەمانەکانی کورد ئیدی لە کەلەبچە، تۆپ و شەستیر و مەنگەنەی ئەشکەنجە سامیان نییە.» ٦ رۆژ لە ساڵی نوێ زایینی تێپەڕ دەبێت، پێ هەڵدەنێتە ساڵێکی نوێ و ساڵێك بە تەمەنی زیاد دەبێت، دەیەوێت قەڵەمبازی بەرخۆدان گەشاوەتر بکات. هەر کەس شایی پیرۆزبایی سەری ساڵی میلادی دەگێڕێت، کۆماری سێدارەش بە لەسێدارەدانی گەنجێك پیرۆزبایی لەگەلی کورد دەکات. دەرفەتی شایی و ئاهەنگێڕان بەگەلی کورد نادات. (هێمن) لەناو شایی خوێنمژەکاندا دەخنکێنێت تا لە ئەنجامدا لە رێککەوتی ١٦ی بەفرانباری ١٣٨٩ بەرامبەر (٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١١) لەبەرەبەیانی ئازادیدا لەسێدارە دەدرێت. واتا لە چەند رۆژی مانگی یەکەمی وەرزی زستان دایە کە ویژدانە بەستەڵەککراوەکانی کۆماری سێدارە ژیانی گەرم و گوڕی (هێمن) لەناو ساردی ویژدانەکانیاندا ون دەکەن. شەپۆلی سەهۆڵبەندی زستانانە لە بەر گەرمایی ناو کوردستان دەپۆشن. پاش ئەم رووداوە دڵتەزێنە گەلی کورد بە پێشەنگایەتی گەنجان لە هەر چوار بەشی کوردستان بە مەشخەلی ئازادی ویژدانە سەهۆڵەکان دەتوێننەوە و گەرمایی خۆڕاگری (هێمن) شاباشی گەلەکەیان دەکەن. کۆماری ئیسلامی بەم کردەوەی دادپەروەری و یەکسانی لەسێدارە دەدات. دەنگی چەوسێنەران و رەنجدەران بە پەتی سێدارە دەخنکێنێت، مێژووی خاوێن و بێگەردی رەنج و زەحمەتی لەسێدارە دەدات، ئیرادەبوون و سەربەخۆیی بەپەتی سێدارە دەخنکێنێت.

ئەوەی جێگای باسە (هێمن) بەتۆمەتی دژایەتی خودا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەسێدارە دەدرێت. شایانی باسە حوکمی لەسێدارەدانی (هێمن) پاش دەستبەسەر کردنی لە ژووری لێکۆڵینەوەی کۆماری سێدارە کە بۆ ماوەی (٨) مانگ لە زیندانی تاکەکەسی دەمێنێت و پاشان رادەستی زیندانی ناوەندی (ورمێ) دەکرێت و لە ساڵی ١٣٨٧ بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت. (هێمن) لە دانیشتنێکی (٧بۆ ٨) خولەکیدا کە یەکەمین و ئاخرین دانیشتنی پێداچوونەوەی بەتۆمەتەکانی دەبێت بە ئامادەبوونی نوێنەری دادستان (سەردۆزگەری) و نوێنەری ئیتلاعات لە لقی یەکی دادگای شۆڕش دادگایی دەکرێت. لەدانیشتنێکدا کە پارێزەرەکەی ئامادە دەبێت، نە مافی پاراستن بە پارێزەرەکەی و تەنانەت بە خۆیشی نادرێت. سەرەڕای ئەوەش لەهەمانکاتدا لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە پارێزەرەکەی هۆشیاری پێ دەدرێت کە بە چ بوێرییەك لە کەسێکی دژە شۆڕش بەرگری دەکات.

ئەو تۆمەتانەی کە لە کەیفەر خواستدا (داخوازنامە) لەسەر (هێمن) راگەیەندرابوو، ئەویان بە کەسێکی موحارب واتا ئەو کەسێکە کە چالاکی چەکدارانەی دژی رژێم کردووە و تەنانەت بە کوشتنی سەربازێکی هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٨٣ تۆمەتبار و سزا دابوو. تەنانەت کۆمەڵێك تۆمەتی دیکە کە رۆحی (هێمن) ئاگای لێ نەبووە. کاربەدەستانی رژێم لە ماوەی ئەو (٨) مانگەدا

لە ژووری لێکۆڵینەوە بەدەست و پێی کەلەپچە و چاوبەستراوییەوە رایانگرتبوو، پەنجەکانی لەسەر ئەو کاغەزانەی کە تۆمەتەکانی (هێمن)ی لەناودا تۆمار کرابوو، دادەنێن تا بەو رەنگە رابگەیەنن کە ئەو تۆمەتەکانی داسەپاو بەسەریدا قەبووڵ کردووە.
کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی رایدەگەیەنن کە لە زیندانەکانی ئێراندا هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەك بەکار نابردرێت، هیچ جۆرە کردەوەی نامرۆڤانە ئەنجام نادرێت، ئەوەش بەپێچەوانەی ئەمەوەیە کە (هێمن) بۆ ماوەی (٨) مانگ لە زیندانی تاکەکەسی رادەگرن، تەنانەت (٦) مانگ لەدەستی سوپادا دەبێت و دواتر دەدرێتەوە بە ئیتلاعات و ئەوانیش دوو مانگ لەژێر سەختترین ئەشکەنجەدا لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی لەسەر دەکەن تا کۆمەڵێك بەڵگە بەچاوبەستراوی واژۆ بکات. لەسەر ئەو بنەمایەی سەرجەم تۆمەتەکانی خراوەتە پاڵی پەسەندی کردووە و تەنانەت ئەوە واژۆ بکات کە هێزەکانی رژێم هیچ جۆرە کردارێکی ناشایستی لە بەرامبەردا ئەنجام نەدراوە. (هێمن) بۆخۆی وتوویە: «هیچ کات رۆخساری لێکۆڵەرەکانی نەبینیوە چونکە بە درێژایی ئەو (٨) مانگە لەکاتی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە چاوبەستراو بووم».
پاش کۆتایی هاتن و سەرنەگرتنی سەرجەم رێ و رێبازەکانی نارەزایی هێمن، پارێزەر و بنەماڵەکەی لەسەر داسەپاندنی سزای لەسێدارە، دۆسیەکەی بۆ دەزگای جێبەجێ کاری سزاکانی (ورمێ) رەوانە دەکرێت و ئەوەی بۆ هێمن ماوەتەوە تەنها چاوەڕوانی سێدارە دەکات. لەبەر ئەوەی (هێمن) بەتاوانی ئەندام بوون لە PJAK کە دژی ئاسایشی نەتەوەیی بووە، لە لایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی ئیسلامی (ورمێ) و بە ئەرێکردنی لقی (١٠)ی دادگای دووبارە پێداچوونەوە (تجدید نەزەر) پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا و ئەرێ کردنی ئەم سزایە لە لایەن لقی (٣١)ی دیوانی باڵای وڵات بە لەسێدارە سزا دەدرێت.
رادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەواڵێکدا تۆمەتەکانی (حسێن خزری) بە «بەشداری لە چالاکی چەکدارانە و کوشتنی یەکێك لە سەربازە هێزە ئەمنییەکان لە پاسگای سەر سنوور بەناوی (گول شێخان)ی (ورمێ) لەساڵی ١٣٨٣ تاوانبار دەکات.» هەر چەند (حسێن) پێشتر سەرجەم ئەو تاوانانەی رەدکردبووەوە و لەدیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاماژەی بەهەوڵەکانی کاربەدەستانی وەزارەتی ئیتلاعات دابوو کە دەیانەوێت بەزۆر دان بەو تاوانانەدا بنێت و لەتەلەفزیۆندا رایبگەیەنێت.
هێزەکانی رژێم بە لەسێدارەدانی (هێمن) دەیانەوێت بە هێرش و پەلامارە دڕندانەکەیان جەژنی خۆڕاگری و سەرکەوتن ئاوێتەی مەراسیمی شیوەن و زاری و بێ هیوایی گەلی کورد بکەن. سەری ساڵا کە بڕیاری ساڵی سەرکەوتن دەبێت بەرەورووی شکستی دەکەن. کۆماری سێدارە لەسەری ساڵدا کە سەرەتای شایی و ئاهەنگگێڕان و داڕشتنی پلان نامەی ژیان و تێکۆشانی یەکساڵەیە، ئاوێتەی خەمباری و شیوەن و زاری، بێهیوایی و تێکشکاندنی ئیرادە، تۆقاندن و سام، لەسێدارەدان، سەرکوت و دەستگیرکردن رژێمی ترس بەرپا دەکات. بە لەسێدارەدانی گەنجانی کورد خۆیان سەرخۆش بە ستەم و زۆرداری دەکەن تا بە لەسێدارەدانی گەنجانی کورد ئۆقرە و ئارام بگرن. بە لەسێدارەدانی گەنجێکی کورد دەرفەت بەگێڕانی جەژنی سەرکەوتن بەگەلی رەنجدەری کورد نەدەن و هیوای ئازادی و تێکۆشانی گەل بشکێنن و سیاسەتی داگیرکاری و چەوسانەوە بەسەر گەلی کورد دابسەپێنن.
ئەمڕۆ شاهیدی ئەوەین کە لەناو بەندیخانەکانی کۆماری سێدارە گەنجان لەژێر زەخت و زۆری و ئەشکەنجە دان، بێدادگایی کردن دەکوژرێن و لەسێدارە دەدرێن. چۆن (هێمن) دەڵێت:»داگیرکەران

دەیانەوێت ئیرادەی گەلی کورد تێکبشکێنن، لەلایەک بانگەوازی تەسلیمیەت بۆ گەریلا و تێکۆشەرەکانی کورد دەکەن و لەهەر لایەکەوە گەنجانی کورد دەکوژن. بێدادگایی و بێ لێپرسینە زیندانیان دەکەن. بێ ئەوەی کە بنەماڵەکەی ئاگادار بکرێتەوە دەیانکوژن و بە نهێنی تەرمەکەیان دەشارنەوە و سەر گۆڕەکەیان چیمەنتۆ دەکەن. ئەمانە هەموو پەیامێکن کە بە گەلی کورد دەدەن. دەیانەوێت ئەو پەیامە بدەن کە لە پاکتاوکاری ئێوە دەست بەرنادەین. کاتێک کۆماری سێدارە یەکەمین کادیری (PKK) بەناوی (حەسەن حیکمەت دەمیر) ناسراو بە (عەگید) لەسێدارە دەدات، دەیەوێت چیمان پێ بڵێت. ئەگەر دەست لەتێکۆشانی ئازادیخوازی لە ئێران بەرنەدەن، پاکتاوتان دەکەین».

لەمێژووی سێدارەی مرۆڤە تێکۆشەرەکانی کورد بە لەسێدارەدانی (قازی محەمەد و هەڤاڵانی) پەیامی پەرتەوازی و تێکچوونیان بەگەلی کورد دا. بە لەسێدارەدانی (شێخ سەعید پیران و هەڤاڵانی) پەیامی تێکشکاندنی هێز و دامرکاندنی تێکۆشانیان بەگەلی کورد دا، بە لەسێدارەدانی (لەیلا قاسم) وزەی گەرمی گەنجانی شۆڕشگێڕی زانکۆکانیان دامرکاند، بەڵام بە بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر (ڕێبەر ئاپۆ) سەرهەڵدان و شەپۆڵی نارەزایی بەسەریاندا شکایەوە. ڕۆحی نەتەوەیی و یەکێتی گەلی کورد ئاوا دەکات نەوەی تۆڵەسەندنەوە پێک دێنێت. (هێمن) تیشکی سەرهەڵدان و شەپۆڵی نارەزایی گەلی کوردە. دڵۆپێک لە نەوەی تۆڵەسەندنەوەیە، بۆیە بە لەسێدارەدانی (هێمن) گلۆپی یەکێتی نەتەوەیی گەنجان گەشاوەتر و ئاڵای تێکۆشان شەکاوەتر کرا.

ئەمڕۆ واتا تا کۆتایی ساڵی (٢٠١٣)، (کاتی نووسینی ئەم پەڕتووکە) لەبەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لە (٢٩) گیراوی سیاسی دەستگیر کراون و چاوەڕوانی لەسێدارەن، کۆماری سێدارە هەر یەک لە ڕۆڵە قارەمانەکانی کورد بە تاوانێکی هاوبەش کە: «ئێوە کوردن»، لەسێدارە دەدات. ئایا ئەم کردەوەی ڕژێم بەردەوامی سیاسەتی چەپەڵا و شۆڤینیانەی دەوڵەتە دوا لەدوا یەکەکان نیشان نادات؟ کۆماری سێدارەش لەژێر هەمان عەقلیەتی شۆڤینی دەوڵەتە داگیرکەر و فاشیست پەرەستەکان چەکەرە دەکات. لە مێژووی بزاڤی (ئاپۆچێتی)دا تەنانەت دەوڵەتی تورکیا گەریلایەکی کوردی لەسێدارە نەداوە، بەڵام کۆماری سێدارە مێژووی خوێناوی و فاشیستانەی سێدارە بە لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد بۆ خۆی تۆمار دەکات.

کاتێک (هێمن) لەسێدارە دەدرێت لەکەسایەتی ئەودا هێزی دەستپێشخەری گەنجان لەسێدارە دەدرێت. لەبەر ئەوەی ئەندامی کوردیناسیۆنی (KCR)یە، ڕژێم دەیەوێت پەیامێکی بەو ڕەنگە بدات کێ بەڕێوەبەرایەتی ڕاپەڕینی گەنجان بکات، کۆتایی ژیانی لەسێدارەدان دەبێت. بۆیە بەم پەیامەی دەیەوێت لەکەسایەتی (هێمن)دا نەوەی ڕاپەڕینی نوێ لەسێدارە بدات. هێزی ڕێکخستنکردن و یەکێتی گەنجان پەلکێشی سێدارە بکات و کۆتایی بە نەوەی سەرهەڵدێر و ڕاپەڕینەری کورد بێنێت. هێڵی زەردەشتییەکان لەناو ببات. بۆیە لە چوارەمین کۆنگرەی (کۆمەڵێن جوان) کە لە ئامێزی گەرمی (هەرێمی پاراستنی میدیا) بەئامادە بوونی گەنجانی سەرجەم بەشەکانی کوردستان (هێمن) بە سەمبۆلی (قارەمانی و خۆڕاگری گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) پەسەند دەکرێت و ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا دەبێتە سەمبۆلی نەوەی نوێی تێکۆشانی ئازادیخوازی گەنجان و نەوەی ڕاپەڕینی نوێ.

لەدوا ساتەکانی ژیانی (هێمن) پێش لەسێدارەدانی لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی دوو هەفتە بۆ جێگایەکی نادیار دەیگوازنەوە، بێئەوەی کەسێک ئاگادار بێت کە بەرەو کوێ ڕاگوێزی

دەکـەن. واتـا لەسـەری سـاڵدا بـە لێـدان و ئەشـکەنجە لـە ژووری تاکەکەسـی و چاڵەڕەشـەکانی ڕژێمـدا میوانـداری لێدەکـەن. شـەوی لەسـێدارەدانی کاربەدەسـتانی ڕژێـم پێـی ڕادەگەیەنـن کاتـی جێبەجێکردنـی بڕیـاری لەسـێدارەکەت هاتـووە. ئەویـش بەبوێـری و چاونەترسـی چاوەڕوانـی بەرەبەیـان دەبێـت. کاتێـك لەبـەرە بەیانـدا خـۆی لەمەیدانـی سـێدارەی شـاراوەی ڕژێـم دەبینێـت، دەروەی هێـزە بەکرێگیراوەکانـی ڕژێـم کەسـێکی دیکـەی نەدەبینـی. ئێسـتا بەربانگـی بەرەبەیانـە، خـۆر لەچاوەڕوانـی هەڵاتـن دایـە و دەیەوێـت لـەدوا ساتەکانی ژیانـی ڕومەتـی خـۆر ببینێـت، بـەڵام خوێنمـژەکان دەرفەتـی پێنـادەن بۆیـە لەئاسـۆی بەرەبەیانیـدا پەتـی سـێدارە دەخەنـە ملـی و پێدەڵێـن دوا گوتـەت چییـە؟ هەڤـاڵا «هێمـن» بەوپـەڕی شـانازی و سـەربەرزییەوە وەڵامیـان دەداتـەوە: «مـن وەك ئازادیخوازێـك لەسـێدارە دەدرێـم، دەزانـم لەسـێدارەدانی مـن سـوودێکی بـۆ گەلەکـەم بەتایبـەت گەنجـان دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی نـە جارێـك، بەڵکـوو دەیـان جـار لەسـێدارەم بـدەن، لەبـەر ئـەوەی ئـازادی بایەخێکـی زیاتـری لـە ژیانـی چەوسانەوە و تۆقانـدن هەیـە.» بەتـەواو بوونـی ئـەو گوتەیـە و هەناسەهەڵکێشـانێك دونیـای ڕووناکـی گەنجێکـی قارەمان و خۆبەخشـی کـورد بەدەسـتی خوێنمـژ و بـە کرێگیراوەکانـی ڕژێـم لەئاسـۆی بەرەبەیانـدا لەرێککەوتـی (١٦ی بەفرانبـاری ١٣٨٩) لەسـێدارە دەدرێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هێزەکانـی ڕژێـم بـەر لەسـێدارەدانی ناوبـراو مـاوەی دوو هەفتـە بـۆ ژوورەکانـی تاکەکەسـی دیگوازنـەوە. بـە تەواوەتـی ڕۆژی لەسـێدارەدانی نەزانـراوە، بـەڵام بـە پێـی ئـەو زانیاریانـەی لەبـەر دەسـت دان، ڕۆژی دووشـەممە ٦ی کانوونـی دووەم لەسـێدارەدراوە.

سـەرەڕای ئـەو هەوڵدانانـەی بـۆ (هێمـن) کـرا تـا کۆمـاری تـرس لەبڕیـاری سـێدارە پاشـگەز بێتـەوە، تەنانـەت سـەرۆکی سیاسـەتی دەرەکـی یەکێتـی ئەوروپا لەمانگـی بانەمـەڕ (ئایـار)ی ١٣٨٩ داوا لەکۆمـاری ئیسـلامی دەکات کـە بڕیـاری لەسـێدارەی (زەینـەب جەلالیـان و حسـێن خـزری) ڕابگرێـت، بـەڵام بێئـەوەی گـوێ لەدەنگـی ڕێکخراوەکانـی مافـی مرۆڤـی جیهـان و ئێـران و کوردسـتان و گشـتی گەلـی کـورد و ئازادیخوازەکانـی جیهـان بگرێـت، بڕیـاری بەرژەوەندپەرەسـتانەی خۆیـان جێبەجـێ دەکـەن.

دوا وتـەی (هێمـن) کاتێـك لـە زیندانـەوە بـۆ جێگایەکـی نادیـار دەیگوازنـەوە، بـۆ هەڤاڵـی خۆشەویسـتی (حەبیبـوڵا گـول پـەری پـور) هـاوار دەکات: «حەبیـب» هەمـوو هەڤـاڵان ئـاگادار بکـەوە ئـەوا منیـان بـۆ لەسـێدارەدان بـرد. دوا پەیامـی بـۆ هەڤاڵانـی، پەیامـی لەسـێدارەدانی خـۆی دەبێـت.

گەنجێـك کـە دەریایـەك بوێـری، ئەڤینـی و دڵسـۆزی و هەڤاڵێتـی لەناخیـدا ژیـان دەکات، دەبێـت چـۆن بـەوە تاوانبـار بکرێـت کـە دژی خوایـە و لەسـەر ئـەم بنەمایـە لەسـێدارە بدرێـت. ئایـا لـە حەقیقەتـدا گەنجێـك وەك (هێمـن) دژی خودایـە یـان کۆمـاری سـێدارە؟ چونکـە سـەرجەم کردەوەکانـی ڕژێـم دژی پێـوان و پرەنسـیپی مرۆیـی و ئەخلاقـی و تەنانـەت ئیسـلامە، تاوانبارکردنـی ڕۆڵەکانـی کـورد لەژێـر ئـەم نـاوەدا تەنیـا مەبەسـتێکی لەناودایـە ئـەوەش ڕازیکردنـی ڕای گشـتی کۆمەڵگایـە، تاکـوو کۆمەڵـگا دژی دەوڵـەت ناڕەزایەتـی دەرنەبڕێـت.

لـە کۆتاییـدا (هێمـن) و هاوشـێوەکانی دژی سـتەم و زۆرداری و نادادپـەروەری و توندوتیژیـن، بۆیـە تـا ئـەم چەمکانـە لـە کۆمەڵـگای کـوردەواری و مرۆڤایەتیـدا بنبـڕ نەکرێـن، ئاڵاکـەی خۆڕاگـری شـەکاوە دەبێـت.

٢٠١٣/٢/٩

گارە ـ ڕاگەیاندن

## ◆ دەرئەنجام

بە باسکردنی تنۆکێك لە کەسایەتی «هێمن»، خەرمانێك لە باوەڕی و ئیرادە کۆ دەبێتەوە، چونکە لە یەکەمین چرکەکانی ژیانیەوە تا دوا هەناسەکانی ژیانی لە گەڕان بە دوای ڕێ و ڕێبازی حەقیقەتەوە بووە. بەو باسکردنیەیە لێگەڕینمان لە گوند و شار، لە مەکتەب و مزگەوت، لە نەخوێندەواری و خوێندەواری و لە کرێکارییەوە تا شۆڕشگێڕی لا دروست دەبێت. لێکۆڵینەوەمان بۆ هەڵهاتن لە سیاسەت تا ئەویندارى سیاسەت، لە ئاشتییەوە تا شەڕ، لە دوژمنێتییەوە تا هەڤاڵێتی، لە بێهیواییەوە تا ئۆمێدواری و... هتد، لا دروست دەبێت.

گەنجێك لە هەر ساتێکی ژیانی پەیامی تێفکراندن و هەژاندن بڵاو دەکاتەوە. لە قۆناغی منداڵی پەیامی سەربەخۆیی، بەئیرادەبوون و بوێری، و ململانێ لەگەڵا ناکۆکیەکانی ژیان دەدات. لە قۆناغی هەرزەکاری پەیامی پەیدۆزی و هەستی پەیجۆری و گەڕان بەدوای ڕێبازی حەقیقەت دەدات و لە سێهەمین قۆناغی ژیانی کە قۆناغی گەنجێتی یان قۆناغی شۆڕشگێڕیەتی، پەیامی ڕێکخستەبووین و پێشەنگایەتی و فیداییبوون دەدات.

قۆناغی سێهەمی ژیانی کە بە قۆناغی سەر لەنوێ لەدایکبوونەوە بەناو دەکەین، لەبەر ئەوەی سەردەمی پەیوەستنی بۆ ناو ریزەکانی گەریلا هەموو شتێك سەرلەنوێ بونیاد دەنێتەوە و ئەم قۆناغە بەهێزترین و بەتواناترین قۆناغی ژیانیەتی، قۆناغی یاخیبوون و سەرهەڵدانە بەرامبەر رژێم، قۆناغی وەستان دژی زەینییەتی خانەدانێتی و زەینییەتی دەسەڵاتگەراییە.

لەو منداڵانەیە کە لەناو رەنجدا گەورە دەبێت. لەناو ئاوارەیی و هەژاریدا وەیلان دەبێت. لەناو باخچەی ئازادیدا خاوەن ئیرادەی ئازاد دەبێت. تێدەگەین کە منداڵی کورد لەناو رەنج و هەژاری و دەربەدەری پەلەقاژە دەکەن، بەڵام خوێنمژەکانی کۆماری سێدارە مافی ژیانی ئازادیان لە رۆڵە قارەمانەکانی کورد زەوت کردووە. هێمن لەناو دەریایەکی بێئاودا مافی ژیانی پێدرابوو، هاوکات لەناو وڵاتێکدا ژیان بەسەر دەبات کە ناسنامەی نەتەوەیی لێ زەوت دەکرێت.

«هێمن» پاش لێکۆڵینەوە و لێگەڕینەکانی بەناو سیستەمی چەقبەستووی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆی دەردەکەوێ کە لە زەینییەتی بەستەڵەکی مەلاکاندا ناتوانێت یەکسان و ئازادانە ژیان بباتە سەر، بۆیە سەرجەم لێگەڕینەکانی بەدوای رژێمی حەقیقەت و راستی دەبێت. رۆمانی ژیانی پڕ لە تراژیدیا دەریایەکی خەمباری ناو دڵەکاندا دروست دەکات، گەنجێك بەهۆی بارودۆخی سیاسی و هەژارییەوە واز لە خوێندن بێنێت و لە تەمەنی منداڵییەوە شانی بخاتە ژێر کاروباری قورس و بۆ بژێوی خۆی و بۆ بژێوی بنەماڵەکەی هەموو جۆرە کارێك تاقی بکاتەوە، بە ئازاراە. لەتەمەنی منداڵییەوە بە هۆی دەستگیرکردنی باوکی لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە باوکی دوور دەبێت، هەر رێگایەکیش دەگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ناکام دەبێت. لە بەندیخانەدا لە ئەنجامی پیلانێکی داڕێژراوی هێزە ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی باوکی تووشی جەڵتەی مێشك دەکرێت و گیانی لەدەست دەدات، بەڵام هێمن زۆر درەنگتر پەیامی شەهید بوونی باوکی خۆی بە هەڤاڵانی ناو زیندانی رادەگەیەنێت. هێمن لەبەر ئەوەی لە بەرگی چەند کاراکتەردا لەناو ئەم رۆمانەدا شانۆگەری دەکات، باس کردن لە تایبەتمەندی و بوێریەکانی کۆتایی پێ نایەت، هەر چەندە ئاماژەم بەوە داوە کە چ پێش و چ دوای پەیوەستبوونی بە ناو ریزەکانی گەریلا شایانی باسکردنی کۆمەڵێك خاڵی گرنگ و سوودمەندە. قۆناغی گەنجێتی کە بە سێهەمین قۆناغی ژیانی بەناومان کرد و بە قۆناغی دووبارە ژیانەوە ناوزەد

کرا، قۆناغێکە کە بە لۆژیك و عەقل و زانست هەڵدەسووڕێت، قۆناغێکە کە هۆشی شیکاری و هۆشی هەستیاری تێکەڵی یەکدی کراون و دوو شتی لەیەك جیا نەکراوەن.
دەبێت کە تەمەنی شۆڕشگێڕی «هێمن» ئەوەندە زۆر نەبێت، بەڵام (٩) ساڵ بەشداریکردنی لەناو ریزەکانی گەریلا رێبازێکی ژیانی ئازادی بۆ گەنجان نەخشاند. لە تەمەنی گەنجێتی و پەیوەستی بە ریزەکانی گەریلا تا دواییی هەر بە گەنجی دەژی. بە دەربڕینی بیروڕا و فەلسەفەی ژیانی گەنج بوونی لەهەر کات و جێگایەکدا دەپارێزێت. مانەوەی لەهەر جێگایەکدا خەرمانێك بیرەوەری بۆ هەڤاڵانی بەجێهشتووە.
رۆمانی پڕ لەکوڵ و ئێشی «هێمن» بە خۆراگری کۆتایی پێ دێ . لە دوایین گرتەی شانۆی رۆمانەکەیدا رۆڵی قارەمانی پێ دەبەخشرێت، لە بەشێکی رۆمانەکەی کە سەبارەت بە گرتەیەك شانۆی ناو زیندانە، ئەو لەناو زیندان لەژێر ئەشکەنجە و ئازاری کاربەدەستانی رژێم رۆڵی قارەمانی دەگێڕێت، بەڵام قارەمانێکە کە هەر کەس عاشقی خۆی دەکات، لە شانۆی ناو زینداندا ویژدانە سەهۆڵبەندەکان و بەستەڵەکەکان دەتوێنێتەوە. زیاتر لە (٨) مانگ لەژێر سەختترین ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و رۆحیدا ژیان دەباتە سەر. لە پەردەی ئەم شانۆگەریەدا هیچ ئاە و هاوارێك ناکات تا دڵی ئەشکەنجەدەران شاد نەکات، بە بڵاوکردنەوەی ئەم پەردەیەی شانۆگەریە بوێری و هێز بە گەنجان دەبەخشێ.
رژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامی دادگایەکی نادادپەروەرانە کۆتایی بە شانۆی «بەرخۆدان ژیانە»ی هێمن هێنا، و بە سەپاندنی بڕیاری سێدارە بەسەریدا رۆمانی درەوشاوەی کۆتایی پێدێنن و بە پەردەیەکی تاریك کە بۆ گەیشتن بە ژیانی ئازاد خۆڕاگری و تێکۆشان پێویستە، دادەپۆشرێت. بە پێی زانیارییەکان تا ئێستاش رۆژی لەسێدارەدانەکەی نازانرێت، بەڵام بە پێی ئەوەی کە باس دەکرێت لە بەرەبەیانی رۆژی دووشەممە (١٦ی بەفرانباری ١٣٨٩ هەتاوی لەگەڵا هەڵهاتنی خۆر بەپەردەیەکی رەش پەردەی درەوشاوەی هێمن تاریك دەکەن.
هێشتا چەند رۆژ لە سەری ساڵی میلادی تێپەڕ نەبووە لەناو شادی و ئاهەنگێڕانی نوێخوازان لەسێدارە دەدرێت. لەسێدارەدانی گەنجێك بێئەوەی کەس زانیاری هەبێت، بەڵام بەگواستنەوەی هەست بە لەسێدارەدانی دەکات و بەهاواری خۆی هەڤاڵانی ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ لەسێدارەدان دەبرێم و بەخۆی پەیامی شەهادەتی بە هەڤاڵانی دەدات. پەیامی ئەوە دەدات کە کۆماری سێدارە گەنجێکی دیکەی لەسێدارە دا، بۆیە پێویستە ئێوە رێ و رێبازی تێکۆشان پتەوتر و بەهێزتر بکەن.
دوا وتەی کاتێك لە زیندانەوە بۆ جێگایەکی نادیار دەیگوازنەوە بە هەڤاڵانی پەیامی لەسێدارەدانی خۆی دەدات، بەڵام دوا وتەشی بۆ کاربەدەستانی رژێم ئەوەیە کە؛ «ئەگەر لەسێدارەدانی من بۆ نیشتمانەکەمان سوودمەند بێت نە جارێك بەڵکو چەندین جار مردن لەئامێز دەگرم، چونکە ئازادی بایەخی زیاتری لەمانەوەم هەیە». واتا هێمن لە رۆمانی ژیانیدا دەڵێت: «بۆ گەیشتن بە ئازادی پێویستە بوێرانە لەناو شەڕ و تێکۆشاندا بین».
هێمن ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی کوردستانە و درێژەپێدانی رێگای، مایەی شانازی و شکۆمەندی ئاواتەکانی دەبێت. هیوادارم ئاوات و هیواکانی شەهیدانمان بەدی بهێنین و کاروانی تێکۆشەران ببێتە مەڵبەند و نشینگەی ژیانمان و لەو پێناوەدا بۆ سەربەرزی شەهیدە قارەمانەکانی نیشتمانەکەمان کە دەڵێن: نە جارێك بەڵکوو دەیان جار لەپێناو نیشتمانەکەمدا ئامادەم لەسێدارەم بدەن، ئێمەیش نە

**جارێـك بەهــەزاران جـار ئامـادە بیـن لەپێنـاو بـەرز راگرتنـی رێبـازی تێكۆشـانی شـەهیدانمان لـە كاروانـی ئازادیخوازەكانـدا جێـگا بگریـن و ئەركـی شەرشـانمان بەجـێ بێنیـن.**

**رۆحی شەهیدی نەمر سەربەرز بێت**

**رێگات رێگامانە، هیوات هیوامانە**

**كەركوك ـ راگەیاندن**

**٢٠١٣/٣/١١**








2007/03/25